چاوپێکەوتن لەگەڵ پاشای بابل

کاتێ کە لە وڵاتی (میتانی) بووم ناوبانگی من گەیشتبووە بابل و لەوێدا بە پاشاشیان راگەیاندبوو و دوای جێگیربوونم لە میوانخانەکەی بابل و گفتوگۆ کردن لەگەڵ پزیشکەکانی بورجی (مەردوک) رۆژێک لە لایەن پاشای بابلەوە پیاوێک بە شوێن مندا هات و وتی: پاشا بانگهێشتی جەنابتی کردووە.

(کاپتا) کە بیستی لەلایەن پاشاوە بانگ کراوم، ترسا و وتی: مەڕۆ چونکە رۆیشتن بۆلای پاشا مەترسیی هەیە.

وتم: بۆچی؟

(کاپتا) وتی: ئەم پاشایە خۆ فیرعەونی ئێمە نییە و ئێمە نایناسین و نازانین خوای ئەو چۆن بیردەکاتەوە و چیی پێ تەڵقین کردووەو، لەوەیە دوای بینینی تۆ ئەمر بکات بتکوژن.

وتم: (کاپتا) من پزیشکم و کارێکی وام نەکردووە کە شایانی کوشتن بم و، پاشای بابل بمکوژێ.

(کاپتا) وتی: ئەگەر دەتەوێ بچیتە لای، منیش ببە بۆئەوەی ئەگەر تۆی کوشت منیش لەگەڵ تۆدا بکوژرێم، چونکە دوای مردنی تۆ، ژیان بۆ پیاوێکی وەک من، کە بەندەیەکی پیرم بێ بایەخە درێژەی نابێت و مردنم باشترە. هەروەها ئەگەر دەتەوێ بڕۆی بۆلای پاشا فەرمان بدە کەژاوەیەکت بۆ بهێنن کە بە رێزەوە بەرەو (دەربار)ی[1] پاشا بڕۆی، چونکە پزیشکێکی میسری کە خوێندنی لە خانەی ژیان تەواو کردبێ پیاوێکی گەورەیە و شایانی ئەوەیە کە بەرێزەوە پێشوازیی لێ بکرێ و سێیەمیش ئەوەیە کە ئەمڕۆ مەچۆرە لای پاشا.

وتم: بۆ ئەمڕۆ نەچمە لای؟

وتی: لەبەرئەوەی ئەمڕۆ هەمـوو شوێنە بازرگـانییەکـان و کرێکارانی بابل دەستیان لەکار هەڵگرتووە، چونکە ئەستێرەناسەکان دەڵێن ئەمڕۆ کارکردن و لە ماڵ دەرچوون شوومە، چونکە حەوتەمین رۆژی هەفتەیە.

من بەسەر سوڕمانەوە وتم: هەفتە چییە!؟

بەندەکەم وتی: ئەو کاتەی تۆ رۆیشتی بۆ بورجی (مەردوک)، کە لەگەڵ پزیشکەکان گفتوگۆ بکەی، لە کاتی قسەکردنم لەگەڵ خزمەتکاری میوانخانەکەدا، تێگەیشتم کە لێرە مانگیان کردووە بە چوار بەشەوە و بەهەر بەشێک دەڵێن هەفتە و ئەو هەفتەیە حەوت رۆژە و شەش رۆژیان بەکارەوە خەریک دەبن و رۆژی حەوتەم دەست لەکار هەڵدەگرن. چونکە ئەستێرەناسەکان کە لەگەڵ خوایەکان و ئەستێرەکان پەیوەندییان هەیە وتەی خوایەکان دەگێڕنەوە، کە کارکردن لە رۆژی حەوتەمدا شووم و نەهاتییە و نابێ لەم رۆژەدا لەماڵ بچیتە دەرەوە و بۆ بازاڕ بڕۆی و خزم و دۆست لە ماڵەکانیاندا بەسەر بکەیتەوە.

من لە دوای کەمێک بیرکردنەوە وتم: راست دەکەیت، چونکە مادام لێرە کارکردن و لەماڵ دەرچوونی رۆژی حەوتەم مەترسیی هەیە، ئێمەش لەبەرئەوەی بیانین، دەبێ پەیڕەوی لەو رێ و رەسمەی ئێرە بکەین. چونکە بێ گومان خوایەکانی بابل رەچاوی هۆکار و بەرژەوەندییەکان دەکەن، کە دەڵێن کارکردن لە رۆژی حەوتەم زیان بەخشە و ئێمە ئەگەر ئەمڕۆ بچینە لای پاشا گرفتاری نەهامەتی دەبینەوە.

لەبەرئەوە بە نێردراوەکەی پاشام گوت: پێم سەیرە کە تۆ چۆن لەم رۆژی حەوتەمەدا بانگهێشتی ئێمە دەکەی بۆ کۆشک و تەلاری پاشا؟ لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانی ئەمڕۆ رۆژی کارکردن نییە. بڕۆ و لەلایەن منەوە بە پاشا بڵێ کە سبەینێ دێمە لای، بەمەرجێ کەژاوەیەکم بۆ بنێرێت کە سواری ببم، چونکە من پیاوێکی کەم نیم و شایانی ئەوەم کە بە رێزەوە پێشوازیم لێ بکرێت.

پیاوەکە ڕۆیشت و ڕۆژی دوایی بینیم بە کەژاوەیەکی بچووک لەو کەژاوانەی مامەڵەچییەکان بۆ خستنە ڕووی کەل و پەلەکانیان دەیبەن بۆ کۆشک هاتەوە و ویستی من سواری ئەوە بکات. (کاپتا) کاتێ کە ئەوەی بینی تووڕە بوو و وتی: من لە خوای (مەردوک) داواکارم بە قامچییەکەی خۆی کە لە دووپشکی گەورە دروست کراوە، ئێوە دارکاری بکات... ئێوە چۆن هەستتان بەوە نەکردووە کە گەورەکەی من پیاوێک نییە کە سواری ئەم کەژاوە بچووکە ببێت... زوو لێرە دووری بخەنەوە، بۆ ئەوەی چڕو چاوتان نەبینم.

ئەو بەندانەی کەژاوەکەیان هێنابوو لەم قسەیە سەریان سوڕما و، ئەو خەڵکانەی کە لەبەردەم میوانخانەکەدا کۆببوونەوە، بە پێکەنینەوە بە (کاپتا)یان وت: ئێمە دەمانەوێت ئەم گەورەیەی تۆ ببینین و بزانین بۆ ئەم کەژاوەیە بۆ ئەو بچووکە؟

(کاپتا) لە خاوەن میوانخانەکە کەژاوەیەکی گەورەی بۆ ڕۆیشتن بۆ کۆشک بە کرێ گرت، کە چل بەندە هەڵیان دەگرت و من لە میوانخانەکە هاتمە خوارەوە. کاتێ خەڵکی منیان بە جل و بەرگی میسری و ملوانکەی زێڕەوە بینی، بێدەنگ بوون و دەستیان لە گاڵتە پێ کردن هەڵگرت، چونکە زانییان پیاوێکی بیانی بەرەو کۆشکی پاشا دەڕوات کە لەوڵاتەکەی خۆیدا بێ بایەخ نییە.

بەکێک لە بەندەکانی میوانخانەکە لە دواوەی کەژاوەکە دەهات و شتومەکی پزیشکی منی هەڵگرتبوو کە لە سندووقێکی بچووکدا بوو و، (کاپتا)ش لە پێشەوەی کەژاوەکەدا بە سواری گوێدرێژ دەڕۆیشت. ئێمە بەم شکۆمەندییەوە گەیشتینە کۆشکی پاشایەتی و هەندێ لە دانیشتووانی شاریش نزیک و دوور دوای ئێمە کەوتبوون. لەوێدا لە کەژاوەکە هاتمە خوارەوە و بینیم هەندێ پاسەوان لەبەردەم کۆشکدا وەستاون و قەڵغانە سپی و زەردەکانیان بەیەکەوە نووساندبوو، بە جۆرێک کە لە قەڵغانەکان دیوارێک دروست ببوو و کاتێ منیان بینی قەڵغانەکانیان لێک جیاکردەوە و ڕێگایان دا من بە ناوەڕاستیاندا تێ پەڕبم و

بۆ ناو کۆشک بچم.

لەوێ پیاوێکی پیر لێم نزیک بووەوە، کە دەمو چاوە تاشراوەکەی نیشانی دەدا لە زاناکانە و گوارەی زەردی لە گوێ کردبوو و لۆچ کەوتبووە دەمو چاوی و وتی: من لەم هەرا و هوریایەی لەم شارەدا بەرپات کردووە ئاگادارم و خاوەنی چوار وڵات (پاشای بابل - وەرگێڕ) دەپرسێت ئەم پیاوە کێیە کە هەر کاتێ خۆی مەیلی لێ بێت دێتەلام و کاتێک کە بانگهێشتی دەکەم نایەتە لام؟

من وەڵامم دایەوە: ئەی پیاوی بەساڵاچوو تۆ کێیت کە لەگەڵ مندا بەم شێوەیە دەدوێی؟

وتی: من پزیشکی تایبەتی خاوەن چوار وڵاتم و لە بابلدا ڕێز و ناو بانگێکی زۆرم هەیە، بەڵام تۆ کێیت کە بە تەماحی دەستکەوتنی زێڕ بەم قەرەباڵەغییەوە هاتوویتە ئێرە و کاتێ خاوەن چوار هەرێم بانگهێشتت دەکات نایەیت؟ من هێشتا بە تەواوی تۆ ناناسم، بەڵام ئەوە بزانە کە ئەگەر پاشای بابل زێڕ و پارەت بداتێ دەبێ نیوەی بدەیتە من. ئەگەر نا ناهێڵم تۆ لێرەدا پزیشکی بکەیت.

وتم: پیرەمێرد من هەرگیز لە بارەی زێڕ و زیو لەگەڵ ئەو کەسانەی دەرۆزە دەکەن و حەزیان بە پارەیە نادوێم و ئەم کارەم بە بەندەکەم سپاردووە. بەڵام لەبەرئەوەی دەڵێی پزیشکم و بەساڵاچوویت، دۆستایەتییەکەتم پێ باشترە لە دوژمنایەتیت و حەزدەکەم لە گەڵتدا ببمە هاوڕێ و بۆئەوەی بزانی من بۆ بەدەست هێنانی زێڕ نەهاتووم و تەنها مەبەستم کۆکردنەوەی زانستە، هەردوو بازووبەندە زێڕەکەی خۆمت دەدەمێ.

دوایی بازووبەندەکانم لە دەستم دەرهێناو دام پێی و ئەو ئەوەندە خۆشحاڵ و حەپەسا بوو کە ئیتر قسەی نەکرد و ڕازی بوو کە بەندەکەشم (کاپتا) لەگەڵمدا بێتە لای پاشا.

پاشای بابل ناوی (بورا بوریاش) بوو و کاتێ چوومە لای وام دەزانی

منداڵە، چونکە پێیان وتبووم کاتێ کە کرا بەپاشا مووی لێ نەهاتبوو و ریشی دەستکردی بە چەناگەیەوە نابوو، بەڵام روانیم گەنجەو دەرکەوت ئەوانەی لەبارەی ئەو زانیارییان بەمن دابوو لە رابردوودا ئەویان بینیوە و بەجۆرێک کە لە ناو خەڵکی ئاساییدا روو دەدات، بەسەرچوونی تەمەن لەبیردەکرێت و ئەوان بیرلەوە ناکەنەوە کە هەموو منداڵێک گەورە دەبێت و دەگاتە قۆناغی گەنجی.

لە تەنیشت (بورا بورباش) شێرێکی بچووکی لێبوو و کە ئێمەی بینی خرۆشا. پیرەمێردەکەی کە دەیوت پزیشکی فیرعەونم کاتێک کە چووینە ژوورەوە سوجدەی برد و کاپتای بەندەی منیش چاوی لەو کرد، بەڵام لەو کاتەدا جارێکی تریش شێرەکە نەڕاندی و کاپتا بەشێوەیەک ترسا، کە لە جێگای خۆی هەڵبەزییەوەو هاواری کرد.

پاشا لە بەرزبوونەوە و هاوارەکەی (کاپتا) کەوتە پێکەنین و کاپتا وتی: ئەم ئاژەڵە تووڕەیە لێرە ببەنە دەرەوە، چونکە من بە درێژایی تەمەنم گیانەوەری وا ترسناکم نەبینیوە و دەنگی ئەم ئاژەڵە لە گالیسکە جەنگییەکانی (تەبەس) دەچێت کە لە دوای خۆرئاوابوون دەگەڕێنەوە بۆ سەربازخانەکەیان.

(کاپتا) ئەم قسانەی بە زمانی بابلییەوە دەوت و پاشا ئەوەندە پێکەنی کە فرمێسک بە چاویدا هاتە خوارەوە. دوایی بیری هاتەوە کە منی بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی بانگ کردووە و دەستی خستە سەر دەمو چاوی و ناڵاندی، سەیرم کرد ئاوساوییەکی گەورە بە دەم و چاوییەوەیە و لەبەر گەورەبوونی ئەو هەڵئاوسانە چاوێکی بە باشی نەدەبینرا.

پیرەمێردەکەی بازووبەندەکەم دابوو پێی، وتی: ئەمە ئەو پزیشکە خۆپەسەندە میسرییەیە کە دوێنێ ناردت بە شوێنیدا و نەهات و وتبووی سبەینێ دێم و، وا باشترە بە سەربازەکانت بڵێیی هەر ئێستا بە نەیزەکانی خۆیان سکی کون بکەن.

پاشا وتی: من ئێستا نایکوژم، چونکە بۆ ئەوە بانگم کردووە کە ئازارەکەم ببینێ و چەند شەوە کە نەنووستووم و لەم ماوەیەدا جگەلە شلەمەنی هیچ شتێکم

نەخواردووە.

پیاوە پیرەکە وەک یەکێک کە کەوتبێتە گریان وتی: ئەی خاوەنی چوار وڵات، چەند رۆژ لە پەرستگەی (مەردوک) قوربانیمان بۆ کردی و کراسی سوورمان لەبەر کرد و تەپڵمان لێدا و سەمامان کرد کە ئەو ئازارەی خراوەتە ناو دەمت بێتە دەرەوە. بەڵام تۆ نەتهێشت دەست لە دەمت بدەین و ئەگەر روخسەتت بداینایە دەمانتوانی چارەسەرت بکەین و من لەو باوەڕەدانیم کە ئەم پیاوە بیانییە بتوانێ چاکت بکاتەوە.

پاشا رووی کردە من و وتی: تۆ کێیت و ئایا دەتوانی پێم بڵێیی ئەم ئازارەی من لە چییەوە دروست بووە؟

وتم: من (سینۆهە) پزیشکی میسری و کوڕی کەرم و، ئەگەر چی هێشتا دەمتم نەبینیوە، بەڵام دەتوانم بڵێیم کە هۆی ئازارەکەت ئەوەیە کە یەکێک لە ددانەکانی هاڕینت جەراحەتی کردووە و ئەم جەراحەتە لە بنی ددانەکەتدایەو بۆتە هۆی ئاوسانی و هۆی ئاوساوییەکەی روومەتت ئیلتیهاب کردنی ددانەکەتە. لەبەرئەوەی کەلە کاتی خۆیدا ددانەکانت خاوێن نەکردۆتەوە و کاتێک کە رەگی ددانەکەت تێکچوو دەرت نەهێنا. چونکە ئەگەر رەگی ددان رەش بووەوە و بۆگەنی کرد دەبێ دەربکرێت.

پاشا وتی: من دەمزانی کاتێ کە رەگی ددان تێکچوو دەبێت دەری بهێنی، بەڵام ئازاری دەرکردنی ددان ئەوەندە زۆرە کە ناتوانم خۆمی بۆ بگرم.

وتم: لە میسردا ددان دەرکردن زۆر ئازاری نییەو ئەگەر بتەوێ دەتوانم ددانەکەت بەبێ ئازار دەربهێنم، بەڵام ئەمڕۆ ناتوانم دەست لەم کارە وەربدەم، چونکە ددانەکەت ئاوساوە و دەبێت لە پێشا ئاوساوییەکە چاک بکەینەوە و کێم و جەراحەتەکە لەبن ددانەکەتدا دەربهێنین و دوای چەند رۆژێ ئینجا ددانەکە دەربهێنین.

وتی: ئایا دەتوانی ئەو جەراحەتە لەبن ددانەکەمدا دەربهێنی؟

وتم: بەڵێ.. من بۆ دەرکردنی ناچارم ئاوساوییەکە هەڵبدڕم و هەرچەندە لەسەر شێوەی کاری (تەبەس) نەشتەریی دەکەم کە زۆر ئازاری نەبێت، بەڵام دەبێ پێت بڵێم کە کردنەوەی ئاوساوی بۆ هێنانە دەرەوەی جەراحەت کەمێ ژان دەکات. چونکە خوایەکان کە دەردیان دروست کردووە، دەسەڵاتدارانییان لێ ریزپەڕ نەکردووە و ئەوانیش وەک خەڵکی ئاسایی دووچاری ئازار دەبن.

من بە کاپتام وت: خێرا ئاگرێ بکاتەوە، بۆئەوەی کێردەکەم لەئاگردا خاوێن بکەمەوەو کاتێ کە خەریکی ئاگرکردنەوە بوو هەندێ شەرابم لەگەڵ تریاکدا تێکەڵ کرد و دەرخواردی پاشای بابلم دا. کاتێ کە شەرابەکەی نۆشییەوەو کەمێکی پێ چوو، وتی: وا هەست دەکەم ئیتر پێویستیم بە تۆ نییە، چونکە ئازارم نەما.

وتم: ئەم هێوربوونەوەیە کاتییەو پاش کەمێکی تر ژانەکە زیاد دەکات.

وتی: دەکرێ دیسانەوە ئەم دەرمانەم دەرخوارد بدەی بۆئەوەی ئازارەکەی نەمێنێت؟

وتم: ئەم دەرمانەی دەرخواردتم دا، تەنها یەک جار زیانی نییە و ئەگەر جاری دووەم و سێیەم بەکاری بێنی دەبێتە عادەت و ئەو کاتە بۆ زیندوو مانەوەت پێویستت بەم دەرمانە دەبێت، بەبێ ئەوەی ئازارەکەت کەم بکاتەوە. دە بهێڵە ئێستا، کە ئازارەکەت کەم بووەتەوە ئاوساوییەکەی بن ددانت هەڵبدڕم و چڵک و جەراحەتەکەی دەربکەم.

پاشا بە نەشتەرگەرییەکی بچووکی ددانی رازی بوو و دوای ئەوەی کێردەکەم لە ئاگردا خاوێن کردو دوایی ساردم کردەوە، لێی نزیک بوومەوە و سەریم خستە ژێر باخەڵمەوە و دەمیم کردەوە. هەرچەندە خواردنی تریاکەکە ئازاری کەم کردبووەوە، بەڵام دوای ئەوەی ئاوساوییەکەی ددانیم هەڵدڕی لەبەر ئازار هاواری کرد و شێرەکەی هەڵساو کلکی راتەکاندا، بەڵام پەلاماری نەداین.

دوای ئەوە پاشا چیی تر نەینالاند، چونکە ئازارەکەی نەما و دەرهێنانی

جەراحەتەکەی ناوەدەمی لەوکاتەدا بووە هۆی بەبەرستێک بۆ قسەکردنی.

پاش تەواوبوون پاشا وتی: ئەی پزیشکی میسری، تۆ پیاوێکی گرانبەهای، چونکە ئێستا هەست بە ئازار ناکەم.

پزیشکە پیرەکە کە لەوێ وەستابوو وتی: ئەگەر تۆ روخسەتت بدایە ئاوساوییەکەی دەمتم هەڵبدڕیبایە وەک ئەم پیاوە میسرییە دەمتوانی جەراحەتی ددانت دەربهێنم بۆئەوەی ئازارەکەی نەمێنێت.

وتم: ئەم پیاوە راست دەکات و ئەگەر جەنابت دەرفەتت بدایەتێ ئاوساوییەکەی نەشتەرگەری بکردایە هەمان دەرئەنجامی دەبوو، بەڵام ئەم پیاوە بەساڵاچووە نەیدەوێرا پێ لەسەر داواکارییەکەی دابگرێ و ددانتی چارەسەر بکردایە، چونکە دەترسا جەنابت تووڕە ببی. ئەگەر چی پزیشک دەبێت بوێر بێت و لە تووڕەیی نەخۆش، ئەگەر چی پاشاش بێت نەترسێ و من لە تەبەس هەرگیز لە نەخۆشەکان نەدەترسام.

پاشای بابل کە بە تەواوەتی لە ئازارەکەی ئاسوودە ببوو وتی: (سینۆهە) ئەگەر چی تۆ پیاوێکی بێ باکی و بە لەخۆڕادیتنەوە قسە دەکەی، بەڵام من چاوپۆشی لەم رەفتارەت دەکەم چونکە پیاوێکی شایستەی. لێرە کەس نابێت پاشایەک لە کاتی ناڵەناڵیدا ببینێ و بەندەکەی تۆ منی لە کاتی ناڵاندندا بینی، بەڵام من چاوپۆشی لەمەش دەکەم. چونکە بەندەکەت منی هێنایە پێکەنین و بووە هۆی رابواردنم. دوایی رووی لە کاپتا کردو وتی: جارێکی تریش هەڵبەزەوە و بمهێنەوە پێکەنین.

(کاپتا) وتی: من ئەم کارە ناکەم، لەبەرئەوەی بە پێچەوانەی ئابڕوومەندی و کەسایەتیی پیاوێکی بەساڵاچووی وەک منە.

پاشا وتی: من ئێستا کارێک دەکەم کە تۆ ئابڕوومەندی و کەسایەتیی خۆت لەبیر بچێت.

دوایی ئیشارەتێکی بۆ شێرەکەی کرد و شێرەکە هەڵساو پاشا (کاپتا)ی بە

شێرەکە نیشان داو ئاژەڵەکە سەرە زلەکەی بەلای (کاپتا)وە سووڕاندو بە هەنگاوی هێواش بەرەو (کاپتا) هات. هەرچەندە زیاتر لێی نزیک دەبووەوە کاپتا زیاتر بەرەو دواوە دەچوو. تا ئەو کاتەی پشتی بە کۆڵەگەکەوە نووساند و لەم کاتەدا شێرەکە دەمی کردەوەو نەڕاندی. کاپتا لە ترسا کۆڵەگەکەی گرت و وەک مەیموونێ کە لە میسر بەدارەکاندا هەڵدەگەڕێت بە گورجی و خێراییەوە هەڵکشا.

پاشا بەشێوەیەک پێدەکەنی کە بەرەو پێش و پاش و ئەم لاو ئەولا دەچەمییەوە و کاتێ پێکەنینەکەی وەستایەوە وتی: برسیمە و نانم بۆ بهێنن. پزیشکە پیرەکە لەم قسەیە خۆشحاڵ بوو چونکە مەیلی سوڵتان بۆ نان خواردن نیشانی دەدا کە باری تەندروستیی چاک بووەتەوە و دڵی چووەتە سەر خواردن و چەند ساتێ دوای ئەوە خواردنیان بۆ هێنا.

پاشا لەبەرئەوەی خەریکی نان خواردن بوو ئیتر سەرنجی نەدایە کاپتا و شێرەکە لە خوار کۆڵەگەکەوە لاچوو و هاتە لای پاشا و کاپتا توانی لەکۆڵەگەکە بێتە خوارەوە و هەنگاو بنێتە سەر زەوی.

بە پاشام وت: ئێستا ئازاری ددانت نەما، بەڵام لەبەرئەوەی ددانەکەت تێکچووە دیسانەوە تووشی ددان ئێشە دەبیتەوە و هیچ چارەیەکت نییە جگە لەوەی ددانت دەربکرێ و من واهەست دەکەم تۆ حەزت بە شیرینییە. خواردنی شیرینیی زۆر ددانەکانتی خراپ کردووە، چونکە لێرە شیرینی بەدۆشاوی خورما دروست دەکەن و ئەم دۆشاوە بۆ ددان زیانی هەیە. بەڵام لەمیسردا شیرینی بەجۆرە شەکرێک دروست دەکەن کە مێش دروستی دەکات و ئەو شەکرە زیانی بۆ ددان نییە.

پاشا وتی: مەگەر مێش دەتوانێ شەکر دروست بکات؟

وتم بەڵێ جۆرێک مێش لە میسردا هەیە، وەک ئەو زەردەواڵانەی کە لێرە بەسەر خورماوە دەنیشن و دەیخۆن.، بەڵام کەمێ لەوان بچووکترن و ئەم مێشە

شەکرێکی بەتام و شیرین دروست دەکات کە زیان بە ددانەکان ناگەیەنێت و بۆ بەهێزکردنی لەش سوودمەندە. پاشا وتی: تۆ سوود لە خۆشباوەڕییەکەی ئێمە وەردەگری و درۆمان لەگەڵ دەکەیت. چونکە زەردەواڵە ناتوانێت شەکر دروست بکات. وتم ئاخر پیاوی راستگۆ تووشی ئەم جۆرە گرفتانە دەبێت و ئەگەر بەڕاستی بدوێت، باوەڕی پێ ناکەن. چونکە چۆن ئێستا تۆ باوەڕ بەوە ناکەیت کە لە میسر مێش شەکر دروست دەکات و ئەگەر منیش بە میسرییەکان بڵێم کە لە بابل باڵندەیەک هەیە کە نافڕێت و بەردەوام لەگەڵ مرۆڤدا دەژێت و هەموو رۆژێ هێلکەیەک بەقەدەر هێلکەی تیمساح دەکات، کەس باوەڕم پێ ناکات و من ئەگەر بتوانم لەم مریشکانە دەبەمەوە بۆ میسر بۆ ئەوەی خەڵکی بیبینن و دڵنیابن کە درۆ ناکەم. پاشا وتی: ئێستا وەرە لەگەڵ مندا نان بخۆ...

وتم بەمەرجێ لەگەڵتدا نان دەخۆم کە فەرمان بدەیت خواردن ببەن بۆ بەندەکانی میوانخانەکە، کە منیان بەکەژاوە هێناوەتە ئێرە چونکە ئێستا برسییانە.

پاشا فەرمانی دا نان بدەنە بەندەکان و شەرابی خورمایان بۆ ببەن، چونکە لە بابل شەرابیان لە خورما دروست دەکرد.

***

١- دەربار: کۆشک و تەلار – دەرباریەکان: واتە خزمان و نزیکانی فیرعەون – ئەوانەی کە لە کۆشکی پاشادا نیشتەجێن. وەرگێڕی کوردی

بەشی پانزدەهەم

پێشبینیی ڕووداوەکانی ئاینده

ئەو کاتەی ویستم لە کۆشکی پاشایەتی بێمە دەرەوە پاشا وتی: (سینۆهە).. ئێمە جەژنێکمان لە پێشەوەیە کە جەژنی پاشای درۆیینە و لەو ڕۆژەدا تۆ دەبێ بێیت و ئەم جەژنە ببینی، چونکە دڵنیام کە لە وڵاتی میسردا ئەم جەژنە نییە.

وتم: زۆر باشە، دێم...

پاشا بە پێکەنینەوە وتی: لەو ڕۆژەدا بەندەکەت بازاڕی گەرم دەبێت.

وتم: بۆچی؟

وتی: لەبەرئەوەی خەڵکێکی زۆر دەهێنێتە پێکەنین.

لەکاتی گەڕانەوەم، بەندەکانی کەژاوەکە کە لە خواردن و خواردنەوە تێر بوون، گۆرانییان دەوت و بەشان و باڵی منیان هەڵدەدا و خەڵکیش کە لە دوای ئەوانەوە دەڕۆیشتن حەزیان دەکرد وەک ئەوان گۆرانی بڵێن و مەدحی من بکەن.

ئەم بابەتە بووە هۆی ناو دەرکردنێکی زۆرم لە بابل و خەڵکی دەیانگوت: (سینۆهە) پزیشکی میسری پیاوێکە، کە بەندە کەژاوە هەڵگرەکەی خۆی تێر خواردن دەکات.

بەرلەوەی جەژنی ڕۆژی پاشای درۆیین (کە باوەڕ ناکەم لە بابل یان لە هیچ وڵاتێکی تر هەبێت) دەست پێ بکات (کە دوایی باسی ئەم جەژنە دەکەم) لەبەرئەوەی بڕیاربوو ددانی پاشای بابل دەربکەم، (بورابوریاش) بانگی کردم و من پێش هەڵکێشانی ددانی هەندێ تریاکم کردە دەماریەوە و لەوانەیە بڵێم بەبێ ئازار ددانیم دەرکرد. پزیشکەکانی بابل لەوێ وەستابوون و وایان دەزانی پاشا لەبەر ئازاری ددانی دەمکوژێت، بەڵام دوایی بەسەر سامییەوە لە منیان پرسی:

چی ڕووی دا کە پاشا هەستی بە ئازاری زۆر نەکرد؟

وتم: ئەو دەرمانەی من کردمە دەمارەکەیەوە، سیفەتی لەناوبردنی ئازاری هەیە و لە دەرمانە هەرە باشەکانی میسرە و ئەم دەرمانە لە توێکڵی ڕووەکێک دروست دەکرێت و تەنها کاهینەکانی میسر ئەم ڕووەکە دەچێنن و کاری دروستکردنی ئەم دەرمانە لە توێکڵی ئەو گیایە لەسەر ئەوانە و هەرگیز نهێنیی دروست کردنی ئەم دەرمانە بەخەڵکی ئاسایی ناڵێن. لەبەرئەوەی ئەم دەرمانە هەموو جۆرە دەردێک لەناو دەبات و ئەگەر بکەوێتە دەستی خەڵکی ئیتر لە دەرد ناترسێن و ڕێسای کۆمەڵ دەشێوێنێ، چونکە کەس لە سزا بەدەنییەکان ترسی نابێت.

پاشا وتی: حەز دەکەم هەندێ لەم دەرمانەم هەبێ.

وتم: من هەندێکت دەدەمێ بە مەرجێ جگە لەو شێوازەی پێتی دەڵێم بۆهیچ شتێکی تر بەکاری نەهێنی، چونکە ئەم دەرمانە ئەگەر بە پێچەوانەی ڕێنومایی تایبەتیی خۆی بەکاربێت وەک زەهر دەبێتە هۆی لەناو چوون.

پاشا وتی: ئێستا کە ددانی منت بەبێ ئازار دەرکرد چ پاداشتێکت لە من دەوێت؟

وتم: من پێویستیم بە زێڕ و پارە نییە، چونکە دەتوانم لە زانستەکەی خۆم زێڕ و پارە پەیدا بکەم، بەڵام حەز دەکەم دەسەڵاتی تۆ ببینم و بزانم سوپاکەت چەندە. بۆئەوەی کاتێ کە گەڕامەوە بۆ میسر مەدحی هێز و دەسەڵاتەکەت بکەم و هەمووان بە بیستنی ئەو وەسفانە سەریان بسوڕمێ. بۆیە داوا دەکەم فەرمان بدەیت هێزەکانت بە چەشنی ڕۆیشتنی سەربازی خۆپیشاندان بکەن هەتا بتوانم سەربازەکان و گالیسکە جەنگییەکانت ببینم.

پاشا داواکارییەکەمی جێبەجێ کرد و من لەم بابەتە خۆشحاڵ بووم، چونکە دەمتوانی توانای سەربازی پاشای بابل بخەملێنم.

بەر لە ڕۆژی خۆپێشاندانە سەربازییەکە، بە (کاپتا)م وت: سەربازەکان و

گالیسکەکانی پاشا بژمێرێت و بزانێت کە چەند سەرباز و گالیسکە لە سوپاکەیدا هەیە.

(کاپتا) وتی: من ئەم هەموو ژمارەیە لە کوێ بهێنم کە بە هۆیانەوە سەربازەکانی بابل بژمێرم، چونکە دەڵێن ژمارەی سەربازەکانی بابل لە ژمارەی لمی بیابان زۆرترە.

وتم: گەوجە.. پێویست ناکات سەربازەکان یەک بە یەک بژمێری، چونکە هەر دەستەیەک لە سەربازەکان لە دوای هێمایەکەوە بەرێدا دەڕۆن و ئەگەر تۆ هێماکان بژمێری ژمارەی سەربازەکانت دەست دەکەوێت.

لە ڕۆژی خۆپیشاندانەکەدا پاشا ریشە دەستکردەکەی بە چەناگەیەوە ناو من بینیم تەنیا ئەو سەربازانەی کە لە بابلدا بوون چەکیان پێ بوو و ئەوانەی لە هەرێمەکانی ترەوە ئاگادار کرابوون زۆربەیان نەیزەکانیان پێ نەبوو و چاوەکانیان عەیب دار بوو.

من شەست جار تێپەڕ بوونی شەست دەستە سەربازی نیشانەدارم ژمارد و تێگەیشتم کە هەر دەستەیەک لەو سەربازانە شەست جار شەست سەرباز بوون. چونکە لە بابل ژمارەی شەست لە لایان پیرۆز بوو و گالیسکە جەنگییەکانیشیان شەست جار شەست گالیسکە بوو. گالیسکەکانیان بە کانزایەکی زۆر سەیر و نوێ دروست کردبوو کە ئاسنیان پێ دەوت و لە ژێر هەر گالیسکەیەکدا دوو پەیکانی ئاسنینی گەورە هاتبووە دەرێ کە لە جەنگدا زۆر مەترسیداربوو. بەڵام من بینیم پەیکانەکان ژەنگیان کردبوو و تایەی هەندێ لەگالیسکەکانی لەکاتی ڕۆیشتندا لێ دەبوونەوە.

سەربازەکان بەریزی شەست کەسییەوە دەڕۆیشتن کە خۆپیشاندانەکە زووتر تەواو بێت و گالیسکەکان بەریزی پانزە گالیسکەییەوە دەڕۆیشتن. لە نێوان سەربازەکانی پاشا تەنها سەربازەکانی پاسەوانی تایبەتی پاشا سەرنجڕاکێش بوون، بەڵام هەندێکیان ئەوەندە قەڵەو بوون کە نەیاندەتوانی بە ئاسانی ڕێ

بکەن و بەڕێ ڕۆیشتنەکەیان دەبووە هۆی ڕابواردنی بینەران.

کاتێ شەو داهات، پاشا بانگی کردم و وتی: (سینوهە) ئایا ئەمڕۆ سوپای سەربازی منت بینی؟

وتم: بینینی سەربازەکانت ئەمڕۆ چاوی منی ڕەش کردەوە، چونکە سەربازەکانی تۆ لە لمەکانی کەناری دەریا و ئەستێرەکانی ئاسمان زیاترن و من دوای بینینی سوپاکەت تێگەیشتم کە تۆ بەهێزترین پاشای سەرزەویت.

پاشا وتی: (سینوهە) جێ بە جێ کردنی داواکارییەکەت لەسەر من گران کەوت، چونکە لەبەر سازکردنی ئەو خۆپیشاندانە دەبێ ماوەی چەند ڕۆژێ هەتا ئەو کاتەی سەربازەکان دەگەڕێنەوە هەرێمەکانی خۆیان، خواردنیان بدەمێ و مەسرەفی خواردنیان بە ئەندازەی سەرانەی ساڵێکی یەکێک لە هەرێمەکانم دەبێت. لەم چەند ڕۆژەی سەربازەکان لێرەدان ریسواییەکی گەورە دروست دەبێت، چونکە دەستدرێژی دەکەنە سەر ژنان و ناتوانین پێشیان لێ بگرین و دوای ڕۆیشتنیشیان تا ماوەی یەک مانگ ڕێگا و بانەکان نائارام دەبێت. لەبەرئەوەی ئەم سەربازانە تا دەگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان لە ڕێگا هەر کەسێک ببینن رووتی دەکەنەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆشحاڵم کە توانیم چەکدارەکان و دەسەڵاتەکەی خۆمت نیشان بدەم. ئێستا پێم بڵێ ئایا فیرعەون کچی هەیە؟

وتم: کچی فیرعەونی میسرت بۆ چییە؟

وتی: حەزدەکەم کچی ئەو ببێتە ژنی من، ئەگەرچی ئێستا چوارسەد ژنم هەیە، بەڵام هیچ کامیان کچی پاشای میسر نییەو من زۆر حەزدەکەم هاوسەرێکم هەبێت کە کچی فیرعەونی میسر بێت.

وتم: (بورابوریاش) ئاگاداربە کە لەو ڕۆژەی جیهان دروست بووە تاوەکو ئێستا بەردەوام کچی فیرعەون دەبێتە هاوسەری براکەی خۆی و ئەگەر براشی نەبێت شوو ناکات بەڵکو دەچێتە پەرستگەیەک و دەبێتە کاهینە. ئەم قسەیەی تۆ دەیکەی لە لای خوایەکانی میسر کوفرە، بەڵام لەم قسەیەی تۆ نارەنجێم،

چونکە تۆ خوایەکانی میسر ناناسی.

پاشا وتی: سینۆهە ئاگاداربە کە من بڕیارم داوە کچی فیرعەون بکەمە هاوسەری خۆم و ئەگەر فیرعەون کچەکەی خۆیم نەداتێ من سوپاکەی خۆم دەهێنمە خاکی ئەو و میسر وێران دەکەم و بە زۆر دەست بەسەر کچەکەیدا دەگرم.

وتم: (بورابوریاش) فیرعەونی میسر هێشتا زۆر گەنجە و تازە ژنی هێناوە و کچی نەبووەو گریمان خوایەکانی میسر ڕێگایان دا کە کچی فیرعەون شوو بە بیانییەک بکات، بەڵام ئەو کە کچی نەبێت ناتوانێ کچت بداتێ. کەواتە دان بە خۆتا بگرە تا دەبێتە خاوەن کچ، ئەوسا بیر لە کچەکەی بکەوە.

پاشا وتی: سینۆهە من ئەمڕۆ کاتێکی زۆر لە مەیدان دانیشتم و سەیری تێپەڕینی سەربازەکانم کرد و ئێستا ماندوو بوومە و حەز دەکەم بەرەو حەرەمەکەی خۆم بڕۆم و کەمێ پشوو بدەم و، تۆش کە پزیشکی و دەتوانی بۆ هەموو شوێنێ بڕۆی، لەگەڵ مندا وەرە کە ژنەکانم ببینی و لە نزیکەوە گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەیت و بۆت دەرکەوێت کە زۆر لە پاشاکان باشترین کچەکانی خۆیان ناردۆتە بابل بۆئەوەی بە ناوی هاوسەری منەوە بێنە ناو حەرەمەکەمەوە و من ئەگەر وتم حەز دەکەم کچی فیرعەونی میسر ببێتە هاوسەرم تەنها مەبەستم ئەوە بوو کە دەمەویست لەگەڵ فیرعەونی میسردا دەرگایەکی تازەی دۆستایەتی بکەمەوە.

وتم: (بورابوریاش) منیش بە تۆم وت فیرعەونی میسر کچی نییە کە بیکاتە هاوسەری تۆ.

(بورابوریاش) وتی: ئێستا تۆ دەتوانی لە نێوان ئەو ژنانەی کە لە

حەرەمسەراکەی منداخزمەت دەکەن یەکێکیان بەشێوەیەکی کاتی هەڵبژێری و لەگەڵیدا ڕابوێری، بەڵام ئاگادار بەسکی پڕ نەکەیت چونکە ئەگەر دووگیان بێت گرفت دروست دەکات و خەڵکی وادەزانن بەهۆی منەوە سکی پڕ(دووگیان) بووە. وتم(بورابوریاش) ئەم قسەیە مەکە، چونکە جوان نییە

پیاو، ژنی خۆی بەشێوەیەکی کاتی بداتە یەکێکی تر کە لەگەڵیدا کۆببێتەوە.

(بورابوریاش) وتی بۆ چی جوان نییە، ژنەکانی من ئەگەر بزانن کەمن ئامادەم ئەوان بەشێوەیەکی کاتی بدەمە خەڵکی تر کە لەگەڵیاندا ڕابوێرن، زۆر خۆشحاڵ دەبن، چونکە من بەتەنهایی ناتوانم لەگەڵ چوارسەد ژندا کۆببمەوە.

دوایی لەمنی پرسی تۆ چەند ژنت هەیە. وتم من ژنم نییە. ئەو بەسەر سوڕمانەوە وتی بۆ مەگەر تۆ خواجە(نێرەمووک)ی؟ وتم نا. پاشا وتی ئەگەر خواجە نیت ئەی چۆن دەتوانی بەبێ ژن ژیان بەیتە سەر و خەریکی پزیشکی بێت. چونکە تا پیاو لەگەڵ ژندا کۆنەبێتەوە، فکرو هۆشی لەسەر خۆی نابێت و ناتوانێت خۆی بەکارێکەوە خەریک بکات. ئەگەر دەتەوێت چێژ لە ژیان وەربگریت وەکو من، لەگەلانی جۆراوجۆر ژن بهێنە، چونکە هەر یەکێک لەم ژنانە بەپێی داب و نەریتی وڵاتەکەی خۆی عەشقبازی دەکات و تۆ هەر جارە و چێژێکی تایبەتی وەردەگری.

ئەگەر چی نەمدەویست بچمە ناو حەرەمسەراکەی پاشاوە، بەڵام ئەو منی لەگەڵ خۆیدا برد و بینیم ژنەکانی ئەو، لەگەلانی جۆراوجۆر بوون و هەموویان گەنج و جوان بوون و هەر یەکەیان جلکی خۆماڵیی خۆیانیان لەبەر کردبوو. هەندێک لەو ژنانە لەبەر ئەوەی تازە لەوڵاتانی ترەوە بەهۆی فرۆشیارەکانی کۆیلەوە هاتبوونە ئەوێ، نەیاندەتوانی بەزمانی بابلی بدوێن، بەڵام هەموویان پێدەکەنین و هەر ژنێک هەوڵی دەدا سەرنجی پاشا بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

کاتێک کەبیستیان پاشا دەڵێت حەزدەکەم یەکێک لەو ژنانە بەشێوەیەکی کاتی بدەم بەتۆ کە لە گەڵیدا ببەیتەسەر، هەوڵیان دا سەرنجی من ڕابکێشن. پاشا بە منی وت هەر کامێکیانت حەز لێیە هەڵبژێرە، بەڵام سەرەڕای ئەوەی حەزم لە هەموویان بوو نەمدەتوانی یەکێکیان لێ هەڵبژێرم و جگە لەوەش لەتووڕەیی و ڕاگۆڕینی پاشاش دەترسام چونکە کاتێک کە مرۆڤ لەگەڵ پاشایەکی هەوەسبازدا هەڵسوکەوت دەکات دەبێ وریا بێت چونکە لە ناکاودا

هەڵوێستی پاشا دەگۆڕێت.

بۆیە وتم: من لەبەرئەوەی لە سەفەردام و بۆ فێربوونی زانست هاتووم ژن ناهێنم، چونکە خوایەکانی ئێمە دەڵێن کاتێک خەریکی کۆکردنەوەو فێربوونی زانستن خۆتان لە ژن هێنان بپارێزن. ئەی خوایەکانی میسر من داوای لێ بوردنتان لی دەکەم کە ئەم درۆیەم بەدەم ئێوەوە کرد، بەڵام بۆئەوەی پاشای بابل بڕوام پێ بکات، هیچ ڕێگایەکی ترم نەبوو.

ژنەکانی حەرەم کاتێک وەڵامی منیان بیست لە سەرەتادا سەریان سوڕما و دوایی کەوتنە گاڵتەکردن و سووکایەتی پێ کردن و وتیان: دیارە تۆش وەکو نێرە مووەکانی حەرەم وایت و ناتوانی لەگەڵ ژنەکاندا رابوێری.

پاشاش کە وایدەزانی بە پێشکەش کردنی یەکێک لە ژنەکانی خۆی من زۆر خۆشحاڵ دەکات، دڵگران بوو و وتی: ئەگەر تۆ منت لەو ددان ئێشەیە رزگار نەکردبایە ئێستا فەرمانم دەدا بتکوژن.

دوایی روخسەتم لێ وەرگرت و بۆ ئەوەی بڕۆم. ئەو دیسان لەبارەی جەژنی پاشای درۆیین دواو وتی: بەهار نزیک بووەتەوە و کاتی جەژنی پاشای درۆیین ئەوەندەی نەماوە و خۆت بۆ تام و چێژ وەرگرتن لەم جەژنە ئامادە بکە.

لە پێش ئەوەی لە بارەی جەژنی پاشای درۆیین بدوێم دەبێ بابەتێک بخەمە بەرچاو، کە پەیوەندی بە منەوەیە: رۆژێکیان بۆ تەماشای شووشەی گەورەکەرەوە چوومە بورجی (مەردوک)، ئەم شووشەیە کە باوەڕ ناکەم لە هیچ جێگایەکی جیهاندا هەبێت لە بابلدا دروست دەکرێت و شووشەیەکی ئەستوور و زۆر روونە و وەک کەرتە سەهۆڵێکی درەوشاوە و زوڵاڵە. بەڵام کاتێک کە مرۆڤ لە پشت ئەم شووشەیەوە دەڕوانێت ئەوەندە شتەکان گەورە دەبنەوە کە دەبێتە هۆی ترسانی بینەرەکە و ئەو رۆژەی من بۆ بینینی شووشەکە رۆیشتم مێروولەیەکیان هێناو من شووشەکەم بەدەستەوە گرت و لە پشتیەوە سەیری مێروولەکەم کرد و خەریک بوو لە ترسا رابکەم. چونکە مێروولەکە ئەوەندەگەورە ببووەوە کە لە قەبارەدا لە

ئەسپێکی ئاوی دەچوو.

دوای بینینی شووشە گەورەکەرەوەکە بەرەو نهۆمی سەرەوەی بورجەکە، کە جێگای ئەستێرەناسەکان بوو رۆیشتم و داوام لێ کردن سەیری بەختم بکەن. لەبەر ئەوەی من نەمدەزانی لە چ رۆژێک و لە کوێ لە دایک بوومە، ئەوان نەیانتوانی داهاتووی من پێشبینی بکەن، بەڵام پێیان وتم تۆ میسری نیت.

وتم: گومانی تێدانییە کە من لە ناو سەبەتەیەکدا بوومە کەبەسەر رووباری نیلەوە بووە و، ئەو ژنەی منی بەخێو کرد سەبەتەکەی لە ئاوەکە گرتبووەوە.

ئەستێرەناسەکان وتیان: ئەگەرچی تۆیان لەسەر رووباری نیلدا دۆزیوەتەوە، بەڵام تۆ نە میسریت و نەخەڵکی وڵاتێکی تریشی. هەروەها بچیتە هەر جێگایەکی تری ئەم جیهانە بە بیانییەک لە قەڵەم دەدرێیت.

وتم: ئەم قسەیە رێی تێ ناچێت، چونکە هەر چۆنێک بێت لەم جیهانەدا جێگایەک هەیە کە من تیایدا لە دایک بووبێتم و ئەو جێگایە نیشتمانی من بێت و تیایدا بیانی نەبم.

وتیان: لەم جیهانەدا جێگایەک کە تۆی تێدا لە دایک بووبیت نییە..

وتم: ئەی من لە کوێ لەدایک بوومە؟

یەکێکیان وتی: لەوەیە تۆ کوڕی خوایەکان بیت و لە ئاسمانەوە هاتبیتە سەر زەوی.

وتم: لە وڵاتی ئێمەدا تەنها یەک نەفەر کوڕی خوایەکانە و ئەویش فیرعەونە.

وتیان: بەهەر حاڵ بەختی تۆ وا نیشان دەدات کە تۆ لەم دنیایەدا بچیتە هەر جێگایەک تیایدا بیانیت و جێگایەک نییە کە وڵاتی تۆ بێت و بەم جۆرە هیچ گومانێکی تر نییە، جگە لەوەی کە تۆ لە ئاسمانەوە هاتوویت و کوڕی خوایەکانی.

دوایی بە سەرسوڕمانەوە سەیرم کرد ئەستێرەناسەکان سەریان بۆ دانەواندم و پرسیم: بۆ وا دەکەن؟

ئەوان وتیان: ئێمە دڵنیانین کە تۆ کوڕی خوایەکان بیت، بەڵام دەزانین کە لەم دنیایەدا لە دایک نەبوویتە و لەبەر ئەوە مەرجی دووربینی ئەوەیە کە ڕێز لە تۆ بگرین بۆ ئەوەی ئەگەر بەراستی کوڕی خوایەکان بیت، لە لایەن ئێمەوە کەم تەرخەمی و بێ ڕێزیت لەگەڵدا نەکرابێت، هەتاکو لە لای خوایەکان تاوانبار نەبین.

من کە دەمزانی کوڕی خوایەکان نیم، لەم قسەیەیان زۆر سەرسام بووم و ئەویشم بە بێ عەقڵی و پڕ و پووچ پەرستی ئەستێرەناسەکان لەقەڵەم دا.

بەشی شانزدەهەم

جەژنی رۆژی درۆکردن

کاتێک کە وەرزی بەهار دادێت دانیشتووانی بابل ماوەی دوانزە رۆژ دەیکەنە جەژن. لە مەراسیمی رۆژی سیانزەیەمی ئەم جەژنە بە درۆیەکی گەورە، واتە پاشای درۆیین کۆتایی دێت. لەم دوانزە رۆژەدا خەڵکی بابل جوانترین جل و بەرگی خۆیان لەبەر دەکەن و کچە گەنجەکان دەڕۆنە پەرستگەی (عەشتار) و لەوێدا بە پێی رێ و رەسمی خۆیان پێشوازی لەو رێبوار و میوانانە دەکەن کەلە شوێنەکانی دەوروبەرەوە دێن و ژمارەشیان کەم نەبوو و لە بری ئەوە لە هەر یەکێک لەو میوانانە دیارییەکیان وەردەگرت و دوایی ئەم دیارییانەیان کۆدەکردەوە، بۆئەوەی کاتێک کە شوو دەکەن خاوەنی (جەهیزیە)ی بووکێنیی خۆیان بن.

هیچ کەسێ ئەم رێ و رەسمەی لەلا سەیر نەبوو و پیاوەکان کاتێک کە ژنێکیان دەهێنا، چاوەڕوانی ئەوە نەبوون کە ئەو ژنەی کە هێناویانە کچ بێت. لەم دوانزە رۆژەدا هەموو خەریکی رابواردن و خۆشگوزەرانی دەبوون و خۆیان بۆ جەژنی رۆژی سیانزەیەمی بەهار ئامادە دەکرد. بەیانی رۆژی سیانزەیەم لە میوانخانەکەدا دانیشتبووم و لە ناکاودا گوێم لە دەنگی هەندێ سەرباز بوو کە رژانە ناو میوانخانەکەوە و هاواریان دەکرد: پاشاکەمان لە کوێیە؟ پاشاکەمان بدەنێ... ئەگەر نا هەمووتان دەکوژین.

ئەم کۆمەڵە سەربازە بە توڕەییەوە هاواریان دەکرد و لە نهۆمەکانی میوانخانەکە بەسەر دەکەوتن. تا گەیشتنە ئەو نهۆمەی کە منی تێدا نیشتەجێ بووم و هاواریان کرد: پاشامان بدەنێ... پاشاکەمان مەشارنەوە.

سەربازەکان لە بەردەم هۆدەکەماندا دەنگە دەنگیان کرد و (کاپتا)

بەندەکەی من لە ترسا خۆی لە ژێر قەرەوێڵەکەیدا شاردبووەوە و بە منی وت: وا بزانم لە بابل شۆڕش بەرپابووە و پاشا هەڵهاتووە و لایەنگرانی بە گومانی ئەوەی لێرە بێت هاتوونەتە ئێرە.

دەرگام کردەوە و بەسەربازەکانم وت: ئایا من دەناسن یان نا؟ من (سینۆهە)، کوڕی کەر پزیشکی میسریم و ددانی پاشای ئێوەم چاک کردەوە و لەبەر خۆشحاڵی من فەرمانی دا لەم شارەدا سوپاکەی خۆپیشاندانی سەربازی بکەن و ئەگەر بتانەوێت من ئازار بدەن دەچمە لای پاشاکەتان و شکاتتان لێ دەکەم.

سەربازەکان وتیان: ئەگەر تۆ (سینۆهە)یت ئێمە بە شوێن تۆدا دەگەڕێین و مەبەستمان دۆزینەوەی تۆیە.

وتم: چ ئیشێکتان بە منە؟

وتیان: بەندەکەی تۆمان دەوێت.

دووبارە پرسیمەوە: بەندەکەی منتان بۆ چییە؟

سەربازەکان وتیان: ئەمڕۆ جەژنی پاشای درۆیینە و پاشا ئەمری پێ کردووین بەندەکەت ببەینە لای ئەو.

وتم: پاشا چ ئیشێکی بە بەندەکەی منە؟

وتیان: ئێمە لەم بابەتە ئاگادار نین و ئەگەر بەندەکەتمان نیشان نەدەی رووتت دەکەینەوە و بە بێ جل و بەرگ دەتبەینە کۆشکی پاشاو بۆئەوەی نیشانی بدەن کە هەرەشەکەیان بە راستە بە یەک جووڵاندنەوە کراسەکەمیان لەبەردا دادڕی و رووتیان کردمەوە و دوایی بە واق وڕمانەوە سەیریان کردم. چونکە تا ئەو کاتە پیاوێکی خەتەنە کراویان نەبینیبوو.

یەکێک لە سەربازەکان وتی: پەنا بە (مەردوک) ئەم پیاوە بۆ وایە؟

یەکێکی تر وتی: ئایا هەموو پیاوەکانی میسر ئەوهان؟

وتم: بەڵێ لە میسر پیاوەکان لەکاتی منداڵیدا خەتەنە دەکرێن.

یەکێک لەوان وتی: ئەم بابەتە بۆ ئێمە گرنگ نییە.

یەکێکی تر هاواری کرد: ئێمە ئەو کەسەمان لێت دەوێت کە دەبێ بماندەیتێ ئەگەر نا...

وتم: بە کورتی پێم بڵێن چی دەکەن؟

وتیان: یان بەندەکەتمان بدەیە، یان بە رووتی بە ناو شەقامەکانی بابلدا دەتسووڕێنینەوەو دەتبەینە کۆشکی پاشایەتی.

وتم: من لە لای پاشا شکاتتان لێ دەکەم و پێی دەڵێم بە سەختی دارکاریتان بکات.

سەربازەکان وتیان: پاشا خۆی بە ئێمەی وتووە ئەگەر بەندەکەی نەداپێتان بە رووتی بەرەو کۆشکت ببەین.

(کاپتا) کە لە ژێر قەرەوێڵەکەوە لە ترساندا دەلەرزی لەوێ هاتە دەرەوە و وتی: گەورەکەی من بە رووتی بەرەو کۆشک مەبەن، چونکە رێزی ئەم پزیشکە ناوداره نامێنێت و من ئامادەم لەگەڵ ئێوەدا بۆ هەر جێگایەک کە بتانەوێ بێم.

سەربازەکان کاتێک کە کاپتایان بینی لە خۆشیا هاواریان کرد و وتیان: بژی (مەردوک)... پاشاکەمان دۆزییەوە... ئێمە پاشاکەمان دیبیەوەو ئێستا بەرەو کۆشکی دەبەین.

(کاپتا) بەسەر سوڕمانەوە دەیڕوانییە سەربازەکان و ئەوان کاتێک سەر سوڕمانەکەی ئەویان بینی بە شادییەوە هاواریان دەکرد: تۆ پاشای چوار وڵاتی؟ تۆ شەهریار (خاوەن شکۆ-پاشا)ی هەموانی و ئێمە هەر بە دەم و چاوت دەتناسینەوە. هەندێ لە سەربازەکان لەبەردەم (کاپتا)دا سەریان دادەنەواند و هەندێکی تریان لە دواوە تێیان هەڵدەدا بۆئەوەی وای لێ بکەن زووتر بکەوێتە رێ.

(کاپتا) وتی: گەورەم من لەو باوەڕەدام لە وڵاتێکدا دەژیم کە هەموو

خەڵکەکەی شێتن و من ئێستا نازانم لەسەر پێی خۆم دەڕۆم یان لەسەر سەر و لەوەیە لە خەودابم و ئەوەی دەیبینم دیمەنێکی خەو بێت. ئەگەر لەم وڵاتەدا سەرەو ژێر هەڵیان واسیم تۆ مەهێڵە ئاژەڵەکان لاشەکەم بخۆن و تەرمەکەم مۆمیایی بکە و لە میسردا بمنێژە.

یەکێ لە سەربازەکان بە پێکەنینەوە وتی: لێرەدا گیانەوەر لاشە ناخوات، چونکە ئێمە تەرمەکان فڕێ دەدەینە رووبارەوە و ئاو بەرەو دەریای دەبات.

(کاپتا) وتی: گەورەم مەهێڵە لاشەکەم فڕێ دەنە ناو ئاوی رووبارەوە، چونکە ئەگەر وام لێ بکەن ناتوانم لە دنیای تردا زیندوو بمێنمەوە.

سەربازەکان کە پێدەکەنین وتیان: ئێمە ئەمڕۆ توانیومانە پاشایەکی باش بدۆزینەوە، چونکە لە کاتی قسەکردندا زمانی ناگرێت.

(کاپتا) کە نەیدەویست لە میوانخانەکە بچێتە دەرەوە، ئەوان بە شەق و قۆناغی نەیزەکانیان بەرێیان خست. دوای ئەوەی (کاپتا)یان بە زۆر برد، من بەپەلە جلکم لەبەر کرد و لە دوای ئەوەوە گەیشتمە کۆشکی پاشا و لەبەرئەوەی دەیانزانی لە لای پاشا رێزم هەیە کەس پێشی لێ نەگرتم.

کاتێ کە چوومە کۆشکەوە کۆمەڵێکی زۆرم بینی لە کۆشکی پاشایەتی کۆ ببوونەوە و هەموو هاواریان دەکرد و سەربازەکان بە خۆشییەوە نەیزەکانیان بەرزدەکردەوە. من دڵنیابووم کە لە بابلدا شۆڕش بەرپابووە و ئەگەر لە هەرێمەکانی ترەوە سەرباز نەهێنن لەوانەیە (بورابوریاش)ی پاشای بابل لەسەر تەخت لابدەن، چونکە لە هات و هاوارەکانی ئەو کۆمەڵە وا دەردەکەوت کە لە دژی (بورابوریاش) دروشمەکانیان دەردەبڕن. بەبێ ئەوەی کەس پێشم لێ بگرێ چوومە ئەو تەلارەی کە دەمزانی پاشا لەوێیەو بینیم کاهینی گەورەی پەرستگەی (مەردوک) و هەندێ لە کاهینەکانی تر لەوێدان.

کاتێ (کاپتا) هاتە تەلارەکەوە لە ناکاودا کاهینی گەورەی پەرستگە لەکاتێکدا کە بە پەنجە ئیشارەتی بۆ پاشای بابل دەکرد، وتی: ئەم کوڕەی کە

هێشتا مووی لێ نەهاتووە لێرە بیبەنە دەرەوە... ئێمە ئامادە نین ئەو بە پاشای خۆمان بزانین.

ئەوانەی تریش بۆ پاڵپشتی قسەکەی وتیان: ئەم کوڕە بکەنە دەرەوە، ئێمە ئامادەنین لەمە زیاتر منداڵێک فەرمانڕەواییمان بکات... بیبەنە دەرەوە...

کاهینی گەورە ئیشارەتی بۆ (کاپتا) کرد و وتی: ئێستا ئێمە توانیومانە پاشایەکی پێگەیشتوو و ژیر بدۆزینەوە و بە پاشای خۆمان هەڵی دەبژێرین. بۆ ئەوەی بە ژیری و دووربینییەوە فەرمانڕەواییمان بەسەردا بکات.

هەر کە ئەم قسەیە لە دەمی کاهینی گەورەوە هاتە دەرێ، ئەوانەی لەوێ بوون، هێرشیان بردە سەر پاشای لاو و بە پێکەنین و گاڵتەو گەفەوە نیشانەکانی پاشایەتییان لەسەر و سینەی کردەوە و کراسەکەیان لەبەری داکەندو بازوو و قاچەکانیان دەست لێ دەدا و دەیانگوت: سەیر کەن ئەم کوڕە گەنجە چەند لاواز و لەڕەو هێشتا بۆنی شیر لە دەمی دێت. قاچەکانیشی ئەوەندە ناسکن کە ئەگەر چەند هەنگاوێک بنێت لە ناوەڕاستەوە دەبێتە دوو کەرت، لەبەر ئەوە ئەم کوڕە ناتوانێت ببێتە پاشا و ئێمە ئەم پیاوە (ئیشارەیان بۆ بەندەکەم دەکرد) لە جیاتی ئەو دەخەینە سەر تەخت.

(بورابورياش) کاتێ کە نیشانەکانی پاشایەتییان لێ دەکردەوە هیچ بەرگری نەکرد و بینیم لەگەڵ شێرەکەی خۆی، کە کلکی خستبووە نێوان قاچەکانی، چووە سووچێکی ژوورەکەوە.

لەو کاتەدا کە کراسی پاشایەتییان لە بەر بەندەکەم دەکرد و نیشانەکانی پاشایەتییان بە سەر و سینگیدا دەکرد، نەمدەزانی لەسەر قاچەکانم دەڕۆم یان لەسەر سەر. (کاپتا)یان لەسەر ئەو تەختەی کە پێشتر پاشای بابلی لێ بوو، دانیشاند و لەبەر دەمیدا سوجدەیان برد و زەوییان ماچ کرد. تەنانەت خودی (بورابورياش) کە رووت بوو، لەبەر دەم (کاپتا)دا سوجدەی برد و وتی: ئەو دەبێ ببێتە پاشای ئێمە، چونکە لەو عاقڵتر و دادپەروەرتر لەم وڵاتەدا نییە.

(کاپتا) ئەوەندە حەپەسابوو کە نەیدەتوانی قسە بکات و سەیرم کرد قژی سەری لە ژێر تاجی پاشایەتی، کە لەسەر سەری دایان نابوو رەق ببوو..

کاتێک کە ئەو کەسانەی لە هۆدەکەدا بوون مل کەچی خۆیان دەردەبڕی، (کاپتا) هاواری کردو وتی: وسکت بن...

هەموو بێدەنگ بوون و ئەو وتی: من وا تێدەگەم کە جادووگەرێک جادووی لێ کردووم و هەندێ شت دەبینم کە لە راستیدا وانییە، چونکە بە بڕوای من هەرگیز ناگونجێت پیاوێکی وەک من کە لەم وڵاتەدا بیانیم ببم بە پاشا.

ئامادە بووان نارەزاییان دەربڕی و بە گاڵتەو پێکەنینەوە وتیان: وانییە، تۆ پاشای ئێمەیت و کەس جادووی لە تۆ نەکردووە و ئێمە بەوپەڕی خۆشحاڵی و رەزامەندییەوە تۆمان کردۆتە پاشای خۆمان.

(کاپتا) وتی: من ئەگەرچی حەز ناکەم ببمە پاشاتان، بەڵام ناتوانم بە پێچەوانەی ویستی ئێوە رەفتار بکەم، چونکە ئێوە ژمارەتان زۆرە، بەڵام پرسیارێکتان لێ دەکەم و داواکارم وەڵامێکی راستم بدەنەوە..، ئایا من پاشای ئێوەم یان نا؟

هەموو بە یەک دەنگ هاواریان کرد: بەڵێ... تۆ پاشای ئێمەیت و.. دیسانەوە لەبەردەمی سوجدەیان برد. یەکێک لە ئامادەبووان کەوڵی شێرێکی لەبەر کرد و لەبەردەم تەختی (کاپتا) دانیشت و نەڕاندی.

(کاپتا) جارێکی تر هاواری کرد وسکت بن و، هەموو بێدەنگ بوون. بەندەکەم وتی: ئەگەر من پاشای ئێوەم دەبێ گوێڕایەڵی فەرمانەکانم بن.

هەموو هاواریان کرد هەرچی تۆ بڵێی دەیکەین.

(کاپتا) وتی: لەبەر ئەوەی بوومەتە پاشای ئێوە، ئەمڕۆ دەکەینە جەژن و بڵێن با بەندەکان بێن.

هەندێ لە بەندەکان کە لەوێ بوون لە (کاپتا) نزیک بوونەوە و پێیانی

وت: زوو شەراب و خواردن بهێنن کە بیخۆم و بە شەرابەکە خۆم شادمان بکەم و خەڵکیش وەک من سکیان تێر و سەریان گەرم بکەن.

بەندەکان وتیان: خواردن و شەراب لە هۆدەکەی تردا ئامادە کراوە و هەڵیان گرت و بەهەراو هۆریا و شادی و پێکەنینەوە بردیانە تەلارێکی ترەوەو، منیش لەگەڵیان ڕۆیشتم و بینیم لەو تەلارەدا هەموو جۆرە خواردن و خواردنەوەیەکیان داناوە و هەر کەسێ بە کەیفی خۆی لەو خواردن و شەرابانەی هەڵدەبژارد و خەریکی خواردن و خواردنەوەی دەبوو.

(بورابورياش) پاشای پێشووی بابل وەک بەندەکان پشتێنێکی لە پشتیەوە ئاڵاندبوو و لە ناوەڕاستی خەڵکەکەدا بە ئەم لاو ئەولادا رای دەکرد و شەرابی بە خەڵکیدا دەکردو شلەمەنییە خەستەکانی خواردنەکەی بەکراسی ئامادەبوواندا دەکرد و وای لێ دەکردن جنێو بدەن.

لە حەوشەی کۆشکدا حەوزەکانیان پڕ کردبوو لە ئاوی جۆ(بیرە)و شەراب و هەموو کەسێ دەیتوانی بە پەیمانەکانی کەنار حەوزەکە بیرە، یان شەراب بنۆشێتەوە و بە خورما و ماست و جۆرە چەورییەک کە لە شیر دروستیان دەکرد و زۆر بەتام بوو (مەبەستی نووسەر کەرەیە- وەرگێڕ) سکی خۆیان تێر بکەن. کاتێک کە خەڵکی تێربوون و سەرەکان لە بیرە و شەراب گەرم داهاتن، هەراو هوریایەکی ئەوەندە شادی بەخش لە حەوشەکەدا دروست بوو کە من تاکو ئەو ڕۆژە هاوتای ئەو ئاهەنگەم نەدیتبوو.

جیاوازی لە نێوان چین و توێژ و پلەدارەکاندا نەمابوو و هەموو کەسێ لەگەڵ ئەوانەی تردا گاڵتەو گەفی دەکرد و ئەوانەی هەتا دوێنێ بەرامبەر (بورابورياش) سوجدەیان دەبرد، لەو کاتەدا ئێسکی گۆشتەکانیان تێ دەگرت و ئەویش ئێسکەکانی بەرەو ئەو کەسانەی بۆیان دەهاویشت هەڵدەدایەوە.

لە ناوەڕاستی ئەو قەرەباڵغییەدا خۆم گەیاندە (کاپتا) و وتم: کاپتا ئێستا هەموویان سەرخۆشن و کەس ئاگای لە تۆ نەماوە هەڵسە با بەبێ ئەوەی کەس

بزانێ لێرە بڕۆین، چونکە وا هەست دەکەم کە ئاکامی ئەم کارە باش نییە.

(کاپتا) کە خەریکی خواردنی پارچە گۆشتێکی سوورەوە کراوی گوێدرێژ بوو وتی: ئەوەی تۆ دەیڵێی لە گوێچکەی مندا وەک گیزە گیزی مێش وایە و بە قسەت ناکەم و دەست لەم بەختەوەرییە هەڵناگرم و لێرە ناڕۆم. مەگەر نابینی ئەم خەڵکە بە چ سۆز و خۆشەویستییەکەوە منیان بە پاشای خۆیان هەڵبژاردووە؟ ئایا من دەتوانم لە بەرامبەر ئەم هەست و خۆشەویستییەی ئەوان بەرامبەر بە من دەری دەبڕن، بێ سفەتییان لەگەڵدا بکەم و بە جێیان بهێڵم و بڕۆم؟ هەروەها تۆ لەمەو بەدوا نابێت بە ناوی (کاپتا) بانگم بکەیت، چونکە من پاشای چوار وڵاتم و تۆ هەر جارێک کە دەتەوێ قسە لەگەڵ مندا بکەیت دەبێ بڵێی (ئەی پاشای چوار وڵات) و وەک خەڵکی تر لەبەر دەممدا سوجدە ببەیت.

وتم: (کاپتا)... ئەم پاشایەتییەی تۆ جگە لە گاڵتە و گەف و درۆیەکی گەورە هیچی تر نییە. چونکە هەرگیز ناگونجێت ئەم میللەتە تۆ بکەنە پاشای خۆیان کە بەندەیەکی بیانیت و دەترسم دەرئەنجامی ئەم گاڵتەیە بۆ ئێمە ترسناک بێت و تا کات ماوە هەڵسە با خۆمان لە جێگایەکدا بشارینەوە، یان لێرە بڕۆین و ئەگەر هەڵسی و لەگەڵمدا بێیت لە بێ ڕێزی کردنەکەت خۆش دەبم و بە گۆچانەکەم دارکاریت ناکەم.

(کاپتا) چەورییەکەی دەمی خاوێن کردەوە و بەکەرتە ئێسکێکی گوێدرێژ کە بەدەستیەوە بوو هەڕەشەی لێ کردم و بانگی کرد: ئەم میسرییە پۆخڵە لێرە دوور بخەنەوە ئەگەرنا ناچار دەبم بەدار، ئێسکەکانی تێک بشکێنم.

هەر ئەوەندە (کاپتا) ئەم قسەیەی کرد پیاوەکەی چوو بووە پێستی شێرەوە، پەلاماری دام و منی بە زەویدا داو بە چڕنووکی دەستی لەشمی رووشاند و خەریک بوو هەموو جەستەم بریندار بکات، بەڵام خۆشبەختانە نەفیرەکان کەوتنە لێدان و رایانگەیاند پاشای نوێ بڕوات بۆ دادپەروەری کردن

و شێرەکە وازی لێ هێنام.

دادگای بابل نزیک کۆشکی پاشایەتی بوو و ، کاتێک کاپتایان بردە ئەوێ کە دادوەری بکات، ویستی خۆی لێ بدزێتەوە و وتی:من باوەڕم بە دادپەروەری کردنی دادوەرانی بابل هەیە و وا باشترە کە ئەوان وەک رابردوو خۆیان خەریکی دادوەری بن.

بەڵام خەڵکی بەم قسەیە رازی نەبوون و وتیان: ئێمە داواکاری جێ بە جێ کردنی دادگەریی پاشای نوێی خۆمانین بۆئەوەی بزانین ئایا عەقڵی هەیە و دەتوانێ بە پێی بنچینەکانی ویژدان بڕیار بدات، یان نا.

(کاپتا) ناچار بوو مل بدات و خەڵکی ئەویان لەسەر کورسیی گەورەی دادوەری بابل دانیشاند و قامچی و کەلەبچەیان لەبەردەمی دانا ، کە نیشانەی جێ بە جێ کردنی دادپەروەرییە. یەکەم کەسێک کە سکاڵای هێنا ، پیاوێک بوو کە کراسێکی دڕاوی لەبەردا بوو و سەیرم کرد قژی سپی بوو. دوایی بۆم دەرکەوت سپییایەتی قژی هی ئەوە بووە کە خۆڵەمێشی بەسەر خۆیدا کردبوو و کراسەکەی بە قەستی دڕاندبوو بۆئەوەی بتوانێت بەسەر و وەزعێکی شڵەژاوەوە لەبەردەم پاشا ئامادە بێت. چونکە لە بابلدا ئەو کەسانەی خۆیان بە ستەم لێکراو دەزانن هەوڵدەدەن بە رواڵەت خۆیان داماو نیشان بدەن بۆ ئەوەی سەرنجی پاشا رابکێشن و بەزەیی پیایان بێتەوە.

پیاوەکە لەبەردەم بەندەکەی مندا کەوتە سەر خاک و زەویی ماچ کرد و وتی: ئەی خواوەندی چوار وڵات، ئەمڕۆ کەس وەک تۆ دادپەروەر و عاقڵ نییە، بۆیە من هاتوومەتە لای جەنابت کە داوای جێ بە جێ کردنی دادت لێ بکەم.

من ژنێکم هەیە کە چوار ساڵە هاوسەرمەو لەم ماوەیەدا دووگیان نەبووەو بەم زووانە سکی پڕبووەو لەگەڵ ئەوەشدا کە هەندێ کەس پێیان دەوتم پیاوێکی تر هاتوچۆی ژنەکەت دەکات، من باوەڕم بەقسەکەیان نەدەکرد. هەتا

دوێنێ ژنەکەم لەگەڵ سەربازێکدا لەماڵەوە گرت. بەڵام من نەمتوانی سەربازەکە بگرم چونکە ئەو لەمن بەهێزتر بوو و هەر ئەوەندە چوومە ژوورەوە، ئەو هەڵهات و ئێستا جەرگە رەشەکەی من پڕە لەخەم و دوودڵی و نازانم ئەو منداڵەی لە سکی ژنەکەدایە هی منە یان هی سەربازەکەیەو داوا لەتۆدەکەم کە ئەم موشکیلەیەم بۆ چارەسەر بکەیت و لە دوودڵی رزگارم بکەیت بۆ ئەوەی بزانم چ ئەرکێکم بەرامبەر بەو منداڵە هەیە.

(کاپتا) بە نیگەرانییەکەوە سەیری دەوروبەری خۆی کرد، چونکە نەیدەزانی چ وەڵامێ بداتەوە کە لە دادپەروەرییەوە نزیک بێت و لە ناکاودا بانگی بەندەکانی کرد و وتی: دار بگرنە دەست و ئەم کابرایە دارکاری بکەن.

بەندەکان بەدار کەوتنە سەر پیاوەکە و دوای ئەوەی لێیان دا، پیاوەکە رووی کردە جەماوەرەکەو وتی: ئایا بڕیاری پاشا لەم بارەیەوە راستە و من کە بۆ سکاڵا هاتوومەتە دادگا، دەبێ دارکاری بکرێم؟

خەڵکی دوای بیستنی ئەم قسەیە داوای روون کردنەوەیان لە کاپتا کرد و پرسییان: خواوەندی چوار وڵات بۆچی فەرمانت دا ئەم پیاوە بکوتن؟

(کاپتا) وتی: پیاوێک کە ئەوەندە گەوج بێت شایانی دارکارییە، ئایا عەقڵ دەیگرێ پیاوێک زەوییەکی لە باری هەبێت، بەڵام کشتوکاڵی تێدا نەکات و نەیچێنێ و بەرەڵای بکات و دوایی کاتێ خەڵکی لە رووی چاکەکاری و بەزەییەوە کێڵگەکەی دەکێڵن و تۆوی لێ دەچێنن، ئەو شکات بکات کە بۆچی خەڵکانی تر لە کێڵگەکەیدا کشتوکاڵ دەکەن و کێڵگەکە تاوانبار بکات،

کە بۆ چی داوای لەخەڵک کردووە تۆوی تیا بچێنن؟ بەدڵنیاییەوە کە نا. کەواتە ژنەکە مافی خۆیەتی پەیوەندی لەگەڵ پیاوێکی تردا هەبووە چونکە ئەم پیاوە نەیتوانیوە داواکاریی ژنەکە جێبەجێ بکات و زەوییەکەی بە(بەیار) جێ هێشتووە.

خەڵکی دوای بیستنی ئەم قسەیە بە دەنگی بەرز کەوتنە دەستخۆشی لێ کردن و ستایشی عەقڵ و عەدالەتەکەیان کرد. دوایی پیرەمێردێک لە کاپتا نزیک بووەوە و وتی: ئەی خـــــاوەندی چوار وڵات، من لەبەردەم تۆ و ئەم ئەستوونە، کە یاساکانی بابلی لەسەر نووسراوە داواکارم دادپەروەری جێ بە جێ بکرێت و سکاڵاکەم ئەوەیە کە من لە کەناری کۆڵانێکدا خانوویەکەم دروست کرد، بەڵام ئەو ئەندازیارەی خانووەکەمی بە قۆنتەرات دروست کرد، فێڵی لێ کردم و کەل و پەلی خراپی لە بیناسازییەکەدا بەکارهێنا و گوێی نەدایە پتەویی خانووەکەو لە ناکاودا بیناکە رماو رێبوارێکی کوشت و ئێستا کەس و کاری ئەو رێبوارە داوای خوێنەکەیم لێ دەکەنەوە و من تاوانم نییە. کەواتە چارم چییە و چی بە کەس و کاری قوربانییەکە بڵێم؟

(کـــاپتـــا) بیـــرێکی کـــردەوە و دوایی وتی: ئەم بابەتەی تۆ دەیڵـــێی پرسـیـارێکی ئاڵۆزە و دوایی لە دادوەرەکانی بابلی پرسی یاسا لەم بارەیەوە چی دەڵێت؟

دادوەرەکان ئەو ئەستوونەی کە قانوونی وڵاتی لەسەر نووسرابوو نیشانی کاپتایان داو وتیان: ئەگەر خانووەکە بەهۆی کەمتەرخەمی یان فێڵی قـۆنتـەراتچـیـیـەوە برووخێ و خاوەن خانووەکە بکوژرێ دەبێ ئەندازیارە قۆنتەراتچییەکە بکوژرێتەوە.. ئەگەر خانووەکە دوای رووخانی کوڕی خاوەن خانووەکەی کوشت، کوڕی ئەندازیارەکە بە تاوانی کوشتنی کوڕی خاوەن خانووەکە دەکوژرێت. یاسا لەبارەی کوشتنی خەڵکی ترەوە شتێکی تر باس ناکات، بەڵام ئێمە وای لێک دەدەینەوەکە هەر جۆرە زیانێک بەهۆی رووخانی خانوو بەسەر خەڵکی تردا رووبدات دەبێ قۆنتەراتچییەکە بیبژێرێت و ئەگەر قۆنتەراتچییەکە نەیەوێت ئەو زیانە ببژێرێت، دەبێت بەئەندازەی هەمان زەرەر زیانی لێ بدرێت.

(کاپتا) وتی: من نەمدەزانی لەم وڵاتەدا ئەندزیارە قۆنتەراتچییەکان

ئەوەندە فێڵبازن و دزی لە کەل و پەلی بیناسازییەکە دەکەن یان لە دروستکردنی خانووەکە بە شێوەیەک کەمتەرخەمی دەکەن کە خانووەکە خۆی ناگرێت و دەڕووخێ. من لەمەوبەدوا بە وریاییەوە ئاگادار دەبم کە گرفتاری ئەم جۆرە قۆنتەراتچییە فێڵبازانە نەبم. بەڵام سەبارەت بە شکاتەکەی ئەم پیاوە و داواکردنی خوێن لەلایەن کەس و کاری قوربانییەکە، رای من ئەوەیە کە: کەس و کـــاری رێبـــوارە کـــوژراوەکـــە دەبێت بڕۆنە بەردەم مـــاڵی ئەندازیارە قۆنتەراتچییەکە و یەکەم کەسێ کە بەوێدا تێدەپەڕێت بیگرن و بیکوژن، بۆئەوەی بە پێی یاسا کار کرابێت. بەڵام ئەگەر کەس و کاری ئەو رێبوارە وەک کەس و کاری رێبواری یەکەم داوای بژاردنی خوێنیان کرد، ئەوانەی رێبواری دووەمیان لەبەردەم خانووی ئەندازیارەکە کوشتووە دەبێ حەقی خوێنەکەی ببژێرن. بیرۆکەی من لەمەڕ تاوانبارە راستەقینەکە ئەوەیە کە لەم رووداوەدا هیچ کەسێ بە ئەندازەی ئەو رێبوارەی بە تەک خانووە سست بنیادەکەدا تێدەپەڕێت تاوانبار نییە، چونکە هیچ پیاوێکی ژیر بە بەردەم خانوویەکدا تێناپەڕێت کە مەترسیی رووخانی لێ بکرێت. لە دوای ئەو تاوانباری دووەم ئەم پیاوەیە کە هاتۆتە ئێرەو دەڵێت خانووەکەم وێران بووە، ئەم پیاوە لەو رووەوە تاوانبارە کە لەگەڵ ئەوەشدا کە خەڵکی بابلە و هەموو ژیانی لێرەدا بەسەربردووە و ئێستا لە تەمەنی پیریدایە، نازانێت کە نابێت لە بابلدا دروستکردنی خانوو بە ئەندازیارێکی قۆنتەراتچی بسپێرێ، چونکە دەبوایە لە مانگی یەکەمدا چاوەڕوانی رووخانی خانووەکەی بوایە. یان هەر نەبێت دوای ئەوەی دروستکردنی خانووەکەی بە قۆنتەراتچییەک سپارد، خۆی چاودێریی کارەکەی بکردایە، بۆئەوەی نەتوانێ هەوڵی هەڵخەڵەتاندنی بدات.

لەبەرئەوەی هەوڵیشی نەداوە ئەندازیارەکە بخاتە ژێر چاودێریی خۆیەوەو بە دیاریەوە بێت ئەو حەقی خۆی بووە هەڵی بخەڵەتێنێ و خانووەکەی وا دروست بکات کە بڕووخێ. چونکە هەتا ئەوان ئەم نەفامانە هەڵنەخەڵەتێنن و زیانیان

لێ نەدەن عاقڵ نابن.

خەڵکی جارێکی تر دادپەروەری (کاپتا)یان ستایش کرد و ئەو پیاوەی سکاڵای هێنابوو بە داماوییەوە دوورکەوتەوە. دوایی مامەڵەچییەکی قەڵەو کە کراسی گرانبەهای لەبەردابوو لە کاپتا نزیک بووەوە و وتی: سێ ڕۆژ لەمەوبەر لە شارەکەی خۆمەوە بۆ کارێک هاتمە بابل و ڕۆژێکیان وەکو خەڵکی تر بۆ پەرستگەی (عەشتار) چووم و پێشوازییان لێ کردم. من لەوێ دڵم چووە سەر یەکێک لەو کچانەی بۆ دەستکەوتنی جەهازی بووکێنی لە ڕۆژەکانی سەرەتای بەهاردا هاتبووە پەرستگەی (عەشتار) و لەگەڵیدا ڕێککەوتم کە هەندێ پارەم لێ وەربگرێت و ببێتە هاوسەرم. لەپاش ئەوەی پارەکەم داپێی بۆ دەست بەئاو گەیاندنێک چەند ساتێ بەجێم هێشت و لەپاش گەڕانەوە بەسەرسوڕمانەوە روانیم کە ئەو لەگەڵ پیاوێکی تردا رادەبوێرێت، لەکاتێکدا کە زیوی لەمن سەندبوو و بڕیاربوو چاوەڕێی من بکات. کاتێک کەپێم وت زیوەکەم بدەرەوە وتی تۆ بڕیار بوو لەگەڵ مندا رابوێری و ئێستا کە ئەو پیاوە ڕۆیشتووە تۆ دەتوانی لەگەڵ مندا کۆببیتەوە. وتم من کاتێک دەمەویست لەگەڵتدا رابوێرم کە تۆ کچ بوویت و ئێستا کچێنییەکەت نەماوە. بەڵام ئەو قسەکەی منی نەسەلماند و وتی زیوەکەت نادەمەوە چونکە ئەوەی تۆ دەتەویست لێمی بکڕیتەوە ماوەو دەتوانی بیکڕیتەوە. پێم وت من گۆزەیەکی ساغم لەتۆ کڕی و نرخەکەشیم داپێت و بۆ کارێکی پێویست کەمێ لێت دوورکەوتمەوە و هەرچۆنێ بێت ئەو گۆزەیە ماڵی من بوو و تۆ کە بەمنت فرۆشتبوو مافی ئەوەت نەبوو بیفرۆشیتە خەڵکی تر کە ئەویش گۆزەکە بە عەرزا بدات و بیشکێنێ و ئێستا کە من هاتوومەتەوە، کەرتە گۆزە شکاوەکانم دەدەیتێ ودەڵێی ئەمەیە ئەو شتەی لەمنت کڕیبوو.

کاتێ (کاپتا) ئەم قسانەی بیست قامچییەکەی گرتە دەست و بەتووڕەییەوە تەکانی داو وتی: من لە هیچ شوێنێکدا خەڵکم نەبینیوە کە

وەک دانیشتووانی ئەم شارە نەزان بن و بۆ شتی منداڵانە شکات بکەن. ئەی کابرای بازرگان، ئەگەر تۆ بۆ کڕینی میوەیەکی تازە بچیتە بازاڕ ئایا دوای کڕینی، یەکسەر دەیخۆی، یان وازی لێ دێنی چەند ڕۆژێکی پێ بچێت و دوای بەسەرچوونی ئەو ماوەیە دەچیتەوە بۆ لای فرۆشیارەکە و پێی دەڵێی بۆچی میوەکەی لێتم کڕیوە چرچ و بۆگەن بووە؟ کچێکی گەنجیش وەک میوەیەکی تازە وایە و کڕیارەکە لەپاش کڕینی میوەکە دەبێ یەکسەر بیخوات و ئەگەر کچەگەنجەکە بەجێ بهێڵی و دوای گەڕانەوە بڕوانی کە میوەکە رزیوە یان وەکو خۆت دەڵێی گۆزەکە شکاوە، نابێت گلەیی بکەی و تۆ لەجیاتی ئەوەی شکاتی لێ بکەی دەبێ مەمنوونیشی بیت کە یارمەتیی داوی، چونکە بەر لەگەڕانەوەی تۆ، بەربەستێکی لەناو بردووە و ئەگەر بمایە دەبووە هۆی زەحمەت دانی تۆ و ئەو ئەم ئەرکەی بەیەکێکی تر سپارد کەتۆ بەبێ گرفت لەگەڵیدا رابوێری و لەبەر ئەوەی کە تۆ پیاوێکی نەزانیت و قەدرو قیمەتی میوەی تازە نازانی من سزات دەدەم کە لەمەوبەدوا هەمیشە لەگەڵ گۆزەی شکاودا رابوێری.

دیسانەوە خەڵکی بەدەنگی بەرزەوە کاپتایان ستایش کرد و ژیری و تێگەیشتوویيان بە بەرزی نرخاند و بەندەکەم بە دادوەرەکانی وت: ئەمڕۆ بایی پێویست دادوەریم کرد و ئێستا ماندوو بوومە و دەبێ پشوو بدەم. ئەگەر داواکارێکی تر سکاڵای هێنا، دەبێ دادوەرەکان پێوەی خەریک بن و شکاتەکەی ئەم پیاوە بازرگانە هێنایەوە بیرم کە من ئێستا پاشایەکم کە لە حەرەمسەراکەی خۆمدا چوارسەد ژنم هەیە و دەبێ بە سۆراغیانەوە بچم و دڵنەواییان بکەم و ئەم کارانە نەتەنها منی ماندوو و بێ هێز نەکردووە، بگرە لەو کاتەوە کە بوومە بە پاشای چوار هەرێم، هێزێکی زیاد لە رادە لە خۆمدا هەست پێ دەکەم کە تەنانەت لە سەردەمی گەنجێتیشمدا خاوەنی ئەو هێز و توانایە نەبوومە.

خەڵکی بە هاواری خۆشییەوە (کاپتا) یان بەرەو حەرەمسەرابرد، بەڵام لە ناو ئەو کۆمەڵە خەڵکەدا تەنها یەکێک شاد نەبوو و پێ نەدەکەنی، ئەویش (بورابوریاش) بوو کە خۆی گەیاندە من و وتی: (سینۆهە) تۆ پزیشکی و دەتوانی بچیتە حەرەمەوە و برۆ و مەهێڵە بەندەکەت دەست لە ژنەکانم بدات، چونکە ئەگەر ئەم کارە بکات ئێوارەی ئەمڕۆ پێستی لەشی لێ دەکەمەوە و کەوڵەکەی بە دیوارەوە هەڵدەواسم تا وشک دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر دەست درێژی نەکاتە سەر ژنەکانم مردنی ئاسان دەبێت و فەرمان دەدەم بە شێوەیەک بیکوژن کە تووشی ئەشکەنجە نەبێت.

وتم: (بورابوریاش) هەر چییەک تۆ بڵێی دەیکەم، بەڵام من بە بینینی تۆ لەم کراسی بەندەییەدا خەمبارم و جەرگە رەشەکەم پڕ بووە لە خەم چونکە ناتوانم ئارام بگرم و ببینم خەڵکی تانەت لێ دەدەن و سووکایەتیت پێ دەکەن.

(بورابوریاش) وتی: ئەمڕۆ رۆژی درۆی گەورە، واتە پاشای درۆیینە و لەم رۆژەدا یەکێک بەناو و نیشانی پاشای بابل هەڵدەبژێردرێ و پاشایەتی کردنەکەی لە رۆژێک زیاتر ناخایەنێت و هەموو دانیشتووانی بابل ئەم بابەتە دەزانن، بەڵام لەم کاتەی من و تۆ قسە دەکەین بەندەکەت بەرەو حەرەمسەرا دەڕوات و من دەترسێم دەست بۆ ژنەکانم ببات و تۆ برۆ و مەهێڵە ئەم شتە روو بدات.

من و (بورابوریاش) بەرەو حەرەم کەوتینە رێ و لە رێگا لە بارەی نەریتی رۆژی درۆی گەورە پرسیارم لێی کرد و وتی: هەموو ساڵێ لەم رۆژەدا گەلی بابل یەکێک لە نێوان قۆشمەترین و سێبەندیترینی ئەو خەڵکە هەڵدەبژێرن و فەرمانڕوایی ئەو کەسە لە بەیانییەوە دەست پێ دەکات و پاشای بابل وەک بەندەیەک لە خزمەتیدا دەبێت. لەم رۆژەدا ئەم پاشا کاتییە هەرچییەکی بوێ دەیکات و من لەبەرئەوەی بینیم بەندەکەی تۆ زۆر پێکەنیناوییە خۆم وتم کە

ئەو بۆ پاشایەتی یەک رۆژە هەڵبژێرن.

پرسیم: دوای ئەوەی ئەم یەک رۆژەی پاشایەتییەکەی بەسەر چوو چیی لێ دەکەن؟

(بورابوریاش) وتی: کاتێ ئەمڕۆی بردەسەر وەک چۆن بەرەبەیان لە ناکاودا کردیانە پاشای بابل، لەکاتی ئێوارەدا لە چەند ساتێکدا دەیکوژن و بڕیاری کوشتنەکەی لە لایەن پاشاوە، واتە من، دەردەچێت. ئەگەر ئەو کەسە لە ماوەی پاشایەتییەکەیدا دەست لە کوشتن و برین و دەست بەسەراگرتنی ژنی خەڵکی وەرنەدات زەهر دەکەنە ناوشەرابەوە و دەرخواردی دەدەن و بە بێ ئازار گیان لەدەست دەدات. بەڵام ئەگەر لەم رۆژەدا دەسەڵاتەکەی لە خراپەکاری و بەدڕەفتاریدا بەکاربهێنێ، ئەوا من ئازار و ئەشکەنجەی ترسناکی پێ دەچێژم کە بە هۆیەوە گیانی دەرچێ. لە رابردوودا جارێکیان لەم رۆژەدا پاشای راستەقینەی بابل کە وەکو خەڵکی تر خەریکی خۆشگوزەرانی بوو، بەهۆی خواردنی گۆشتاوێکی داخەوە کە هەندێ کەس دەڵێن زەهری تێ کرابوو ماڵئاوایی کرد و پیاوە قۆشمەو پێکەنیناوییەکەی تەنها بۆیەک رۆژ ببووە پاشا، دوای مردنی پاشای راستەقینە ماوەی سی و شەش ساڵ لە بابلدا پاشایەتیی کردو هەر لەبەر ئەوەش ئەمڕۆ من لەکاتی خواردن و خواردنەوەدا زۆر وریابووم کە گرفتاری چارەنووسی ئەو پاشایە نەبم.

کاتێ کە من و (بورابوریاش) گەیشتینە دەرگای حەرەمسەراکە، چاوم بە (کاپتا) کەوت، کە خوێن لە لووتییەوە دەهاتە خوارەوە و تاکە چاوەکەی ئاوسابوو و لە حەرەمسەراکە دەهاتە دەرەوە. وتم: (کاپتا) چی بووە مەگەر بریندار بوویتە؟

(کاپتا) وتی: سەیرکە لە حەرەمسەرا چییان لێ کردم، کاتێک کە چوومە حەرەمەکەوە سەیرم کرد دەیانەوێت ژنە پیرەکان و کەنیزە رەشە قەڵەو و بەساڵاچووەکانم بدەنێ و من وتم لەمانە بێزارم و بەرەو ژنێکی گەنج و جوان

رۆیشتم، بەڵام ئەو ژنە وەکو شێرە دایکانە پەلاماری منی دا و کەوشەکانی خۆی وەها کێشا بەدەمو چاومدا کە چاومی ئاوساندو خوێنی لەلووتم هێنا.

(بورابوریاش) کاتێ قسەکەی کاپتای بیست ئەوەندەپێکەنی کە لەبەر ئەوەی نەکەوێت بازووی منی گرت و (کاپتا) وتی: سینۆهە من ناوێرم بچمە حەرەمەوە چونکە ئەم ژنە تێکچووە و ئەگەر هەنگاو بنێمە ژوورەوە دەمکوژێت و لەبەر ئەوە تۆ بچۆ و کاسەی سەری کون بکە تا ئەو گیانە شەڕانییەی چووەتە مێشکیەوە لە ناو سەری دەربچێ، بەڵکو بەم شێوەیە ئارام بگرێت. ئەگەر ئەم ژنە شێت نەبوایە پەلاماری منی نەدەدا و نەیدەکێشا بەدەم و لووتمدا و خوێنەکەمی وەک مانگای سەربڕاو نەدەڕژاند، چونکە من پاشای ئەوم و ژیانی ئەو بە ئیشارەتێکی منەوە بەندە.

(بورابوریاش) پێی وتم: (سینۆهە) بڕۆ و بزانە کە وەزعی حەرەم چۆنە و ئەم ژنەی پەلاماری ئەم نەفامەی داوە کێیە؟ ئەمڕۆ لەبەر ڕۆژی پاشای درۆیین من ناتوانم بچمە حەرەمەوە، بەڵام تۆ لەبەر ئەوەی پزیشکی دەتوانی بۆ هەر جێگایەک، لەوانە حەرەمسەراکەی من بڕۆی و من وا هەست دەکەم کە ئەو ژنەی شاڵاوی بردۆتە سەر بەندەکەت یەکێک لەو کەنیزانەیە کە دەمەویست بیکەمە هاوسەری خۆم، بەڵام هێشتا وەک کێوییەکانە و چاوەڕێمماڵی ببێت.

من نەمدەویست بچمە ناو حەرەمسەراوە، بەڵام (بورابوریاش) ئەوەندە زۆری لێ کردم کە داواکارییەکەیم قبووڵ کرد و چوومە ژوورەوە، (خواجەکان)[1] کە دەیانزانی من پزیشکم پێشیان لێ نەگرتم و چوومە حەرەمەکەوەو سەیرم کرد بارودۆخی ناو حەرەم ئاڵۆز بوو و هەندێ لە ژنە پیرەکان لە سووچێک کۆببوونەوە بۆئەوەی ئەو ڕۆژە بکەنە جەژن و کە چاویان بە من کەوت هەواڵی (کاپتا)یان لێ پرسیم و وتیان: گەورەکەی ئێمە بۆ کوێ چوو و بۆچی نەهات کە لە میوانداریيەکەماندا بەشدار بێت.

ژنێکی ڕەش پێست کە وەک کاپتا قەڵەو بوو و سکی ئەوەندە گەورە بوو

کە وەکو تەپڵ دەهاتە بەرچاو، بەرەو من هات و وتی: بزنە قەڵەوەکەم بۆ بنێرەوە بۆئەوەی چاوەکانی بە سەما کردن ڕۆشن بکەمەوە... گەورەکەم بۆ بگەڕێنەوە کە گۆرانیی بۆ بڵێم.

خواجەکان دەورەیان لێ دام و وتیان خەمی ئەم پیرەژنانەت نەبێ، چونکە هیچ کامێکیان شێت نەبوونە و ئەم هەڵسوکەوتەی دەیکەن هی ئەوەیەکە ئەمڕۆ خۆیان بۆ جەژن ئامادە کردووە، بەڵام لە نێوان ژنەکانی حەرەم کچێکی گەنجی تێدایە کە لە سەرەتای هاتنی بۆ ئێرە لەگەڵ هەمووانیدا تووڕەیەو ئەمڕۆ شێت بووە و نە تەنها پاشا درۆیینەکەی بریندار کرد و راوی نا، بەڵکو کێردێکیشی بە دەستەوە گرتووە و کە دەمانەوێت لێی نزیک ببینەوە پەلامارمان دەدات و تۆ دەبێ بڕۆی و شێت بوونەکەی چاک بکەیتەوە.

دوایی ڕێنومایییان کردم و منیان بردە حەوشەی گەورەی حەرەم، کە خشتەکانی ساف و بریقەدار بوون و لە ناوەڕاستی حەوشەکەدا حەوزێکی لێ بوو کە پەیکەری بەردینی ئاژەڵانی دەریایی تێدابوو و ئاو لە دەمی ئەو پەیکەرانە دەڕژایە ناو حەوزەکەوە. لەکەناری حەوزەکە ژنێکی گەنج بە کراسێکی دڕاوەوە راوەستابوو و پاڵی دابوو بە پەیکەری یەکێ لە ئاژەڵە دەریاییەکان و لە پرچ و کراسەکەی بەری ئاو دەتکایە خوار و دیاربوو لە حەوزەکە هاتبووە دەرێ و کێردێکی بەدەستەوە بوو کە لە ژێر تیشکی خۆردا دەدرەوشایەوە. کاتێ لێی نزیک بوومەوە ئەو کچە جەحێڵە کە لە کاتی بەشەڕ هاتنی لەگەڵ نێرەمووکەکاندا کراسەکەی دڕابوو، شتێکی وت، بەڵام لەبەر دەنگە دەنگی نێرەمووکەکان و دەنگی ڕژانی ئاوی نافورەکە نەمتوانی لێی تێبگەم.

دوایی بەوانم وت: لەوێ دوور بکەونەوە بۆ ئەوەی ئەو ناوە چۆڵ بێت و ئاوەکە بگرنەوە بۆئەوەی بتوانم گوێم لە دەنگی ئەو ژنە بێت.

ئەوان (نێرەمووکەکان) لەوێ ڕۆیشتن و ئاوی نافورەکەیان گرتەوە و ئەو

کاتە توانیم دەنگی ببیستم و تێگەیشتم کە خەریکی گۆرانی وتنە و گۆناکانی لە تاو هەڵچوون و توورەییەکەی سوور هەڵگەڕابوون.

وتم: بێدەنگ بە و ئەم کێردە فڕێدەو وەرە لام بۆئەوەی چارەسەرت بکەم، چونکە بێ گومان تۆ شێت بوویتە.

ژنەکە لە جیاتی ئەوەی بە قسەم بکات وتی: ئەی مەیموون، ئەگەر بێیتە پێشەوە ئەم کێردە دەکەم بە سکتا، چونکە من زۆر تووڕەم.

وتم: ئەی ژن، ئەو کێردە فڕێدە، چونکە من دوژمنایەتیم لەگەڵتدا نییە و نامەوێت زیانت پێ بگەیەنم.

ژنەکە وتی: چەند پیاوێکی تریش ئەم قسەیەیان کرد و وتیان نیازی خراپمان لەگەڵتدا نییە، بەڵام من تێگەیشتم کە دەیانەوێت فریوم بدەن و دەستدرێژی بکەنە سەرم. لەبەر ئەوە ئەم کێردەم بەدەستەوە گرتووە بۆ ئەوەی هەر پیاوێ لێم نزیک بووەوە بیکوژم، بەتایبەت ئەو پیرەمێردە یەک چاوە هەر دەکوژم کە دەڵێی کوندەی ئاوساوە.

وتم: ئایا تۆ پاشای بابلت بریندار کرد؟

ژنەکە وتی: بەڵێ من بووم و خۆشحاڵیشم کە توانیم خوێن لە لووتییەوە بهێنمە خوارێ، چونکە تەنانەت پاشای بابلیش بۆی نییە کەڵک لەمن وەربگرێ، چونکە من وەقفی خوایەکەی خۆم کراوم و دەبێ لە بەردەم خوایەکەماندا سەما بکەم.

وتم: هەر چەندی حەز دەکەی لەبەردەم خوایەکەتدا سەما بکە، ئەم بابەتە پەیوەندی بە منەوە نییە و من پزیشکم و ئیشم ئەویە کە نەهێڵم تۆ، کە ئێستا شێت بوویتە، خۆت بریندار بکەیت و ئەگەر تۆ بریندار بیت، پاشای بابل زیان دەکات چونکە نێرەمووکەکانی بە منیان وت پاشا تۆی بە بەهایەکی زۆر لە بازاڕی کۆیلە فرۆشەکان کڕیوەتەوە.

ژنەکە وتی: من کۆیلە نیم کە کەسێک مافی ئەوەی هەبێت لە بازاڕی

کۆیلە فرۆشەکاندا بمفرۆشێ، من کچێکم کە منیان بە زۆر رفاندووەو ئەگەر تۆ کەمێ شعوورت هەبوایە لەم بابەتە تێدەگەیشتی.

پاشان ژنەکە سەیرێکی دواوەی خۆی کردو وتی: نێرەمووکەکان چوونەتە سەر دارەکە کە گوێ لە قسەکانمان بگرن، تۆ ناتوانی بە زمانێکی تر قسە بکەی کە تێنەگەن ئێمە چی دەڵێین.

من بە زمانی میسری دەستم بە قسە کردن کرد و وتم: خەڵکی میسرم و ناوم (سینوهە) کوڕی کەرە و لەبەرئەوەی پزیشکم تۆ نابێ لە من بترسی.

ژنەکە هەر ئەوەندە کە بیستی بە زمانی میسری قسە دەکەم لێم نزیک بووەوە و وتی: من نەمزانی تۆ میسریت، ئەگەرنا زووتر دەهاتمە لات چونکە دەزانم کە پیاوەکانی میسر بەزۆر دەستدرێژی ناکەنە سەر ژنەکان و ئەگەرچی بڕوات پێدەکەم، بەڵام ناتوانم ئەم کێردەت بدەمێ چونکە پێویستیم پێیەتی و دەمەوێت ئەمشەو کاتێ پاشای بابل ، یان یەکێکی تر هاتە لام و ویستی سوودم لێ وەربگرێت رەگی گەردنم بەم کێردە ببڕم، بۆئەوەی لە بەردەم خوایەکەمدا ئابڕووم نەچێت و ئەگەر تۆ حەز دەکەی بمێنم و لە خوایەکان دەترسێی، من لەم وڵاتە دەربکە. بەڵام ئەوە بزانە کە ئەگەر منت لێرە قوتار کرد ناتوانم بە پاداشتی ئەم کارەت ببمە هاوسەرت، لەبەرئەوەی من وەقفی خوا کراوم و هەرگیز ناتوانم لەگەڵ پیاوێکدا پەیمانی ژن و مێردایەتی ببەستم، مەگەر ئەو کاتەی خوایەکەم بڵێت ئەوت بوێ و ببە بە شەریکی ژیانی.

وتم: من هیچ بەتەمای ئەوە نیم تۆ بکەمە هاوسەری خۆم و تۆ دەبێ لەم رووەوە لە من دڵنیابیت. بەڵام رۆیشتنی تۆ لە حەرەمی پاشا کارێکە کە لە عەقڵ بەدوورە، چونکە لێرە هەموو پێداویستییەکانی ژیانت لەبەردەستدایەو خواردن و جل و بەرگ و هەر چییەکت کە بوێ دەتدەنێ.

ژنەکە وتی: من لە وڵاتی خۆشم خواردن و جل و بەرگم هەبوو و خواردن و جلکی ئێرە نایەتە پێش چاوم. بەڵام ئەو قسەیەت کە دەڵێی نیازی کەڵک لێ

وەرگرتنت لەمن نییە، ئەمە بابەتێکە کە هەر کاتێ منت لە بابل دەرباز کرد دەتوانین لە بارەیەوە بدوێین چونکە ئەگەرچی من وەقفی خوا کراوم، بەڵام ئەگەر خوایەکەم بڵێ پیاوێک هەڵبژێرە دەتوانم بڕیار بدەم کە ببمە هاوسەری تۆ.

وتم:ژنەکە من بەتەما نیم تۆ لە بابل قوتار بکەم و لێرە رزگارت بکەم، چونکە پاشای بابل دۆستی منەو ئەگەر لە حەرەمەکەی بتفرێنم کارەکەم پێچەوانەی نەریتی دۆستایەتی دەبێت. هەروەها تۆ دەبێ بزانی ئەو پیاوە یەک چاوەی کە لە کوندەیەکی ئاوساو دەچوو پاشای راستەقینەی بابل نییە، بەڵکو پاشای درۆیینی ئەم وڵاتەیە و تەنها یەک رۆژ (ئەمرۆ) پاشایەتی دەکات و لە سبەینێوە پاشای هەمیشەیی بابل کە تۆی کڕیوەتەوە پاشایەتی دەکات و ئەو جەوانێکی قۆزە و هیوادارە لە هاودەمیتی کردن لەگەڵ تۆدا هەست بە بەختەوەری بکات و لەو باوەڕەشدام کە تۆش لە بەسەربردنی ژیان لە حەرەمەکەی ئەودا رازی دەبیت. لەبەر ئەوە ئامۆژگاریت دەکەم کە واز لەم بیرکردنەوە منالانەیە بهێنە و کێردەکەتم بدەیە.

ژنەکە وتی: ئەگەر کێردەکەت بدەمێ پشتگیریم لێ دەکەیت؟

وتم: بەڵێ.. من بەرگریت لێ دەکەم و ناهێڵم زیانت پێ بگەیەنن.

ئێنجا وتی: من ناوم (مینا)یە و لەبەر ئەوەی بەڵێنت داپێم کە پشتگیریم لێ بکەیت و نەهێڵی کەس دەستدرێژی بکاتە سەرم، ئەم کێردەت دەدەمێ و لەبەر ئەوەی میسریت دەزانم کە درۆم لەگەڵدا ناکەیت و فریوم نادەی.

دوایی بە بزەیەکەوە کێردەکەی داپێم و من لێیم وەرگرت و بەڕێ کەوتم، بەڵام کاتێ کە دەڕۆیشتم تێ گەیشتم کە (مینا) بەو کێردەی دابووی بەمن، منی خستبووە مەترسییەکی گەورەوە و لەوە بەدوا دەبوایە پشتگیریم لێ بکردایە. نازانم چۆن دەکرێت پاڵپشتی لە ژنێکی گەنج و جوان بکەم کە لە حەرەمسەرایەکی گەورە وەک ئەم حەرەمەی (بورابوریاش) دایە. ویستم

بگەڕێمەوە و کێردەکەی بدەمەوە بۆ ئەوەی لەگەڵیدا هیچ بەڵێنێکم نەبێ، بەڵام نێرەمووکەکان دەورەیان لێ دام و لەوەی کە توانیبووم کێردەکەی لەدەست بسەنم کەوتنە مەدح کردن و وتیان: ئەم ژنە ئەگەر ئەو کێردەی لەلا بمایە، یان خەڵکی پێ دەکوشت یان خۆی و، ئێستا لەوە دڵنیاین کە ناتوانێ نە زەرەر لە خەڵکی بدات و نە لە خۆشی.

کاتێ لە حەرەمەکە چوومە دەرێ (بورابوریاش) بەرەو من هات و بە پێکەنینەوە لێمی پرسی: چی بوو؟ ئایا گومانەکەم راست بوو؟ ئایا ئەوەی بەندەکەتی بریندار کردبوو هەمان ئەو کەنیزە نەبوو کە من وتم تازە بۆیان کڕیوم؟

وتم: بەڵێ، ئەم کەنیزە بەهۆی رەفتاری خراپی خواجەکان بەرادەیەک توورە ببوو کە بڕیاری داوە خۆی بە دەست هیچ پیاوێکەوە نەدات و وا باشترە تا ماوەیەک وازی لێ بهێنی بۆئەوەی وردە وردە توورەییەکەی بنیشێتەوە و ماڵی بێت و پاشان رازی بێت کە تۆ لەگەڵیدا ببەیتە سەر.

(بورابوریاش) وتی: تۆ پەرۆشی گوێڕایەڵ کردنی ئەو ژنەت نەبێ، چونکە من ژنە گەنجەکان باش دەناسم و دەزانم چۆن گوێڕایەڵیان بکەم و ئەمە یەکەم جار نییە کە ژنێکی گەنج و توورە دەهێننە حەرەمەکەی من و لە سەرەتای هاتنی بۆ حەرەم رەفتاری شێتانە و وەحشییانە دەنوێنێ. کاتێ کە کچە گەنجەکان بۆ یەکەمین جار دێنە ناو حەرەمەوە دەترسێن و وا دەزانن کە مەترسییەکی گەورە هەڕەشەیان لێ دەکات، بەڵام ماوەیەک کە لەوێ مانەوە و تێگەیشتن کە لە حەرەمی پاشایەکدان، ئارام دەبنەوە و دوایی بەردەوام گلەیی دەکەن کە بۆچی سەرنجیان نادەمێ و ئەگەر دیارییەک بدەمە ژنەکانی تری حەرەم، حەسوودی دەبەنەوە و ئەگەریش ئەم رێگایە کاریان لێ نەکات، هۆیەکی کاریگەری ترم بۆ ملکەچ کردنیان هەیە و ئەویش دارە. من فەرمان دەدەم ئەو کچە جوانەی گوێڕایەڵ نییە لەسەردەم رایکشێن و نێرەمووکەکان بە

شوارکی باریک ئەوەندە بدەن بە لەشیاندا کە خوێن لە پشتیان بێتە خوارەوە و لەکاتی شەودا توانای نووستنیان نەبێت و ئەم ژنە دوای ئەوەی جارێک یان دووجار دارکاری کرا بەشێوەیەک ملکەچ دەبێت کە هەرگیز سەرپێچی ناکات.

(بورابوریاش) دوای ئەم قسەیەی بە پێکەنینێکی ترەوە لێم دوورکەوتەوە و من بەرەو تەلاری میوانداریيەکە ڕۆیشتم. (کاپتا) لەگەڵ ئەوەشدا کە بەدەستی (مینا) زامدار ببوو، بەڵام دوای گەڕانەوەی بۆ تەلاری میوانداریيەکە بەهۆی خواردنەوە ئازارەکەی لەبیر چووبووەوە. کۆمەڵێکی زۆر دەورەیان دابوو و هانیان دەدا گاڵتە و گەف بکات و نوکتەیان بۆ بڵێ و بەندەکەم، کە من وابیردەکەمەوە بۆ ئەم کارەی توانایەکی دەروونیی لە رادە بەدەری هەبوو، هەندێ قسەو هەڵسوکەوتی دەکرد کە خەڵکی دەهێنایە پێکەنین.

لەو تەلارەدا خەڵکی وەها سەرگەرمی رابواردن بوون، کەکەس سەرنجی نەدەدایە من. ویستم خۆم لە (کاپتا) نزیک بکەمەوە و پێی بڵێم کە هەڵسێ و خۆی دەرباز بکات، بەڵام هەستم کرد کە دانیشتووانی ئەوێ بەشێوەیەک دەوریان گرتبوو کە نەدەکرا بە نهێنی لەگەڵیدا بدوێم و جگە لەوەش (کاپتا) ئەوەندە لەوە دڵنیابوو کە بووەتە (پاشا) هیچ دوورنەبوو ئەمر بکات ئەوانەی دەوری بمدەنە بەر شەق و زللە. من نەمدەویست بەندەکەم لە بابل-دا بکوژرێ و رزگار کردنی ئەوم لە مردن، بە ئەرکی سەرشانی خۆم دەزانی. ئەگەرچی ئەو بە هۆی سەرخۆشییەوە خۆی لێ ون ببوو، بەڵام هەر بەندەیەکی تر لە جیاتی ئەو بوایە و لە ناکاودا ببوایە بە پاشا هەمان هەڵسوکەوتی دەبوو.

جگە لە (کاپتا) من بەڵێنم بە (مینا)ش دابوو کە دەبوایە ئەو وەعدەشم ببردایەتە سەر. پاشای بابل وتبووی ئەگەر ئەو کچە جوانییەکەی من ببینێ تووڕەییەکەی نامێنێت و خۆی دەهاوێتە بەر پێم. بەڵام من ئەو شتەم بە راست نەدەزانی، چونکە ئەگەر مینا بیویستایە خۆی بەدەست (بورابوریاش)ەوە

بدات تا ئەو کاتە دڵی نەرم دەبوو و خۆی تەسلیمی دەکرد.

من گومانم لەوەدا نەبوو کە (بورابوریاش) فەرمان دەداتە نێرەمووکەکانی کە مینا دارکاری بکەن و حەزم نەدەکرد مینا بەدەستی ئەو نێرەمووکانە داری لێ بدرێ و لەشی بریندار ببێ، چونکە جگەلەوەی مینا بە دڵنیابوون لە بەڵێنەکەی من، کە میسریم، کێردەکەی دابوو پێم، ئێمەی میسری ناتوانین بەوە رازی بین کە ژنێکی جوان دارکاری بکرێ.

من دوو ئەرکم لەسەر شان بوو، یەکێکیان گرنگتر لەوەی تر، کە رزگار کردنی بەندەکەی خۆم (کاپتا) بوو و ئەوەی تریان ئەرکێکی دۆستانە بۆ قوتار کردنی (مینا). بۆ جێ بە جێ کردنی ئەرکی یەکەم دوو دڵیم نەبوو، ئەگەرچی ببوایەتە هۆی تووڕەیی (بورابوریاش) چونکە بەندەکەی من تاوانێکی نەکردبوو کە دانیشتووانی بابل بیکوژن. بەڵام بۆ ئەرکی دووەم کەمێ دوودڵ بووم، چونکە (بورابوریاش) بەهۆی لێ رادیتنی منەوە، منی ناردبووە ناو حەرەمسەراکەی خۆی و ئەگەر (مینا)م لە حەرەمەکەی ئەو بڕفاندایە و دەربازم بکردایە، خیانەتم لە دۆستایەتی و متمانە پێ کردنەکەی دەکرد. هەروەها (مینا)ش پشتی پێ بەستبووم و چاوەڕوانی ئەوەبوو لە بابل رزگاری بکەم یان ئەوەی کە نەهێڵم دارکاریی بکەن. من ئەگەر بمتوانیبایە لە بابلدا بمێنمەوە داوام لە پاشا دەکرد کە مینا دارکاری نەکەن و ئەویش داواکەمی رەد نەدەکردەوە. بەڵام من لەبەر ئەوەی ناچار بووم، بەندەکەی خۆم (کاپتا) لەمەرگ رزگار بکەم، نەمدەتوانی لەوێدا بمێنمەوە و دەبوایە لەگەڵ (کاپتا) دەربازبووینایە و لەبەر ئەوەی لەگەڵ (کاپتا)دا هەڵدەهاتین، (مینا) بە تەنها دەمایەوە و ئازاریان دەدا و بۆئەوەی نەکەوێتە ژێر ستەمی ئەوان، ناچار دەبوایە ئەویشم رزگار بکردایە، ئەگەرچی پاشای بابل رفاندنی (مینا)ی بە کارێکی پێچەوانەی هاوڕێیەتی و بە خیانەت کردنی بزانیایە.

لە جیهاندا مرۆڤ، هەموو کاتێ لەکارەکانی خۆیدا ئازاد نییە، لەبەر

ئەوەی ئەستێرەکان چارەنووسی مرۆڤ دیاری دەکەن و هەندێ جار مرۆڤ ناچار دەبێت کارێک بکات کە خۆی حەزی بەکردنی نییە. لەبەر ئەوە وازم لە دوودڵی هێنا و بڕیارم دا کە هەم (کاپتا) لە مردن رزگار بکەم و هەم (مینا)ش لەو ستەمانە رزگار بکەم کە چاوەڕوانێتی.

***

١- خواجە: نێرەمووک - خەساو- لە فارسیدا (خواجە) دوو مانای هەیە کە یەکێکیان بە مانای گەورە و خاوەن دەسەڵاتە و ئەوەی تریان بە مانای نێرەمووک دێت کە لێرەدا مەبەست ئەوەی دووەمە. بۆ نموونە پەندێکی فارسی هەیە کە دەڵێت: (من دەڵێم (خواجە)یە، تۆ دەڵێی چەند منداڵی هەیە)- وەرگێڕی کوردی.

بەشی حەڤدەیەم

بۆ رزگار کردنی دوو کەس

پاش نیوەڕۆ چوومە کەناری رووبارەوە و لە کەشتییەکی بچووک نزیک بوومەوە کە چەند سەوڵ لێدەرێکی هەبوو و پێم وتن: من دەزانم کە ئەمڕۆ رۆژی جەژنی پاشای درۆیینە و ئێوە ئاوی جۆتان خواردۆتەوە و حەز دەکەن ئەمڕۆ هەتا شەو لە خۆشگوزەرانیدا بن، بەڵام رۆژەکانی جەژن زوو تەواو دەبن و دوای ئەوانە رۆژگاری برسێتی و ماندوو بوون روو لە مرۆڤ دەکەن و مرۆڤی ژێر ئەو کەسەیە کە فریوی رابواردن و رۆژە جەژنەکان نەخوات و رۆژەکانی داهاتووی لە یاد بێت. ئێوە ئەمڕۆ دەتوانن کار بکەن و کرێیەکی باش لە من وەربگرن و بەو پارەیە لە سبەینێوە تا دوو هەفتە بخۆن و بخۆنەوە و لە خۆشیدا بن.

سەوڵ لێدەرەکان وتیان: ئێمە دەبێ چی بکەین؟

وتم: ئەمڕۆ هەر چەندە رۆژی جەژنە، بەڵام مامم ماڵئاوایی لێ کردوومە، چونکە خوایەکان کاتێک کە بیانەوێت یەکێ بمرێت بایەخ بەوە نادەن کە لە رۆژی جەژندا بمرێ، یان لە رۆژی پرسەدا. من ناچارم بە پێی وەسیەتی مامم ئەمشەو تەرمەکەی لێرە بگوازمەوە و بیبەمە ئەو جێگایەی باو باپیرانی ئەو تیایدا بەخاک سپێردراون، کە نزیک سنووری (میتانی)یەو جگە لە تەرمەکەش، کەنیزێکی خۆشم لەگەڵدایە، چونکە پیاوێکی وەک من ناتوانێ بە تەنیایی کارەکانی خۆی جێ بە جێ بکات و دەبێ ژنێک هەبێ خواردنی بۆ ئامادە بکات و.. ئێمە ئەمشەو لێرە بەرێ دەکەوین و من دوو ئەوەندەی کرێی ئاسایی پاداشتتان دەدەمێ.

سەوڵ لێدەرەکان وتیان: ئێمە ئامادەین بتگەیەنینە شوێنی مەبەست، بەڵام لەکاتی شەودا لەسەر رووبار سەوڵ لێنادەین، چونکە گیانە ئازار گەیەنەر و

ترسناکەکان لە ئەم بەرو ئەو بەری رووبار، یان لە سەر ئاوەکەن و هاوار دەکەن و ئێمە لە دەنگی هاوار کردنیان دەترسێین و لەوانەیە کەشتییەکەمان دەمەونخوون بکەنەوە.

وتم: من ئێستا دەچم و لە پەرستگە مەڕێک دەکەمە قوربانی بۆ ئەوەی گیانە ئازاردەرەکان زیانمان پێ نەگەیەنن و کاتێک کە گەیشتینە شوێنی مەبەست دەنگی ئەو حەلقە زیوانەی دەتاندەمێ، ئەوەندە لە گوێتاندا خۆش دەبێت کە گوێتان لە دەنگی گیانە ئازاردەرەکان نابێت.

ئەوان پرسییان: تۆ کەی دێیت؟

وتم: ناتوانم بڵێم لە چ کاتێکدا دێم، بەڵام هەرچۆنێ بێت لە سەرەتای شەودا خۆم دەگەیەنمە لاتان، بەڵام هەر چۆنێک بێت ئێوە بە کەشتییەکەی خۆتان لەم جێگایەدا چاوەڕوانی من بکەن و لێرە مەجوولێنەوەو، ئەگەر بەرێکەوت زانیتان من دواکەوتوومە، ئەوا هەر لێرەدا لە ناو کەشتییەکە بنوون و کەشتییەکە مەبەنە جێگایەکی تر. چونکە لەوانەیە من لە سێ یەکی دووەمی شەو یان نزیکی بەیانی لەگەڵ تەرمەکەی مامم و کەنیزەکەمدا بگەمە لاتان و ئەگەر کەشتییەکە ببەنە شوێنێکی تر من ناتاندۆزمەوە.

دوایی هەریەکەو حەلقەیەکی زیوم دا بە سەوڵ لێدەرەکان و وتم: ئەم زیوە پێشەکییە، بۆئەوەی بزانن من ئەمشەو هەرچۆنێ بێت دێم و کەشتییەکەتان بەکرێ مەدەنە کەسێکی تر و کاتێ گەیشتینە جێگا، یەکی چوار حەڵقەی تر دەدەمە هەر یەک لە ئێوە و بۆ ئەوەی لە رێگادا بە تەماحی زێڕ و پارە نەمکوژن. وتم: خۆشتان دەزانن ک رێبواران لە بابلدا هەرگیز زێڕ و پارەی زۆر لەگەڵ خۆیاندا هەڵناگرن، بەڵکو حەواڵە وەردەگرن و کاتێ گەیشتنە جێگا حەواڵەکە دەکەنە کانزا (زێڕ، زیو، مس، تەل) و منیش دوای گەیشتنە جێ حەواڵەکەم دەکەم بە کانزا و باقیی کرێکەتان دەدەمەوە.

سەوڵ لێدەرەکان دوای وەرگرتنی زیوەکە گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە ئەگەر من

بگەیەننە جێگای دیاری کراو قازانجێکی زۆریان دەست دەکەوێت و هەریەکەیان دەبێتە خاوەن پێنج حەلقەی زیو و دڵنیابوون کە شەو تا سبەینێ چاوەڕوانی من بن.

دوایی لەوێ گەڕامەوە و کوندەیەکی بچووکم کڕی و پاشان چوومە پەرستگە و مەڕێکم سەربڕی و خوێنەکەیم خستە ناو کوندەکەوە و کێردەکەی میناشم هەڵگرت و بەرەو حەرەم سەرای (بورابورباش) کەوتمەڕێ. کاتێ ویستم بچمە ناو حەرەمەوە کوندە بچووکەکەم خستە ناو سندووقی پزیشکییەکەم بۆ ئەوەی کەس نەیبینێ.

نێرەمووکەکان هەر ئەوەندە چاویان بە من کەوت، هاتنە لام و من پێیانم وت: هەندێ دەرمانم بۆ چاک کردنەوەی ژنە شێتەکە هێناوەو ئێوە دەبێ بەرەو خانووەکەی ئەو ڕێنماییم بکەن.

نێرەمووکەکان منیان گەیاندە جێگاکەی (مینا) و پێیم وتن: ئێرە چۆڵ بکەن بۆ ئەوەی بە دەرمان گیانە ئازارگەیەنەرەکان لە لەشی ئەم ژنە دەربکەم، کە بوونەتە هۆی شێت بوونی.

ئەوان ڕۆیشتن و من بە (مینا)م وت: دەمەوێت ئەمشەو لێرە بترفێنم و لەگەڵ خۆمدا بتبەم و لەم وڵاتە دەرباز بین. بەڵام بە مەرجێک کە بە پێی ڕێنماییەکانی من کاربکەی.

(مینا) وتی: پێویستە چی بکەم؟

کوندە بچووکەکە و کێردەکەم نیشانی داو وتم: ئەمانە لای تۆ دادەنێم و دەڕۆم و پێیان دەڵێم دوای ڕۆیشتنی من هیچ کەسێک نەچێتە ئەم هۆدەیەوە و لەگەڵ تاریک بوونی هەوا دەبێ ئەم کوندەیە بکەیتەوە و هەندێ خوێنی لێ دەربکەی و بە دەم و چاو و دەست و سینگی خۆتدا بکەی و کێردەکەش لە تەنیشت خۆتەوە دابنێ، من لە سەرەتای شەودا دێم و کاتێک هاتمە هۆدەکەتەوە، بەوان دەڵێم کە بەم کێردە خۆی کوشتووە و تۆش خۆت بە مردوو نیشان بدە بۆ ئەوەی هەموویان

دڵنیابن کە گیانت دەرچووە.

دوایی نێرەمووکەکان رازی دەکەم کە تۆ لێرە ببەمە دەرەوە و لە شتێکدا دەتپێچمەوەو لێرە دەچینە دەرەوە. دواییش لە جێگایەک دەست و دەم و چاو و سینەت دەشۆم و لەگەڵ خۆمدا دەتبەم.

(مینا) رازی بوو کە بە پێی فەرمانی من رەفتار بکات و لە ژوورەکەی هاتمە دەرەوە و بە نێرەمووکەکانم وت: هیچ کەسێک لە نێرەمووکەکان و ژنەکانی حەرەم نابێت بچنە ناو هۆدەکەی (مینا)وە، چونکە ئەگەر یەکێک دەرگای هۆدەکەی بکاتەوە و بچێتە ژوورەوە، گیانە ئازار گەیەنەرەکان کە بەهۆی دەرمانەکەوە لە (مینا) دێنە دەرەوە، دەچنە ناو لەشیەوەو شێتی دەکەن. من خۆم شەو دێمەوە و دەچمە ژوورەکەیەوە.

خواجەکان، کە ترس دایگرتبوون وتیان: دڵنیابە کە ناهێڵین کەس بچێتە ژوورەکەیەوە و ئێمەش ناچین.

دوایی چوومە کۆشکی پاشایەتی و سەیرم کرد بەندەکەم هێشتا لە هۆڵی میوانداریيەکەیە. هەندێ لەو کەسانەی خەریکی بادەنۆشی بوون بەهۆی سەرخۆشییەوە لە تەلارەکەدا خەویان لێ کەوتبوو و خەڵکیش کەم و زۆر مەست بوون، بەڵام (بورابورباش) لە هەست و هۆشی ئاسایی خۆیدا بوو. هەتاو بەرادەیەک نزم ببووەوە کە تیشکە ئەرخەوانییەکەی لە ناو ژوورەکەی دەدا.

لە (بورابورباش)م پرسی: جەژنی پاشای درۆیین کەی کۆتایی پێ دێت؟

وتی: کاتێ کە خۆر لە پشت رووبارەوە ون بوو، ئەم جەژنە کۆتایی پێ دێت و بەندەکەی تۆ بە ژەهرێک کە دەیکەنە شەرابەکەیەوەو دەرخواردی دەدەن دەکوژرێ و دوای ئەوە لاشەکەی دەخەنە دەفرێکی کووپەیی گڵی سوور[1]و لە ناو سارد خانەکەی مندا لە تەنیشت لاشەی ئەو کەسانەی لەم رۆژەدا بوونەتە پاشای درۆیین، دادەنرێت.

وتم: (بورابورباش) بەندەکەی من وەک خۆم خەڵکی میسرە و خەتەنە کراوە

و خوایەکانی ئێمە دەڵێن کاتێ کە مرۆڤ مرد دەبێ تەرمەکەی مۆمیایی بکرێت بۆئەوەی لە دنیای تردا زیندوو بمێنێت.

(بورابوریاش) وتی: کاتێ کە تەرمەکە مۆمیایی کرا چی لەو لاشەیە دەکەن؟

وتم: دوای مۆمیایی کردن لاشەکە لە ژێر خاکدا دەشارینەوە.

(بورابوریاش) وتی: من دەهێڵم لاشەی بەندەکەت بە پێی نەریتی خۆتان مۆمیایی بکەیت، بەڵام دوایی دەبێ تەرمەکە بدەنە ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین بیکەینە کوپە هەرگینە (سوفاڵ)ەکەوە و لە ناو ساردخانە دایبنێین.

وتم: مۆمیایی کردنی جەنازەی پیاوە بەرزەکان شەست تا حەفتا رۆژ دەخایەنێت، بەڵام جەنازەی بەندەکان دەتوانرێت بە سی رۆژ مۆمیایی بکرێت.

(بورابوریاش) وتی:باشە کەواتە تەرمەکەی ئەو لەسی رۆژدا مۆمیایی بکە.

– وتم ناکرێت ئەم کارە لێرەدا دەستی پێبکەم، چونکە ئەگەر من تەرمی بەندەکەم لەم کۆشکەدا مۆمیایی بکەم، هەموو ئەو کەسانەی کە لێرەدان، بەتۆشەوە، بەهۆی بۆنی ترسناکی لاشەکەوە دەمرن و دەبێ بڵێم کە ئەم تەرمە دەبێ بەزوویی مۆمیایی بکرێت. ئەگەر نا هەوای گەرمی بابل ئەمشەو تەرمەکە تێک دەدات و دوایی ناتوانین مۆمیایی بکەین. بۆیە تۆ دەبێ رێگا بدەیت، کە ئەمشەو لەپاش مردنی بەندەکەم، لاشەکەی لەکۆشک بیەمەدەرەوە بۆ ئەوەی لە قەراغی رووبار لە جێگایەکی دوور مۆمیایی بکەم و لە ئەمشەوەوە کەلێرە دەچمە دەرێ، تاسی(٣٠) رۆژی تر من نابینیەوەو ناشبێ بمبینی چونکە ئەگەر لەم سی رۆژەدا من لێت نزیک ببمەوە بۆنی لاشەکە دەبێتە هۆی لەناو چوونت.

(بورابوریاش) وتی منیش لەسی رۆژی داهاتوودا کارم بەتۆنییە کەبێیت بۆ لام.

پاشان سەیرێکی خۆری کردو وتی لەبەر ئەوەی خۆر کەوتە پشت رووبارەوە، ئیتر جەژن کۆتایی پێ هاتووەو چەند ساتێکی تر، ژەهر دەدەنە بەندەکەت و برۆ و ئاگادار بە کە بە چاودێریی خۆتەوە کە پزیشکی، ژەهر بدرێتە ئەم پیاوە.

لەکاتێکدا کە ئێمە خەریکی گفتوگۆ کردن بووین، لەوەزعی خزمەتکارەکانی کۆشکەوە بۆم دەرکەوت کەجەژنی پاشای درۆیین کۆتایی پێهاتووە. چونکە لەناکاو هەمووان لە دەوری (کاپتا) دوورکەوتنەوە، بەڵام کاپتا کە بەهۆی نۆشینی شەرابەوە مەست بوو نەیدەتوانی هەست بەگۆڕانی هەڵسوکەوتی کرێکارەکان بکات. خۆم گەیاندە پزیشکەکەی (بورابوریاش) و پێم وت کە پاشا فەرمانی داوە پێم کە خۆم ژەهرەکە دەرخواردی ئەم کابرایە بدەم کە ئەمرۆ بووەتە پاشای درۆیین. پزیشکەکە باوەڕی بە قسەکەی من کرد، چونکە جگە لەوەی کە هەستی کرد درۆناکەم، لەو رۆژەدا ئەوەندە شەرابی خواردبۆوە کە نەیدەتوانی لەسەر پێ بوەستێ و هەر ئەوەندە کە زانی کاری ژەهرە پێ خوراندنەکە، بە(کاپتا) لە ئەستۆی مندایە، خۆشحاڵ بوو و وتی ئایا دەزانی کە دەبێ بەچ ژەهرێک بیکوژی؟ وتم بەڵێ من لە ناسینەوەی ژەهرەکان لە هەموو پزیشکەکانی بابل شارەزاترم. پزیشکی پاشا لەبەر سەرخۆشی بەلادا دەهات و وتی: بەڵام لەپاش ئەوەی بەندەکەت مرد، من دەبێ چاوی لێ بکەم و فەحسی بکەم، بۆئەوەی دڵنیابم مردووە.

وتم هەر کە مرد،یەکسەر دێم پێتی رادەگەیەنم کە بێی سەیری بکەی. وتی کەواتە من دەچم دەنووم و پاش ئەوەی بەندەکەت گیانی دەرچوو ئاگادارم بکەرەوەو ئەگەر نووستبووم، بەخەبەرم بکەرەوە. وتم وادەکەم بۆ ئەوەی بزانی کە مردووە.

کاتێک کە لە پزیشکەکە جیابوومەوە، هەندێ تریاکم کردە ناوشەڕابەوە و ئەو تریاکەم بەقەدەر ئەوەندە تێکەڵ کرد، کە لە دوای خواردنی بە جۆرێک لە هۆش بچێت کە خەڵکی وابزانن مردووە.

دوای بەشەڕابی لەگەڵ تریاک تێکەڵ کراوەوە چوومە لای (کاپتا) و پێم وت تۆ ئەمرۆ پاشای چوارهەرێمی و هەمووان تۆ بەم پلەیەوە دەناسن و منیش دانی پێدا دەنێم کە تۆ پاشای بابلی، بەڵام وەکو دەزانی من نەهاتبووم کە هەمیشە لە

بابلدا بمێنمەوەو ئێستا دەمەوێت بگەڕێمەوە، بەڵام بەر لە ڕۆیشتن ئارەزوویەکم هەیە کە دەبێ بەدیی بهێنم. (کاپتا) پرسی ئارەزووەکەت چییە؟

وتم ئارەزووم ئەوەیە کە بەدەستی خۆم پیاڵەیەک شەرابت پێ بنۆشم بۆ ئەوەی لەدوای گەڕانەوە بۆ میسر بتوانم بەهەمووان بڵێم کە من (سینۆهە)ی کوڕی کەر کەسێکم کە بە دەستی خۆم شەرابم بە پاشای بابل نۆشیوەو خەڵکی بەچاوی ڕێزەوە لێم بڕوانن و گەورەیی من بسەلمێنن.

(کاپتا) وتی من ئەمڕۆ بایی پێویست شەرابم نۆشیوەو هیچکە حەزم بە خواردنەوە نییە. بەڵام لەبەر ئەوەی تۆ دەڵێی بە ئاواتەوەی بەدەستی خۆت شەرابم بدەیتێ و منیش تاوەکو ئەمڕۆ کەسێک نەبووە کە شەراب ڕەت بکەمەوە، ئەوا دەیخۆمەوە ئەگەرچی دەشزانم کە لەوانەیە بەشێوەیەک مەست ببم کە نەتوانم لە جێگەی خۆم ڕاست ببمەوە.

پاشان پیاڵەکەی لەمن وەرگرت و بەیەک جار هەڵیقوڕاند و پیاڵە بەتاڵەکەی فڕێ دا. لەم کاتەدا چراکان هەڵکران و بێدەنگی کۆشکی پاشایەتیی گرتەوە. چونکە هەموو زانیتیان کە کاتی خۆشی و ڕابواردن تێ پەڕیوە و ئەگەر یەکێک بە تەمای گاڵتەوگەف و ڕابواردن بێت، دەکوژرێت.

دوای چەند ساتێ کاپتا کڵاو (تاج)ی پاشایەتییەکەی لەسەری خۆی داگرت و وتی ئەم کڵاوە بۆسەرم بچووکە و پاڵەپەستۆ دەخاتەسەر سەرم و ئێسکی سەرم ژان دەکات و لەقاچەکانیشمدا هەست بەسڕبوون دەکەم و پێڵووەکانم قورس بوونەو وابزانم بنووم باشە. (کاپتا) هەر لەو شوێنەی دانیشتبوو، ڕاکشاو ساتێ دوای ئەوە خەوی لێ کەوت و من زانیم کە هۆی نووستنەکەی ئەو تریاکەکە بوو و چەند خولەکێک دوای ئەوە بەرە بەرە قورس دەبێت و وای لێ دێت کە هەرکەسێ بیبینێ وا دەزانێت کە گیان لە لەشیدا نەماوە. خزمەتکارەکانی کۆشک، ئەو تاجەی کاپتا لەسەری خۆی کردبۆوە، هەڵیانگرت و خستیانە سەر (بورابوریاش) و بەرگی پاشایەتییان لەبەرکرد و پاشای ڕاستەقینەی بابل لەسەر

تەخت دانیشت و وتی: ئەمڕۆ لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕۆژی جەژن و خۆشی بوو، بەڵام من زۆر ماندوو بوومە، چونکە لە ڕۆژەکانی جەژن مرۆڤ زیاتر لە کاتەکانی تر هەست بەشەکەتی دەکات و لەبەرئەوە من دەبێ بنووم و خێرا ئەو کەسانەی کەمەستن و لێرە نووستوونە، بە کوتەک لە کۆشک ببەنەدەرەوەو ئەم نەفامەش (ئیشارەتی بەکاپتا کرد) کاتێک کەبەتەواوەتی گیانی سپارد، بیخەنە ناو کووپەیەکی سواڵەتی (سوفاڵ). خزمەتکارەکانی کۆشکی پاشا، بەجۆرێک بەدار کەوتنە گیان سەرخۆشەکان و ئەوانەی لەوێ نووستبوون، کە لە چەند ساتێکدا هەموویان هاتنەوەهۆش و هەڵسان و ڕایانکرد. من لە کاپتا نزیک بوومەوەو ڕوانیم هەموو نیشانەکانی ڕواڵەتی مەرگی تیادا بەدیار کەوتووەو بە بەندەکانم وت بڕۆن بەپزیشکی پاشا بڵێن بێت بۆ ئێرە و ئەم پیاوە فەحس بکات بۆ ئەوەی کە بزانێ مردووەو ئەوان ڕۆیشتن و پزیشکەکەیان هێنا و ئەویش کە لە کاتی مەستی خەوی لێ کەوتبوو و نیوسەعاتیش نەدەبوو نووستبوو و هێشتا هەر مەستیش بوو، بە چاوەنیوەکراوەکانییەوە هات. من هەستم کرد کە بەو وەزعە، ئەو تاقەت و توانای ئەوەی نییە کە بە وردی چاوی لێ بکات و ئەگەریش فەحسی بکردایە دیسانەوە هەر وایدەزانی مردووە.

بەڵام پزیشکی پاشای بابل کەدەیەویست هەرچی زووتر بگەڕێتەوەو بنوێت، سەرپێیی سەیرێکی بەندەکەی کردو وتی بێ گومان مردووەو بیکەنە ناو دەفرێکی سواڵەت (هەرگینە) ییەوە و دەرگای دەفرەکە (کووپەکە) بەهەویری خاکی ڕۆس (گڵی سوور) دابخەن. بەندەکانی (بورابوریاش) کاپتایان خستەناو کووپەکەیەوە و کاتێک کە خەریکی گرتنەوەی هەویری گڵەسوورەکە بوون، من بەڵێنەکەی پاشام هێنایەوە بیری و وتم دەبێ لاشەکەی کاپتام بدەنەوە کە بیبەم و مۆمیایی بکەم. (بوراوبوریاش) بە بەندەکانی وت، (سینۆهە) پزیشکی میسری لەلایەن منەوە ڕێگا پێدراوە کە لاشەی ئەم پیاوە لەکۆشک بباتە دەرەوەو خەریکی مۆمیایی کردنی بێت و کەس نابێت ڕێگای لێ بگرێ و ئاگاداربن کە

ئەو لەدوای دەرچوونی لە کۆشک تاماوەی سێ شەو و سێ ڕۆژی تر هەنگاو نەنێتە کۆشکەوەو ئەگەر ویستی بێتە ژوورەوە بەدار دەری بکەن.

چونکە لەبەر ئەوەی خەریکی مۆمیاییی کردنی لاشەی ئەم پیاوە دەبێت بۆنە ترسناکەکەی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە ئێرەو هەموومان لەناو دەبات.

من کە پێشتر کەژاوەیەکم ئامادە کردبوو کووپە گەورەکەی کە(کاپتا)ی تیابوو هەڵمگرت و خستمە ناو کەژاوەکەوە و لە ڕێگا بەر لەوەی بگەینە کەژاوەکە، چەند کونێکم کردە سەرپۆشی کووپەکە کە لە هەویر دروست کرابوو، بۆ ئەوەی بەندەکەم نەخنکێ.

کاتێ کە دڵنیابووم (کاپتا) لە کۆشکی پاشا دەرچووە و لە دەفرەکەدا لەسەر کەژاوەکە داندرا بەرەو حەرەم سەرای پاشا کەوتمەڕێ و بە نێرەمووکەکانم وت: دەڕۆم بۆ ئەوەی کاریگەرێتیی دەرمانەکە لە (مینا)دا ببینم.

کاتێ کە چوومە ژووری (مینا)وە، تێگەیشتم کە بە پێی پیلانەکەی من کاری کردووە و دەم و چاو و دەستی خوێناوی کردووە و کێردێکی خوێناویشی لە تەنیشت خۆیەوە دانابوو. بە ترسێکی دروست کراوەوە لە ژوورەکە هاتمە دەرەوە و بانگی نێرەمووکەکانم کرد و پێم وتن: مەگەر ئێوە شێت بوونە کێردێکی ترتان خستووەتە بەردەستی ئەم ژنە، کە خۆی پێ بکوژێت.

کاتێ نێرەمووکەکان چاویان بە خوێنەکە کەوت، لەرزین و کەسیان نەیان وێرا بچنە پێشەوە و بزانن ئایا (مینا) بەراستی مردووە یان هێشتا گیانی تیایە. چونکە نێرەمووکەکان زۆر لە خوێن دەترسێن و بە هیچ نرخێک ئامادەنین لە تەرمێکی خوێناوی نزیک ببنەوە. هەموویان بە ترس و لەرزەوە سەیری منیان دەکرد و بە چاوە ترس لێنیشتووەکانیان لە منیان دەپرسی ئەرکی ئێمە چییە و دەبێ چی بکەین؟

وتم: لەم ڕووداوەدا ئێوە بە ئەندازەی من یان لە منیش زیاتر بەرپرسن، چونکە من پیاوێکی پزیشکم و هاتبووم ئەم ژنە شێتە چاک بکەمەوە و

جارێکیان بە ئاگاداری خۆتان کێردەکەم لێ سەند، بەڵام نازانم ئەو چۆن توانیویەتی کێردێکی تر پەیدا بکات و خۆی پێ بکوژێت.

ئێستا تاکە ڕێگە چارە ئەوەیە کە من ئەم ژنە لە لبادێک بپێچمەوەو لێرە بیبەمە دەرەوە و ئێوە هەر ئەمشەو یان سبەینێ کەنیزێک بکڕن و لە جیاتی ئەو دای بنێن و ئەگەر (بورابورياش) پرسیی بۆچی شێوەی کەنیزەکەی گۆڕاوە، بڵێن لەبەر ئەوەی ئەو شێت ببوو و گیانە ئازارگەیەنەرەکان کە لە لەشیدا تواونەتەوە شێوەیان گۆڕیوە.

نێرەمووکەکان سەیرێکی یەکتریان کرد و پرسییان: ئێمە کانزا لە کوێ بهێنین کە کەنیزی پێ بکڕین؟

وتم: من بەهای کەنیزێکتان دەدەمێ و کاتێک کە کەنیزە نوێیەکەتان کڕی و هێناتانە حەرەم، بیرازێننەوە و شێوەی پێشوازی کردن لە (بورابورياش)ی فێر بکەن و من دڵنیام کە کاتێک پاشای بابل ببینێ کەنیزەکەی دەستەمۆ بووە، ئەوەندە خۆشحاڵ دەبێت کە بیر لە دەمو چاو گۆڕانەکەی ناکاتەوە.

دوایی دوو کەرتە زێڕم پێدان کە زیاتر بوو لە بەهای کەنیزێکی جوان و ئەوان لبادێکیان هێناو من (مینا)م تێدا پێچایەوەو بەبێ ئەوەی خۆم بۆ هەندێ ڕوونکردنەوە دوابخەم (مینا)م خستە سەرشانم و لە حەرەم چوومە دەرەوە. چونکە دەمزانی ئەو کاتەی کە دەبێت کارێک بە خێرایی ئەنجام بدرێ هەر چەندە کەمتر لە بارەیەوە بدوێی باشترە. لەبەرئەوەی بەهۆی گفتوگۆی درێژ هەندێ گرفت لە کارەکەدا پەیدا دەبێت کە دەبێتە هۆی ترس و دوو دڵیی خەڵکانی لاوازو خواجەکان هەموویان کەسانێکی ترسنۆک و لاواز بوون.

(مینا)شم بردە ناو کەژاوەکەوە و خۆم سواربووم و بەڕێ کەوتین تا گەیشتینە نزیک ڕووبار. بەر لەوەی بگەینە ڕووبارەکە بە باربەرەکانم وت: کەژاوەکە دابنێن و سەرەتا کووپەکەی (کاپتا)ی تێدابوو بە ئەوانم گواستەوە بۆ ناو کەشتییەکە. دوایی بە باربەرەکانم وت: لە کەژاوەکە دوور بکەونەوە بۆ ئەوەی ڕوحی

بەندەکەی خۆم لەوێ بهێنمە دەرەوە و، وتم: کاتێ ئێوە دەگەڕێنەوە من نابینن چونکە لەوێ ڕۆیشتوومە، بەڵام کەژاوەکەی ئێوە لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە و دەتوانن هەڵیبگرن و بیبەنەوە.

دوای ڕۆیشتنی باربەرەکان (مینا)م لە کەژاوەکە هێنایە دەرەوە و بردمە کەناری ڕووبار و رامکشاند کە دەست و دەمو چاوی خۆی بشوات. دوایی بە یەکەوە سواری کەشتییەکە بووین و لە تاریکیی شەودا کەشتییەکەمان کەوتەڕێ و لە کەنارە کە دوورکەوتەوە.

سەوڵ لێدەرەکان لە بینینی (مینا) نە حەپەسان، چونکە بە ئەوانم وتبوو کە لەگەڵ کەنیزەکەی خۆم سەفەر دەکەم و ئەوان هەر وایان دەزانی کەنیزی منە. بەم شێوەیە، من بە یەک شەو، بابلم خستە پشت سەری خۆمەوە و لەو سەرزەمینە کە لەوانە بوو بەهۆی پزیشکییەوە سامانێکی زۆرم دەست بکەوێت دوور کەوتمەوە.

***

١- کووپەی گڵی سوور: کووپەی هەڕگینەیی- کووپەی سواڵەت یان گۆزەی گەورەی سوفاڵ- وەرگێڕی کوردی.

بەشی هەژدەیەم

مینا و، بەهۆش هاتنەوەی کاپتا

کاتێ کە هێندە لە شار دوور کەوتینەوە، کە ئیتر ڕۆشنایی شاری بابلمان لێوە دیار نەما، (مینا) بە زمانی میسری کە سەوڵ لێدەرەکان لێی تێ نەدەگەیشتن دەستی بە قسە کردن کرد و وتی: من ئەمشەو بە هۆی جێ بەجێ کردنی فەرمانی تۆ بۆن گرتوو بوومە.

وتم: بۆچی بۆن گرتوو بوویتە؟

(مینا) وتی: لەبەر ئەوەی تۆ بە منت وت دەست و دەم و چاو و قاچم خوێناوی بکەم و من هەرچەندە خۆم بشۆم بۆنی خوێن لە لەشم دوور ناکەوێتەوە.

وتم: مەبەستت لەم قسەیە چییە؟

(مینا) وتی: مەبەستم ئەوەیە کە تۆ منت فریو داو وات لێ کردم کە بەهۆی خوێناوی بوون، پیس و بۆگەن ببم.

وتم: ئەی ژنی نەفرەتی، من ئەوەندە ماندووم کە تاقەتی قسەکردنم لەگەڵ تۆدا نییەو بهێڵە بنووم، چونکە ئەو زەحمەتەی ئەمشەو بۆ ڕزگار کردنی تۆ تووشی بووم، یەکێک بوو لە گەورەترین ناخۆشییەکانی تەمەنم و لە دوای دەرچوونم لە خانەی مەرگی میسر، هەرگیز گرفتاری ماندوێتی وەها نەبوومەتەوە، چونکە ئەو گرفتانەی ئێمە ڕووبەڕووی دەبینەوە ئەگەر تەنها پەیوەندیی بە جەستەوە بێت، زۆر سەخت نییە، بەڵام کاتێ کە مرۆڤ جگە لە ئازارە جەستەییەکان تووشی ماندوێتی روحیش بێت، زۆر شەکەت دەبێت. من ئەمڕۆ هەم گرفتاری ماندوێتیی جەستەیی بوومە و هەم ئەرکی روحیش. جگە لەمانەش ئەمڕۆ بۆ ڕزگار کردنی تۆ زەرەرێکی ماددیی گەورەم لە خۆم دا، چونکە ئەگەر تۆ نەبوویتایە و داوات لە من نەکردایە ڕزگارت بکەم لە حەرەم قوتارت ببێ من چەند ڕۆژێکی تر بە ناوی پزیشکی گەورە و پلە یەکی بابل لە لای

ڕاستی پاشای ئەم وڵاتە دەوەستام و ئەوەندە زێڕ و پارەم دەست دەکەوت کە کەشتییەکی وەک ئەمە کە ئێمە ئێستا تیایدا دانیشتووین نەیدەتوانی هەڵیبگرێ. بەڵام تۆ منت ناچار کرد کە واز لەو قازانجە بهێنم و تۆ لە بابل دەربکەم. لە داهاتوودا هەموو ساڵێ لەم ڕۆژەدا کیسەیەک خۆڵەمێش بەسەر خۆمدا دەکەم بۆ ئەوەی لە یادم بێت کە ئەم ڕۆژە یەکێک بووە لە ڕۆژە نەگبەتییەکانی من.

(مینا) وتی: ئەگەر تۆ بەم ڕادەیە من بە هۆکاری تووش بوونی چارەڕەشی خۆت دەزانی وا باشە من خۆم فڕێدەمە ڕووبارەوە بۆ ئەوەی تۆ لە دەست من ڕزگارت بێت.

دوای ئەم قسەیە (مینا) جووڵایەوە کە خۆی بخاتە ئاوەکەوە، بەڵام من ئەوم گرت و وتم: (مینا) لەگەڵ ئەوەشدا کە من ئەمڕۆ ماندویەتییەکی زۆرم چێشتووە و زیانێکی گەورەم کردووە، بەڵام وەسیلەیەکی دڵدانەوەم بۆ خۆم هەیە کە ئەویش ڕزگار کردنی تۆیە. ئەگەر تۆ خۆت بخەیتە ئاوەکەوە و لە ناوبچی بەدبەختییەکەی من گەورەتر دەبێت، چونکە تێدەگەم کە دوای ئەو هەموو ئەرک و ئازارە نەمتوانیوە پێش لە مردنت بگرم. تۆ، بە هەموو خوایەکانی بابل و میسر و سووریا سوێند دەدەم کە وازم لێ بهێنە و بنووەو ئەگەریش حەز ناکەی بخەوی لە گۆشەیەکدا دابنیشە و بێدەنگ بە بۆ ئەوەی بتوانم بنووم.

ژنەکە بێدەنگ بوو و لە سووچێکی کەشتییەکە دانیشت و منیش لبادەکەی کە (مینا)م تێدا پێچابووەوە دام بە خۆمداو خۆم پێ داپۆشی کە بنووم. چونکە لەگەڵ ئەوەشدا کە شەوی چواردەیەمی وەرزی بەهار بوو و بولبولەکان لەم بەرو ئەو بەری ڕووباردا دەیانخوێندو حاجی لەقلەقەکان لە کەنار قامیشەڵانەکانی کەناری ڕووبار دەنگیان دەهات، بەڵام هەوای ئەو شەوەی سەر ئاوەکە فێنک بوو.

دوای چەند ساتێک داوام لە (مینا)ش کرد کە ئەویش پشوو بدات، بەڵام

ئەو بەبێ ئەوەی گوێ بداتە قسەکەی من دەستی بە چرینی ئاوازێکی خەماوی کرد. من بە هۆی دەنگی (مینا)وە خەوم لێ کەوت و بەرە بەیان لە خەو هەڵسام و هەستم کرد کەشتییەکە ناڕوات و سەیرم کرد سەوڵ لێدەرەکان دەستیان لە سەوڵەکانیان هەڵگرتووە.

پێم وتن: بۆچی سەوڵ لێنادەن؟

وتیان: ئێمە لە شەوەوە تا بەیانی سەوڵمان لێداوە و ئێستا دەستەکانمان وەک داری سەوڵەکە وشک بووە و پشتمان دەیەشێت و ناتوانین چی تر بەردەوام بین و دەبێ خــواردن بخــۆین و لەبەر ئەوەی گــوندێک لە کــەناری رووباردا دەبینرێت، برۆ و لەو گوندە گۆشت و ماستمان بۆ بهێنە تا بیخۆین و خۆمان تێر بکەین.

وتم: ئێستا کاتی نان خواردن نییە، ئەگەر لە کاتی نیوەڕۆدا گەیشتینە هەر ئاوەدانییەک، ئەوا خواردنتان بۆ دەکڕم و تێرتان دەکەم. ئینجا پێم وتن کە دەبێ بە خێرایی خۆم بگەیەنمە شوێنی باو و باپیرانمان و ئەگەر ئێوە لێرە خواردن بخۆن بەرەو پێش چوونمان دوادەکــەوێت و ئەوەش بزانن کــە ئەگــەر بتــانەوێت لە فەرمانەکانم سەرپێچی بکەن، من جادووگەرێکی بە توانام و بە هەموو گیانە ئازارگەیەنەرەکان رادەگەیەنم کە پەلامارتان بدەن و گۆشتی لەشتان پارچە پارچە بکەن و بیخۆن.

ئەگەرچی بابلییەکان لە جادوو دەترسان، بەڵام ئەوان لە هەڕەشەکەی من نەترسان، چونکە دەیاندی رۆژە و هەتاو ئەدرەوشێتەوە و لە رووناکیی رۆژ گیانە ئازار گەیەنەرەکان ترسناک نابن.

دوایی گــوێم لێ بوو کە یەکێ لەوان دەیگوت: ئەو یەک نەفەرە و ئێمە دە نەفەرین و دەتوانین هەر چییەکمان بوێ لەگەڵیدا بیکەین. یەکێک لە سەوڵ لێدەرەکان کاتێ کە قسەکەی ئەوی بیست سەوڵەکەی هەڵبڕی کە بیکێشێت بەسەری مندا، بەڵام لەم کاتەدا هاواری (کاپتا) لەناو کووپەکەوە بەرزبووەوە،

سەوڵ لێدەرەکان کە لەو باوەڕەدابوون تەرمی مامی من لە ناو ئەو کووپەیەدایە کاتێک کە زانییان مردووەکە زیندوو بووەتەوە بە شێوەیەک ترس دایگرتن کە یەک لە دوای یەک خۆیان خستە ناو ئاوەکەوە و کەشتییەکە بەبێ سەوڵ لێدەر مایەوە، بەڵام من توانیم کەشتییەکە بگەیەنمە کەنارەوە و لەوێدا لەنگەری کەشتییەکەم خستە خوارەوە تاکو جووڵانی ئاو کەشتییەکە نەبات.

(مینا) لە خەو هەڵسابوو و پرچی سەری رێک دەخست و من بەبینینی ئەو دڵخۆش بووم، چونکە بینیم مینا لەوە جوانترە کە لە حەرەمی (بورابوریاش) بینیبووم.

(کاپتا) لە ناو کووپەکە پەلە قاژەی دەکرد و من لێی نزیک بوومەوەو سەری کووپەکەم شکاند، چونکە هەویرەکە وشک بوو بوو.

(کاپتا) سەری لە کووپەکەوە هێنایە دەرەوە و بەسەرسوڕمانەوە سەیری دەوروبەری کرد و پرسیی: ئێرە کوێیە و من لە کوێم و کڵاوی پاشایەتیم چیی لێ هاتووە؟ بۆچی کراسی پاشایەتیم لەبەردا نییە؟ چونکە هەست دەکەم رووتم و سەرمامە و قاچەکانم بە شێوەیەک سڕ بوونە کە ئەڵێی مارێکی ژەهراوی پێوەی داوم... سینۆهە... سینۆهە. ئاگاداربە ئازارم نەدەیت و هەڵم نەخەڵەتێنی، چونکە من پاشای بابلم و پاشا کەسێک نییە کە بتوانن گاڵتەی پێ بکەن و فریوی بدەن.

من بۆ ئەوەی تۆڵەی بێ رێزییەکانی دوێنێی لێ بکەمەوە وتم: تۆ بیرت چوو دوێنێ کاتێ کە لە بابل دەرچووین ئەوەندەت خواردبووەوە کە مەستی کردبووی و ویستت سەوڵ لێدەرەکانی ناو کەشتییەکە بریندار بکەی و باست لەوە دەکرد کە پاشای بابلی و دادپەروەری پیادە دەکەی و سەوڵ لێدەرەکان کاتێ لێت پەست بوون ناچار بوون تۆ لەم کووپەیەدا زیندانی بکەن بۆ ئەوەی پەلاماریان نەدەی.

(کاپتا) چاوەکانی نووقاند و کەوتە بیرکردنەوەو دوای ئەوەی چاوەکانی هەڵهێنا، وتی: من لەمەو دوا شەراب ناخۆمەوە چونکە بادەنۆشی، منی تووشی

خەوێکی سەرسوڕهێنەر کرد و بینیم بوومەتە پاشای بابل و لە ناو خەڵکیدا دادپەروەری بەرقەرار دەکەم و دوایی بینیم چوومە حەرەمی (بورابوریاش)ی پاشای بابل و ویستم لە گەڵ ژنێکی نەفامدا چەند وشەیەک بدوێم، بەڵام ئەو ژنە شاڵاوی بۆ هێنام و بریندار کردم و هەندێ شتی تریشم بەسەردا هات کە ئێستا نایەتەوە یادم. چونکە سەرم ژان دەکات و حەز دەکەم کە تۆ لەو دەرمانەی دەیدەیتە سەرخۆشەکان کە بەئاگایان بهێنێیتەوە بیدەیتە منیش کە بیخۆم، بۆ ئەوەی مەستی بەرم بدات و سەرئێشەکەم نەمێنێت.

لەو کاتەدا کە بەندەکەم ئەم قسەیەی دەکرد لە پڕێکا لەسەر رووی کەشتییەکە چاوی بە (مینا) کەوت و ئەو کە سەری لە کووپەکە هێنابووە دەرێ بردییە ژوورەوە و بە ناڵەوە وتی: گەورەم من هێشتا هەر خەریکی خەو بینینم، لەبەرئەوەی ئەو ژنەی لە حەرەمەکەی (بورابوریاش) بوو ئێستا وا لە بەر چاومە... ئەی خوایەکانی میسر بە هانامەوە وەرن چونکە خەریکە شێت دەبم.

(کاپتا) لە ناو کووپەکەدا کەوتە گریان و جار بە جار دەیگوت: من شێت دەبم و لەمەو بەدوا ئەقڵم نابێت و وەک شێتەکان لە شار دەمکەنە دەرەوە.

(مینا) لە کووپەکە نزیک بووەوە و قژی سەری (کاپتا)ی گرت و سەری هێنایە دەرەوەو وتی: باش سەیرم کە، ئایا دەمناسیتە یان نا؟

(کاپتا) بە گریانەوە وتی: تۆ ئەوەی کە لە خەوەکەمدا پەلامارت دام و لووت و لێومت بریندار کرد... ئەی خوایەکانی میسر بەزەییتان پێمدا بێتەوە... و لەم ژنە رزگارم بکەن. خوایەکانی میسر دەزانم کە ئێوە لە من تووڕە بوونەو لەبەر ئەوە ئەم ژنەتان هێناوەتە خەونی منەوە. چونکە لە دوای ئەوەی هاتمە بابلەوە پەرستنی ئێوەم لە بیر کرد و خوایەکانی بابلم دەپەرست. بەڵام لەمەو دوا تەنها ئێوە دەپەرستم.

(مینا) پێڵاوەکانی لە پێی کردەوە و دووجار، بەڵام بە هێواشی، بە پێڵاو کێشای بە دەم و چاوی (کاپتا)داو وتی: لەبەرئەوەی تۆ لە کاتی خەودا جنێوت

بە من دا ئەمە سزای خەونە ناپەسەندەکەتە بۆ ئەوەی بزانی کە ئێستا نەنووستووی و بە خەبەری.

بەڵام (کاپتا) زیاتر گریا و وتی: ئێستاش هەر لە خەودام، چونکە وا هەست دەکەم وەک جاری یەکەم کە لێی دام ئێستاش بەو پێڵاوە هێرش دەکاتە سەرم.

من بە (کاپتا)م وت: ئێستا بە راستی بە خەبەری و نابێ بگرییێت و لە کووپەکە وەرە دەرەوە بۆ ئەوەی مەستییەکەت چارەسەر بکەم.

بەڵام (کاپتا) نەیدەتوانی لە کووپەکە بێتە دەرەوە چونکە گۆزەیەکی بچووک بوو و من، یارمەتیم دا تا هاتە دەرەوەو بۆئەوەی کاریگەرێتیی شەرابەکە لە ناو دەماریدا دەربچێت، (مسهل)م دەرخوارد دا، چونکە دەرمانی کاریگەر بۆ لەناو بردنی مەستی، دوای لە خەو هەڵسانی شەرابخۆر(مسهل)ە، لە بەر ئەوەی بەندەکەی من جگە لە سەرخۆشیی شەراب، گرفتاری نەشئەی تریاکەکەش ببوو و بۆئەوەی لە ئاسەواری تریاکەکە رزگاری بکەم پەتێکم بە پشتییەوە بەست و خستمە ناو ئاوی رووبارەوە.

(کاپتا) لە پاش نەمانی کاریگەرێتیی دەرمانەکە، لەمەستی شەرابەکە هەر زوو رزگاری بوو و وتی چیتر هەست بە سەر ئێشە ناکەم. بەڵام وەک بلێی بە تەواوەتی لە خەو هەڵنەساوم چونکە حەز دەکەم بنووم.

تێگەیشتم کە مەیلی ئەو بۆ نووستن بە هۆی کار تێکردنی تریاکەکەوەیە کەوا زوو لەناو ناچێت و ماوەیەک دەخایەنێت. پێم وت:تۆ رۆژێکی تر هەست بەهیچ یەکێک لەم ئازارانەی ئەمڕۆ ناکەی و بەتەواوی چاک دەبییەوە، هەروەها لەبەر ئەوەی بە هۆی هەڕەشەی ئەم ژنەو ناڕاحەتییەکانی پێ خواردنی دەرمانەکانی من بایی پێویست تەمێ بوویتە، من چاوپۆشی لە بێ ڕێزی کردنەکەت دەکەم.

(کاپتا) وتی: بۆ من بەرامبەر بە تۆ بێ ئەدەبیم کردووە؟

وتم: بەڵێ، تۆ دوێنێ بەهۆی خواردنەوەی شەراب و گاڵتەپێکردنی ئەو خەڵکەی کە تۆیان کردبووە وەسیلەی گاڵتەپێکردنی خۆیان، بە شێوەیەک ملهوڕ

ببووی کە دووجار بەرامبەر بە من بێ ئەدەبیت نواند، بەڵام بۆ ئەوەی بزانی کە جیاوازیی نێوان خواوەندێک و بەندەیەک چەندە، لێت خۆش دەبم، بەڵام ئەوە بزانە کە ئەگەر من دوێنێ لە کاتی خۆرئاوابووندا تۆم لە مەرگ رزگار نەکردایە ئێستا تۆ لەم کووپە بچووکەدا لە تەنیشت کووپەکانی تر، لە ساردخانەکەی کۆشکی پاشادا بووی، بەڵام بەبێ گیان. چونکە (بورابوریاش) تۆی دەکوشت.

ئینجا رووداوەکانی دوێنێم بە تێر و تەسەلی بۆ گێڕایەوە، بەڵام (کاپتا) باوەڕی نەدەکرد و وای دەزانی درۆ دەکەم. بەڵام ئامادەبوونی (مینا) ناچاری دەکرد هەر چییەکی پێ دەڵێم باوەڕ بکات. دوای ئەوەی تێم گەیاند کە دوێنێ چ مەترسییەک هەڕەشەی لێ دەکرد و وتم: ئەگەرچی ئێمە لە بابل هەڵهاتووین بەڵام هێشتا ئەوەندە لەو شارە دوور نەکەوتووینەتەوە کە لە مەترسییەکان رزگارمان بووبێت و ئەگەر پاشای بابل دەستگیرمان بکات سەر بەرەو ژێر لە دیواری بابلدا هەڵمان دەواسێت.

سەوڵ لێدەرەکانی ئەم کەشتییەش هەڵهاتن و ئێمە ناتوانین بەهۆی ئەوانەوە کەشتییەکە لێ بخورین و خۆمان بگەیەنینە وڵاتی (میتانی) و تۆ کە بەندەی منی ئێستا دەبێ رێگا چارەیەکمان بۆ بدۆزیتەوە کە هەرچی زووتر لەنزیک بابل دوور بکەوینەوە و لەبەر ئەوەی لە دوێنێ ئێوارەوە تا ئەمڕۆ هیچمان نەخواردووە پێویستیمان بە خواردنە و برۆ لەم گوندە کە لە دوورەوە دەبینرێ خواردنمان بۆ بکڕەو لە گەڵ خۆتدا بیهێنەرەوە و لە کاتی رۆیشتن و گەڕانەوە ئەقڵت بەکار بهێنە کە چۆن ئێمە دەتوانین رابکەین و گیانی خۆمان لەتووڕەیی (بورابوریاش) رزگار بکەین.

(کاپتا) بە دوو حەڵقە مسەوە رۆیشت و لە کاتێکدا کە بارێکی بە کۆڵەوە بوو گەڕایەوەو بینیم دوو گۆزە خواردنەوە و هەندێ خواردن لە ناو کۆڵەکەی پشتیدایە.

وتم: (کاپتا) ئایا بیرت لەوە کردەوە کە چی بکەین؟

وتی: بەڵێ گەورەی من، لێرەوە کە رۆیشتم بیرم کردەوە و لە هاتنەوەشمدا هەر لێکم دەدایەوەو تێگەیشتم کە من دوێنێ خەوم نەبینیبوو و ئەوەی بینیبووم لە بێداریدا رووی دابوو و لەبەر ئەوە شەراب تاوانی نییە، چونکە هۆی بینینی ئەو شتانە مەستی نەبوو و من لە هەڵەدا بووم کە ئەمڕۆ تۆبەم کرد کە چیی تر شەراب نەنۆشمەوە.

(کاپتا) ئەمەی وت و بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی ئیزن دانی من بێت، یەکێک لە گۆزەکانی هەڵگرت و دەستی بە خواردنەوەی کرد و جار بە جار بۆ تازە کردنەوەی هەناسە، دەمی لە گۆزەکە هەڵدەگرت و ستایشی خوایەکانی میسر و تەنانەت بابلیشی دەکرد. دوای ئەوەندەی نۆشییەوە کە چی تری پێ نەخورایەوە گۆزە نیوە بەتاڵەکەی لە ژێر مێزی کەشتییەکە دانا، کە شوێنێکی فێنک بوو و هەر لەوێ راکشاو نووست.

من ئەوەندە لەم کردەوەیەی تووڕە بووم کە ویستم بە یەکێک لە سەوڵەکان لێی بدەم و بە سزای بگەیەنم، بەڵام (مینا) نەیهێشت و وتی: بەندەکەت کارێکی ژیرانەی کرد و ئێمەش دەبێ ئەو بکەینە نموونە و شەراب بنۆشین، بۆ ئەوەی چالاک بین. چونکە ئەمڕۆ رۆژێکی خۆشە و (بورابوریاش) ئەگەر هەموو رۆژێ دەسەڵاتی هەبێ هەر نەبێ ئەمڕۆ توانای دەستگیرکردنی ئێمەی نابێت و ئێمە دەبێت لەم رۆژە بەهارەدا کە گەنمەکان لە کەناری رووباردا شین بوونە و حاجی لەق لەقەکان دەنگیان دێت و مراوییەکان بەگەردنی بەرزەوە لە ئاسماندا دەفڕن کەبڕۆن و هێلانە دروست بکەن و هێلکە بکەن، کەڵک وەربگرین. چونکە لەوانەیە رۆژێکی تری وەهامان بە نسیب نەبێت کە تا ئەم رادەیە خۆش و دڵڕفێن بێت و دوایی خەفەتی بۆ بخۆین.

ئەم قسەیەی ئەو کاری لە من کرد و وتم: (مینا) کاتێ کە لە بابلدا بۆ بینینی ئەستێرەناسەکان چوومە بورجەکەیانەوە لەوانم بیست کە چارەنووسی مرۆڤ لە لایەن ئەستێرەکانەوە دیاری دەکرێت و ئێمە ناتوانین چارەنووسی خۆمان

بگۆڕین، بۆیە پێشنیارەکەی تۆم بەدڵەو ئەمڕۆ لەم جێگایەدا بەخۆشی رادەبوێرین و لەبەرئەوەی هەوا گەرم بووە، واباشە بچینە ناو ئاوەکەوە و لەشمان فێنک بکەینەوە.

جلەکانمان داکەندو لە رووبارەکەدا مەلەوانیمان کرد و دوای فێنک بوونەوە گەڕاینەوە کەشتییەکەو نانمان خوارد و شەرابمان نۆشییەوەو، مینا بۆ ئەوەی نیشان بدات کە چۆن بۆ خوایەکەی خۆی سەما دەکات لەسەر کەشتییەکە سەمای کرد و من پێم وت: (مینا) لەوە زیاتر سەما مەکە.

پرسیی: بۆچی لەوە زیاتر سەما نەکەم؟

وتم: لەبەر ئەوەی کاتێ کە بە نیگات کە وەک تریفەی مانگی سەر ئاوی رووبارە، سەیری خۆرهەڵات دەکەی و بە دەست ئاماژەی بۆ دەکەی دەکەومەوە یادی میسر و هەست بە پەژارە دەکەم[١] من نامەوێت بە ژنێک بڵێم کە دڵم پێتەوەیە، چونکە جارێکیان قسەیەکی وام بە ژنێک وت و ئەو ژنە ئەوەندە چارەڕەشی کردم کە هیچ پزیشکێکی میسری تا ئەمڕۆ هێندە بەدبەخت نەبووە.

(مینا) وتی: دیارە لە وڵاتەکەی تۆدا ژنەکان پیاو فریو دەدەن و بەدبەختیان دەکەن. بەڵام من بەتەما نیم تۆ بەدبەخت بکەم و فریوت بدەم و خوای منیش دەڵێت تۆ نابێ خۆت بە دەست پیاوەوە بدەیت مەگەر کاتێ کە پیاوێکت پەسند کرد و من هێشتا پیاوێکم نەدۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی بتوانم هەموو تەمەنی ژیانم لە گەڵ ئەودا ببەمە سەر، بەڵام پێم بڵێ بزانم ئەو ژنەی بووە هۆی بەدبەختیت خەڵکی کام وڵات بوو و چۆن تۆی چارەڕەش کرد؟

وتم: ئەو ژنە منی خستە داوی خۆیەوە و هەر چییەکی هەمبوو لێی سەندم، تەنانەت وای لێ کردم گۆڕی دایک و باوکیشم بفرۆشم و نەمتوانی دایک و باوکم لە گۆڕەکەی خۆیاندا بشارمەوە.

(مینا) وتی: ئایا مەبەستت لەم قسەیە ئەوەیە کە تۆ دەتەویست ئەو ژنە بکەیتە هاوسەری ژیانی خۆت؟

وتم: بەڵێ.

وتی: ئایا ئەو بۆ ئەوەی ببێتە هاوسەرت هەرچییەکت هەبوو لێی سەندی و تۆی ناچار کرد گۆڕی دایک و باوکت بفرۆشی؟

وتم: بەڵێ...

(مینا) وتی: ئەم رەفتارە تایبەت بووە بە ئەو، یان لە وڵاتەکەی ئێوەدا هەموو ژنەکان ئەوهان و بۆ ئەوەی ببنە هاوسەری ژیانی پیاوێک، هەرچییەکی هەیە لێی دەستێنن؟

وتم: ژنەکانی تریش بۆ ئەوەی پیاوێک کەڵکیان لێ وەربگرێ شتێکیان لێ دەستێنن و لە میسردا هیچ ژنێ بەبێ وەرگرتنی شتێک نابێتە هاوسەری پیاوێک.

(مینا) وتی: ئەمە نەریتێکی وەحشیانەیەو ئەگەر من باش تێگەیشتبم، لە میسر هەر پیاوێک کە بیەوێت ژن بهێنێت دەبێ زێڕ و پارە بدات و وەک کەنیز ژنەکە بکڕێتەوە، ئەگەر نا ناتوانێت سوودی لێ وەربگرێ.

وتم: وایە، بەڵام چەندێتیی زێڕ و پارەکە جیاوازە و ئەو کەسانەی دەوڵەمەندترن بۆ کڕینی ژن پارەی زیاتر دەدەن.

مینا وتی: کەواتە جێی سەرسوڕمان نییە کە بۆچی هەموو ژنە خۆفرۆشەکان لە میسرەوە دێن، چونکە لە جێگایەک کە ژن و مێردایەتی بە پارە بەسترابێتەوە و تا پیاو پارە نەدات نەتوانێ ژن بهێنێ و تا ژن کانزا وەرنەگرێ مێردێ هەڵنەبژێرێ، ئیتر ژن و مێرد حەز لە یەکتری ناکەن و تەنها حەز لە پارە دەکەن و هەرکەسێ کانزای زیاتر بدات ژنەکە جەرگی خۆی بە ئەو دەسپێرێ. بەڵام من خەڵکی وڵاتێکم کە لەوێ ژن و پیاو بۆ پارە تێکەڵیی یەکتر ناکەن و ئەو شتانەی کە خوایەکان بە خۆڕایی داویانە بە ئەوان، بۆ فرۆشتن دایانانێن و لە وڵاتی ئێمەدا هەرگیز نەبیستراوە ژنێ بۆ ئەوەی پیاوێک کەڵکی لێ وەربگرێ هەرچی هەیەتی لێی بسەنێ و تەنانەت گۆڕی دایک و باوکیشی لێ وەرگرێت.

لەوێ هەر ئەوەندە ژن و پیاو یەکتریان بە دڵ بێت، ئیتر دەبنە ژن و مێرد و نە ژنەکە داوای شت لە پیاوەکە دەکات و نە پیاوەکە لە ژنەکە.

من ئەگەر خۆم تایبەت نەکردبایە بەخوایەکەم، هەر پیاوێکم بە دڵ بووایە بە مێردی خۆمم هەڵدەبژارد و ئەمڕۆش کە خۆم تایبەت کردووە بەخواوە دیسانەوە دەتوانم پیاوێک هەڵبژێرم کە بەدڵم بێت، بەمەرجێ کچێنییەکەی خۆم پێشکەش بە خواکەم بکەم، پاشان شوو بکەم.

وتم: (مینا) دنیا بەرفراوانە و لەم دنیایەدا خوایەکان زۆرن و ئەوەندە ژمارەیان زۆرە کە هێشتا کەس پەیدا نەبووە کە بتوانێ ناویان لەبەر بکات و لە هەر سەردەمێکدا خەڵکی لە ترسا خوای نوێ بۆ خۆیان پەیدا دەکەن و دەیپەرستن و لەبەر ئەوە تۆ دەتوانی واز لە خوایەکەی خۆت بهێنی و لە گەڵ مندا بێیت بۆ وڵاتێ کە لەوێدا خوایەکەت دەسەڵاتی نەبێت و لەوێ خوای تری لێیە کە ناچارت ناکەن کچێنییەکەی خۆتیان پێشکەش بکەی و لەوێدا تۆ دەبیتە خوشکی من، واتە دەبیتە هاوسەرم.

(مینا) وتی: من بۆ هەر وڵاتێ بڕوم دەسەڵاتی خوایەکەم دەمگرێتەوە و هەرگیز جێگایەک نییە کە بتوانم بۆی بڕوم و دەسەڵاتی خوایەکەم لەوێدا نەبێت.

دوایی مینا لێم نزیک بووەوە و دەستی گرتم و وتی: من تۆم بە دڵە و ئامادەم ببمە خێزانی تۆ، بەڵام ناتوانم بەر لە وەرگرتنی ڕەزامەندیی خوایەکەم ببمە هاودەمت، چونکە من موڵکی خوایەکەی خۆمم.

وتم: (مینا) ئەم قسەیەی تۆ دەیکەی وەک قسەی هەموو ژنە گەنج و جوانەکانی ترە، کە هەر کامێکیان بۆ ئەوەی ئازاری ئەو پیاوە بدەن کە خۆشیان دەوێت، بەهانەیەک دەدۆزنەوە. یەکێکیان دەڵێت خۆشم دەوێیت بەڵام زێڕ و پارەت نییە.. یەکێکی تر دەڵێ خۆشم دەوێیت بەڵام لەبەرئەوەی خواکەی من ناپەرستی ناتوانم ببمە هاوسەرت و.. تۆش دەڵێی ئامادەم ببمە هاوسەرت بەڵام لە پێشا دەبێ ڕەزامەندیی خواکەم وەربگرم.

(مینا) وتی: من ژنێکی نەزان نیم و جگە لە زمانی وڵاتەکەی خۆم زمانی میسری و زمانی بابلیش دەزانم و ئەتوانم ناوی خۆم بەسێ شێوە بنووسم. من دەزانم کە خەڵکی لە وڵاتە جیا جیاکان خوای جۆراوجۆر دەپەرستن و ئاگادارم کە لە هەموو وڵاتاندا ئەوانەی دەوڵەمەندن باوەڕیان بە خواکانی خۆیان نییە، بەڵام لەبەر دوو مەبەست وای دەردەخەن کە باوەڕیان پێیانە، یەکێکیان ئەوەیە کە داب و نەریتیان وایە و، دووەمیان ئەوەیە کە لەبەر ئەوە وای دەردەخەن کە باوەڕیان بە خوایە تاکو بتوانن چینی هەژار و بەندەکان بەکار بگرن کە ئەوانیش باوەڕیان بە هەمان خوای ئەوانە و بە ڕەنجی ئەوان خۆیان زیاتر دەوڵەمەند بکەن چونکە ئەگەر چینی هەژار و بەندەکان بزانن کە دەوڵەمەندەکان باوەڕیان بە خواکان نییە لێیان هەڵدەگەڕێنەوە. هەروەها باوەڕی چینی هەژار و بەندەکان بە خواکان لە میسر وبابل و شوێنەکانی تر باشترین هۆکارە بۆ گوێڕایەڵ ڕاگرتنی ئەو خەڵکە و ئەوەندەی کە ئەم بیر و باوەڕە هەژارو کۆیلەکان ملکەچی دەوڵەمەندەکان دەکات، ترس و قامچی و مەرگ، ئەوەندە ناچاریان ناکەن ملکەچ بن.

من هەموو ئەمانە ئەزانم، بەڵام لەبەر ئەوەی لە منداڵییەوە منیان بە باوەڕی خواکەمەوە پەروەردە کردووە و بەردەوام خەریکی سەما کردن بۆ خواکەم بوومە هیچ هێزێک ناتوانێ ئەو باوەڕەم لێ بسەنێتەوە و ئەگەر تۆش وەک من لە منداڵییەوە لەبەر دەم گایەکاندا سەمات بکردایە و لە کاتی سەمادا بە نێوان شاخە نووک تیژەکانیدا بازت بدایەو بە پاژنەی پێت لەکاتی بۆڕاندنیاندا بدایە بە لمۆزیاندا، دەتزانی کە من چی دەڵێم و ئەو کەسەی بەم شێوەیە باوەڕی بە خوای خۆی هەبێت ئیتر لە باوەڕەکەی پاشگەز نابێتەوە. بەڵام دڵنیام تۆ هەرگیز سەمای کچ و کووڕە گەنجەکانت لەبەردەم گایە تووڕەکاندا نەبینیوە.

وتم: من بیستوومە کە لە هەندێ لە وڵاتان لەگەڵ گادا یاری دەکەن و لە بەردەمیدا سەما دەکەن و تووڕەیان دەکەن و وام دەزانی ئەم کارە بۆ ئەوەیە تەماشاچییەکان خۆشحاڵ بکەن. بەڵام لە وتەکەی تۆدا دەردەکەوێت کە ئەم کارە

هۆیەکی ئایینیی هەیە و بۆ ئەوە لەبەردەم گایەکەدا سەما دەکەن کە ئەرکێکی ئایینی خۆیان جێ بە جێ بکەن و ئێمەش لە وڵاتی میسردا گا دەپەرستین، بەڵام ئەو گایەی ئێمە دەیپەرستین لەگەڵ گایەکەی ئێوەدا جیاوازە، چونکە ئێمە تەنیا یەک جۆرە گا دەپەرستین و ئەم گایە کە خاوەنی هەندێ نیشانەی تایبەتەو لە هەر نەسلێکی مرۆڤدا، واتە هەر بیست ساڵ جارێک دەردەکەوێ. کاتێک گایەک پەیدا بوو کە ئەو نیشانە دیاری کراوانەی تێدا بوو، دەزانین کە خاوەن نیشانەکانی خوایەتییە و دەیپەرستین تاکو دەمرێت. بەڵام ئێمە هەرگیز لەبەردەم گایەکاندا سەماناکەین و کچێنیی کچەکانی میسر پێشکەشی گایە نێرەکان ناکەین لەکاتێکدا کە تۆ دەتەوێ پێشکەشی گایەکی بکەی و ئەگەر بڕیار وایە کە ئاژەڵێک سوود لە کچێنییەکەی تۆ وەربگرێ بۆ چی پێشکەشی سەگ و ئەسپی ناکەیت؟

(مینا) لەم قسەیە ئەوەندە تووڕە بوو کە دوو شەقە زللەی بەهێزی کێشا بە بنا گوێمدا و رەنگی لە تووڕەییدا رەش هەڵگەڕاو وتی: ئەی پزیشکی میسریی نەزان، لەبارەی شتێ کە زانیاریت لە بارەیەوە نییە قسە مەکە، چونکە زانیاریی تۆ لە مەڕ خوایەکەی من لە زانیاریی مێشێک لە بارەی زێڕ و زیوەوە زیاتر نییە.

لەو کاتەدا کە دەم و چاوم لە شەقە زللەکانی مینا دەکزایەوە، تێگەیشتم کە زۆر لێ کردن سوودی نییە و (مینا) رازی نابێت ببێتە هاوسەری من، مەگەر ئەوەی کە سەرەتا بە سازدانی مەراسیمێک بوونی خۆی پێشکەش بە خواکەی بکات، بۆیە بەرەو دواوەی کەشتییەکە رۆیشتم و بۆ خۆخافڵاندن دەستم کرد بە رێکخستنی دەرمانەکانم.

(مینا)ش لە بەشی پێشەوەی کەشتییەکە دەستی بە سەما کردن کرد و من تێگەیشتم کە ئەم سەمایە تەنها بۆ پەرستنی خواکەی نییە، بەڵکو مەشق دەکات بۆ ئەوەی ماسولکەکانی لەشی بەردەوام لە فەرمانیدا بن.

(مینا) بە شێوەیەک سەمای دەکرد کە مەحاڵ بوو سەماکەرێکی ئاسایی

بتوانێ بەو جۆرە سەما بکات. چونکە هەندێ جار لەپی هەر دوو دەستی بەسەر کەشتییەکەوە دەنووساند و قاچەکانی وەها بەرز دەکردەوە کە دەتگوت کەرتە دارە و هەندێ جاریش خۆی بەرەو پشت دەچەماندەوە کە سەری دەگەیشتە زەوی بەبێ ئەوەی قاچەکانی لەزەوی جیا ببنەوە.

کاتێ کە من ئەو سەمایە سەرسوڕهێنەرەیم بینی کە بۆ خواکەی دەکرد زانیم زۆر لێکردن لەگەڵ مینادا سوودی نییەو کەسێک کە ئەم زەحمەتە سەختانە بۆ خواکەی خۆی بکێشێ، ئامادە نابێت ببێتە خوشکی من، مەگەر لە پێشا کچێنییەکەی خۆی پێشکەش بە خواکەی بکات. کەسێ کە تا ئەم رادەیە باوەڕی هەبێت داوالێکردنی شتێک کە دژی ئایینەکەیەتی لە پیاوەتییەوە بە دوورە. لەبەرئەوە بڕیارم دا لەوەو دوا چیی تر داوای لێ نەکەم ببێتە خوشکم.

(مینا) دوای سەماکردن لەشی خۆی شێلاو کراسی لەبەر کردو دوایی لە پێشەوەی کەشتییەکە دانیشت و دەستی بە گریان کرد. من وازم لە کەرەستەی پزیشکیی خۆم هێناو بەرەو ئەو چووم و زۆر بەنەرمی پێم وت: (مینا) ئایا تۆ نەخۆشی؟

(مینا) وەڵامی نەدامەوەو دەستمی لابرد و زیاتر گریا.

وتم: (مینا) ئەگەرچی من زۆر دڵم بەتۆوەیە، بەڵام دڵنیابە بۆ ئەوەی خەمبارت نەکەم هەرگیز داوات لێ ناکەم ببیتە خوشکی من و لە من مەترسە.

(مینا) سەری هەڵبڕی و فرمێسکی چاوی سڕییەوە و وتی: تۆ چەند نەفامی کەوا تێدەگەی من لە تۆ دەترسم. من هیچ ترسێکم لە تۆ نییەو بۆ تۆ ناگرم، بەڵکو بۆ چارەنووسی خۆم دەگریم کە منی لە خواکەم جیا کردەوەو ئەگەر لە خواکەم دانەبرامایە ئەوەندە لاواز نەدەبووم کە نیگای پیاوێکی وەک تۆ بمهێنێتە لەرزە.

من دەستیم گرت و ئەم جارەیان ئەو دەستمی لانەبرد و رووی کردە من و وتی: سینۆهە لەبەر ئەوەی تۆ منت لە پاشای بابل رزگار کرد، من دەبوایە بە

پاداشتی ئەم یارمەتییەت ببوومایەتە هاوسەری ژیانت، بەڵام ئەگەر تۆ بتزانیبایە خواکەی من کێیە، سەرت لەوە نەدەسوڕما کە ناتوانم پاداشتەکەت بدەمەوە. ئێمە نابێت لە بارەی خواکەمانەوە لەگەڵ بیانییەکاندا زۆر بدوێین و هەرچییەک دەزانین پێیان بڵێین، بەڵام من دەتوانم پێت بڵێم کە خوای ئێمە خوای دەریایە و لە ئەشکەوتێکە کە لە ناو شاخێکدایەو هەرکەسێ دەچێتە ناو ئەو ئەشکەوتەوە ئەگەرچی دەتوانێ لەوێ بێتە دەرەوە، بەڵام لەوێ ئەوەندە هەست بە بەختەوەری دەکات کە هەرگیز نایەتە دەرەوەو هەر لەبەر ئەوەش تا ئەمڕۆ کەس لەو ئەشکەوتە نەهاتۆتە دەرەوە. هەندێ دەڵێن خواکەی ئێمە ئەگەرچی خوای دەریایە، بەڵام لە شێوەی مانگادایەو هەندێ دەڵێن کە لە شێوەی مرۆڤە، بەڵام سەری لە مانگا دەچێت.

هەمووساڵێ لە ناو کچە گەنجەکاندا کە پێشتر فێرە سەمابوونە، دوانزە کەس بە تیروپشک هەڵدەبژێردرێن و هەر یەکە لەم دوانزە کەسە لە مانگێکدا یەک جار بە تەنیایی لە کاتی مانگەشەودا دەچێتە ئەشکەوتی خوا. منیش لەو دوانزە کەسە بووم کە دەبوایە لە شەوێکی مانگەشەودا بچوومایەتە ناو ئەشکەوتەکەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی منیان رفاندو وەک کەنیز بە پاشای بابلیان فرۆشتم، نەمتوانی بەم بەختەوەرییە گەورەیە بگەم. من لە هەموو ئەو کاتانەی دیلێتیدا بیرم لەو ئەشکەوتە دەکردەوەو ئێستاش هەر لە یادی ئەوێ و لە یادی خواکەمدام و هیچ ئارەزوویەکم نییە جگە لەوەی بڕۆم و کچێنیی خۆمی لەو ئەشکەوتەدا پێشکەش بکەم و ئەگەر لە ئەشکەوتەکە هاتمەدەرێ، دەبمە ژنی تۆ، بەڵام وەکو پێم وتی ئەو کەسانەی کە دەچنە ئەشکەوتی خوایەکەمان بەڕادەیەک هەست بە بەختیاری دەکەن کە هەرگیز لەوێ هەنگاو نانێنە دەرێ.

وتم: (مینا) ئێستا زانیم کە تۆ خەڵکی دورگەی (کریت)ی[٢]. چونکە ئەو کاتەی لە سووریا بووم ئەو دەریاوانانەی لە دورگەی (کریت)ـەوە دەهاتن دەیانگوت: خوای دانیشتووانی دورگەی (کریت) لە ئەشکەوتێکدا دەژیت و لە

شێوەی گادایەو من ئامادەم تۆ ببەمە دورگەی (کریت) بۆئەوەی چۆنی خۆت حەز دەکەی لەگەڵ خواکەتدا رەفتار بکەیت.

(مینا) وتی: (سینۆهە) لە ناو هەموو ئەو پیاوانەی من بینیومە تۆ تاکە کەسێکی کە پەسندم کردوویت، چونکە جگە لەوەی گیانی منت رزگار کردووە، لە تۆدا هەندێ شت هەیە کە من بۆلای خۆی رادەکێشێ، بەڵام نازانم چییە. من حەز دەکەم لە ئێستاوە تا ئەو کاتەی دەگەینە (کریت) من و تۆ بەخۆشی بژین و دیسانەوە دەڵێم دوای ئەوەی خۆم پێشکەشی خوایەکەم کرد ئەگەر لە ئەشکەوتەکە هاتمە دەرەوە شوو بە تۆ دەکەم.

لەو کاتەی مینا بە پەنجەکانی خۆی دەموچاوی منی نەوازش کردو دەموچاوی خۆی لێم نزیک کردەوەو لێوەکانی لە دەموچاوی من دەخشاند و منیش دەموچاویم ماچ کردو ئەوەندە چێژم وەرگرت کە ئەگەر ببوایەتە خوشکیشم تا ئەو رادەیە هەستم بەخۆشی نەدەکرد.

کاتێ شەو داهات بەندەکەم لە خەو هەڵساو باوێشکێکی داو دەستی بە چاویدا هێناو وتی: ئەی (ئاموون) خوای گەورەی میسر، من سوپاست دەکەم کە ژانە سەرەکەمت چاک کردەوە و ئیتر سەرم وەک کەرتە مسێک کە دەیخەنە نێوان سندانی ئاسنگەر و چەکوشە گەورەکەی، ئازار ناکێشێ، بەڵام سکم ئەوەندە برسییە کە دەڵێی چەند شێرێکی گەنجی برسیی تێدایە و داوای خواردن دەکەن.

دوایی بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی ئیزنی ئێمە بێت هەڵساو هەندێ لەو خواردنەی خوارد کە خۆی کڕیبووی و لە کاتی خواردنی گۆشتی باڵندەکان، ئێسکەکانی فڕێ دەدایە ناو رووبارەوە.

***

١- لە زمانی فارسیدا، ئەویش لەکاتی رۆژ، نیگای ژن ناشوبهێنن بە تریفەی مانگی سەر رووبار، بەڵام لەم کتێبەدا هەموو تەشبیهاتەکان و هەروەها شێوەی دەربڕینی قسەکان میسرییە، چونکە

نووسەر ناوی رووداو و بابەتەکانی لە مێژووە وەرگرتووە. لەبەرئەوە خوێنەران نابێت گلەیی لە وەرگێڕ بکەن کە بۆچی نیگای مینای بە شوبهاندن بە تریفەی مانگی سەر رووبار، وەسف کردووە– وەرگێڕ.

٢– دورگەی کریت دورگەیەکی گەورەیە لە دەریای ناوەڕاست کە لە رابردوودا خاوەن شارستانیەتێکی درەوشاوە بووە– وەرگێڕ.

بووینە سێ گاڵتەچیی گەڕۆک

کاتێ برسیەتییەکەی نیشتەوە وتم: (کاپتا) تۆ قەرار بوو ڕێگا چارەیەکمان بۆ بدۆزییەوە و پێمان بڵێی کە پێویستە چی بکەین، بۆئەوەی خۆمان ڕزگار بکەین، چونکە دوور نییە سەربازەکانی پاشا بەدوای ئێمەوەبن و بیانەوێت دەستگیرمان بکەن.

(کاپتا) وتی: ئەگەر من باش تێگەیشتبم تۆ وتت پاشای بابل تا سی ڕۆژی تر بە شوێن تۆدا ناگەڕێت و بڕیاری داوە کە تا سی ڕۆژی تر هەنگاو نەنێیتە کۆشکەوەو لەم ڕووەوە ئەو بیر لە تۆ ناکاتەوە و وادەزانێت کە لە شوێنێکی دوور خەریکی مۆمیایی کردنی لاشەی منی. بەڵام لەوانەیە سەوڵ لێدەرەکانی کەشتییەکەمان، یان نێرەمووکەکانی حەرەم ئەم بابەتەیان بە پاشا ڕاگەیاندبێ کە ئەگەر وابێت جێی مەترسییەو دەبێ ڕابکەین. چونکە ئەگەر (بورابوریاش) من دەستگیر بکات دەرخواردی شێرەکەی خۆیم دەدات و تۆ و ئەم ژنە سەربەرەوژێر لە شوورەی بابلەوە هەڵدەواسێ هەتا گیانتان دەر دەچێ. ئەگەر تۆ بەهۆی تریاکەوە منت بێ هۆش نەکردایە و هەست و هۆشم لە جێی خۆیدا بوایە ئێوەم ڕێنومایی دەکرد، بەڵام ئەم تریاکەی تۆ ئەوەندە منی شێواندووە، کە ئەگەرچی سەر ئێشەکەم نەماوە، بەڵام هێشتا هەر گێژم و لەگەڵ ئەوەشدا کە تۆ تریاکت دەرخوارددابووم و منت خستبووە ناو کووپەوە (کە ئەم بابەتە بە پێچەوانەی ئابڕوومەندی نییە) من لێت خۆش دەبم.

وتم: (کاپتا) واز لەم قسانە بهێنەو چارەیەکمان بۆ بدۆزەرەوە کە بتوانین خۆمان ڕزگار بکەین.

(کاپتا) وتی: من دەزانم کە تۆ بەبێ من وەک بەرخێکی کە دایکی خۆی ون کردبێ و بەردەوام بەع بەع بکات و ئەگەر من نەبوومایە تا ئێستا لەبەر ئەوەی نەتدەتوانی خۆت لە کارەساتەکان ڕزگار بکەی گیانت دەسپارد.

وتم: پێمان بڵێ چی بکەین و چۆن ڕابکەین؟

وتی: ئەم کەشتییە کە پێشتر دە سەوڵ لێدەری هەبووە، گەورەیەو ئێمەش ناتوانین بەدوو کەس (چونکە ئەم ژنە ناتوانێت سەوڵ لێ بدات) ئەم کەشتییە بەرەو پێش ببەین و بە پێچەوانەی ڕژانی ئاوەکە سەفەر بکەین. لەبەرئەوە دەبێت واز لە سواربوونی کەشتی بهێنین و لە جیاتی ئەوە هەوڵ بدەین دوو گوێ درێژ بدزین و لە ڕێگای وشکانییەوە درێژە بە سەفەرەکەمان بدەین. لەم سەفەرەدا ئێمە خۆمان وەگ گاڵتەچییە گەڕۆکەکان لێ دەکەین و کراسی کۆنە لەبەردەکەین و بەرۆژ ڕێگا دەبڕین و شەوان لەئاوەدانییەکان بەهۆی فاڵ گرتنەوەو گاڵتەو گەف و سەما کردن گوندنشینەکان سەرگەرم دەکەین و ئەگەر کرا هەندێ مسیشیان لێ وەردەگرین. تۆ دەبێ پزیشکییەکەی خۆت بشارییەوەو لە جیاتی ئەوە وەک ئەستێرەناسەکانی بابل سەیری بەختی خەڵکی بکەیت و منیش بەهۆی حەکایەتی پێکەنیناوییەوە دەیانهێنمە پێکەنین. (مینا)ش بەسەما کردن مەشغووڵ دەبێت. هەروەها دەبێ خێرا لێرە بڕۆین، لەبەر ئەوەی سەوڵ لێدەرەکان دە نەفەرن و بەزوویی بەسەر ترسی خۆیاندا زاڵ دەبن و هەوڵ دەدەن کەشتییەکەیان دەست بکەوێتەوە. منیش هەستم کرد کە (کاپتا) ڕاست دەکات و ئەوان لەوانەیە بێنەوە و هێرش بکەنە سەرمان تاکو کەشتییەکەیان لە ئێمە بسەننەوە.

ئێمە جل و بەرگی خۆمان بە قوڕ و لیتەی ڕووبارەکە پیس کرد و زێڕ و پارەکەمان لە ناوخۆماندا بەش کرد و لە ناو (هەمیان)ی[1] ژێر کراسەکانماندا شاردمانەوە.

(کاپتا) وتی: شتومەکی پزیشکییەکەت بخەرە ناو ئاوی ڕووبارەوە، بەڵام

من دەستم لە کەرەستەکان بەر نەدەبوو و خستمە ناو لبادەکەی کە (مینا)ی تێدا پێچرابووەوەو نامە کۆڵی (کاپتا) و لەگەڵ تاریک بوونی هەوا بە ناو کێڵگەکاندا بەڕێ کەوتین و خۆمان گەیاندە ئەو ڕێگایەی کە کاروانەکان پێیدا دەڕۆیشتن.

ئەو شەوە تا بەیانی بەڕێوە بووین و بەرەبەیان گەیشتینە گوندێک کە دانیشتووانی ئەوێ تا ئەو کاتە بەدەگمەن ڕەنگی کانزایان بینیبوو و لە خانووی قوڕدا دەژیان و زەوییان بەدار و بەردی تیژ دەکێڵا.

من بە (کاپتا)م وت: دزینی دوو گوێدرێژ باش نییە، چونکە دانیشتووانی ئەو جێگایەمان لێ دەبنە دوژمن و وا باشترە کە دوو گوێدرێژیان لێ بکڕین و مسیان پێ بدەین.

ئێمە بە هەندێ مس بووینە خاوەن دوو گوێدرێژ و، (کاپتا) لە هەڵگرتنی بارەکە رزگاری بوو و لەوە بەدوا لە ڕێگا دوور و درێژەکانی بابلدا درێژەمان بە ڕێرەوی داو هەموو ڕۆژێ دوای گەرم بوونی هەوا لە گوندێکدا دەوەستاین و لە مەیدانی گوندەکە، یان لە کەناری ڕووبار هونەرەکانی خۆمان پیشانی گوندنشینەکان دەدا.

من بەو شێوەیەی کە لە بورجی بابلدا بینیبووم فالم بۆ لادێییەکان دەگرتەوە و موژدەم پێدەدان کە بەروبوومێکی فراوانیان دەست دەکەوێت و ئاوی ڕووبار بۆ ئاودێریی کێڵگەکان زیاد دەبێت و ژنەکانیان کوڕیان دەبێت و ئەگەر گەنجەکان داوای فاڵ گرتنەوەیان لێ بکردمایە دەموت کچێکی جوانت بەنسیب دەبێت. من نەمدەویست ڕاستییەکانیان پێ بڵێم، چونکە ئەگەر بمگوتایە کە فەرمانبەرەکانی وەرگرتنی سەرانە، دانەوێڵەو ئاژەڵەکانیان بە زۆر لێ دەستێنن و بەدار پشتیان شین دەکەنەوەو، ئاوی ڕووبار بەرز دەبێتەوەو نیوەی کێڵگەکانیان ئاو دەیبات و نیوەکەی تریشی کوللە دەیخوات، ئەوان کە خەڵکێکی سادە بوون تووشی نائومێدی دەبوون.

هەرچەندە زیاتر بە ڕێدا دەڕۆیشتین و خۆر لێی دەداین، زیاتر لە سێ گاڵتەچی گەڕۆک دەچووین و کە دەگەیشتینە هەر گوندێک لەو کاتەدا کە من فالم بۆ خەڵکی دەگرتەوە، (کاپتا) بە حەکایەتی سەیرو سەمەرە و نوکتەی خۆش ئەوانی دەحەپەساند، یان وای لی دەکردن پێ بکەنن.

کاتێ (کاپتا) لە حەکایەتەکانیدا دەیگوت: کەلە جیهاندا گەلانێک هەن کە کاتێ بە ڕێدا دەڕۆن سەریان لە لەشیان جیا دەکەنەوەو دەیخەنە بن هەنگڵیانەوە، بۆ ئەوەی قورسایی نەخاتە سەر لەشیان، یاخود کە دەیگوت: دەبنە گورگ یان مەڕ، ئەو خەڵکە سادە دڵانە باوەڕیان بەقسەکەی دەکردو کەسیان نەیدەپرسی ئاخر کاتێ کە سەر لە لەش جیابووەوە چۆن خاوەنەکەی زیندوو دەمێنێت.

ئێمە لەم سەفەرەماندا لە بری بەهای خواردن هیچ کانزایەکمان نەدا، چونکە کە دەگەیشتینە هەر شوێنێک هەرئەوەندە فاڵ گرتنەوەی من و قسەکانی (کاپتا) و سەمای (مینا) دەستی پێ دەکرد، ئەو خەڵکە ئەوەندە خواردنیان بۆ دەهێناین کە زیاد لە پێویست بوو.

لەو سەفەرەدا ئەگەر چی نەمدەویست پزیشکی بکەم، بەڵام کاتێک کە دەچووینە گوندێکەوەو من لەشە تووکاوییەکانی پیاوان و ژنانم دەدی پێیانم دەوت کە چۆن بەهۆی زەرنیخ و قسڵ تووکە زیادەکانی لەشیان لێ بکەنەوە، بۆ ئەوەی لە خوراندن و ناشیرینی پارێزراو بن. کاتێک کە هەستم دەکرد چاوی گوندنشینەکان عەیبدارە و ئەگەر چاکی نەکەنەوە کوێر دەبن بە خۆڕایی چاکم دەکردنەوە. ژنەکان کاتێک کە قسڵ و زەرنیخەکەیان بەکار دەهێناو دەیاندی کە لە ناکاودا وەک کچی دە ساڵان لەشیان بێ موو و سپی بووەتەوە بەرادەیەک خۆشحاڵ دەبوون کە خۆشترین خواردنیان پێشکەشی ئێمە دەکرد. من جگە لەوەی بەهۆی چارەسەرکردنی لادێییەکان ئەوانم لەخۆم ڕازی دەکرد، بەم چارەسەرانە مەشقم دەکرد کە زانیارییە پزیشکییەکانی خۆم لەبیر نەکەم و

لێهاتوویی دەستم بۆ نەشتەرگەری کردن لە ناو نەچێ.

بەهۆی سەفەرکردن لە سەرزەمینی گەرمی بابل قاچەکانم تلۆقی کردو دەستم ئاوڵەی دەرکرد و ڕەنگی پێستی لەشم و دەم و چاوم ڕەش هەڵگەڕا، بەڵام هەمیشە دڵخۆش بووم و لە ناخی دڵمەوە خۆم بە شادمان دەبینی چونکە (مینا) هاوشانم بوو و هەرکاتێ لێم دەڕوانی ئەو بزەیەکی دەهاتێ.

شەوان کە دەنووستم مینا لە تەنیشت منەوە پشووی دەداو بەیانی کە هەڵدەستامەوە بەر لەوەی کەشتیی ئاڵتوونیی خۆر لە ئاسماندا ببینم سەیری دەم و چاو و ئەندامەکانی (مینا)م دەکرد کە لە چاومدا لەخۆر جوانتر بوو.

جگە لە (مینا)ش لەو سەفەرەدا بەتەواوەتی خۆم لە تەنگ و چەڵەمەکانی ژیان ئاسوودە دەبینی و هیچ خەمێکم بۆ سەردەمی ئێستاو داهاتوو نەبوو و هیچ کارێکی خێرام نەبوو کە بۆ ئەنجام دانی خۆم بەدڵتەنگ ببینم.

ئێمە زیاتر کاتی تاریکی، واتە لە نیوەی شەودا بەڕێ دەکەوتین بۆ ئەوەی لە گەرمای خۆر پارێزراو بین و کاتێ کە خۆر هەندێ بەرز دەبووەوە بێ ئەوەی خۆمان ماندوو بکەین لە یەکەمین ئاوەدانیدا دەوەستاین و پشوومان دەدا و نزیکەی نیوەڕۆ لەخەو هەڵدەستاین و لادێییەکانمان لە دەوری خۆمان کۆدەکردەوە تا خۆرئاوا بوون کاتەکانمان بەسەرگەرم کردنیان دەبردەسەر و ئەم کارە بەلای خۆشمانەوە خۆش بوو، چونکە ئێمە لەوان زیاتر تام و چێژمان لە کارەکانمان وەردەگرت.

کاتێ دەبووە شەو گوندنشینەکان دەنووستن ئێمەش دەنووستین و ڕۆژی دواتر بەڕێ دەکەوتین و ئەم شێوەیە تا ئەو ڕۆژەی کە گەیشتینە سەر سنووری وڵاتی (میتانی) بەردەوام بوو.

پاش ئەوەی گەیشتینە سنووری (میتانی)، دوو شوان کە بینییان ئێمە خەڵکانێکی هەژارین بەزەییان پێمان هاتەوەو بێ ئەوەی پاسەوانەکانی سنوور سەرنجمان بدەنێ ئەوان ڕێنومایییان کردین و ئێمەیان بردە ناو وڵاتەکەوە و

چووینە شاری (میتانی)و لەوێدا جل و بەرگێکی شیاوی خۆمانمان کڕی و لەشمان شوشت و جلەکانمان لەبەرکرد و لە یەکێک لە میوانخانەکاندا نیشتەجێ بووین. لەبەر ئەوەی زێڕ و پارەکانمان کەم ببووەوە دوای ئەوەی چووینە ناو (میتانی) بڕیارم دا ماوەیەک پزیشکی بکەم کە بەهۆیەوە هەندێ پارەم دەست بکەوێت.

بەزوویی ژمارەی ئەو کەسانەی دەهاتنە لام ئەوەندە زیادی کرد کە ناچار بووم بە هەندێ لە نەخۆشەکانم بڵێم لە ڕۆژەکانی تردا بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەیان بێنەوە لام. (مینا) زۆر سەرنجی دانیشتووانی (میتانی) ڕادەکێشاو هەر پیاوێکی دەوڵەمەند کە چاوی پێ دەکەوت، دەیویست لێمی بکڕێتەوە، بەڵام من ئامادە نەبووم مینا بفرۆشم، چونکە بوونی ئەو بۆ من وەک پێویستی تیشکی خۆر و خواردنی لێ هاتبوو.

(کاپتا) کەلە سەفەرەکەدا لاواز ببوو دیسانەوە قەڵەو بووەوە و هەندێ لە ژنە گەنج و جوانەکان دەورەیان لێدەدا و بە حەکایەتە پێکەنیناوییەکانی کاپتا کاتەکانیان دەبردەسەر. یەکێک لە حەکایەتە سەرنج ڕاکێشەکانی کاپتا چیرۆکی یەک ڕۆژ پاشایەتی کردنەکەی بابل بوو کە لە ڕۆژی سیانزەیەمی بەهاردا بوو.

(کاپتا) بۆ گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە لێ وەشاوەییەکی تایبەتی هەبوو و ژنەکان لەتاو پێکەنین لەسەر زەوی دەتلانەوە و دەیانگوت: زمانی ئەم پیاوە وەک ڕووبار دوور و درێژ و خێرایە.

لە (میتانی) دا کاتێکی خۆشم بردەسەر، تا ئەو کاتەی کە هەستم کرد (مینا) شەوان دەگریەت. من دەمزانی کە هۆی گریانەکەی ئەوەیە کە لە خوایەکەی دوورە، بۆیە پێم وت: (مینا) من دەزانم کە هۆی گریانەکەت چییە، چونکە پێشتر پێم وتبووی کە دەتگەیێنمەوە (کریت) و هێشتا تۆم نەگەیاندۆتە ئەوێ. بەداخەوە من ناتوانم لەم کاتەدا بەرەو (کریت) سەفەربکەم، چونکە ناچارم بۆ جێ بە جێ کردنی کارێک بچم بۆ وڵاتی (هاتی)، بەڵام لەبەر ئەوەی

کەشتییەکانی (کریت) زۆر دێن بۆ (هاتی) دەتوانم تۆ بە یەکێک لەو کەشتییانە بگەیەنمەوە (کریت).

ئەوەی من بە (مینا)م دەگوت زۆریش لە راستییەوە دوور نەبوو چونکە پێشتر باسم کرد فەرماندەی سوپای میسر، پێی سپاردبووم کە بۆ ئەو وڵاتانە برۆم و لە بارەی رەوشی سەربازی ئەوان زانیاری پەیدا بکەم و لە گەڕانەوەمدا بۆ میسر بۆی بگێڕمەوە. یەکێک لەو وڵاتانە (هاتی) بوو کە دەبوایە بچوومایەو بمزانیایە کە پاشای ئەو وڵاتە چەند سەربازی هەیەو کەل و پەلی جەنگیان چۆنە؟ بەڵام جگە لەوەش من نەمدەویست کە (مینا) راستەوخۆ بۆ (کریت) ببەم و پێشکەشی خوایەکەی بکەم، بەڵکو دەمویست بەناوی سەفەرکردن بۆ (هاتی) هەندێکی تر لە لای خۆمی بیهێڵمەوە.

وتم: مینا ساڵێ یەک جار لەم وڵاتەوە دەستەیەک بۆ وڵاتی (هاتی) دەڕۆن بۆ ئەوەی باجی وڵاتی (میتانی) بدەنە پاشای (هاتی). ئەو کاتەی ئەم کۆمەڵە بەڕێ دەکەون رێگاکان دەپارێزرێن و دزەکان ناتوانن پەلاماری رێبواران بدەن. ئێستا کاتی بەڕێ کەوتنی ئەو دەستەیەیە و من دەبێ سوود لەم دەرفەتە وەربگرم و بەرەو (هاتی) بڕۆم، ئەگەر نا ناچاردەبم سەفەرەکەم تا ساڵی داهاتوو کە کاتی بەڕێ کەوتنی دەستەی باجە دوابخەم. من زۆرت لێ ناکەم لەگەڵ مندا بەرەو وڵاتی هاتی بێیت، چونکە نامەوێت لەمە زیاتر لە خوایەکەت دوورت بخەمەوەو ئەگەریش دەتەوێ من لێرەوە تۆ دەبەم بۆ سووریا کە بە کەشتی بچیت بۆ کریت و خۆشم ئەگەر توانیم لە کاتی خۆیدا بگەڕێمەوە و بەفریای دەستەی باج کەوتم ئەوا یەکسەر لەگەڵیاندا دەچم بۆ هاتی و ئەگەر بەفریای ئەوان نەکەوتم سەفەرەکەم دوا دەکەوێت بۆ ساڵی ئایندە.

(مینا) وتی: (سینۆهە) من حەز ناکەم بە بۆنەی بردنی من بۆ سووریا لە سەفەرەکەی (هاتی) دوا بکەوی، چونکە بێ گومان سەفەرەکەی تۆ بۆ (هاتی) لە چوونی من بۆ (کریت) گرنگترە. من بیستوومە لە وشکانییەکانی وڵاتی

(هاتی) کچە گەنجەکان لە بەردەم مانگاندا سەما دەکەن و من دەتوانم لەوێ مەشقی سەماکردنی بەردەم گایەکان بکەم. چونکە ماوەیەکە ئەم سەمایەم نەکردووە و دەترسم لێهاتوویی لەشم بۆ سەماکردن لەکیس بچێ.

وتم: من لە بارەی سەماکردنی بەردەم گایەکان لە وڵاتی (هاتی) بێ ئاگام، بەڵام دەزانم کە دەکرێ لەوێوە بە کەشتی بچیت بۆ (کریت).

مینا وتی: تۆ بۆ هەر شوێنێ بڕۆی من لەگەڵتدا دێم، ئەگەر چی بۆ وڵاتی (هاتی)ش بێت.

بەڵام بەندەکەم (کاپتا) کاتێ کە بیستی ئێمە بۆ (هاتی) دەچین خەمبار بوو و بە تووڕەییەوە وتی: ئێمە هێشتا لە مەترسییەک رزگارمان نەبووە تۆ دەتەوێ گرفتاری مەترسییەکی ترمان بکەی، مەگەر تۆ نازانی ئەو خەڵکەی لە (هاتی) دەژین وەک دڕندەکانن و بیانییەکان دەکوژن بۆ ئەوەی گۆشتەکەیان بخۆن و ئەگەریش نەیانکوژن چاوەکانیان کوێر دەکەن کە لە ئاشەکانی خۆیاندا بیانبەستنەوەو بەردی ئاشەکەیانی پێ بسووڕێنن کە دانەوێڵەکانیان بهاڕێت.

دوایی (کاپتا) بە مینای وت: گەورەکەی من شێتە و تۆش کە رۆیشتنی ئەو بۆ (هاتی) بە باش دەزانی وەک ئەو شێتی. من ئەگەر پزیشک بوومایە ئێسکی سەری سینۆهەم کون دەکرد کە هەڵمە ئازارگەیەنەرەکانی ناو سەری دەربکەم بۆ ئەوەی چیی تر بیر لە شتی مەترسیدار نەکاتەوە. من پزیشک نیم، بەڵام دەتوانم وەک چۆن منی خستبووە ناو گۆزەیەکەوە منیش ئاوها بیکەمە کووپەیەکەوەو چەند زاڵوویەکی بەسەردا بکەم بۆ ئەوەی عەقڵی بگەڕێتەوە.

دوایی (کاپتا) دەستی بە ناڵە ناڵ کرد و وتی: نەفرەت لەو رۆژەی منی تێدا لە دایک بووم، کە ئەوها گرفتاری ئەم خاوەنە شێتە بوومە... تازە کەمێ قەڵەو بوومەتەوە و سکم بەرزبۆتەوە دەبێت دیسان گرفتاری بەدبەختیی ئەم سەفەرە ببمەوە، ئەویش لە وڵاتی مرۆڤ خۆرەکاندا.

من کە بینیم (کاپتا) ئارام ناگرێت گۆپاڵەکەم هەڵگرت و چەند گۆپاڵێکم

بەشان و پشتیدا کێشا، هەتا هێمن بووەوە و وتم: (کاپتا) هەر بەندەیەکی تر لە جیاتی تۆ بووایە و ئەوها بێ ڕێزیی لەگەڵمدا بکردایە دەمفرۆشتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی تۆ بەساڵاچوویت و ماوەیەکە لە لای منی من ئامادەم تۆ بنێرمەوە ئەزمیر بۆ ئەوەی ئاگات لە خانووەکەم بێت هەتا لەم سەفەرە دەگەڕێمەوە.

(کاپتا) وتی: ئەگەرچی من نەمدەویست بۆ (هاتی) سەفەر بکەم، بەڵام ناتوانم بتهێڵم تۆ بە تەنیایی بۆ ئەم وڵاتە بچی، چونکە بەتەنیا ڕۆیشتنی تۆ بۆ ئەو وڵاتە وەک ئەوە وایە کە منداڵێکی ساوا بخەنە بەردەست کۆمەڵێ گورگەوە، بەڵام پێم بڵێ کە ئایا بۆ ڕۆیشتن بەرەو (هاتی) دەبێ بەکەشتی بڕۆین؟

وتم: نا.. ئەو کەسانەش کە لێرەوە بۆ (هاتی) دەڕۆن لە ڕێگای وشکانییەوە سەفەر دەکەن.

(کاپتا) وتی: بژی (ئاموون) خوای گەورەی میسر، چونکە من سوێندم خواردبوو کە هەرگیز هەنگاو نەنێمە ناو کەشتییەوە و لە دەریاوە سەفەر نەکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی لەم سەفەرەدا پێویست ناکات سواری کەشتی بین لەگەڵتدا دێم.

دوایی (کاپتا) خەریکی ئامادەکردنی کەل و پەل و خواردنی سەفەر بوو، چونکە لەم کارەدا لەمن دووربینترو بە تواناتر بوو.

***

١-مەبەست لە (هەمیان)، پشتێنێکی گیرفانەدار بوو کە زێڕ و پارەیان لە ناو ئەو گیرفانەدا دەشاردەوە - وەرگێڕ.

لە وڵاتی ((هاتی))

خەڵکی ئەوەندە لە ناوی هاتی دەترسێن کە ئەگەر من بڵێم(هاتی) وڵاتێکی هێمن و ئارامە، کەس باوەڕ ناکات کە راست دەکەم. ئەگەر چی دانیشتووانی (هاتی) خەڵکانێکی تووڕەو گرژن و لە جەنگەکاندا بێ بەزەیین، بەڵام لەناو وڵاتەکەیاندا کە زیاتر هەرێمێکی شاخاوییە هێمنی و ئاسایش بەرقەرارە.

لە(هاتی) ئەگەر پارەی کەسێک لە رێگاوبانەکاندا بدزرێ، پاشای ئەو وڵاتە دوو ئەوەندەی ماڵە دزراوەکەی دەداتێ و هەرکاتێ یەکێک بەر شاڵاوی چەتەکان بکەوێت و لەرێگادا بکوژرێ بە قەدەر ئەوەندەی کە کوژراوەکە لە کاتی ژیانیدا سامانی بەدەست هێناوە پارە دەداتە کەسوکاری کوژراوەکە، بە جۆرێک کە لە رووی بژێوییەوە نیگەرانی و گرفتیان نەبێت. بۆیە سەفەرەکەی ئێمە لە جادەکانی وڵاتی (هاتی) بەبێ هیچ رووداوێکی ئەوتۆ تێپەڕ بوو و گالیسکە جەنگییەکانی پاشا لە پێش و دوای ئێمەوە دەڕۆیشتن و هەموو رۆژێک خواردەمەنییان بۆ ئێمە ئامادە دەکرد تا گەیشتینە شاری (ختوشە) کە پایتەختی وڵاتی (هاتی)یە.

کاتێ باس لە شارە گەورەکانی دنیا دەکرێت خەڵکی ناوی شارەکانی **تەبەس** و بابل و نەینەوا دەهێنن. من نەینەوام نەبینیوە و نازانم چۆنە بەڵام دەتوانم بڵێم شاری (ختوشە) پایتەختی (هاتی) لە هەندێ رووەوە تەنانەت لە **تەبەسیش** باشترە. لەم شارەدا پاشایەک فەرمانڕەوایی دەکات کە هەم سەرۆکی وڵاتەکەیە و هەمیش سەرۆکی ئایینییە. هەروەها دادوەری گەورەی ئەوێشە و من باوەڕ ناکەم لە هیچ جێگایەکی دنیادا پاشایەک هەبێت کە بەقەدەر ئەو بە دەسەڵات بێت.

مرۆڤ کاتێک دێتە وڵاتی (هاتی)یەوە و چاوی بە شاخە وشکەکانی دەکەوێت سەری دەسوڕمێ کە چۆن دەگونجێ ئەم وڵاتە کە هەتاوی سووتێنەر لە چیا وشکەکانی دەدات داهاتی هەبێت. تەنانەت مرۆڤ لەخۆی دەپرسێ بە چ شێوەیەک خەڵکی لەم شاخانەدا دەژێن و چۆن لە بێ ئاویدا نامرن، بەڵام لەم وڵاتە سەیرەدا، لەو وەرزەی کە رووباری نیل ئاوەکەی هەڵدەستێ (وەرزی پاییز – وەرگێڕ) هەوا سارد دەبێت و لە ئاسمان پەڕی سپی دێتە خوار و ئەم پەڕانە هەموو کێوەکان دادەپۆشێ و دوایی لە وەرزی گەرما، دەتوایەوەو دەبوو بە ئاو. من دەزانم کە ئێوە باوەڕ بەم قسەیە ناکەن بەڵام من بەچاوی خۆم کێوە بەرزەکانی (هاتی)م بینی کە بەو پەڕە سپیانە داپۆشرابوون. ئەم پەڕانە بە درێژایی ساڵ ئاوی ئەو وڵاتەیان دابین دەکرد بە شێوەیەک کە خەڵکی نەک هەر ئاژەڵەکانیان تێر ئاو دەکرد و تێنوێتیی خۆشیان پێ دەشکاند بگرە بەو ئاوە زەوی و زارەکانیشیان تێراو دەکرد.

بەقەدەر ئەوەندەی کە دانیشتووانی هاتی لەناوخۆدا ئارامن بە هەمان ئەندازە لەگەڵ دراوسێکانیاندا ناکۆکن و بەهانەیان پێ دەگرن و بەردەوام نیشانەکانی سەر سنووریان دەبردە دواوە کە بتوانن خاکی دراوسێکانیان داگیر بکەن.

لە سنووری سووریا شوورەیەکی گەورەیان دروست کردبوو کەدیوارەکانی بەبەردی گەورە هەڵچنرا بوو و ئەم دیوارە دەبڕوانییە هەرێمێکی بەرفراوان و هەموو ئەو کاروانانەی کە لە سووریاوە بۆ (هاتی) دەڕۆیشتن و بەوێدا تێ دەپەڕین، دەبووایە (باج)یان بدایەتە فەرمانبەرەکانی(هاتی) کە بنکەیان لە چەقی ئەو شوورەیەدا بوو.

هیچ کام لە کاروانەکان دوای چوونە ژوورەوە بۆ وڵاتی هاتی ، بۆیان نەبوو لە شارێ لابدەن و ئەگەر لایان بدایە ماڵ و گیانیان لەکیس دەچوو و داراییەکەیان تاڵان دەکرا و ئەگەر بەرگریشیان بکردایە دەکوژران و ئەگەریش خۆیان تەسلیم بکردایە، بەدیل دەیانگرتن و دەیانکردنە کۆیلە. دەوڵەمەندیی دانیشتووانی

(هاتی) سێ سەرچاوەی هەیە یەکەمیان ئەو باجە بوو کە لە کاروانەکان و ڕێبوارانیان دەسەند ، دووەم لە ڕێگای پەلاماردانی ولاتانی دەوروبەر، سێیەم بەهۆی دەرکردنی زێڕو مس و کانزایەکی تایبەتی تر کە ڕەنگی خۆڵەمێشی و مەیلەو شین بوو و پێیان دەوت ئاسن، من نازانم دانیشتووانی (هاتی) چۆن ئەم کانزایەیان دەردەهێناو چەکیان لێ دروست دەکرد، چونکە ئاسن وەک مس نەدەتوایەوە و من خۆم یەکێ لە کانەکانی ئەوانم بینی کە ئاسنیان لێ دەردەکرد، بەلام نەمتوانی تێبگەم چۆن لە بەردی کان بۆ دروست کردنی ئاسن کەڵک وەردەگرن.

شاری(ختوشە) لەناوەندی هەرێمێکی شاخاوی دروست کرابووو بنارەکانی شاخ بە داری میوە داپۆشرا بوو و لە داوێنی شاخەکانیش جۆگەلەی ئاو دەڕژان.

لەشاری (ختوشە) بینایەی ترسناکی لێ دروست کرابوو چونکە ئەو بالاخانانەیان بە بەردی گەورە دروست کرد بوون و هەندێ لەو بینایانە ئەوەندە بەرز بوون کە مرۆڤ لێیان دەترسا و هیچ بیانییەک نەیدەتوانی بچێتە ناو شاری (ختوشە)وە مەگەر لەگەڵ ئەو دەستانە بووایە کە ساڵی جارێک (باج) یان بۆ پاشا دەهێناو هەر لەبەر ئەوەش شاری (ختوشە) وەک بابل و **تەبەس** ناوبانگی نەبوو.

لەم شارەدا دانیشتووان لەگەڵ بیانییەکاندا قسەیان نەدەکرد و ئەگەر بیانییەک پرسیاریشی لێیان بکردایە و ئەوان زمانە بیانییەکەشیان بزانیبایە دەیانوت تێناگەین یان نازانین، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکانێکی هێمن بوون و لەگەڵ بێگانەکاندا دژایەتییان نەدەکرد.

جل و بەرگی گەورەکانی ئەم شارە دیدەنییە و کراسی درێژ لەبەر دەکەن و فەقیانەی کراسەکانیان ئەوەندە گەورەیە کە سەرێکی فەقیانەکەیان دەگەیشتە زەوی و لەسەر سینەی کراسەکەیان بازنەی باڵداریان لێ نەخشاندبوو و کلاوی درێژ و نووک تیژیان هەبوو دەموچاویان وەک میسرییەکان دەتاشی و هەندێ لە

گەورەکان تەنانەت سەریشیان وەک دەمو چاویان لەموو پاک دەکردەوە بەلام لە ناوەڕاستی سەریان کاکۆڵێکی بەرزیان دەهێشتەوە. گەورەکان و دەوڵەمەندەکانی هاتی وەک هەموو گەورە پیاوانی دنیا قەڵەون و دەموچاوێکی گۆشتن و روونیان هەیە و دیار بوو خواردنیان زۆر دەخوارد.

(ختوشە) پایتەختی پاشای (هاتی)، بەپێچەوانەی **تەبەس** و بابل شارێکی بازرگانی نییەو تیایدا کڕین و فرۆشتن ناکرێ بەلام شارێکی پیشەسازی بوو و لە بەیانییەوە تا ئێوارە لەم شارەدا دەنگی کانزاکاری دەهاتە گوێ و هەمیشە لەوێ هەر چەک دروست دەکرا.

دانیشتووانی (هاتی) بەپێچەوانەی گەلە شارستانییەکان، سەربازی بەکرێگرتەی بیانییان نەبوو و هەموو سەربازەکانیان خەڵکی ناوچەکە بوون و من واهەست دەکەم لەبەر دوو هۆکار ئەوان سەربازی بیانییان بە کرێ نەدەگرت یەکێکیان لەبەر ئەوەی بیانییەکانیان وەک خۆیان بە ئازا نەدەزانی و دووەمیان ئەوەبوو کە وایان بیردەکردەوە بەکرێگرتە هەرچەندە ئازا بێت دیسانەوە هەر بە کرێگرتەیەو بەقەدەر سەربازێکی خۆیی دڵسۆز و تێکۆشەر نییە.

لە(هاتی) سەرۆکی ناوچە هەبوو و هەرکامێک لەو سەرۆکانە لە ناوچەکەی خۆیدا سەربەخۆیی ناوخۆیی هەبوو بەلام گوێڕایەڵی پاشای هاتی بوون.

شێوەی دادپەروەری لە (هاتی) ئەوەندە سەرسوڕهێنەرە کە گەلانی شارستانی ناتوانن باوەڕ بکەن . لەم ولاتەدا ئەگەر یەکێ لە پاشاکانی ناوچەکان دژی دەسەلاتی پاشای(هاتی) بوەستێتەوە و بیەوێت لەسەر تەخت لای بدات، نایکوژن بەڵکو بۆ یەکێ لە سنوورەکانی دەنێرن بۆ ئەوەی لە شەڕدا لەگەڵ ولاتانی تر فێری ئەزموون ببێت و ببێتە خاوەن کەسایەتییەکی جەنگی و لە(هاتی) ئەگەر یەکێ یەکێکی تر بکوژێت لەسێدارەی نادەن بەڵکو بکوژ دەبێ خوێن بەهای کوژراوەکە بداتە کەسوکارەکەی.

لەم ولاتە ئەگەر ژنێکی مێردار حەز لە پیاوێکی تر بکات نە ژنەکە

سزادەدەن ونە پیاوەکە، بەڵکو ژنەکە مافی ئەوەی هەیە کە لە ماڵی مێردەکەی بڕوات و لە ماڵێکی تردا نیشتەجێ بێت، بەڵام دەبێت زەرەری پیاوەکە بە زێڕ یان مەڕوماڵات بژێرێ. ئەگەر ژن و پیاو دوای ژن ومێردایەتییان منداڵیان نەبێت، ئەو ژن و مێردایەتییە بەتاڵ دەکرێتەوە و ژن یا پیاوەکە ناچار دەبن بۆ ئەوەی ببنە خاوەن منداڵ هاوسەرێکی تر هەڵبژێرن چونکە پاشای (هاتی) داوای منداڵی زۆر لە ژێردەستەکانی خۆی دەکات.

یەکێ لە نەریتە سەیرەکانی ئەم گەلە ئەوەیە کە ئەگەر یەکێک مرۆڤێک لە بیابانێکی چۆڵ یان شوێنێک کە خەڵکی لێنییە بکوژێ، ئەو خوێن بەهایەی کە دەیدات لەوە کەمترە کە لەشوێنێکی قەرەباڵغ وەک شارەکان یان شوێنێک کە دانیشتووانی زیاترە کوشتبێتی چونکە باوەڕیان وابوو کە ئەو کەسەی بۆ شوێنێکی چۆڵ دەڕوات خۆی هانی خەڵکی دەدات کە بیکوژن.

یەکێ لە یاسا پێکەنیناوییەکانی ئەم وڵاتە ئەوەیە کە خوشک و برا نابنە هاوسەری یەکتری و هاوسەرێتی خوشک و برا بە یەکێک لە گەورەترین تاوانەکان دادەنرێت و لە سێ حاڵەتدا لە(هاتی) سزای لەسێدارەدان ڕێگا پێدراوە کە یەکێکیان هاوسەرێتیی خوشک و برایە.

کاتێ کە چوومە وڵاتی (هاتی) یەوە بەخۆمم وت لەبەر ئەوەی دانیشتووانی ئەو وڵاتە خەڵکانێکی زەحمەتکێشن و راهاتوون کە لە هەوای ساردا بژین و منداڵی کەم ئەندام و لاواز لە کاتی لەدایک بوونیان دەکوژن(تاکو لە داهاتوو دا خەڵکانێکی لاواز نەبن)، ئیتر پێویستییان بە پزیشک نییەو من بیستبووم کە لەو وڵاتەدا کاتێک کە یەکێکیان نەخۆش دەکەوت مردنی پێ باشتر بوو وەک لەوەی چارەسەر بکرێ چونکە نەیدەتوانی دان بەوەدا بنێت کە نەخۆشە. من دەمزانی کە دانیشتووانی (هاتی) لەمەرگ ناترسێن بەڵام ترسیان لەکەم توانایی هەبوو، بەڵام سەرنجم نەدابوو کە لەم وڵاتەشدا هەندێک لە گەورەکان هەن و پیاوە بەرزەکان و دەوڵەمەندەکان لە هەموو جێگایەکی دنیادا تەمەڵ و لەش

پەروەرن و لە مردن دەترسێن و خۆیان چارەسەر دەکەن تا نەمرن. بۆیە هەندێ لەو پیاوانە لە کاتی شەودا بە کراسی ئاساییەوە دەهاتنە لام و من چارەسەرم دەکردن و زۆربەیان لەو نەخۆشییانە رەنجیان دەبرد، کە هۆیەکەی خواردنەوەی زۆر بوو و گەورەکانی (ختوشە) شەرابیان زۆر دەنۆشییەوەو دەستیان بەهۆی زیادەنۆشی لەرزۆک ببوو و زۆربەیان داوایان لێ دەکردم لەرزۆکیی دەستیان چاک بکەمەوەو من ئەوانم بەهۆی دەرمانی هێور کەرەوە و خۆشۆرینیان چاک دەکردەوە.

یەکێ لەو شتانەی کەبووە هۆی ئەوەی گەورەکانی شار لەگەڵمدا ببنە دۆست ئەوە بوو کە(مینا) لە بەردەم ئەواندا سەمای دەکردو هەر جارێک کە ئەوان دەهاتنە ماڵی من بە مینام دەوت لەبەردەمیاندا سەما بکات و ئەوان دیاریی گرانبەهایان دەدا پێی و منیش زێڕو پارەم لە نەخۆشەکان وەردەگرت و لە ماوەیەکی کەمدا دەوڵەمەند بووم، ئەگەرچی ئەو کاتەی هاتمە(هاتی)یەوە وام بیردەکردەوە کە بە گیرفانێکی بەتاڵەوە لەوێ دەگەڕێمەوە.

یەکێ لەوکەسانەی کە لەگەڵمدا ببووە دۆست نامەنووسی پاشای(هاتی) بووکە چەند زمانی دەزانی و نامەی پاشا بیانییەکانی بۆ دەخوێندەوە و وەڵامی نامەکانی ئەوانی دەنووسییەوە. رۆژێکیان ئەو پیاوە لەماڵی من شەرابی دەنۆشییەوە و سەیری سەمای(مینا)ی دەکرد کە زۆر حەزی لێ بوو و من لێم پرسی بۆچی پاشاکەی ئێوە شاری(ختوشە)ی بە رووی بیانییەکاندا داخستووە و ناهێڵێت کەس بێتە ناو ئەم شارەوە و بۆچی لەم وڵاتەدا کاروانەکان بۆیان نییە لە ڕێگاکان لابدەن، ئایا باشتر نییە گەلانی تر بۆ ئەم شارە بێن و دەسەڵات و گەورەیی پاشای (هاتی) ببینن و بڕۆن و بۆ خەڵکی تری بگێڕنەوە؟ نامەنووسەکە وتی: ئەو رۆژەی پاشاکەی ئێمە، (شوبیلو لیوما) هاتە سەر تەخت وتی، (٣٠ ساڵ مۆڵەتم بدەنێ، من هاتی دەکەمە بەهێزترین وڵاتی دنیا)و لە بەر ئەوەی بە زوویی ئەم ماوەیە تەواو دەبێت لەو باوەڕەدام لە داهاتوودا وڵاتانی تر ناوی ئێمە دەبیستن.

وتم ئەو کاتەی من لە بابل بووم شەست جار شەست دەستەی شەست سەربازیم بینی کە بە بەردەم پاشای بابل-دا ڕۆیشتن و کاتێ هەنگاویان دەنا وەک ئەوە بوو گوێت لە شەپۆلەکانی دەریا بووبێت. بەڵام لێرە دە جار دە سەربازیشم نەبینیوە کە بەرێدا بڕوات و بەم حاڵە، ئەی بۆچی ئەم هەموو چەکو گالیسکەیە دروست دەکەن، چونکە ناتوانن کەڵکی لێ وەربگرن.

نامەنووسی پاشا پێکەنی و وتی ئێمە لەبەر ئەوە چەک دروست دەکەین کە بە خەڵکی بفرۆشین و نان پەیا بکەین.

من بە پێکەنینەوە وتم هەرگیز گورگ ددان و چنگەکانی خۆی نافرۆشێتە کەروێشک. نووسەرەکەی پاشا بەم قسەیە زۆر پێکەنی و وتی ئەم قسەیە بۆ پاشا دەگێڕمەوەو دڵنیام بەم قسەیە خۆشحاڵ دەبێت. لە وڵاتی ئێمەدا بە پێچەوانەی وڵاتەکانی تر دەوڵەمەندەکان بەسەر هەژارەکاندا حوکم ناکەن بەڵکو دەستەڵاتداران بەسەر بێ دەسەڵاتەکاندا حوکم دەکەن چونکە گورگ بۆ ئەوە دروست بووە فەرمانڕەوا بێت لەسەر کەروێشک و من دڵنیام بەر لەوەی تۆ (سینۆهە) مووەکانت سپی بێت دەبینی کە چۆن وڵاتێکی بەهێز کە بۆ فەرمانڕەوایی دروست بووە بەسەر هەموو وڵاتە لاوازەکاندا حوکم دەکات.

من خۆم لەسادەیی و نەفامی دا و وتم وەک چۆن کە ئێوە خوایەکتان هەیە کە بەتەمایە فەرمانڕەوایی بەسەر گەلە بێ دەسەڵاتەکاندا بکات، لە وڵاتی میسریش فیرعەون خوایەکی تازەی پەیا کردووە. نامەنووس وتی من لەبەر ئەوەی نامەی پاشا بیانییەکان دەخوێنمەوە نامەی پاشای میسریشم خوێندووەتەوەو دەزانم کەخوای تازەی ئەو زۆر حەزی بە ئاشتییەو دەڵێت هیچ ناکۆکییەک لەنێوان گەلاندا نییە کە نەتوانرێ بە ئاشتی چارەسەر بکرێ و تەنانەت فیرعەونی ئێوە پارچەیەک زێڕی بۆ ئێمە ناردووە کە لە شێوەی (موجەب-کۆ)-(واتە شێوەی خاچ-وەرگێڕ)دایەو دەڵێت ئەمە هێمای ژیان و ئاشتییە. نامەنووس کاتێ ئەم قسەیەی کرد دوو پەنجەی خۆی خستە سەر یەکتری کە پێم نیشان بدات ئەو زێڕە

چ شێوەیەکی هەیە[١].

دوایی وتی ئەگەر فیرعەونی ئێوە زێڕمان بۆ بنێرێت کە ئێمە بتوانین بەو زێڕە کرێی پیشەسازەکانی خۆمان بدەین کە چەکمان بۆ دروست دەکەن، ئەوا تا چەند ساڵێکی تر ئاشتی دەبینێت. بەڵام ماوەی ئەو ئاشتییە کورتە چونکە هەر ڕۆژێ پاشاکەی ئێمە بۆی دەرکەوێ کە بایی پێویست چەکی دروست کردووە و ئازووقەشی پەیداکردووە، لەو ڕۆژەدا فیرعەونی میسریش دەبێ وەک دەستەڵاتدارانی تر ملکەچی پاشای ئێمە بێت، ئەگەر نا ئەو و هەموو ژێر دەسەکانی کۆمەڵکوژ دەکەین. بەڵام ئەمانە بابەتێکن کە عەقڵی پزیشک ناتوانێ بۆی بچێت چونکە پزیشک توانای تێگەیشتنی ڕووداوەکانی ئایندەی نییە.

وتم لەبەر ئەوەی پزیشکیش وەک خەڵکی ئەقڵی هەیە، ئەگەریش نەتوانێ لە هەموو ڕووداوەکانی داهاتوو تێ بگات، هەر نەبێ دەتوانێ لە هەندێکیان بگات و من پێشبینی دەکەم ساڵەکانی داهاتوو ببێتە سەردەمی سک تێریی باڵندە لاشەخۆرەکان و کەمتیارەکان. چونکە کۆمەڵێکی زۆر دەکوژرێن و کەس لاشەکانیان کۆناکاتەوە تا مۆمیایی بکەن و بیخەنە گۆزەوە، یان لەژێر خاکدا بیشارنەوە.

ئەو پێکەنی و من وتم بەر لەوەی بۆ وڵاتی (هاتی) بێم بیستبووم ئێوە ئەو کەسانەی کە لە جەنگدا بەدیل دەیانگرن، کوێریان دەکەن و لەئاشەکانتان دەیان بەستنەوە بۆ ئەوەی بەردی ئاشیان پێ بسووڕێننەوە و من باوەڕم بەم قسەیە نەدەکرد، بەڵام لەم وڵاتە بە چاوی خۆم ئەوانم بینی و ئەم کردەوەیە لە گەلێکی شارستانی چاوەڕوان ناکرێت و هەروەها بیستم کە ئێوە لە سەر سنوورەکانتان لە کاتی داگیر کردنی زەویی وڵاتانی تر تاوانکاریی دڵتەزێن و بێ بەزەییانە ئەنجام دەدەن و دەستی خەڵکی دەبڕنەوەو پێستی سەریان دەدەنەوە بەسەر دەم وچاویان و هەندێ لەو کەسانەش لەشیش دەدەن. ئەم کردەوە دڕندانەیە شایانی دڕندەکانە،

نەک مرۆڤی شارستانی. پیاوەکە وتی ئێمە لەبەر ئەوەی کە گەلێکی شارستانین چاوی ئەسیرەکانمان کوێر دەکەین و دوایی لە ئاشەکانی خۆمان دەیانبەستینەوە، چونکە ئەگەر چاویان ببینێ، زەوی و ئاسمان و باڵندەکان دەبینن و خەمبار دەبن کە بۆچی ئازاد نین و دوایی هەوڵی راکردن دەدەن و بەردەوام بۆ ئێمە دەبنە ئەرک و تووشی زەحمەتمان دەکەن. بەڵام لەبەر ئەوەی کوێرن و بیر لە راکردن ناکەنەوە ئێمە ناچار نابین بەردەوام کۆمەڵی سەربازی خۆمان بکەینە پاسەوانی ئەوان، بەڵام بابەتی بڕینەوەی دەستی دانیشتووانی سنووری وڵاتانی تر و لێکردنەوەی پێستی سەریان و لەشیش دانیان بەرژەوەندییەکی تایبەتی تیایە، کە دەگەڕێتەوە بۆ شارستانیبوونی ئێمە، چونکە ئێمە نامانەوێت لەو وڵاتانەدا خەڵک بکوژین و ببینە هۆی ئەوەی کە ئەوانەی دەتوانن کارمان بۆ بکەن و باجمان بدەنێ لەناو بچن و هەروەها نامانەوێ بەهۆی شەڕەوە شارەکانیان وێران ببێت و زەوی و زار و باخەکانیان لەناو بچێت کە لەدوای داگیر کردنی ئەو وڵاتانە هیچمان پێ نەبڕێت. ئێمە دەزانین کە بۆ ملکەچ کردنی وڵاتانی دەوروبەر باشترین رێگا ترساندنیانە چونکە ئەو گەلەی ترس دایدەگرێت وەک سوپایەک وایە کە بەر لە دەست پێکردنی شەڕ بشکێت و ئەم گەلە ئیتر ناتوانێت بەرەنگاری دوژمن ببێتەوە و خۆی لەدەسەڵاتەکەی رزگاربکات.

لەبەرئەوە ئێمە لەسەر سنوورەکانی خۆمان و لە خاکی وڵاتانی تردا ئەم کردارانە دەکەین کەخەڵکی بترسێن و پێشاوپێشی دوژمنەکانی خۆمان دامرکێنینەوە. وتم مەگەر هەموو گەلانی جیهان دوژمنی ئێوەن، ئایا لەناو ئەو وڵاتانەدا دۆستتان نییە. نامەنووسی پاشای هاتی وتی دۆستەکانی ئێمە بریتین لەو وڵاتانەی ملکەچمان دەبن و باجمان دەدەنێ، ئەوسا ئێمە وازیان لێ دەهێنین کە داب و نەریتی خۆیان بپارێزن و خوایەکانی خۆیان بپەرستن. هەروەها لە دۆستەکانی ئێمە ئەو وڵاتانەن کە هێشتا نەبوونەتە دراوسێمان چونکە هەر ئەوەندە بوونە دراوسێمان ئەوەندە بەهانەیان پێ دەگرین تا لەگەڵیاندا دەکەوینە

شەڕو خاکەکەیان داگیر دەکەین، یان وایان لێ دەکەین باجمان بدەنێ. لەو رۆژەی کە(هاتی) دروست بووە ئەم نەریتە لە نێوان ئێمە و خەڵکدا باو بووە و لەمەو بە دواش هەر وا دەبێت.

وتم ئایا خوایەکانی ئێوە دەست لەم کارانەی ئێوە وەرنادەن چونکە لە وڵاتانی تر خوایەکان دروست لە نادروست و حەقیش لە ناحەق جیادەکەنەوە. نامەنووسەکە وتی ئێمە لەبارەی راست و ناڕاست و حەق و ناحەق باوەڕێکی سادەو روونمان هەیە.

چاک و خراپ بریتییە لەو شتەی لەگەڵ ویستمان یەک دەگرێتەوە و نادروست و ناحەقیش ئەوەیە کە حەزمان لێی نییە، سینۆهە بڕوابکە لە نێوان ئایینی ئێمە و ئایینی ئێوەو وڵاتانی تر جیاوازی نییە، چونکە لەلای ئێوە و وڵاتانی تر حەق و راستی ئەو شتەیە کە دەوڵەمەندەکان بیانەوێت و ناڕاست و ناحەقیش ئەوەیە کە بە دڵی هەژارەکان بێت. (سینۆهە) لەبەر ئەوەی تۆ پزیشکی ئەقڵت لەوە بچووکترە کە هەست بەم بابەتە بکەی و تێبگەی کە لە سەرەتای ژیانەوە تا ئەمڕۆ هەرچییەک دەوڵەمەندەکان وتبێتیان حەق بووەو هەرچی هەژاران بەسەر زمانیاندا هاتبێ حوکمی بەتاڵیان بەسەرا داوە. تا کۆتایی دنیاش هەروا دەبێت و هەمیشە دەوڵەمەندەکان لەسەر حەقن و هەژاران ناحەقن.

تەنیا شێوەی دەرەوەی دەوڵەمەندەکان دەگۆڕێ و لە هەر سەردەمێکدا شتێک دەبێتە نیشانەی دەوڵەمەندی. رۆژێک مەڕو مانگا نیشانەی زەنگینییەو رۆژێ تر زێڕو پارە و رۆژێکی دیکە پلەو پایەی تایبەت، رۆژی دواتر هەبوونی ناونیشان، وەک ناوی پزیشک یان جادووگەر یان نامەنووسی پاشاو تا جیهان بمێنێ قسەی هەژاران بێ بایەخەو هەرچی بڵێن بەتاڵە. ئەگەر دەوڵەمەندەکان چاوی هەژارەکان کوێر نەکەن و لە ئاشەکاندا بیانبەستنەوە، بە رێگایەکی تر دەیانچەوسێننەوە، چونکە دنیا بەم شێوەیە دروست بووە و دەشبێ وا بێت و هەژار لەبەر ئەوە دروست بووە کە بتوانێ هۆی حەسانەوەی دەوڵەمەندەکان دابین

بکات و خۆی بەردەوام برسی بێت و لە زەحمەتکێشاندا بێت. باشییەکی تری شارستانییەتەکەی ئێمە بەسەر شارستانیی ئەوانی تردا ئەوەیە کە ئێمە دەوڵەمەندین و گەلانی تر ملکەچ و گوێڕایەڵ و نەدار دەکەین، بۆ ئەوەی بەردەوام کارمان بۆ بکەن و دەستڕەنجی خۆیان وەک باج بدەن بە ئێمە تاکو بە ئاسوودەیی و بەختیارییەوە ژیان ببەینە سەر. بەڵام سەبارەت بە خوایەکەمان، دەبێ بڵێم کە چینی تایبەتی وڵاتی ئێمە دووشتە یەکێکیان ئاسمانە و ئەوی تریان زەوییەو هەموو ساڵێ لە وەرزی بەهاردا لە خۆشیی ئەم دووانە دەیکەینە جەژن و ڕێگا بە خەڵکیش دەدەین کە ئەوانیش بتوانن بیکەنە جەژن، چونکە گەل ساڵی جارێک دەبێ ئازاد بکرێت بۆ ئەوەی ڕۆژێک لە خۆشیدا بن و باشترین وەرز بۆ ئازاد کردنی خەڵکی وەرزی بەهارە چونکە لەم وەرزەدایە کە زەوی لە ئاسمان ئاوس و دووگیان دەبێت و ژیانی دووبارەی خۆی دەست پێ دەکاتەوە. مرۆڤیش وەک زەوییە و ئێمە گرنگییەکی زۆر دەدەینە دووگیان بوونی ئافرەتان، چونکە میللەتێک کە بیەوێت بەسەر جیهاندا فەرمانڕەوایی بکات، دەبێ خاوەنی منداڵی زۆر بێت. بۆ ئەوەی لەسەر زەویدا پەرە بەدەسەڵاتەکەی بدەن.

خەڵکی سادەی ئێمە وەک چینە ساکارەکانی وڵاتانی تر، خوایەکی زۆریان هەیە، بەڵام ئێمە بایەخ نادەینە باوەڕی ئەوان و نەڕێگەیان لێ دەگرین کە دەست لە باوەڕەکەیان هەڵبگرن و نە هانیشیان دەدەین، چونکە باوەڕی ئەوان لە رووی رامیارییەوە هیچ سوودو زیانێکی بۆ ئێمە نییە. ئێمە هانی لایەنگری و پەرستشی ئەو خوایانە دەدەین کە پشتگیری لە زۆرداری و تۆقاندن دەکەن، چونکە بە زۆرداری دەبێ بەسەر خەڵکیدا فەرمانڕەوایی بکەین و بە هەڕەشەکردن بیانترسێنین بۆ ئەوەی ملکەچمان بن. ئەگەر ڕۆژێک ئێمە بۆ خوایەکانی زۆرداری و تۆقاندن پەرستگا دروست بکەین. ئەو پەرستگایانە لە جومجومەی سەری مرۆڤ دروست دەکەین بەڵام ئەگەر تۆ دوای دەرچوونت لەم وڵاتە، ئەم قسانە بۆ خەڵکی بگێڕیتەوە کەس باوەڕت پێ ناکات چونکە هەموو ئەو میللەتانەی کە

لێمانەوە دوورن وا دەزانن کە ئێمە گەلێکی شوانکارە و ئاژەڵدار و هەژارین، کە لە شاخەکاندا بە هەژاری دەژیین و توانای ئاغایی و فەرمانڕەواییمان بەسەر خەڵکیدا نییە.

نامەنووسی پاشا لە دوای ئەم قسانە ڕۆیشت و دوای ڕۆیشتنی ئەو بە (مینا)م وت من لە مانەوەمان لە ئەم وڵاتە تێر بوومە چونکە ئەوەی پێویستم بوو زانیم و لەمەودوا ئەگەر لێرە و بەتایبەتی لەم شارەدا بمێنینەوە دوور نییە بکوژرێین و ئەگەر بەشێوەیەکی ئاسایی بیانکوشتینایە زۆر نەدەترسام، بەڵام لەم وڵاتە کاتێک کە دەیانەوێ بیانییەکان بکوژن پێستەکەیان لێ دەکەنەوە، یان لە (شیش)یان دەدەن. لەبەرئەوە دەبێ هەرچی زووترە لەم شارە بڕۆین و گیانمان رزگاربکەین.

لە ڕۆژەکانی تر من لەو نەخۆشانەی دەهاتنە لام بیستم، کە هەر کەسێ لە وڵاتی (هاتی)دا باوەڕێک جگە لە باوەڕی ڕەسمیی حکومەت بڵاوبکاتەوە بە تاوانی جادووگەری لە شیشی دەدەن، بەداخەوە من چەندین جار هەندێ شتم وتبوو کە وەک بیروباوەڕی ڕەسمی حکومەتی (هاتی) نەبوو و لەوانەبوو هەر کاتێک منیان بگرتایە لە شیشیان بدامایە، بۆیە بەنەخۆشەکانی خۆمم وت، بەتەمام بگەڕێمەوە و لەبەرئەوەی ئەوان لە دام و دەزگای حکومەتدا دەسەڵاتیان هەبوو ئیزنی ڕۆیشتنیان بۆ وەرگرتم و بڕیاردرا کە من بە ڕێگایەکی تایبەتدا بڕۆم و لەوێوە خۆم بگەیەنمە کەناری دەریا.

***

١- ئەو شتانەی کەخوێنەران سەبارەت بەباری ژیانی گەلان و داب و نەریت و ناوی پاشاکان دەیخوێننەوە، هەروەها ئەم (خاچ)ەش کە لێرەدا باس دەکرێت لەبەڵگەنامە مێژوییەکانەوە وەرگیراوە و سەنەدی هەیە و بایەخی ئەم کتێبەی نووسەری فینلەندی دەگەڕێتەوە بۆ بەڵگەدارێتیی دیرۆکی کەسەکانی و دەبینین خاچ هێمایەک بووە کە لە چوار هەزارساڵ بەر لەئێستا، واتە دووهەزار ساڵ پێش لەدایک بوونی حەزرەتی مەسیح، بەنیشانەوە ڕەمزی ئاشتی لەقەڵەم دەدرا. وەرگێڕ.

(بەرەو سەر زەمینی «کریت»)

لەگەڵ (مینا)و (کاپتا) بەرێ کەوتین و شاری ترسناکی (ختۆشە) پایتەختی (هاتی)مان بەجێ هێشت کە لە دیوارەکانی ئەو شارە خوێن دەتکایەوەو چارەنووسی ئایندەی جیهانی تیادا گەڵاڵە دەکرا، لە گەڕانەوەدا بەتەک ئاشەکاندا تێپەڕین کە دیلە کوێرەکان دەیانسووڕاندنەوەو بەتەک هەندێ کەسی تردا ڕەت بووین کە بەشیشیانەوە کردبوون و بۆمان دەرکەوت کە جادووگەر بوونە.

دوایی گەیشتینە کەنارەو هەنگاومان نایە بەندەرێک کە لە وڵاتی (هاتی)دا تاکە بەندەرێک بوو کە بیانییەکان دەیانتوانی ئازادانە لە ناویاندا هاتوچۆ بکەن، بەڵام مافی ئەوەیان نەبوو لەو بەندەرەوە بەرەو ناوەوەی وڵات بچن، ئەوێ وەکو هەموو بەندەرەکانی تری دنیا خانەی گشتی و مەیخانەی زۆری تیابوو و لە مەیخانەو ماڵەکانی ئەوێ، بەردەوام دەنگی مۆسیقای سریانی دەهات.

کەشتیوانەکان و کرێکاری کەشتییەکان کاتێ دەهاتنە ناو ئەو بەندەرەوە خۆیان بە بەختەوەر دەزانی چونکە خواردەمەنی و خواردنەوە و ژن لەوێ زۆر بوو و ئەم جۆرە کەسانە جگە لەو سێ شتە هیچی تریان نەدەویست و لە هەر جێگایەک کە ئەم سێیانە هەبووایە خۆیان بە بەختیار دەزانی.

ئێمە ماوەیەک لەو بەندەرەدا ماینەوەو هەرکاتێ کەشتییەک بەرەو دورگەی (کریت) بەڕێ دەکەوت بە (مینا)م دەوت بەو کەشتییە برۆ، بەڵام ئەو وەڵامی دەدایەوە کە ئەم کەشتییە بچووکە و یان دەیوت لە دەریادا نقوم دەبێت، یان ئەم کەشتییە گەورەیە و لە کەشتییەکانی سووریایە و من ئامادەنیم سواری بم، یان دەیگوت کەشتیوانەکە کابرایەکی کەم تەرخەمەو دەترسم لە ڕێگا من بفرۆشێتە

کەشتییی دزە دەریاییەکان.

من لەو بەندەرە دەستم بەکارکردو نەخۆشەکان هاتنە لام، چونکە ناوبانگی پزیشکە میسرییەکان گەیشتبووە ئەو بەندەرەش.

یەکێک لەو کەسانەی بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی هاتە لام فەرماندەی پاسەوانەکانی بەندەر بوو. ئەو پیاوە بەهۆی هەڵسوکەوت کردن و ڕابواردن لەگەڵ ئەوژنانەی کە لە بەندەردا لە میوانخانە و ماڵەگشتییەکاندا (سۆزانیخانە) بوون، تووشی نەخۆشییەک ببوو کەمن لە کاتی مانەوەم لە سووریا (ئەزمیر) ئەو نەخۆشییەم ناسیبوو و شێوەی چارەسەرکردنەکەشی لە پزیشکە سریانییەکان فێربووم.

فەرماندەی پاسەوانەکانی بەندەر نەیدەتوانی لەگەڵ ژناندا کۆببێتەوەو دەیگوت ئەو ژنەم لە شیش دا، کە تووشی ئەم نەخۆشییەی کردم. ئەو پیاوە زۆر لە نەخۆشییەکەی خۆی دڵگران بوو چونکە لەو بەندەرەدا نەریت وابوو ئەو ژنانەی لە مەیخانەکان یان خانە گشتییەکاندا کاریان دەکرد، دەبوایە بەبێ کرێ لەگەڵ فەرماندەی پاسەوانەکانی بەندەردا ڕابیواردایەو لەبەرئەوەی نەیدەتوانی سوود لەو ڕابواردنە خۆڕاییە وەربگرێ لەم نەخۆشییەی دڵگران بوو.

کاتێ کە من چاکم کردەوەو هەستی کرد کە وەکو ڕابردوو لەش ساخییەکەی گەڕاوەتەوە، زۆر خۆشحاڵ بوو و بە منی وت ئامادەم بەقەدەر ئەندامە نەخۆشەکەی لەشم، کە ئێستا چاک بووەتەوە زێڕت بدەمێ وتم من زێڕی تۆم ناوێت و ئەگەر دەتەوێ شتێکم بدەیتێ، ئەو کێردەی خۆتم بدەیە کە بەقەدتەوەیە. فەرماندەکە پێکەنی و وتی ئەم کێردە بەکەڵکی چیت دێت چونکە نە زێڕەو نە زیوبشە، بەڵام من دەمزانی کە ئەو کێردە لەو کانزا سەرسوڕهێنەرە دروست کراوە کە پێی دەڵێن ئاسن و بەهای لە وڵاتانی دەرەوەی هاتیدا ئەوەندە زۆرە کە ئەو کێردە ئاسنییە دە ئەوەندەی کێشی خۆی زێڕ دەکات.

کاتێ کە لە ختوشە بووم دەمویست یەکێ لەو کێردانە بکڕم، بەڵام بۆم

دەرکەوت کە بە بیانییەکانی نافرۆشن و ئەگەر زۆرم لێ بکردنایە لەوانە بوو گومانیان لێم بکردایەو وایان بزانیایە مەبەستێکم هەیە و دەمەوێت ئەو کانزایە لە (هاتی) دەربکەم. بەڵام ئەم کێردە گرانبەهایە بۆ خودی دانیشتووانی هاتی ئەوەندە بەنرخ نەبوو، چونکە دەیانتوانی بە ئاسانی کێردی تری وەک ئەوە بکڕنەوە، کاتێ فەرماندەی پاسەوانەکان زانیی کە بەراستی کێردەکەیم دەوێت لەبەر ئەوەی دەیزانی بە زوویی لە (هاتی)دەردەچم رازی بوو کە بمداتێ و ئەو کێردە ئاسنییە ئەوەندە تیژە کە لە کێردی چەخماخ باشتر ریش دەتاشێ و دەتوانی بەو کێردە ئاسنییە کێردی مس یان زیو ببڕی.

لەو بەندەرەدا لەوەڕگەیەکی لێ بوو کە دانیشتووانی هاتی گایان لەوێ بەخێو دەکردو گەنجەکان گەمەیان بەوگایانە دەکردو لە بەردەمیاندا سەمایان دەکردو شیریان دەکرد بەپشتیاندا. (مینا) کە ئەو گایانەی بینی زۆر خۆشحاڵ بوو چونکە زانی کە دەتوانێت لەبەر دەمیاندا مەشق بکات.

کاتێ کە من بۆ یەکەمین جار سەمای (مینا)م لە بەردەم گایەکاندا بینی ئەوەندە سەرم سوڕما و ترسام کە وەسەف ناکرێ چونکە گایەکی لەو جۆرە گایانەی کە لە لەوەڕگەکەدا راگیرکرابوو لە فیلە کێوییەکانی باشووری میسر ترسناکتربوون، چونکە فیل ئەگەر حەقیان بەسەریەوە نەبێت، پەلاماری مرۆڤ نادات و ئازاری پێ ناگەیەنێت، بەڵام گا ئازارگەیەنەرە و هەر ئەوەندە مرۆڤ ببینێت یەکسەر پەلاماری دەدات و شاخەکانی وەک کێردو نێزە تیژن و بەیەک قۆچ شاخەکان بە سینگ و سکی مرۆڤدا دەکات و بەرزی دەکاتەوە و دەیکوتێ بەسەر زەویداو دەیداتە بەر لەقە.

(مینا) بە کراسێکی تەنکەوە لەبەردەم گایەک دەستی بە سەماکردن کردو بەلێزانییەکی سەرسوڕهێنەرەوە خۆی لە شاخەکانی رزگار دەکرد و ئەوەندە خێرا دەجووڵایەوە کە چاو نەیدەتوانی بەدوای جووڵەی سەماکەی بکەوێت و هەندێ جار بێباکیی دەگەیاندە ئەو رادەیە، کە بەیەک بزووتن خۆی دەخستە سەر ملی

گایەکەو شاخەکانی بەدەست دەگرت و قاچی دەخستە سەر سەری و تەقڵەیەکی لێدەداو لەسەر پشتی گایەکە دادەنیشت و دوایی دادەبەزی.

کاتێ کە سەماکەی (مینا) تەواو دەبوو گەنجەکان دەسکی گوڵیان بە ملیەوە دەکرد و ئەو کەشتیوانانەی لەوێ بوون وتیان ئێمە لە دورگەی (کریت) سەمای بەردەم گایەکانمان بینیوە، بەڵام هەرگیز نەمانديوە یەکێ بەو جورئەتە و بەو خێراییە سەما بکات.

کاتێ کە لە لەوەڕگەکە گەڕاینەوە خەم دایگرتم، لەبەرئەوەی دەمزانی ئەو گایەی ئەو لەبەردەمیدا سەما دەکات، دوایی ئەو کچە گەنجە دەکاتە بەڵاو گێری خۆی، چونکە (مینا) بەتەمابوو خۆی بکاتە قوربانی بۆ خوایەکەی خۆی و خوای ئەویش گایەک بوو یان لەگا دەچوو، دوایی کەشتییەک لە کەشتییەکانی دورگەی (کریت) هاتە ناو بەندەرەکەوەو ئەو کەشتییە نەگەورە بوو نە بچووک و کەشتیوانەکەی پیاوێکی چاک دەهاتە بەرچاو.

(مینا) وتی من بەم کەشتییە بۆ دورگەی (کریت)دەچم کە خۆم بگەیەنمە خوایەکەم و تۆش دوای رۆیشتنی من دەتوانی باشتر خەریکی ژیان و کارەکانت بیت و دەزانم بەهۆی رزگارکردنی من لە بابل زیانێکی زۆرت کرد و دواییش لەبەرئەوەی نەتدەویست من لە (هاتی)رابگری گەڕایتەوە.

وتم (مینا) من ناتوانم بهێڵم کە تۆ بە تەنیا بچی بۆ دورگەی (کریت). مینا وتی بۆچی حەز ناکەی بە تەنیا بڕۆم؟ ئەگەر لە کەشتیوانەکە دەترسێی، بزانە کە ئەو پیاوێکی چاکەو لە رێگا نامفرۆشێتە چەتە دەریاییەکان و من بە سەلامەتی دەگەمە دورگەی (کریت). وتم مینای من، دەزانم کەشتیوانەکە پیاوێکی چاکە و ناتفرۆشێ، بەڵام تۆ دەزانی کە بۆچی دەمەوێت لەگەڵ تۆدا بێم بۆ (کریت)و دەزانی دڵم پێتەوەیە.

(مینا) دەستی خستە سەردەستم و وتی (سینۆهە) من لە بەسەربردنی ژیان لەگەڵ تۆدا لەزەتم کرد، چونکە منت بۆ چەند وڵاتێک بردو گەلانی ئەو وڵاتانەت

نیشان دام و من بە دیتنی ئەو وڵاتانە وەها سەرگەرم و مەشغووڵ بووم کە وڵاتەکەمم لەبیر چوو. لەبەر ئەوە هەرکاتێ کە تۆ دەتگوت برۆ بۆ (کریت) من بە بەهانەیەک سەفەرەکەم دوا دەخست چونکە نەمدەویست لە تۆ جیا ببمەوە. بەڵام لە دوای ئەوەی لەبەردەم گایەکاندا سەمام کرد، هاتەوە یادم کە خواکەم چاوەڕوانی منە، کە بڕۆم و خۆمی پێشکەش بکەم و ئەگەر ئەو چاوەڕوانی من نەبووایە بەدڵنیاییەوە دەمامەوە و ژیانی خۆم پێشکەش بەتۆ دەکرد.

وتم (مینا) ئێمە جارێک لەمەڕ ئەم بابەتەوە گفتوگۆمان کردو من پێم وتی کە وازم لەم مەسەلەیە هێناوەو. خۆشویستنی تۆم بۆ ئەو شتە نییە کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە بەڵکو من هەست دەکەم کە بوونی تۆ وەک هەناسەکێشان بۆ من پێویستە، چونکە ئەو شتەی کە تۆ هەتە، ژنەکانی تریش هەیانە و هەر کاتێ پیاوێ داوایان لێ بکات کە ببنە خوشکی ، رازی دەبن.

تووڕەیی بەسەر (مینا)دا زاڵبوو و دەستی گوشیم و وتی ئەگەر تۆ حەزت لە ژنی ناو مەیخانەکانە، برۆ کاتەکانت لەگەڵیاندا ببەرە سەر، بەڵام ئەوە بزانە کە من ئەوەندە لێت تووڕە دەبم کە لەوانەیە بریندارت بکەم و خوێن بە لەشتدا بهێنمە خوارەوە. چونکە من حەز دەکەم تۆ وەک من بیت و هەروەها کە من جگە لەتۆ دڵم بەکەسەوە نەبەستووە تۆش دڵبەستەی کەس نەبیت و بزانی کە من لە دوای خوایەکەم، جگە لە تۆ بیر لەکەسی تر ناکەمەوە، وتم خواکەی تۆ قەدەغەی کردووە کە شوو بکەی، بەڵام هیچ کام لە خواکانی من لەم بارەیەوە رێگایان لەمن نەگرتووە. (مینا) وتی، بەڵام ئەگەر تۆ ببیتە هاودەمی یەکێکی ترو دوایی بتەوێ دەست بەسەر سەرمدا بهێنی بەو شێوەیەی کە پێم وتی بریندارت دەکەم.

وتم (مینا) لەم بارەیەوە خەیاڵت ئاسوودە بێت چونکە ئەمە کارێک نییە کە پیاوێکی وەکو من لە ئارەزوویدا بێت. من یەک جار دڵم بە ژنێکەوە بەست و لە پێناویدا هەموو شتێکم لە کیس چووو تووشی هەژاری هاتم و ئەم بابەتە وەها منی لە هاودەمێتیی ژنان بێزارکرد، کە بەراستی حەز ناکەم لە بارەیانەوە

بیرکەمەوە. (مینا) وتی من لە بەرئەوەی ژنم ئەم قسەیەم لەلا ناخۆشە، چونکە حەز ناکەم کە پیاوێک بڵێت لە هاودەمێتی کردنی ژنان یان لەبیرلێکردنەوەیان، بێزارم.

کاتێ کە شەو داهات و نووستم سەیرم کرد (مینا)، کە شەوانی رابردوو دەهاتە لام، ئەو شەوە نەهاتە هۆدەکەمەوە. بانگم کردو وتم (مینا) تۆ هەموو شەوێ بە دەنگە ناسکەکەی خۆت منت دەبردە بەرزاییەکانی ئاسمان، ئەی ئەمشەو بۆ بێدەنگی؟ ئایا لەبەر قسەکانی ئەمڕۆ لێم زیز بوویتە؟ (مینا) وتی نا (سینۆهە) من لێت زیز نەبوومە، بەڵام ئەمشەو لەشم دڵم ئەوەندە گەرمە کە دەترسم ئەگەر گوێت لە دەنگم بێت بەگەرمی ئاگری ئەو خەمەی لەدەروونمدایە بتسووتێنم، من هەڵسام و چوومە لای و دەستم بە لەشیدا هێناو هەستم کرد تای لێیەو پێم وت (مینا) وابزانم تۆ نەخۆشی بهێڵە با چارەسەرت بکەم.

(مینا) سەرەتا نەیدەویست چاکی بکەمەوەو دەیگوت خوایەکەم چاکم دەکاتەوە، بەڵام من پێم وت ئەگەرچی خوایەکەت دەتوانێ تینوێتی و برسێتی چارەسەر بکات کە بەهۆیەوە بتوانی خواردن و خواردنەوە نەنۆشی بەڵام بەبێ خواردن و خواردنەوە تینوێتی و برسێتی مرۆڤ ناشکێ. هەروەها نەخۆشیش دەبێ دەرمانی پزیشک بەکاربهێنێ تا نەخۆشییەکەی چاک بێتەوە.

(مینا) رازی بوو دەرمانی بدەمێ و دەرمانێکی هێورکەرەوەم دەرخوارد داو وتم ئێستا بنوو چونکە لە دوای خواردنی ئەم دەرمانە دەبێ بنووی بۆ ئەوەی نەخۆشییەکەت لەناوبچێ. (مینا) نووست، بەڵام من تا بەیانی بەدیاریەوە بەخەبەر مامەوەو کاتی بەرەبەیان بۆ نووستن چوومە ژوورەکەی خۆمەوە.

نەخۆشییەکەی (مینا) درێژەی نەکێشاو چاک بووەوە هەتا گەیشتینە ئەو رۆژەی کە بڕیارمان دابوو بە کەشتی بۆ دورگەی (کریت) بڕۆین بە (کاپتا)م وت کەلوپەلی سەفەر ئامادە بکات بۆ ئەوەی سواری کەشتی بین و بچین بۆ دورگەی (کریت) کە نیشتمانی (مینا)یە.

(کاپتا)وتی من پێشبینیم دەکرد کە بەهۆی بوونی ئەم کچە تۆ دەمبەیتە ناو کەشتییەوە، لە کاتێکدا کە بە منت وت جارێکی تر سواری کەشتی نابێ و من دەبێ لەبەر ئەم بەدبەختییە کراسەکەی خۆم بدڕێنم، بەڵام نایدڕێنم چونکە دوایی ناچار دەبم بیدوورمەوە، هەروەها ناشگریەم چونکە دەترسم تاکە چاوەکەم لە کیس بدەم و تەنها یەک شت هەیە دڵم دەداتەوەو ئەویش ئەوەیە کە ئەم سەفەرە دەریاییە وەکو پێشبینی دەکەم دوا سەفەری دەریایی من بێت من لەمەودوا سواری کەشتی نابم بەڵام لەبەر ئەوەی دڵنیا بووم کە تۆ لەگەڵ ئەم کچەدا بۆ دورگەی (کریت) دەڕۆی، کەلوپەلەکەم ئامادەکرد.

من کە چاوەڕوان بووم کاپتا بە توندی نارەزایی دەرببڕێ و دەست بکات بە شیوەن و ناڵەناڵ، سەرم سوڕما لەوەی کە زوو تەسلیم بوو. بەڵام دوایی زانیم کە ئەو دوو سێ ڕۆژ لەوەپێش لەگەڵ هەندێ لە کەشتیوان و دەریاوانەکان گفتوگۆی کردبوو و بۆ پێش گرتن لە نەخۆشیی دەریا، کە هۆیەکەی شەپۆلی ئاوەکە بوو، ناوی هەندێ دەرمانی لێیان پرسیبوو، لەوانە پێیان وتبوو ڕۆژێک بەر لە سواربوونی کەشتی بە تەواوەتی خۆت لە خواردن بپارێزەو پشتێنەکەت قایم ببەستەتە بۆ ئەوەی سکت کۆببێتەوەو پاشان بچۆرە ناو کەشتییەکە و دوای سواربوون، یەکسەر بنوو و بەم شێوەیە گرفتاری نەخۆشی دەریا نابێت.

کاپتاش ڕۆژێک بەر لە سواربوون هیچی نەخوارد و پشتێنەکەی توند بەست. فەرماندەی پاسەوانەکانی بەندەر بۆ بەڕێ کردنی ئێمە تا بەردەم کەشتییەکە هات و ئێمەی بەکەشتیوانەکە سپارد. دوای ئەوە مەلەوانەکانی کەشتی، سەوڵە گەورەکانیان گرتە دەست و کەشتییان لە بەندەر بردە دەرەوە. لە پاش دەرچوونمان لەبەندەر، کەشتیوانەکە قوربانیی بۆ خوای دەریا و خوای کریت سەربڕی و دوایی فرمانی دا چارۆگەکانیان هەڵکرد. کە چارۆگەکان هەڵکران و کەشتی بەسەر ئاوەکەدا چەمییەوە، شەپۆلەکانی دەریا خستیانە جوولە جووڵ و من هەستم بە ناڕاحەتی و هەڵچوونی گەدە کرد و نووستم.

ڕۆژی دوایی لەخەو هەڵسام و بینیم لە ناوەڕاستی دەریادایین و لە هیچ لایەکەوە وشکانی دیار نییە. ئاسمان شین و خۆرگەرم و، نەسیمی دەریا بەهێز بوو و کەشتییەکەمان بەخێرایی ڕێگای دەبڕی.

یەکێ لە کەشتییە جەنگییەکانی (کریت) بە گومانی ئەوەی ئێمە چەتەی دەریایین لێمان نزیک بووەوە، بەڵام لە دوای ئەوەی زانیی لە کەشتییەکانی (کریت)ین بە ئاڵاکەی خۆی سەلامی لێ کردین و دوور کەوتەوە.

(کاپتا) کە ئیتر لە نەخۆشیی دەریا نەدەترسا هاتە سەر کەشتییەکەو لەگەڵ مەلەوانەکان کەوتە قسەکردن و باسی کرد کە لە جیهاندا شتی زۆر سەیری بینیوە و سەفەرێکیان کە لە میسرەوە، بۆ سووریا دەچوو گرفتاری تۆفان بووەو ئەوەندەی نەمابوو بخنکێ. دوایی باسی گیانەوەرە دەرياییە سەیرەکانی رووباری نیلی کرد و دەیویست بەهۆی ئەو شتە سەیرانەی بینیبووی سەریان بسوڕمێنێ.

دوایی مەلەوانەکان دەستیان بە قسەکردن کردو باسی گیانەوەرە ترسناکەکانی دەریایان کرد وەک ماسی عەنبەرو ئەو ماسییانەی نیوەی سەرەوەی لەشیان مرۆڤە و دەنگێکی ناسک و خۆشیان هەیە و (کاپتا) لە قسەکانی ئەوان ترسی لێ نیشت و حەپەساو بڕیاری دا کە ئیتر هەوڵی ئەوە نەدات بەقسەکانی خۆی دەریاوانەکان بترسێنێت.

هەر چەند لە (کریت) نزیک دەبووینەوە، (مینا) زیاتر کەیف خۆش دەبوو و نەسیمی دەریا پرچی پەریشان دەکرد، جوانتر دەهاتە بەرچاو. بەڵام من لەوەی کە دەبووایە ئەوم لەدەست بدایە خەمبار بووم و بە خۆمم دەوت ئەگەر بەبێ (مینا) لە (کریت) بگەڕێمەوە و بۆ میسر بچم گەڕانەوەکەم بۆ میسر هیچ تامێکی نابێت. چونکە بەبێ مینا ژیان لەچاومدا تاریک و لە چێژمدا تاڵ بوو و خەم و پەژارەی ئەوە دایگرتبوم کە لەمەودوا خۆم لە تەنیشت (مینا)وە نابینم و ناتوانم دەستەکانی بخەمە ناو دەستمەوە.

کەشتیوان و مەلەوانەکان کە خەڵکی دورگەی کریت بوون، ڕێزیان لە مینا

دەگرت چونکە دەیانزانی ئەو یەکێکە لەو کچانەی کە دەبێت کچێنییەکەی پێشکەشی خوای کریت بکات و هەروەها دەیانزانی کە ئەو لەبەردەم گایەکاندا سەمایەکی جوان دەکات.

کاتێ کە من دەمویست لەبارەی خوای کریت پرسیار لە مەلەوانەکان و کەشتیوانەکە بکەم ئەوان وەڵامیان نەدامەوە و سەریان بادەدا، یان دەیانگوت لەبەر ئەوەی تۆ بیانیت ئێمە لە زمانەکەت تێ ناگەین.

له کریت چیم بینی

ئەو رۆژە هات کە دورگەی (کریت) لە ئاودا سەری دەرهێناو مەلەوانەکانی کەشتی هاواری خۆشییان کرد چونکە گەیشتبوونە ولاتەکەی خۆیان و کەشتییەوانی کەشتییەکە لە شوکرانەی بە سەلامەتی گەڕانەوەی رێبواران، قوربانیی بۆ خوای دەریا کرد کە هەمان خوای (کریت) بوو و لە دەریادا فەرمانڕەوایی دەکرد.

هەرچەندە مەلەوانەکان و کەشتیوانەکەو (مینا)، لە بینینی دورگەی (کریت)و دار زەیتوونەکان و چیاکانی خۆشحاڵ دەبوون، من ئەوەندە غەمبار دەبووم. چونکە دەمزانی کە دەبێ (مینا)بە جێ بهێڵم و بەبێ ئەو بگەڕێمەوە.

(مینا) بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە بەهۆی بینینی ولاتەکەی دەگریا. بەلام (کاپتا) کە سەری سوڕما بوو بە دەمی کراوەوە سەیری دەریای بەردەم (کریت)ی دەکرد و ئەو کەشتییانەی دەژمارد کە لەوێ بوون و لە دوای ئەوەی دە جار شەست کەشتیی ژمارد تێگەیشت کە هێشتا ئەوەندەی تر ماوە کە نەیژماردووەو وتی من لەو باوەڕەدام ئەوەندە کەشتییەی کە لێرەدا هەیە لە هەموو دنیادا نییە. (کریت) ئەوەندە باوەڕی بە دەسەلاتی خوایەکەی هەبوو کە لە بەندەری ئەو ولاتە نە بورج هەبوو و نە قایمکاریی بەرگری کردن و خانووەکانی بەندەر لە قەراغی دەریاوە دەستی پێ دەکرد. کاتێ کە چوومە کریتەوە هەندێ شتم بینی کە لە هەموو جیهاندا لە ماوەی سەفەرەکانم شتی وام نەبینیوە[١].

دیارە پزیشکێکی وەک من کاتێ دەچێتە ولاتێکەوە سەرەتا چاو دەبڕێتە روخسار و دەموچاوی خەڵکی، کە بزانێ لەش ساغن یان نا. من زۆربەی خەڵکم

بە لەش ساغی و جوانی بینی و دوای ماوەیەکی کەم سەرنجم دا کە لە زمانی خەڵکی (کریت)دا وشەیەک نییە کە بتوانرێ لێیەوە واتای وشەی (مردن) بدات و خەڵکی بە رادەیەک خەریکی رابواردن و خووگرتووی خۆشگوزەرانی بوون، کە هەرگیز بیریان لە مردن نەدەکردەوە و ئەگەر یەکێ بمردایە بۆ بردنی تەرمەکەی هەموو جۆرە فێڵێکیان بەکار دەهێنا کە کەس نەزانێ پیاوێک یان ژنێک مردووە.

من بیستم کە لاشەی پیاوەکانیان دەسووتاند و لە ناویان دەبرد چونکە بە دڵنیاییەوە لەوێ مردووەکان نەدەنێژران و من لە (کریت)دا گۆڕم نەبینی و تەنیا چەند گۆڕێکی پاشا کۆنەکانی (کریت)ی لێ بوو کە بەردی گەورەیان لەسەری دانابوو. بەلام خەڵکی کاتێ کە بەلای گۆڕەکانەوە تێ دەپەڕین رووی خۆیان وەردەگێڕا بۆ ئەوەی وای نیشان بدەن کە نایبینن و وایان دەزانی بەم شێوەیە دەتوانن نکۆڵی لە بوونی مردن بکەن.

هونەرمەندتر لە هونەرمەندان و پیشەسازانی (کریت)، لە هەموو جیهاندا بەدی ناکرێت و گۆزەکان و دەفرە سوفاڵ (هەرگینە)ییەکانیان زیاتر لە پارچەیەک گەوهەر دەچوو نەک گۆزە. کاتێ مرۆڤ بۆ ئاو خواردنەوە دەفرێکی سوفاڵی (کریت) بە دەستەوە دەگرێت لە سەیرکردنی تێر نابێت و لەسەر دەفرەکە وێنەی ماسییەکانی دەریاو پەپوولەکان لە هەواو لەسەر گوڵەکاندا دەبینراو هەر دەستەیەک لە گیانەوەرەکان رەنگێکی تایبەتییان هەبوو. بە شێوەیەک کە مرۆڤ وا هەست دەکات وەستای گۆزەکە لە جیاتی رەنگ گەوهەری بە گۆزەکەوە نووساندووە یان کێشاویەتی. هەر گۆزەکارێک نەخشی گۆزەکەی خۆی بە شێوەیەک دەکێشاو رەنگی دەکرد و لەسەر گۆزەکە وێنەی گیانەوەرانی دەریایی دەکێشا ولەسەر دەفرێ تر گیانەوەرەکانی وشکانی و لەسەر دەفری سێیەم باڵندەکان دەبینران.

یەکێک لەو شتانەی من لە **تەبەس** و بابلیش نەمبینی و یەکێک بوو لە

تایبەتمەندییە گەورەکانی شارستانییەتی جیهان کە تەنها دانیشتووانی (کریت) ئەم تایبەتمەندییەیان هەبوو، شێوەی دروستکردنی ئاودەستەکانی دورگەی کریت بوو و لە بابل ئاودەستەکان ئەوەندە پیسە، کە مرۆڤێکی شارستانی حەز ناکات بچێتە ناویانەوە و لە **تەبەس** لەگەڵ ئەوەشدا کە خوایەکانی ئێمە وتوویانە ئاودەستەکان خاوێن رابگرن، بەڵام وەکو پێویست خاوێن نەبوون، لە (کریت) هەموو ئاودەستێک نموونەی هونەرو زەوق و خاوێنییە، لەبەر ئەوەی بەردەوام شەو و رۆژ ئاوی شلەوتێن بەناو لەگەنی[٢] ئاودەستەکەدا تێ دەپەڕی و ئەوەندە جوانە کە هیچ جۆرە بۆنێکی ناخۆشی لێ نایات.

خانووەکانی کریت وەک ئەوانەی بابل بەرز و چەند قات نین. بەڵام لە جیاتی ئەوە بۆ ژیان زۆر باشترو ئیسراحەت ترن لە خانووەکانی بابل. لەبەر ئەوەی ژوورەکانیان گەورەو پەنجەرەکانیان بەرین دروست دەکرد و هەموو خانوویەک ژوورێکی گەرماو (حمام)ی هەبوو و هەر هۆدەیەک لەو گەرماوانە تەشتێکی گەورەی بۆ خۆشوشتن تیا بوو کە بەهۆی بەلووعەکانەوە ئاوی سارد و گەرم دەهاتە ناویەوە و من لە پێشا وام زانی کە ئەم ئاودەست و گەرماوە بێ هاوتایانە تایبەتن بە دەوڵەمەندەکان، بەڵام دوایی بینیم کە تەنانەت لە ماڵی هەژارترین خەڵکی ئەو شارەش ئاودەستی جوان هەبوو کە ئاوی ساردو گەرمی بۆ دەچوو و گەرماوە جوانەکانیش ئەو ئاوە سارد و گەرمەیان هەبوو. ئەو کاتە تێ گەیشتم کە بۆچی خەڵکی ئەوێ ئەوەندە جوانن،چونکە ئاودەستی خاوێن و حەمامێ کە ئاوی گەرم و ساردی هەبێت مرۆڤ جوان دەکات.

ژنەکانی کریت بە رۆژ ماوەیەک لە کاتەکانی خۆیان بە لێکردنەوەی مووی لەشیان و خۆشۆرین و ئارایشتی دەموچاویان دەبردەسەر و ئەوەندە لە ئارایشتدا بە دیقەت بوون کە هەرگیز لەکاتی دیاریکراودا لە میوانداریەکان ئامادە نەدەبوون و کەس ئەم بابەتەی پێ سەیر نەبوو. کراسی ژنەکانی کریت بەرگێکە، کە هەموو لەشیان دادەپۆشێ جگە لە دەست و پێ و شانیان، چونکە بە

دەستەکانیان نازیان دەکرد و حەزیان لێ بوو خەڵکی جوانییەکەیان ببینێ. ژنەکانی (کریت) قژی سەریان بەشێوەیەکی سەرنج راکێشە ئارایشت دەکرد، لە کاتێکدا کە لە (**تەبەس**) پایتەختی میسر ژنەکان قژی سەریان دەتاشی و من لەو باوەڕەدام لە رووی جوانیی ئەندامەکانی لەش ژنەکانی (کریت) نموونەی هەموو ژنەکانی دنیان. ئەوان باڵابەرز و باریکن و بەبۆنەی ناسکی ئەندامیان بەگرفتەوە منداڵیان دەبوو. بە گشتی لە یەک یان دوو منداڵ زیاتریان نەبوو وکەمی منداڵ لەلای خەڵکی کریت شەرم نەبوو.

پیاوەکانی کریت وەک ژنەکان ئەندامێکی ناسکیان هەبوو بەڵام ناوشانیان پان بوو و هەر پیاوێک هەوڵی دەدا کەمەری خۆی باریکتر نیشان بدات و ئەوانیش وەکو ژنەکان بە وردی مووەکانی لەشیان لە ناودەبرد بۆ ئەوەی لەکاتی یاری کردن لەگەڵ گایەکان، ئەندامەکانیان جوان بێتە بەرچاو و چەکمەی درێژیان لەپێ دەکرد و لە قەدی چەکمەکانیان شکڵی گیانەوەریان دەنەخشاند. پیاوەکانی کریت حەزیان نەدەکرد بۆ وڵاتانی تر بڕۆن چونکە لە وڵاتانی تر کەلوپەلی حەسانەوەو پاک و خاوێنی وەکو کریتی لێ نەبوو و دەیانگوت ئێمە ناتوانین لە خانووی گەلانی تردا بژین کە ئاودەستی خاوێن و گەرماویان نییە.

یەکێ لە شتە سەیرەکان کە لە کریت-دا بینیم و هاوتای ئەوم لە هیچ وڵاتێکی تردا نەبینی ئامێرێکی موسیقا بوو کە بەبێ ئەوەی کەس بیژەنێت دەنگی موسیقای لێ دەبیسرا بەڵام هەندێ دەنگی لێوە دەردەچوو کە پێشتر لەسەر هەندێ شت نووسرا بوو و من نەمتوانی تێبگەم چۆن دەنگ لەسەر شت دەنووسرێتەوە.هەروەها لە دانیشتووانی (کریت)م بیست کە ئەوان دەتوانن ئاوازەکانی مۆسیقا بنووسنەوە و دوایی لەسەر ئەو نووسینانە مۆسیقا لێ بدەن. بەجۆرێک کە ئەگەر یەکێک ئاوازێکی نەبیستبێ بەڵام نووسراوەی ئەو ئاوازەی دەست بکەوێت دەتوانێ لەسەر ئەو نووسینە ئاوازەکە لێ بدات. من لەبەر ئەوەی پزیشکم و تەنیا بۆ زانستی پزیشکی سەرنجی تایبەتیم هەبوو هەوڵم نەدا تێ

بگەم کە چۆن دەکرێ ئاوازی مۆسیقا بنووسرێتەوە و دیارە خەڵکیش وەکو من سەرنجیان نەدابووە ئەم بابەتە.

من لە کریت پەرستگەیەکم نەبینی کە بۆ خوای وڵاتەکەیان دروست کردبێ، بەڵام لە بری ئەوە گایەکانیان دەپەرستیی و لەبەر دەمیاندا سەمایان دەکرد و سەرنجم دا کە پەرستشی گایەکان لەلایەن خەڵکی (کریت)ەوە تەنها لەبەر خۆش ویستنی ئایینەکەیان نەبوو، بەڵکو خۆیان لەو سەماکردنە تام و چێژیان وەردەگرت و هیچ رۆژێ نەبوو کە ئەوان بۆ بینینی ئەو سەمایە ئامادە نەبن یان خۆیان سەمانەکەن.

یەکێ لەو خاڵانەی شایانی باسەو لە ژیانی ئەم گەلەدا لەبەرچاو بوو، ئەوەیە کە شەرابیان لە رادە بەدەر نەدەنۆشییەوە و من لە هەموو ماوەی مانەوەم لە (کریت) نەمبینی یەکێ مەست بێت یان وەک دانیشتووانی **تەبەس** بە هۆی خواردنەوەی زۆر تووشی رشانەوە بێت.

خاڵێکی بەرچاوی تر ئەوە بوو کە لە (کریت) ژن و پیاو لە کاتی بەرپاکردنی مەراسیمەکانیان، لەبەردەم گایەکاندا سەما دەکەن و ئەمە یەکێک بوو لە سەرگەرمییەکانیان و لەهەمان کاتدا گەورەترین بیروباوەڕیشیان بوو.

ئەو ژن و پیاوانەی لەبەردەم گایەکاندا سەمایان دەکرد دوو دەستە بوون، هەندێ لەوانە پیشەیان ئەوەبوو، ئەوان ئەگەر پیاو بوونایە نەیان دەتوانی ژن بهێنن و ئەگەریش ژن بوونایە نەیاندەتوانی هاوسەرێک بۆ خۆیان هەڵبژێرن. بەڵام دەستەکەی تر ئەو کەسانە بوون کە بۆ سەرگەرمی و خۆشی سەمایان دەکرد و ئەگەر پیاو بوونایە دەیانتوانی ژن بهێنن یان ئەگەر ژن بوونایە شوویان بکردایە. تەنیا یەک شتم لە داب و نەریت و هونەری خەڵکی (کریت) لەلا ناپەسەند بوو ئەویش سروشتی هەوەسبازی ئەوان بوو چونکە ئەم گەلە بەرادەیەک حەزیان بە شتی نوێیە کە ئەو شتەی ئەمڕۆ لەلای خەڵک پەسەندە دوو رۆژ دوای ئەوە لەبەر چاو دەکەوێت و هیچ بازرگانێ دڵنیانییە ئەو شتەی ئەمڕۆ خەڵکی

دەیکڕێ شەش مانگ دوای ئەوە دەفرۆشرێ یان نا.

دوای ئەوەی گەیشتینە (کریت) لە میوانخانەیەک نیشتەجێ بووین. ئەو کاتەی لە بابل لە میوانخانە چەند نهۆمییەکەی ئەوێ دابەزیبووم، بەخۆمم دەوت لە جیهاندا هیچ میوانخانەیەک نییە کە لەمە باشتر بێت، بەڵام دوای ئەوەی هاتمە (کریت)ەوە و میوانخانە جوان و خاوێنەکەی ئەوێم بینی، کە خزمەتکارەکانی میهرەبان و بێگانە نەوازبوون[٣]، تێگەیشتم کە میوانخانەکەی بابل لە ئاست ئەمەدا بێبایەخە، چونکە لە میوانخانەکەی بابل خزمەتکاری ناشیرین و تووڕەی لێ بوو، بەڵام لە میوانخانەکەی (کریت) کوڕ و کچە جوانەکان هەمیشە دەم بە پێکەنین بوون و پێشوازییان لە رێبواران دەکرد و لە هەرکاتێکدا کە بانگیان دەکرا ئامادەی خزمەت بوون. ئێمە دوای ئەوەی چووینە ئەو میوانخانەیەوە لە گەرماوە جوانەکانی ئەوێ کە ئاوی سارد و گەرمی تیادا رەوان بوو خۆمان شوشت و جلەکانمان گۆڕی و مینا قژی سەری لوول کرد و کراسی نوێی کڕی و من جووتێ گوارە و ملوانکەیەکم بۆ کڕی کە لە بەردی رەنگاورەنگ دروست کرا بوو. ئەو کراسەی مینا کڕیی لەو جۆرە جل و بەرگانە بوو کە ژنەکانی کریت لەبەریان دەکرد و مینا وا دیاربوو لە کڕینی کراسەکەی رازی بوو.

دوای ئەوەی جلکی لەبەرکرد بە منی وت کەژاوەیەک بە کرێ بگرە کە لە بەندەرەوە بەرە و شار بڕۆین بۆ ئەوەی من مامۆستاکەی خۆم ببینم.

میوانخانەکەی ئێمە لە بەندەری کریت واتە لە ناوچەی بەندەری بوو و ئێمە کەژاوەیەکمان بەکرێ گرت و سواری بووین و بەرە و شاری کریت رۆیشتین. شار لە چاو بەندەرەوە لە جێگایەکی بەرزتر بوو و ئەوەندە باخی تیا بوو کە بیناکان لە باخەکاندا ون ببوون.

مینا کەژاوەکەی لە بەردەم یەکێ لەو باخانەدا راگرت و ئێمە چووینە ناو باخەکەوە. مینا وتی ئێرە ماڵی مامۆستاکەمەو لە کریت ئەو کچ و کوڕانەی

لەبەردەم گایەکاندا سەما دەکەن هەر کامێکیان مامۆستایەکیان هەیە کە راهێنەرو پاڵپشتیانە و هونەری سەمایان فێر دەکات و بەرگری لە بەرژەوەندییەکانیان دەکات و ناهێڵێ خەڵکی تر مافی قوتابییەکەی پێشێل بکەن. مامۆستای مینا پیرەمێردێ بوو کە کاتێ ئێمە چووینە خانووەکەیەوە هەندێ پاپیرۆسی (کاغەزی دنیای کۆن کە لەمیسرەوە بۆیان دەهات- وەرگێڕ) لەبەردەم خۆیدا دانا بوو و دەیخۆیندەوە. سەیرم کرد لەسەر ئەو کاغەزانە وێنەی گای لەسەر کێشرا بوو و بۆم دەرکەوت کە ئەو گایانە ئەو ئاژەڵانەن کە سبەینێ هەندێ کەس لەبەردەمیاندا سەما دەکەن و پیرەمێردەکە دەیویست بزانێت لەسەر کام یەک لەو گایانە گرەو بکات باشترە.

کاتێ کە مینای بینی خۆشحاڵ بوو و ماچی کردو وتی مینا من وام دەزانی تۆچوویتە بۆ لای خواو ئیتر نەگەڕاویتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەتەواوی دڵنیا نەبووم کە ناگەڕێیتەوە لەجیاتی تۆ قوتابیی نوێم دانەناو ژوورەکەت هێشتا هەرماوە، بەڵام وابزانم ماوەیەکە خاوێن نەکراوەتەوە و لەوانەیە ژنەکەم وێرانی کردبێ و لە ناویدا حەوزی دروست کردبێ بۆ ئەوەی ماسییەکانی لەناودا پەروەردە بکات. چونکە ژنەکەم زۆر حەزی لە بەخێوکردنی ماسییە.

مینا بەسەرسوڕمانەوە وتی لەکەیەوە ژنەکەت حەزی لە پەروەردەکردنی ماسییە، چونکە ئەوکاتەی من لێرە رۆیشتم ئەو هیچ لە فکری بەخێوکردنی ماسیدا نەبوو.

پیرەمێردەکە وتی ئەمە ژنی تازەی منە کە تۆ نەتبینیوە و ئەگەر ئێستا ئەو پیاوە گەنجەی لەلای نەبووایە، من تۆم دەبردە لای و پێیم دەناساندی، بەڵام ئێستا گابازێکی[٤] گەنجی لەلایە کە تازە دەستی بەسەما کردووە و ئەگەر تۆ ببەمە لایان کارەکەیان لێ تێک دەچێت. ئایا ناتەوێ هاوڕێکەی خۆتم پێ بناسێنی بۆ ئەوەی منیش لەگەڵیدا ببمە هاوڕێ و ئیتر ئێرە بە ماڵی خۆی بزانێت.

مینا وتی هاوڕێکەی من پزیشکێکی میسرییە ناوی (سینۆهە) کوڕی کەرەو بەتەنیا دەژێت و ژنی نییە.

پیرەمێردەکە وتی ئەگەر ماوەیەک لەم وڵاتە بمێنێتەوە تەنیا نامێنێ و زۆر بەپەلە دەبێتە خاوەن ژن و منداڵ، بەڵام مینا، مەگەر تۆ نەخۆشی کە لەگەڵ پزیشکێکدا هاتوویت بۆ ئێرە. ئەگەر وابێت جێی خەم و پەژارەی منە، چونکە کاتێ هاتیتە ژوورەوە دڵم شاد بوو و وام زانی دەتوانم داوات لێ بکەم سبەینێ لەبەردەم گایەکدا سەمابکەیت و بەهۆیەوە هەندێ زێڕو پارەم دەست بکەوێت.

مینا وتی من نەخۆش نیم و خۆم لە هەموو کاتێ بە لەشساغتر دەزانم و لەبەر ئەوە لەگەڵ ئەم پزیشکە میسرییە سەفەر دەکەم، چونکە ئەو منی رزگارکرد و ئەگەر ئەو نەبووایە من لە بابل، یان دەکوژرام یان خۆم دەکوشت.

پیرەمێردەکە وتی ئومێدەوارم بەهۆی هاوڕێیەتی لەگەڵ ئەم پزیشکە میسرییە کچێنییەکەی خۆت لە دەست نەدابێ چونکە وەکو خۆت دەزانی ئەگەر کچێنییەکەت بەخشیبێ رێگا نادەن لەبەردەم گایەکاندا سەما بکەیت و ناتوانی بچیتە لای خوا، دوایی پیرەمێردەکە لە مینا نزیک بووەوەو کەمێک دەستی بەسینگیدا هێناو وتی دەترسم کچێنییەکەت لەکیس دابێت کە لێرە رۆیشتی سینەت بچووک بوو ئێستا کەمێک گەورە بووە. ئایا باشتر نییە بەر لەوەی لەبەردەم گایەکاندا سەما بکەی چاوێکت لێ بکەم و بزانم ئایا کچی یان نا ؟

مینا بە تووڕەییەوە وتی من نامەوێت وەکو بازاڕی کۆیلە فرۆشەکانی بابل، کە لەوێ ژنە گەنجەکان دەپشکنن کە بزانن کچێنییان ماوە یان نا، لێرە فەحسم بکەی من پێت دەڵێم لەبەر ئەوە لەگەڵ ئەم پیاوەدا سەفەردەکەم،چونکە رزگارکەری منە و ئەگەر ئەو نەبووایە نەمدەتوانی بگەڕێمە بۆ (کریت)، بەڵام تۆ هەر لە فکری گایەکان و دەرامەتی خۆتی و گوێ نادەیتە قسەی من.

دوای ئەم قسەیە مینا کەوتە گریان و پیرەمێردەکە دوای بینینی فرمێسکەکانی لە قسەکەی خۆی پەشیمان بووەوەو وتی مینا، مەگریە، من

دڵنیام کە تۆ ڕاست دەکەی و هێشتا کچی و ئەم پیاوە تۆی دەرباز کردووە و ئەگەر ئەو نەبووایە نەتدەتوانی بگەڕێییەوە بۆ (کریت). دوایی بابەتی قسەکردنەکەی گۆڕی و وتی ئێستا هاتەوە بیرم کە من دەبێ ئەمڕۆ بچمە لای (مینوس) و لەبەر ئەوەی بۆ ڕۆیشتنم درەنگە ناتوانم کراسەکەم بگۆڕم و هەر بەم کراسەوە دەڕۆم و ئێوە لێرە پشووبدەن و نان بخۆن و ئەگەر ژنەکەم پرسیاری منی کرد بڵێن چووەتە لای (مینوس)و چونکە ئەو، گەنجە گابازەکەی لەلابوو نەیویست کاتتان لێبگرێ.

بە ژنەکەم بڵێن دوای ئەوەی لە ماڵی (مینوس) گەڕامەوە سەرێک لە گایەکانم دەدەم چونکە سبەینێ یەکێ لە گایەکانم کە هێشتا بەشداری یاریی نەکردووە دێتە ناو گۆڕەپانەوە و من دەبێ ببیینم.

مینا وتی لەبەر ئەوەی تۆ دەتەوێ بۆ ماڵی (مینوس) بڕۆی من و سینۆهەش لەگەڵتدا دێین و لەوێ هاوڕێکانم دەبینم و سینۆهەیان پێ دەناسێنم.

لەبەر ئەوەی ماوەی نێوان ماڵی پیرەمێردەکە و ماڵی مینوس زۆر نەبوو، ئێمە بەبێ کەژاوە بەرەو ئەوێ ڕۆیشتین و دوای ئەوەی چووینە خانووەکەی (مینوس)ەوە بەسەر سوڕمانەوە تێگەیشتم کە ئەوێ کۆشکێکی گەورەیەو دوای ئەوەی کە زانیم (مینوس) پاشای کریتە، بەشێوەیەک حەپەسام کە وەکو کاپتا دەیگوت وەک ئەوە وابو لە ناکاودا ببینم کە لەسەر سەر بەرێدا دەڕۆم.

لەوێ زانیم کە لە کریت ناوی پاشاکان (مینوس)ە و ئەوەندە (مینوس) ناو پاشایەتیی کریتیان کردبوو، کە هەندێ لە خەڵکی نەیاندەزانی پاشای ئەوکاتەیان کە فەرمانڕەواییان بەسەرا دەکات مینوسی، چەندەمە.

دوای ئەوەی چوومە ئەو تەلارەی کە مینوسی تیابوو، بینیم کە کۆمەڵێ ژن و پیاو لەو هۆڵەدان و ئەوەندە بەدەنگی بەرز قسەیان دەکرد و پێدەکەنین کە دەتگوت لە ماڵی خۆیاندان. پیاوەکانیان کراسی ڕنگاو ڕەنگی جوانیان لەبەردابوو و هەموویان خۆش ئەندام بوون و ژنەکان لە جوانی و ڕازاوەیی

کراسەکانیان لەگەڵ یەکتردا پێشبڕکێیان دەکرد. مینا منی بە هاوڕێکانی خۆی ناساند و ژنەکان لە باوەشیان دەگرت و ماچیان دەکرد و پیاوەکان بە بینینی خۆشحاڵییان دەردەبڕی بەبێ ئەوەی دیارنەبوونەکەی ئەویان پێ سەیربێ.

ئێمە بە بەردەم کۆمەڵێکی زۆر لە ژن و پیاوەکاندا تێپەڕین تاگەیشتینە بەردەم (مینوس)کە وەک ئەوانی تر لەگەڵ هەندێ کەسی دەوروبەریدا گفتوگۆیان دەکرد و پێدەکەنین. ئەویش بە بینینی مینا شاد بوو و دوای ئەوەی مینا منی پێ ناساند و مینۆس تێ گەیشت کە من ئەو کچە گەنجەم ڕزگارکردووە بەزمانی میسری سوپاسی کردم و وتی سینۆهە تۆ خزمەتێکی گەورەت بە خوایەکەی ئێمە کردووە چونکە کچێکت بۆ گەڕاندۆتەوە کە دەبێت بچێتە لای ئەو و مینا لە یەکەمین دەرفەتدا دەچێتە ماڵی خوایەکەی.

دوایی مینا منی لە تەلاری مینوس بردە دەرەوەو وتی وەرە ژوورەکانی ئەم کۆشکەت نیشان بدەم و لە هەر هۆدەیەکدا بە بینینی شتەکانی ناوی شادی دەردەبڕی و بینیم خزمەتکارەکانی ئەویش لە بینینی ئەو کچە گەنجە خۆشحاڵ بوون، بەبێ ئەوەی ماوەی دیار نەبوونی دوورو درێژی مینایان لەلا سەیر بێت.

مینا هۆی ئەم ڕەفتارەیانی بۆ من باس کردو وتی هۆی ئەوەی کە لەم وڵاتەدا هیچ کەسێ ون بوونی ئەوانی تری لە لا سەیر نییە، ئەوەیە کە نایانەوێت خەم بۆ مردنی کەس بخۆن و پەژارە دەربڕن. کاتێ کە یەکێ دەمرێ کەس یادی ناکاتەوە و لەسەر ئەم پێوەرە کاتێ کە یەکێ دەمرێت کەس لێی ناپرسێت هەتا دەگەڕێتەوە و ئەگەر نەگەڕایەوە وا بیردەکەنەوە کە مردووە و پێویستە فەرامۆش بکرێ، لەبەر ئەوەی بە بیرهێنانەوەی خەڵکی، بە تایبەت ئەوانەی گومانی مردنیان لێ دەکرێ دەبێتە هۆی خەفەت و دڵگران بوون و لەم وڵاتەدا کەس نایەوێت خۆی بە دەست خەم و پەژارەوە بدات.

دوای ئەوەی مینا ژوورەکانی کۆشکی نیشان دام، منی بردە هۆدەیەکەوە کە لە سەرووی ژوورەکانی تردا بوو و لەوێوە لەوەڕگە گەورەکان کە گایەکانی تیا

دەڵەوەڕێن و باخەکانی زەیتوون و زەوی و زارەکانی دەرەوەی شار دەبینران و مینا پێی وتم ئەمە ژووری منە. وتم مینا تۆ لەم ژوورەدا دەژیایت؟ ئایا تۆ نیشتەجێی کۆشکی پاشایەتی بووی.

مینا وتی بەڵێ و ئەم جل و بەرگەی لێرەدا دەیبینی هی منە، بەڵام ناتوانم لەبەریان بکەم چونکە مۆدێلی نەماوە و لە وڵاتی ئێمە جل و بەرگ زوو لە مۆد دەکەوێ.

وتم مینا من ئەم قسەیەتم زۆر پێ سەیرە چونکە هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم تۆ ژنێک بیت کە جێگات کۆشکی پاشایەتی بووبێ.مینا وتی ئەگەر تۆ ناوی پاشاکەی ئێمەت بزانیبایە تێدەگەیشتی کە ناوی من کە (مینا)یە لە وشەی (مینوس)ی پاشای ئێرە وەرگیراوە.وتم ئەی بۆچی ئەم شتەت بە من نەگوت کە من بمزانیبایە تۆ لە بنەماڵەی پاشایەتی (کریت)ی. مینا وتی بۆ بیڵێم؟ لێرە هەموو خەڵکی یەکسانن و بە پێویستم نەدەزانی پێت بڵێم کە من لە بنەماڵەی پاشای (کریت)م.

زانیم کە مینا ڕاست دەکات و شێوەی ڕەفتاری خەڵکی لە تەلارەکەی مینوس-دا ئەم بابەتەی دەردەخست. چونکە خەڵکی لەوێ بە شێوەیەک هەڵسوکەوتیان دەکرد کە دەتگوت لە ماڵی خۆیاندان و نازانن پاشای کریت لەوێیە. هەروەها تێگەیشتم بۆچی لەو ڕۆژەوە کە مینام ناسیوە زێڕو پارە کاری لێ نەدەکرد و ئەگەر شتێکم بۆ بکڕیبایە و بە دیاری بمدابایەتێ خۆشحاڵ نەدەبوو. چونکە مینا لە منداڵییەوە ڕاهاتبوو کە زێڕو پارە و گەوهەر ببینێ و ئەو شتەی من دەمدا پێی بەلایەوە گرنگ نەبوو تاکو دڵخۆشی بکات.

وتم مینا تۆ کە خزمی پاشای (کریت)ی چۆن لەبەردەم گایەکاندا سەما دەکەی. ئایا ئەم بابەتە بۆ ژنێ کە لە بنەماڵەی پاشەیەتی بێت ناپەسەند نییە؟ مینا وتی لە وڵاتی ئێمەدا سەماکردن لەبەردەم گایەکاندا کارێکە کە هەموو گەورەکان ئەگەر بتوانن خەریکی دەبن و هەر کەسێ کە لەم هونەرەدا

لێهاتووییەکی بەرچاوی هەبێت ڕێزی لێدەگیردرێ. لەبەر ئەوە، نە تەنها ئەم کارە شەرم نییە، بەڵکو کارێکی شەرەفمەندانەیە.

دوایی بەیەکەوە لە کۆشکی پاشایەتی هاتینە دەرەوە و بەرەو دامەزراوی گابازی (کریت) کەوتینە ڕێ. لەو شارەدا، دامەزراوی گابازی بریتی بوو لە شارۆچکەیەکی بچووک کە لە تەنیشت شاری گەورەوە دروست کرابوو.

لەم شارەدا چەند مەیدانێکی لێ بوو بۆ گابازی و بۆ ڕاگرتنی گایەکان لە تەویلە گەورەکانی ئەوێ و لە تەنیشت تەویلەوە هەندێ لەوەڕگە هەبوو کە دەوراودەور پەرژین کرا بوو. کاتێ کە هەوای دورگەی کریت سارد دەبێت گایەکان دەگوازنەوە بۆ ناو پشتیرەکان و لە وەرزی گەرما لە لەوەڕگەکاندا دەیان لەوەڕێنن، بەڵام ئەو گایانەی کە دەبێ سبەی یان دوو سبەی لە گۆڕەپانی گابازیدا پەلاماری گەنجە سەماکەرەکان بدەن، لە پشتیرەکاندا دەبوون.

کاتێ گەیشتینە دامەزراوی گابازی مامۆستاکەی مینا لەوێ بوو و کە منی لەو جێگایە بینی خۆشحاڵی خۆی دەربڕی. هەروەها ئەو کاهینانەی کە کاریان پەروەردە کردنی گایەکان و ڕاهێنانی سەماکەرەکان بوو بە بینینی مینا خۆشحاڵ بوون، بەبێ ئەوەی دیار نەبوونە درێژ خایەنەکەی ئەویان پێ سەیر بێت.

کاهینەکان لە دوای ئەوەی زانییان کە من پزیشکێکی میسریم لە بارەی خواردنی گایەکان و هەروەها لەبارەی ئەوەی لە چ کاتێکدا خواردنیان بدرێتێ کە ببێتە هۆی بریقەدار بوونی مووی لەش و زیاتر بوونی تەمەنیان، هەندێ پرسیاریان لێ کردم. لە کاتێکدا کە من دەمزانی زانیاریی ئەوان لەم بارەیەوە لە هی من زیاتر بوو، چونکە لە سەدان ساڵ لەمەوبەرەوە تا ئێستا باو و باپیرانی ئەوان خەریکی پەوەردەکردنی گایەکان بوونەو لە دوای هەر سەردەمێک زانیاری باوکان گوازراوەتەوە بۆ کوڕەکانیان و ئەو کوڕانەش زانیاریی زیاتریان دەخستە سەر و دەیاندایە جلی نوێ.

مینا لەلای کاهینەکان بەڕێزو خۆشەویست بوو و کاتێ کە ئەویان بینی،

بەچاک زانینی مامۆستاکەشی، ڕەزامەندییان نیشان دا کە مینا سبەینێ لەبەردەم گایەکدا سەما بکات و گایەکیان بۆ دەست نیشان کرد. مینا لەم هەڵبژاردنە زۆر خۆشحاڵ بوو چونکە دەیزانی کە دەتوانێ سبەینێ هونەرەکەی خۆی نیشانی من بدات.لە دوای ئەوە مینا ڕێنومایی کردم و چووینە لای کاهینی گەورە کە سەرۆکی هەموو کاهینە گابازەکان بوو.کاتێ چووینە ناو ژووری کاهینەکەوە بەهۆی تاریک بوونی ژوورەکەی لە پێشاندا نەماندی، بەڵام لە دواییدا چاوم بە مرۆڤێ کەوت کە سەری وەک گا بوو و ڕەنگی زەرد بوو. ئەو مرۆڤەی سەری وەک گا دەهاتە بەرچاو،لە بەرامبەر ئێمە سەری دانەنواند و دوایی سەرە گایەکەی لەسەری هەڵگرت و تێگەیشتم سەرو دەموچاوی هەر وەک مرۆڤێکی ئاساییە.

ئەگەرچی ئەو پیاوە کە کاهینی گەورە بوو لەگەڵماندا بە پێکەنین بوو و ڕووی خۆش بوو بەڵام من لە چرۆچاوی ترسام، چونکە جۆرە مۆرکێکی قیناوی و بێ بەزەییانەی توندم لە دەموچاویدا هەست پێ کرد.

مینا کاتێ کە ویستی باسی بکات کە بۆچی ماوەیەک دیار نەبووە و نەیتوانیوە لە کاتی خۆیدا خۆی بۆ خوای کریت بکاتە قوربانی، کاهینی گەورە وتی پێویست ناکات بۆ منی باس بکەی.چونکە من ئاگام لەم بابەتە هەیە و دەزانم تۆیان ڕفاند و بۆ وڵاتانی تریان بردی. پاشان ڕێزو پێزانینی خۆی ئاراستەی من کرد و وتی سینۆهە لەبەر ئەوەی تۆ میناتی گەڕاندەوە بۆ کریت کە بتوانێ خۆی بۆ خوایەکەی بکاتە قوربانی من فرمانم داوە دیارییەکت بۆ ببەن و کاتێ کە گەڕایتەوە میوانخانەکەت ئەو دیارییانە دەبینی.

وتم من نە بۆ پاداشت مینام ڕزگار کردووە و نە بۆ وەرگرتنی ئەو پاداشتەش هاتوومەتە کریت، بەڵکو مەبەستی من کۆکردنەوەی زانستە و بەر لەوەی بۆ کریت بێم بۆ وڵاتانی سووریاو بابل و هاتی سەفەرم کردووە و لەو وڵاتانە زۆر شت فێر بووم و ئێستا هاتوومەتە کریت کە لێرەش زانیارییەکانی خۆم دەوڵەمەند

بکەم.

لەبارەی خوای (کریت)ەوە شتی سەرنج ڕاکێشم بیستووەو بە منیان گوتووە کە ئێوە خوایەکی گەورەتان هەیە کە کچەکان و کوڕە گەنجەکانی خۆش دەوێت، بە مەرجێ کە هیچ پیس و پۆخڵییەک بە جەستەیانەوە نەبێت و ئەمە سیفەتێکی گەورەیە، کە لە خوایەکانی سووریاو بابل بەدی ناکرێت چونکە خوایەکانی سووریاو بابل ڕێگا دەدەن ژن و پیاو لەناو پەرستگەدا لەگەڵ یەکتریدا ڕابوێرن.

کاهینی گەورە وتی لێرەدا جگە لە خوای گەورەی ئێرە خوای تریش هەیە کە خەڵکی دەیپەرستێ و تەنانەت لە ناوچەی بەندەریش پەرستگە هەیە بۆ پەرستنی خوایەکانی وڵاتانی تر، تۆ دەتوانی ئەگەر حەزت لێ بێ لەو پەرستگانە بۆ خوای ئاموون کە خوای میسرە قوربانی بکەی.

بەڵام بیانییەکان خوای گەورەی ئێمە ناناسن و ناشتوانن بیناسن چونکە تەنیا ئەو کەسانەی کە بۆ ناسینی ئەو پەروەردەکراون و لە شوێنکەوتووە ڕاهێنراوەکانن،بۆیان هەیە کە ئەو ببینن و تا ئێستا هەر کەسێ کە ئەوی بینیبێ نەگەڕاوەتەوە کە بڵێ خوای گەورەی ئێمە چۆنە و هەرئەوەندە بە ئێوە دەڵێم کە گەورەیی و بەختەوەریی گەلی کریت بەهۆی خوایە گەورەکەیەتی.

وتم ئەی کاهینی گەورە، ئەو کاتەی لە وڵاتی (هاتی) بووم لە دانیشتووانی ئەوێم بیست کە خوایەکانی ئەوان ئاسمان و زەوین و یەکێ لەوانە بەهۆی بارانەوە زەوی دوو گیان دەکات و دەیکاتە خاوەن بەروبووم. لەو کاتەدا بە شێوەیەکی ناتەواو کەوتە گوێم کە خوای کریت، دەریایە چونکە ئەو میللەتە دەسەڵات و بەختەوەریی خۆی لە ڕێگای دەریاوانییەوە دەست کەوتووە.

کاهینی گەورە وتی بەشێک لە قسەکانی تۆ ڕاستە و ئێمە زۆر لە هۆیەکانی بەختەوەریمان لە دەریاوانییەوە دەستکەوتووە. بەڵام خوای ئێمە دەریا نییە بەڵکو خوای دەریاشە.

سینۆهە دەبێ بزانی کە لە ناو هەموو گەلاندا گەلی کریت تەنیا گەلێکە کە

خوایەکی زیندوو بە خوای گەورەی خۆی دەزانێت لە کاتێکدا کە گەلانی تر خوایە مردووەکان دەپەرستن یان شێوەی ئەو خوایانە دەپەرستن کە بە بەرد، یان دار دروستیان کردووە. خوای ئێمە نە خوایەکی مردووە و نە بەرد و دارە، بەڵکو خوایەکی زیندووە و تا ئەو رۆژەی خوایەکەی ئێمە زیندوو بێت هیچ گەلێ ناتوانێ لەگەڵ میللەتی کریت-دا جەنگ بکات و ئەگەریش بیکات تێک دەشکێ.

وتم بیستومە خوایەکەی ئێوە لە ئەشکەوتێکدا، یان لە خانوویەک کە دالانی درێژ و تاریکی هەیە دەژێت و من زۆر حەز دەکەم کە ئەم ئەشکەوتە،یان ئەم خانووە ببینم، بەڵام نازانم بۆچی ئەو کەسانەی بۆ بینینی خوای ئێوە دەستنیشان دەکرێن و دەچنە جێگاکەی ئەو، ناگەڕێنەوە. لە کاتێکدا کە ڕێگایان پێدراوە کە بگەڕێنەوە، ئایا ئێوە ناتانەوێت بە من بڵێن بۆچی هیچ کامێک لەوانە نەگەڕاونەتەوە.

کاهینی گەورە وتی لەگەڵ ئەوەشدا کە خوای ئێمە لە شێوەی گایەکە، بەڵام ئەو خوایە گا نییە، بەڵکو بوونەوەرێکە کە کەس ناتوانێ بڵێت چییەو هەر ئەوەندە دەزانین کە ژیانی هەیە. بەڵام کە دەڵێن بۆچی ئەو کەسانەی دەچنە جێگاکەی ناگەڕێنەوە، ئەم بابەتە بەهۆی رادەی بەرزی بەختەوەری و شانازییە. چونکە گەورەترین شانازی و بەختەوەری بۆ کچ و کوڕە گەنجەکانی ئێمە ئەوەیە کە خوا ببینن و لەلای ئەو بمێننەوە و هەر لەبەر ئەوە کاتێ کە خوایەکە دەبینن ئەوەندە خۆیان بە بەختەوەر دەزانن، کە ژیانی ئەم دنیایەیان لەبەر چاو دەکەوێت، چونکە دەزانن کە ئەگەر بۆ ئەم دنیایە بێنەوە دەبێت ئازارو مەینەتی ئەم جیهانە بچێژن و خۆیانی بۆ بگرن.(مینا) ئایا تۆ ئارەزوو ناکەی بۆ ماڵی خوا بچیت و باقیی تەمەنت لەوێ بێت.

مینا وەڵامی نەدایەوە و من وتم ئایا من کە ڕێگام نادەن بچمە ناو خانووی خوا،دەتوانم دەرگای چوونە ژوورەوەکەی ببینم؟

کاهینی گەورە وتی ئەو شەوەی کە مانگ لە ئاسماندا بە تەواوەتی پڕ دەبێتەوە (مانگە شەو)و نزیک دەبێتەوەو لەو شەوەدا مینا دەچێتە ماڵی خواو لەوێوە تۆش دەتوانی دەرگای خانووەکە ببینی.

وتم ئەی ئەگەر مینا ئامادە نەبێت بۆ ماڵی خوا بچێت چۆن دەبێت؟

کاهین وتی هێشتا ئەم حاڵەتە رووی نەداوە کە کوڕێکی گەنج یان کچێ ئامادە نەبێت بۆ ماڵی خوا بچێت و (مینا)ش لە دوای ئەوەی لەبەردەم گایەکانماندا سەمای کرد بەوپەڕی حەزو ئارەزووەوە دەچێتە ماڵی خوا. لە دوای ئەم قسەیە کاهینەکە سەرە گایەکەی لەسەر کرد کە تێمان بگەیەنێت ماوەی چاوپێکەوتنەکە کۆتایی پێ هاتووە: مینا دەستی گرتم و لە هۆدەکە هاتینە دەرەوە.

دوای ئەوەی لە ماڵی کاهینەکە هاتینە دەرەوە مینا لێم جیا بووەوە و وتی لەبەر ئەوەی سبەینێ رۆژی سەما کردنمە ئەمشەو دەبێ لە دامەزراوی گابازیدا بمێنمەوە و من بە تەنیایی بۆ میوانخانەکە گەڕامەوە.

سەیرم کرد (کاپتا) کە شەرابی نۆشیبوو،کەیف خۆش بوو و وتی سینۆهە ... گەورەی من ... ئێرە سەرزەمینی رۆژئاوا و ناوەندی بەختەوەرییە (میسرییەکانی کۆن ئەو شتەی کە گەلانی تر لە چاخەکانی دوای ئەوان پێیان دەوت بەهەشت، ئەوان ناویان لێ نابوو سەرزەمینی رۆژئاوا - وەرگێڕ). لێرە خواردنەوە زۆر و هەرزانە و هیچ گەورەیەک بە گۆچان لە خزمەتکارەکەی خۆی نادات و لێی ناپرسێ چەندێ زێڕو پارەت لێ دزیوم و ئەگەر گەورەیەک لە بەندەکەی خۆی تووڕە بێت و لە ماڵ دەری بکات، بەندەکە یەک رۆژ خۆی دەشارێتەوە و رۆژی دوایی دەگەڕێتەوە ماڵ و خاوەنەکەی تاوانەکەی فەرامۆش دەکات، بەڵام مامەڵەچییەکانی ئێرە زۆر فێڵبازن و وەک چۆن بازرگانێکی ئەزمیر بازرگانێکی میسری هەڵدەخەڵەتێنێ ئەمانیش فێڵ لە مامەڵەچییەکانی ئەزمیر دەکەن.

له جیـاتی ئەوە لەم شـاره، جـۆره مـاسـیـیـەكی بچـووك دەكـەنە ناو رۆنی زەیتوونەوەو ماوەیەک تیایدا دەیهێڵنەوە و ئەم ماسییە ئەوەندە بەتام دەبێت كه هەر چەندێکی لێ بخۆیت تێر نابیت،(مەبەستی كاپتا ماسیی «ساردین» بوو كه دانیشـتووانی كریت دەیانخسـتە ناو رۆنی زەیتـوونەوەو هێشـتا ئەم نەریتـە لە ئەوروپا و ئاسیا بەردەوامە – وەرگێڕ).

له پاش ئەم قسـەیە بەندەکەم دەرگای هۆدەکەی داخست و دوای ئەوەی دڵنیا بوو كه كەس له پشت دەرگاكەوە گوێی له دەنگی ئێمە نابێت وتی: گەورەم لەم وڵاتەدا كـارەسـاتی سـەرسـوڕهێنەر رووی داوه، چونکە من لە مـەیخـانەكـانی ناوچەی بەندەری بیستم خوای كریت مـردووە و كاهینەكان كه لە مردنی خوای كریت ترسیـان لێ نیشـتووە هەوڵ دەدەن خوایەكی تر بدۆزنەوە. بەڵام هەركەسێ ئەم قسـەیە بكات بە سـەختی سزا دەدرێ و دوو نەفـەر لە دەریاوانەكان كـە ئەم قسەیەیان كردبوو لەسەر تاشە بەردەكانی قەراغ دەریای كریتەوە فڕێیان دانە ناو دەریا بۆ ئەوەی ببنە خـۆراكی (ئەختـوپوت)ەكـانی دەریا (ئەختـوپوت ئاژەڵێكی ترسناكی دەریاییە كه لە فارسیدا «هەشت پێ»ی پێ دەڵێن – وەرگێڕ)و لەبەر ئەوەی دانیـشــتـوانی كـریت دەڵێن دەسـەڵات و بەخـتــەوەرییــان بە ژیـانی خـوایەكەیانەوە بەندە، كەواتە ئەگەر خـوایەكـەیان بمرێ گـەلی كریت دەسـەڵات و بەختەوەرییەكەیان لەكیس دەچێت.

كاتێ كه كاپتا ئەم قسـەیەی كرد، ئومێدێ له دڵمدا دروست بوو و پێم وت ئەگـەر وابێت و خـوای گـەلی كـریت وەكـو دەڵێن مـردبێ و وابزانم ئەم هەواڵە راستیـشـە، (چونکە ئەگەر چی حكومەتەكان بەردەوام هەوڵ دەدەن رووداوەكان له خەڵكی بشارنەوە بەڵام خەڵكی ئاگاداری هەموو هەواڵێ دەبن). له دوای ئەوەی مینا چووە ناو خانووی خواكەیان یەكسەر لەوێ هاتە دەرەوە.

***

(١)- خـوێنەرانی بەرێز دەبێ سـەرنج بدەن كـه ئەم بەشە له بەسـەر هاتی سـینۆهە لەبارەی دورگـەی (كریت) که یەكێكە له ناوەندە گەورەكانی شارستانییەتی جیهان له كاتی پزیشكی میسری (له چوار هەزار سـاڵ لەمـەوبەر) لەرووی مـێژوویـیـەوە یەكـێكە له بەشـە سـەرنج راكـێشـەكـانی ئەم بەسەرهاتە. چونكە مـێژووی دورگەی (كـریت) بە پێـچەوانەی مـێژووی مـیـسرو ئێران و یۆنان و رۆم زۆر ناسراو نییـه و لەوانەیە هێشتا هەندێ له خەڵكی نەزانن كه (كریت) له شارستانییەتی دنیادا چ دەورێكی كاریگەری هەبووە- وەرگێڕ.

(٢)- لەگەن: كۆل

(٣)- بێگانه نەواز: ئەوەی بیانی دەلاوێنێتەوەو رێزی لێ دەگرێ- میوان دۆست.

(٤)- گاباز: ئەو كەسەی كه لەبەردەم گایەكاندا سەما یان یاری دەكات-گاگەمە- ئەوەی كه ئێسـتا له هـەندێ له وڵاتـاندا هەر بـاوە ئەوەیە كـە گـابازەكـە پـەڕۆیەكی سـوور بەدەسـتـەوە دەگـرێت و لەبەرامبەر گایەكەدا پەڕۆكە دەجووڵێنێتەوە و بەو شێوەیە توورەی دەكات – وەرگێڕێ كوردی

لە گۆڕەپانی گابازیی (کریت) دا

ڕۆژی دوایی بەیارمەتیی مینا، کە لە مەیدانی گابازییەکە دەستی دەڕۆیی، منیان لە جێگایەک دانیشاند کە بتوانم لەوێوە هەموو شوێنێ بە باشی ببینم.

گایەکانیان یەک یەک هێنایە ناو گۆڕەپانەکەوەو سەیرم کرد لەگەڵ ئەوەشدا کە لەوێ زیاتر لە دە ریز تەماشاچیی لێ بوو، بەڵام هەموویان بە باشی دەیانبینی، چونکە جێگای تەماشاچییەکان بە شێوەیەک دروست کرابوو کە هەر ریزێک لە ریزەکەی دوای خۆیەوە نزمتر بوو، بەبێ ئەوەی هیچ کامێکیان بەرچاوی ریزی دواوەی خۆی بگرێ.

سەمای کچەکان و کوڕە گەنجەکان لەبەردەم گایەکاندا چەند جۆرێک بوو و لە هەمووی قورستر ئەو سەمایە بوو کە سەماکەرەکە دەبوایە بەسەر هەردوو شاخی گایەکەدا باز بدات و بچێتە سەرپشتی. من وەکو پێشتر باسم کرد، لە رابردوودا جارێک بینیبووم کە مینا ئەم سەمایەی دەکرد.

من بینیم دەوڵەمەندەکانی (کریت) لەسەر گایەکان گرەویان دەکرد و وەک ئەوەبوو کە بزانن هەندێ لە گایەکان لەوانەی تر باشترن. بەڵام لە دیدی من گایەکان هەموویان یەکسان بوون و نەمدەتوانی هەست بە جیاوازییان بکەم.

میناش وەکو خەڵکی لەبەردەم گایەکدا سەمای کرد، سەرەتا لە سەماکەی ترسام چونکە یەک قۆچی گایەکە بەس بوو بۆ ئەوەی مینا بکوژێت، بەڵام لە دوای ئەوەی دەست و بردییەکەیم بینی و بۆم دەرکەوت ماسولکەکانی لەشی لە ژێر فەرمانیدان، ترسم نەماو وەک خەڵکی تر شادیم بۆ کرد.

لەکریت پیاوە گەنجەکان و کچەکان بە رووتی لەبەردەم گایەکاندا سەمادەکەن لەبەر ئەوەی سەماکەیان ئەوەندە مەترسیدارە کە ئەگەر کراسیان لەبەردابێت

لەوانەیە بکوژرێن، چونکە کراس ئەگەرچی تەنکیش بێت ڕێگا لەوە دەگرێت کە بتوانن بە ئاسانی بەسەر ماسولکەکانی لەشیاندا زاڵ بن. ئەگەرچی کچەکان هەموویان سەماکەیان جوان بوو، بەڵام لە دیدی مندا سەماکەی مینا لە هی هەموویان جوانتر بوو، بەڵام مامۆ ستاکەی مینا لەو باوەڕەدا بوو کە لەبەر ئەوەی ئەو کچە گەنجە ماوەیەک لە کریت دوور کەوتۆتەوە و مەشقی نەکردووە وەکو پێویست توانای سەماکردنی نییە.

لە دوای تەواوبوونی سەماکەی مینا لە کاتێکدا کە ڕۆنێکی تایبەتی لە لەشی دابوو، هاتە لام و وتی: سینۆهە دوو سبەی مانگ لە ئاسماندا دەبێتە بازنەیەکی تەواو و من دەبێت بچمە ماڵی خواوە و لەبەر ئەوە هاوڕێکانم بانگهێشتیان کردووم کە لە جەژنێکدا بەشداربم، ناتوانم لەگەڵ تۆدا بێم، بەڵام لەو شەوەی کە دەچمە لای خوا دەتوانی وەکو هاوڕێکانی ترم تا شوێنی چوونە ژوورەوە لەگەڵمدا بێیت.

وتم: مینا هەر چۆنێک کە حەزت لێیە وا دەکەم و لەو شەوەدا لەگەڵت دێم و لە ئێستاوە تا دوو سبەی شەو کاتەکانم بە بینینی شتە دیدەنییەکانی کریت بەسەر دەبەم و یەکێک لەو شتە دیدەنییانە کە خۆشییەکی بۆ منیش تێدایە ئەوەیە کە هەندێ لەو کچە گەنجانەی هاوڕێی تۆن و هێشتا خۆیان وەقفی خوا نەکردووە، بانگهێشتیان کردووم کە لەو میوانداریییەدا بەشداربم کە بڕیارە بە زوویی لەم شارەدا بەرپا بکرێت و کاتەکانم بە شادمانی لەگەڵیاندا ببەمە سەر، ئەگەرچی ئەوان وەکو تۆ جوان نین بەڵام لەشولارێکی قەڵەویان هەیە و قەڵەوییەکەیان نوقسانیی جوانییەکەیان پڕدەکاتەوە.

مینا بازووی منی گرت و وتی: سینۆهە من رازی نیم کە تۆ لەو کاتەی منت لە لانیم بڕۆیتە لای ئەو کچانەی هاوڕێی منن و هەر نەبێ تا ئەو کاتەی دەچمە خانووی خواوە بوەستە و دوایی ئازادی کە چەندت حەز لێ بوو بچیتە لای ئەو کچانە و لەگەڵیاندا گفتوگۆ بکەیت.

وتم: مینا ئەم قسەیەم بەگاڵتە بوو، ئەگەرنا من حەزم لە هاونشینیی ئەوان نییەو ئێستا دەگەڕێمەوە ناوچەی بەندەری و خەریکی پزیشکی دەبم. چونکە لەوێ خەڵکێکی زۆر نەخۆشن کە هی وڵاتانی ترن و پێویستییان بە چارەسەرکردنی منن.

پاشان بەرەو میوانخانەکە گەڕامەوە و بە کارەکەمەوە خەریک بووم، هەتا شەو داهات و مانگ لە ئاسماندا دەرکەوت و لەو کاتەدا لە هەموو ناوچە بەندەرییەکەدا دەنگی مۆسیقاو ئاواز بەرزبووەوە، چونکە لە بەندەری کریت خانووی گشتی زۆر بوو و تەنانەت ئەو کەسانەی هەژاریش بوون لە کریتدا وەک دەوڵەمەندەکان کاتەکانیان بەخۆشی رادەبوارد و بە شێوەیەک دەژیان کە دەتگوت هەرگیز نامرن و لە جیهانێکدا دەژین کە خەم و پەژارە و ئازاری تیا نییە. من لە ژوورەکەی خۆم بەبێ ئەوەی چرا هەڵبکەم لە رووناکی مانگدا دانیشتبووم و کاپتا لە هۆدەکەی خۆی کە لە بەرامبەر ژوورەکەی من بوو راکشابوو و نووستبوو، یان خۆی ئامادە دەکرد کە بنوێت.

لەو کاتەدا ژنێکی گەنج هاتە ژوورەکەم و سەیرم کرد لەو کچانەیە کە لە میوانخانەکەدا کار دەکات و پێمی وت: سینۆهە... ئایا حەز دەکەی ببمە خزمەتکاری تۆ؟

وتم: نا... خزمەتکارم ناوێت..

وتی: ئەگەر بیردەکەیتەوە کە من هونەرێکم نییەو کابانییەکەمت بەدڵ نییە یەکێکی تر لە خزمەتکارەکانی میوانخانەکە بانگ دەکەم کە بێت و تۆ ئەو بکە بە کارەکەری خۆت.

وتم: نا... نا... من خزمەتکارم ناوێت و دەمەوێ تەنیا بم.

کچەکە وتی: سەیرە، بیانییەکان لەگەڵ ئەوەشدا کە وەسیلەیان هەیە کاتەکانیان بەخۆشی رابوێرن، کەچی بەهۆی بڕیارێک، خۆیان تووشی پەژارە دەکەن و تەنیا دەمێننەوە. لەکاتێکدا کە خوای کریت مرۆڤی بۆ سوود وەرگرتن لە

خەڵاتەکانی دنیا دروست کردووە.

دوایی لێم نزیک بووەوەو وتی: سینۆهە بۆ ئەوەندە زۆر لە خۆت دەکەی؟ لەگەڵمدا رابوێرە چونکە من حەزدەکەم بزانم کە پزیشکێکی میسری چۆن رادەبوێرێت.

وتم: وازم لی بێنە، چونکە بێ تاقەتم.

کچە گەنجەکە وتی: ئەگەر تۆ وەکو بیانییەکانی تر زەوقت نییە لەبەر ئەوەیە کە خۆت لێرەدا زیندانی کردووە.

وتم: لە هۆدەکەم بڕۆ دەرەوە و تا بانگم نەکردووی مەیەوە.

کچەکە وتی: من پێم سەیرە لە وڵاتێک کە پیاوەکانیان وەکو ئەم پزیشکە میسرییەیە، خەڵکی لەوێدا بە چ ئومێدێ دەژین.

من چاوم لە مانگ بڕیبوو چونکە دەمزانی تاکە ژنێک کە ئامادەم بیکەم بە خوشکی خۆم لێم جیا دەبێتەوە، بۆ ئەوەی بڕوات بۆ ماڵی خوایەکەی و کچێنییەکەی پێشکەش بکات. لەم بیرکردنەوەیەدا بووم کە لە ناکاو هەستم کرد یەکێک لە ژوورەکەمدایەو ئەو بۆن عەترەی لێ دەهات کە دوێنێ لە مەیدانی گابازییەکەدا بۆنم کردبوو. سەرم هەڵبڕی و ڕوانیم ئەو کەسە مینایە.

وتم: مینا چۆنە هاتوویتە بۆ ئێرە؟

مینا وتی: بەهێواشی قسە بکە چونکە حەز ناکەم کەس گوێی لە دەنگمان بێت دوایی لە تەنیشت منەوە دانیشت و وتی: لەبەر ئەوە هاتوومەتە ئێرە چونکە لە قەرەوێڵەکەی خۆم کە لە دامەزراوی گابازییە بێزار بوومە.

من بە بیستنی ئەم قسەیە سەرم سووڕما، چونکە زۆر دوور بوو ژنێکی وەک مینا بەو هەموو لایەنگیری کردنەی گابازی، رقی لەقەرەوێڵەکەی ئەو دامەزراوە بێت.

دوایی مینا وتی: خۆشم بە تەواوەتی نازانم بۆچی لەم کاتەدا هاتوومەتە ئێرە و لەوانەیە نەفرەت لێ بوونی قەرەوێڵەکەم منی بۆ ئێرە راکێشابێت. لەوانەشە

هاتبێتم لەگەڵ تۆدا گفتوگۆ بکەم و ئەگەر حەزت لە نووستنە، لێرە دەڕۆم و ئەگەریش ناتەوێ بنووی لەلات دەمێنمەوە و گوێ لە قسەکانت دەگرم و بۆنی دەرمانەکانت دەکەم و هەرکاتێ کاپتا قسەیەکی پێکەنیناوی بکات قژی سەری رادەکێشم. من وا هەست دەکەم سەفەر کردنی من لەگەڵ تۆدا بۆ ئەو وڵاتانە بیروڕامی گۆڕیوە و ئیتر وەکو پێشوو لە بۆنی گایەکان و سەیرکردنی گابازی و دەنگی هاواری تەماشاچییەکان چێژ وەرناگرم. تەنانەت بە پێچەوانەی رابردووەوە حەز ناکەم بچم بۆ ماڵی خوا و ئەو قسانەی خەڵکی لە دەوروبەرمدا لە بارەی ئەم بابەتە دەیکەن لە گوێمدا وەک قسەی بێ واتای منداڵان وایە و یاری کردنی هاوڕێکانم نابێتە هۆی سەر گەرمیم و وەک ئەوە وایە کە ئەقڵی لەسەرم دەرکردبێ و ئەقڵێکی تری خستبێتە مێشکمەوە، وەک ئەقڵی ئەو گەلانەی کە من ئەوانم بینی. لەبەر ئەوە ئێستا بە تۆ دەڵێم دەستم بگرە و ئەگەرچی ئەمڕۆ دەتگوت حەزت لە ژنی قەڵەوەو من قەڵەونیم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حەزدەکەم دەستم بگری.

وتم: مینا من لە گەنجێتیمدا پیاوێکی سادە بووم و ئارەزووم ئەوە بوو ببمە خاوەن ژن و منداڵ، تا کاتێک کە تووشی ژنێکی تەماحکار و بێ بەزەیی بووم و هەرچییەکی هەمبوو لێی سەندم. لەو رۆژە بەدواوە ئیتر من حەزم لە هیچ ژنێک نەکرد، چونکە نەفرەتی ژنان چووبووە ناو دڵمەوەو وام بیر دەکردەوە کە هەموو ژنە گەنجەکان وەک ئەو ژنەن، بەڵام لە دوای ئەوەی تۆم بینی و شارەزای ژیریت بووم و هەستم بەوە کرد کە زێڕ و پارە هیچ سەرنجت راناکێشێت، تێگەیشتم کە لە دنیادا هەندێ ژن هەیە کە پیاو بتوانێ بیکات بە خوشکی خۆی، بەبێ ئەوەی لەبەر زێڕ و پارە خۆی بکات بە خوشکی.

لەوکاتەوە لە دڵمدا خۆشەویستیی بێ دەسەڵاتەکان و هەژاران دروست بوو و نەخۆشە کەمدەرامەتەکانم چارەسەر دەکرد بەبێ ئەوەی داوای هەق دەستیان لێ بکەم و ددانی ئەو کەسانەی ئازاری ددانی هەبوو دەمکێشا بەبێ ئەوەی داوای

پارەکە بکەم چونکە کاتێک کە دەمبینی تۆ تا ئەو رادەیە بێ بایەخ دەڕوانیتە ماڵی دنیا بە خۆمم وت منیش دەبێ ماڵی دنیا لەلام بێ بەها بێت، بەڵام ئێستا کە تۆ دەتەوێ لێم جیاببیتەوە و بۆ خانووی خوای کریت بڕۆی من هەم لە خوایەکان بێزار بوومە و هەمیش لە مرۆڤ، چونکە دەزانم دوای رۆیشتنی تۆ روحی من وەک قەلەڕەشێکی رەش وایە کە لە بیابانێکی رووتدا بێت و هەمیشە هاودەمی پەژارە بێت.

بۆیە بە تۆ دەڵێم مینا.. لە جیهاندا وڵات زۆرە، بەڵام زیاتر لە رووبارێک نییەو ئەویش رووباری میسرە. رووبارەکانی تر ئاویان هەیە و ئاویان تێدا دەڕژێت، بەڵام وەک رووباری نیل ژیان نابەخشن. ئەم رووبارە بەبێ هیچ بەربەست و دیوارێک کە لە بەردەمیدا دروست بوو بێت زەوییە رەشەکانی میسر ئاودێری دەکات و ئەگەر تەماح و چاوچنۆکی خاوەن زەوییەکان بهێڵێت ئەوەندە بەروبووم لە کێڵگەکانی میسردا بە دەست خەڵکی دەکەوێت، کە هەرگیز دانیشتووانی وڵاتەکەی من ناتوانن ئەو هەموو خواردنە بخۆن. وەرە با بڕۆین و خۆمان بگەیەنینە کەناری رووباری نیل و لەوێ خانوویەک بکڕین و گوێ لە دەنگی مراوییەکانی ناو قامیشەڵانەکان بگرین و کەشتیی خوای ئاموون (مەبەست خۆرە – وەرگێڕ) ببینین کە بە ئاسماندا دەڕوات.

مینا وەرە و باقیی تەمەنمان بە ژیانێکی بێ خەم ببەینە سەرو کاتێ کە گەیشتینە میسر بە یەکەوە گۆزە دەشکێنین کە ببینە ژن و مێردی یەکتر و ئەو کاتە لە یەکتری جیا نابینەوە و لە دوای مردنمان، تەرمی من و تۆ مۆمیایی دەکەن و دەچینە سەرزەمینی رۆژئاوا و هەتا هەتایە لەوێ بەیەکەوە دەژین.

مینا بەدەستەکانی خۆی دەست و چاومی نەوازش کرد و وتی: سینوهە من ناتوانم لەگەڵ تۆدا بۆ میسر یان وڵاتێکی تر بێم، چونکە هیچ کەشتییەک من لێرە دەرناکات و بەتایبەت لە دوای سەماکردنەکەی ئەمڕۆ هەموو خەڵکی دەزانن کە من دەبێ بچمە ناوخانووی خواوە و هەر کاتێ تۆ بتەوێت بەرهەڵستی چوونی

من بکەیت دەتکوژن و من دەبێ هەر چۆنێک بێت بچم بۆ ئەوێ و هیچ هێزێک لە جیهاندا نییە کە بتوانێ پێش لەم کارە بگرێت.

وتم: مینا کەس نازانێ سبەینێ چی روودەدات و لەوانەیە تۆ لەو شوێنەی کە هیچ کەسێ لێی نەگەڕاوەتەوە بگەڕێیتەوە و لەوانەیە دوای ئەوەی چوویتە ژوورەوە و کچێنییەکەت پێشکەش کرد بە رادەیەک هەست بە بەختیاری بکەیت کە ئەم جیهانە فەرامۆش بکەیت. بەڵام ئەوەندەی من بزانم ئەو شتانەی بە دەم خوایەکانەوە دەیڵێن هەمووی ئەفسانەیە و من هێشتا لە وڵاتە جیاجیاکان شتێکم نەبینیوە کە باوەڕم بەرامبەر بە خوایەکان بەهێز بکات. بۆیە ئەگەر تۆ لەوێ نەگەڕێیتەوە، من دێمە ناو ئەو خانووەوە و تۆ دەگەڕێنمەوە ئەگەر چی ئەم کارە ئاخرین کردەوەی من لە ماوەی ژیانمدا بێت و دوای ئەوە بمرم.

مینا دەستی خۆی خستە سەر دەمم و بە ترسەوە سەیری دەوروبەری کردو وتی: ئەم فکرە لەسەرت دەرکە، چونکە خانووی خوا تاریکەو هیچ کەسێ تەنانەت دانیشتووانی کریت ناتوانن بچنە ناو خانووەکەوە، مەگەر ئەو کەسانەی کە وەکو من هەڵبژێردراون، ئەگەر نا ئەوانی تر دەمرن، بەڵام من دەتوانم بە رەزامەندیی خۆم لەو خانووە بگەڕێمەوە. چونکە دەزانم خوایەکەی ئێمە بێ بەزەیی نییەو من بە زۆر لە ماڵی خۆیدا راناگرێت و ئەگەر بەتەمای گەڕانەوە بم رێگام پێ دەدات کە بێمەوە. ئەم خوایە زۆر جوانەو هەمیشە ئاگای لە دانیشتووانی (کریت)ـە کە لە بەختەوەریدا بژین و بەهۆی چاکەی ئەوە کە لەم وڵاتەدا گەنم پێ دەگات و لە زەیتوون رۆن دروست دەبێت و کەشتییەکان لە بەندەرێکەوە بۆ بەندەرێکی تر دەڕۆن و تەمە چرەکانی دەریا نابێتە هۆی نقوم بوونی کەشتییەکان.

هەرکەسێ پشت بە خوایەکەی ئێمە ببەستێ بەردەوام خۆشبەخت و شادمان دەبێت و من دڵنیام ئەم خوایە بەدبەختم ناکات و ئەگەر بزانێت کە بەتەمای گەڕانەوەم، رێگام لێ ناگرێت.

من تێگەیشتم کە مینا لە منداڵییەوە بەو شێوەیە پەروەردە کراوە و گەورەبووە و پێی وایە خوای کریت لە هەموو کەسێ بەهێزترە. بۆیە ناتوانێت بەشێوەیەکی تر بیربکاتەوە و ئەگەر من بمویستایە بە قسەکردن تێی بگەیەنم کە زۆربەی ئەو شتانەی لە بارەی خوایەکانەوە دەیڵێن ئەفسانەیە، نەیدەسەلماند.

من لە جیاتی ئەوەی هەوڵ بدەم گفتوگۆی لەگەڵدا بکەم دەستیم گرت و ئەو خۆی لێم دوور نەخستەوە و دەگریا و دەیگوت: سینۆهە، من دەزانم تۆ گومانت لە من هەیە و وابیردەکەیتەوە کە لە دوای ئەوەی چوومە ئەشکەوتەکەوە، لەوێ نایەمە دەرەوە و ناگەڕێمەوە بۆ لای تۆ، لەبەر ئەوە حەز ناکەم خۆمت لێ تەریک بکەم و ئەگەر ئارەزووت لێیە هەر چییەکت دەوێ بیکە.

وتم: مینا من پیاوێک نیم کە بەبێ رەزامەندیی تەواو، ژنێک بکەمە خوشکی خۆم، چونکە ئەم جۆرە چێژ وەرگرتنە یەک لایەنەیە و بۆ من لەزەتی نییەو هەر ئەوەندە کە تۆ ئەمشەو هاتوویتە لام، بۆ من بەسە و ئەگەر دەتەوێت شتێکم بدەیتێ، ئەو تەوقە زێڕینەی پرچتم پێ ببەخشەو من پێی رازیم.

مینا کاتێک کە ئەم قسەیەی بیست دەستێکی بەلەشی خۆیدا هێناو وتی: سینۆهە، ئایا لەبەر ئەوەی کە لەڕ و لاوازم حەزت لە من نییە؟ ئایا حەز دەکەی کە من لە ماوەیەکی کەمدا خۆم وەها قەڵەو بکەم کە بە بینینی قەڵەوییەکەم ترست لێ بنیشێ؟

وتم: نا مینا.. هیچ ژنێک لە دیدی مندا لە تۆ جوانتر نییە، بەڵام من نامەوێت لە خۆشەویستییەکەی تۆ کەڵکی نارەوا وەربگرم و ئەم کارە بە نارەوا دەزانم و لێی بێزارم. بەڵام دەتوانم پێت بڵێم کارێک بکەین کە ببێتە مایەی خۆشحاڵیی هەردووکمان.

مینا وتی: ئەو کارە چییە؟

وتم: من و تۆ گۆزەیەک بەدەستەوە دەگرین و دەیشکێنین و بەهۆی ئەم کردارەوە دەبینە ژن و مێرد. ئەگەرچی لێرە کاهینێک نییە کە ناومان لە کتێبی

پەرستگەدا بنووسێت، بەڵام بە پێی داب و نەریتی میسر کاتێک کە ژن و پیاوێک بە مەبەستی هاوسەرێتی گۆزەیەکیان شکاند دەبنە ژن و مێرد.

مینا پێکەنی و وتی: زۆر باشە، دە گۆزەیەک بهێنە با بیشکێنین.

من لە ژوورەکە چوومە دەرەوە تاکو بەندەکەم هەڵسێنم کەپێم وابوو خەوتووە و پێی بڵێم گۆزەیەک بهێنێت، بەڵام سەیرم کرد کاپتا لە پشت دەرگای هۆدەکەمەوە دانیشتووەو دەگرییێت و وتی: گەورەم من لە بەرئەوە دەگریەم چونکە جەرگێکی ناسکم هەیە و کاتێ کە بیستم ئەم کچە ئەندام باریکە لەگەڵ تۆدا قسە دەکات و تۆ وەڵامی دەدەیتەوە گریانم هات.

من تووڕە بووم و شەقێکم لێدا و وتم: کاپتا ئایا تۆ هەر چییەک کە لەم هۆدەیەدا وترا بیستت؟

کاپتا وتی: بەڵێ، چونکە ئەگەر من نەمبیستایە خەڵکی تر دەیبیست.

وتم: خەڵکی تر چۆن گوێیان لە قسەکانی ئێمە دەبوو؟

کاپتا وتی: ئەمشەو چەند کەسێ هاتنە ئێرە کە مینا بخەنە ژێر چاودێرییەوە و جاسووسی بکەن، چونکە مینا لەبەر ئەوەی ناسراوە و هەموو دەزانن کە دەچێتە خانووی خواەوە، ئێستا لە ژێر چاودێریدایە تاکو هەڵ نەبێت.منیش زانیم کە ئەگەر لە پشت دەرگای ژوورەکەتدا دانەنیشم ئەوان لێرە دادەنیشن و گوێیان لەو شتانە دەگرت کە پەیوەندیی بەوانەوە نییەو لەبەر ئەوە من لێرە دانیشتم بۆ ئەوەی خەڵکی نەتوانن گوێ لە نهێنییەکانت بگرن و دوای دانیشتنم لێرە بەبێ ئەوەی نیازی گوێ گرتنم هەبێت گوێم لە گفتوگۆکانتان بوو و لەبەر ئەوەی قسەکانتان منداڵانە و راست بوو گریانم هات، چونکە وەک پێم وتی جەرگی من ناسکەو زوو دەکەومە گریان.

من چیتر لە کاپتا تووڕە نەبووم و وتم: لەبەر ئەوەی گوێت لێبووە چیمان وتووە، برۆ و گۆزەیەک بهێنە.

کاپتا درێژەی پێداو وتی: چ جۆرە گۆزەیەکت دەوێ؟ ئایا گەورە بێت یان

بچووک؟ رەنگدار بێت یان بێ رەنگ؟

وتم: تۆ خۆت دەزانی کە هەموو گۆزەیەک بۆ ئەم کارە دەست دەدات، بە مەرجێ زوو برۆی گۆزەیەک بهێنی ئەگەرنا ناچارم دەکەی بە گۆچان بتنێرم.

کاپتا وتی: من دەمتوانی کاتێ کە گۆزەت ویست یەکسەر برۆیشتمایە و گۆزەیەکم بۆ بهێنایتایە، بەڵام بۆ ئەوە قسەم کرد کە تۆ دەرفەتی بیر کردنەوەت هەبێ، چونکە گۆزە شکاندن لەگەڵ ژن، کارێکی گرنگە و دەبێ بیری لێ بکەیتەوە و دوایی بڕیاری لەسەر بدەی، بەڵام لەبەر ئەوەی پێ دادەگری کە لەگەڵ ئەم ژنەدا گۆزە بشکێنی دەرۆم و گۆزەیەک دەهێنم چونکە ناتوانم فەرمانەکانت جێبەجێ نەکەم.

دوایی رۆیشت و گۆزەیەکی هێنا کە بۆنی ماسیی لێ دەهات و دیار بوو کە ماسییان تێ کردبوو و لەبەردەم مندا دایناو من و مینا هەریەکە دەستێکی گۆزەکەمان گرت و بەرزمان کردەوە و دوایی دامان بە زەویداو شکاندمان.

لەدوای گۆزەشکاندنەکە کاپتا لەسەر زەوی دانیشت و قاچی مینای خستە بان سەری خۆی و وتی: لەمەودوا تۆ خانمی منی و وەک گەورەکەم دەتوانی فەرمانم پێ بکەیت و لەوانەیە لە سینۆهەش زیاتر کارم پێ بکەی، بەڵام هیوادارم لەکاتی تووڕە بوونتدا ئاوی کوڵاوم پیا نەکەی و پێڵاوی بێ پاژنە لە پێ بکەی بۆئەوەی لەو کاتەی تووڕە دەبی و دەیکێشی بەسەرمدا سەرم نەشکێ و نەئاوسێ. من لە هەموو کاتێکدا هەر وەکو وەفاداری سینۆهەم، لەگەڵ تۆشدا بەوەفا دەبم، چونکە نازانم لەگەڵ ئەوەشدا کە تۆ لەڕ و لاوازی بۆچی من خۆشم دەوێیت و پێم سەیرە چۆن گەورەکەم تۆی هەڵبژاردووە، چونکە ئەگەر من لە جیاتی گەورەکەم بوومایە، هەرگیز کچێکی ئەوها لەڕ و لاوازم نەدەکردە هاوسەری خۆم، بەڵام واهەست دەکەم کە لە دوای منداڵ بوون قەڵەو ببی و من بەڵێنت دەدەمێ وەکو چۆن لە گەورەکەم، کەم دەدزم، دزیی زۆر لە تۆش نەکەم.

کاپتا کاتێک کە قسەی دەکرد وەها تێکچوو بوو کە کەوتە گریان و مینا

ماوەیەک دەستی بەسەر و گەردنیدا هێناو وتی: مەگری. منیش پێم وت: کەرتە گۆزە شکاوەکان کۆبکەرەوەو بیبەرە دەرەوە.

ئەو شەوە من و مینا وەکو رابردوو لەتەنیشت یەکەوە راکشاین بەڵام من نەمویست سوود لە مافی هاوسەرێتییەکەم وەربگرم و وەکو برایەک کە دەچێتە لای خوشکەکەی خۆی کەڵکی لێ وەربگرم چونکە دەمزانی کە مینا لە هاودەمێتیی من خۆشحاڵ نابێت و من نەفرەتم لەو خۆشحاڵییە یەک لایەنەیە بوو.

رۆژی دوای ئەوە مینا وەک رۆژی پێشوو لەبەردەم گایەک سەمای کردو هیچ رووداوێکی خراپ رووی نەدا، بەڵام کوڕێکی گەنج کاتێک کە خەریکی سەماکردن بوو، بازی دایە سەرگایەک کە بچێتە سەر پشتی و کەوتە سەر زەوی و گایەکە بە شاخەکانی کوشتی.

تەماشاچییەکان کاتێک کە ئەم رووداوەیان بینی هەڵسان و هاواریان کردو من بۆم دەرکەوت کە لە خۆشیدا هاوار دەکەن، نەک لەوەی پێیان ناخۆش بێت.

دوایی گایەکەیان لەو گەنجە دوورخستەوەو خەڵکی دەورەیان لە لاشەکەی داو ژنەکان دەستیان بە خوێنی کوڕەکە سوور دەکردو گوێم لێ بوو کە دەیانگوت تەماشاکردنێکی خۆش بوو و، پیاوەکان دەیانگوت ماوەیەکی زۆرە وەک ئەمڕۆ شتی دیدەنیمان نەبینیبوو.

دوایی ژن و پیاوەکان بەرەو ماڵەکانی خۆیان رۆیشتنەوە و ئەو شەوە چراکانی بەندەر و ناوشار لە شەوەکانی تر زیاتر هەڵکرابوون، چونکە ژن و مێردەکان ئەو شەوەیان کردە جەژن و ئەم جۆرە خۆشگوزەرانییە لە کریت باو بوو. ئەم رابواردنە تەنیا بە بۆنەی گابازییەکەی ئەو رۆژەو مردنی یەکێک لە گابازەکان نەبوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی ژن و پیاوەکان دەیانزانی کە لەو شەوەدا کچێکی جوان دەچێتە خانووەکەوە شادییان دەکرد.

من بە پێچەوانەی ئەو خەڵکە لەو شەوەدا تەنیا بووم، چونکە دەمزانی کە

مینا لەو شەوەدا بە سواری گالیسکەیەکی زەرد بەرە و خانووی خوا دەڕوات و هاوڕێکانی بە سواری کەژاوە، یان بە پێ لە دوایەوە بە خۆشی و پێکەنین دەڕۆن.

من لەبەر ئەوەی دەمزانی کە دەبێ لە دوای میناوە بڕۆم، سەر لە بەیانی ئەو رۆژە کەژاوەیەکم بۆ ئەو مەبەستە بەکرێ گرت و کاپیتاش لەبەر ئەوەی دڵی بە میناوە بوو، وتی لەگەڵتدا دێم و لە رێگا لە نێوان شار و ئەشکەوتەکەدا هەموو شادمان بوون، جگە لە من، چونکە دەمزانی کە لەوانەیە ئیتر مینا نەبینمەوە.

کاتێک لە خانووی خوا نزیک بووینەوە هەموویان بێدەنگ بوون و لە رووناکیی مانگدا لەو شوێنە وردبوومەوە کە بزانم چۆنە. لە خانووەکەدا جگە لە دەرگاکانی هیچی ترم نەبینی، دوو دەرگای حەوجۆش (مەفرەغ)ی گەورە و قورسی یەک لە دوای یەکی لێ بوو و بۆ ئەوەی ئەو دەرگایانە بکەنەوە مینایان بردە ناو پەرستگەیەک کە لە نزیک خانووی خوایەکەیان بوو و ئەوانەی لەوێ بوون پێیان وتم ئەو پەرستگەیە شوێنی نیشتەجێ بوونی پاسەوانەکانی خانەی خوایە.

کاتێک کە مینا چووە ناو پەرستگەوە کراسی لەبەردا بوو و لە دوای کاتژمێرێک کە لەو پەرستگەیە دەرچوو بینیم کراسی لەبەردا نییە و رووتە، بەڵام پرچی سەری بە پەڕۆیەکی سپی وەک تۆڕ بەستبوو.

مینا لە دوورەوە سەیرێکی کردم و بزەخەنەیەکی هاتێ، بەڵام هەستم کرد کە بزەی سەر لێوی لە ناچارییەو بۆ دڵدانەوەی منە، ئەگەرنا مینا خۆشحاڵ نییە تا پێبکەنێ. هەروەها بینیم لە دوای دەرچوونی مینا لە پەرستگەکە کاهینە گەورەکەی کە سەری گای بەسەر خۆیدا کردبوو و دەم و چاوی نەدەبینرا، شمشێرێکی بە قەدیەوە کردبوو و لە تەنیشت میناوە دەڕۆیشت.

لە نێوان بێدەنگیی خەڵکی، کاهینە گەورەکە و مینا گەیشتنە دەرگای خانووەکە و پاسەوانەکانی پەرستگە ئەو دەرگایەیان کردەوە کە بۆ کردنەوە و

داخستنی هێزی بیست نەفەری دەویست. دوایی دەرگای دووەمیان کردەوە و لەوێدا یەکێ لە پاسەوانەکان مەشخەڵێکی هەڵکرد و دایە دەست میناو دوایی کاهینە گەورەکە و مینا چوونە ناو دالانێکی گەورەوە، کە وادیار بوو دوور و درێژە و پاسەوانەکان هەردوو دەرگاکەیان داخست.

بینینی ئەو دیمەنەو لەبەر چاو ون بوونی مینا لەو جێگایە ئەوەندە خەم هێنەر بوو کە نەمتوانی بەپێوە بوەستم و لەسەر ئەو گیایەی لەبەردەم خانووەکەدا شین ببوو کەوتمە سەر ئەژنۆ و دەم و چاوم خستە سەر گیایەکان و لەگەڵ ئەوەشدا کە مینا بەڵێنی پێدابووم کە لەو خانووە بگەڕێتەوە و لەگەڵ مندا بژێت، بەڵام دەمزانی کە هەرگیز نایبینمەوە.

تا ئەو کاتەی کە مینام لێوە دیار بوو ئومێدم هەبوو کە بیبینمەوە، بەڵام لە دوای ئەوەی کە بینیم دەرگا قورسەکانیان لە دوایەوە داخست، زانیم کە نابێ بە هیوابم ئەو کچە ببینمەوە.

کاپتا لە تەنیشت منەوە لەسەر گیایەکە دانیشت و دەینالاند، چونکە ئەویش هەستی کردبوو کە ئیتر مینا نابینێتەوە، بەڵام هاوڕێکانی مینا کە لەگەڵیدا هاتبوون و تا ئەو کاتە بێدەنگ بوون، هەر ئەوەندە دەرگای خانووەکە داخرا، وەک ئەو کەسانەی کە لە ناکاودا تووشی شێتی ببن مەشخەڵەکانیان هەڵکرد و سەری گۆزەکانیان کردەوە و هەندێکیان خواردەوە، هەرئەوەندە کەمێک لەشەو تێپەڕی، لەبەر رووناکیی مانگ و رۆشنایی مەشخەڵەکان کەوتنە سەماکردن و ئەو سەمایە ئەوەندە گەرم و سەرسوڕهێنەر بوو کە من تا ئەو شەوە هاوتای ئەوەم لە هیچ ولاتێکدا نەبینیبوو هەر ئەوەندە سەریان گەرم بوو ئیتر ژن و پیاوەکان خۆیان رووت کردەوەو بێشەرمانە ئەو ئەندامانەی کە دەبێ داپۆشرێ نیشانی ژن و پیاوەکانی تریان دەدا.

کاپتا کاتێک کە بینیی هەموو خەریکی سەماکردنن هەڵساو رۆیشت و دوای چەند ساتێ بە گۆزەیەکی شەرابەوە گەڕایەوە. من دەمزانی گۆزەکەی لەناو

کەژاوەکەوە هێنابوو، چونکە بەر لەوەی لە شارەوە بەڕێ بکەوین پێیان وتبووین کە لە ماڵی خوا و لە پەرستگەکە هیچ خواردن و خواردنەوەیەکی لێ نییەو ئێمە دەبێ خواردن و خواردنەوەی خۆمان لە شارەوە ببەین و کاپتا چەند گۆزەیەکی خواردنەوەو هەندێ نانی لە شار کڕیبوو و لە ناو کەژاوەکە دانابوو.

کاتێک کە گۆزەکەی هێنا وتی: سینۆهە ئێستا منیش هێندەی تۆ خەمبارم، چونکە منیش وەکو تۆ هەست دەکەم کە ئەو کچە نابینمەوە، بەڵام چونکە من و تۆ لەم کاتەدا بۆ بینینی ئەو هیچمان پێ ناکرێت باشتر وایە کە بنۆشینەوە و خەم لە ناو ببەین.

بەڵام من نەمتوانی بنۆشمەوە و وەک ئەو ژن و پیاوانەی کە شێتانە لەو ناوەدا سەمایان دەکرد خۆشحاڵ بم. بەڵام رێگام لە خواردنەوەی کاپتا نەگرت، چونکە دەمزانی کەمێک خواردنەوە بەسوودە و توانا دەبەخشێتە ئەو پیرەمێردە.

مەشخەڵەکان هەڵکرابوون و مانگ دەدرەوشایەوە و ژن و پیاوەکان بەبێ ئەوەی بایەخ بەوانی تر بدەن، لە مەشخەڵەکان دوورکەوتنەوەو کە وەکو خوشک و برا(واتە ژن و مێرد) لەگەڵ یەکتریدا کۆببنەوەو من بیرم دەکردەوە کە ئێستا مینا لە کوێیە و چی دەکات.!

لە ناکاودا کاپتا وتی: سینۆهە... لەبەر ئەوەی من هێشتا زۆرم نەنۆشیوەتەوە، چاوەکانم هەڵە ناکەن کە بڵێم بەهۆی سەرخۆشییەوە شتی لێڵ دێتە بەرچاوم.

وتم: کاپتا چی دەڵێی؟

بەندەکەم وتی: دەمەوێت بڵێم ئەو پیاوەی شمشێرێکی بە پشتەوە بوو و دوو شاخ لە سەری رووابوو و لەگەڵ مینادا چووبووە ژوورێ، لەوێ هاتە دەرەوە، لە کاتێکدا کە دەرگای خانووەکە نەکراوەتەوە و ئەمە بابەتێکە شایانی بیرکردنەوەیە.

من سەیرێکی دەوروبەرم کرد و کاهینی گەورەم بینی و سەیرم کرد وەکو

خەڵکی خەریکی سەماکردنە. لە کاپتام پرسی: ئایا تۆ دڵنیایت کە ئەو لە دەرگای ئەشکەوتەکەوە نەهاتە دەرێ؟

کاپتا وتی: کاتێک کە تۆ سەرت خستبووە سەر زەوی و ناڵە ناڵت دەکردو دەگریای، من یەک چرکەش چاوم لە دەرگای خانووەکە هەڵنەگرت، چونکە چاوەڕوان بووم کە مینا لەوێ بێتە دەرەوە، بەڵام لەناکاو بینیم شاخە زەرد رەنگەکانی ئەم پیاوە لە رۆشنایی مەشخەڵەکاندا دەدرەوشایەوەو لەبەر ئەوەی دەرگای ئەشکەوتەکە نەکرابووەوە، بە خۆمم وت دیارە خانووی خوا جگە لەو دەرگا گەورانەی کە ئێمە دەیبینین رێگای تری هەیە کە ئەم پیاوە لەوێوە هاتۆتە دەرەوە.

من هەڵسام و بەرەو کاهینی گەورە رۆیشتم و دەستیم گرت و وتم مینا لە کوێیە؟

کاهینەکە ئەوەندە لەم قسەیەی من تووڕە بوو کە بە توندی سەری گایەکەی لە دەم و چاوی کردەوە و وتی: ئەگەر تۆ هاووڵاتییەکی (کریت) بوویتایە و لەم کاتەی کە ئێمە خەریکی سەماکردنین ئەم پرسیارەت بکردایە و سەماکەمانت لێ تێک بدایە، فەرمانم دەدا لە بان تاشە بەردەکانەوە فڕێت بدەنە ناو دەمی (ئەختوپوت)ـەکانەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی پیاوێکی بیانیت و رێ و رەسمی ئێرە نازانی چاوپۆشی لە بە سزا گەیاندنت دەکەم.

پێم وت: مینا لە کوێیە؟ وەڵامم بدەوە، پێم بڵێ بۆ کوێت برد؟

کاهینەکە وتی: من مینام بردە ناو خانووی خواوەو ئەوم لە تاریکیی ئەشکەوتەکەدا بەجێ هێشت و گەڕامەوە کە لەم سەمایە بەشداربم. بەڵام تۆ هەقت بەسەر میناوە چییەو بۆچی سۆراغی دەپرسی؟ لە کاتێکدا کە من پاداشتی ماندووبوونەکەی تۆم داوەتەوە و دیاریم بۆ ناردوویتە میوانخانەکە، چونکە مینات بۆ گەڕاندبووینەوە.

وتم: ئەی کاهینی گەورە چۆنە کە تۆ لە خانووی خوا هاتوویتە دەرەوە، بەڵام

(مینا)ت لەگەڵدا نییە؟ چونکە میناش دەیتوانی لەو رێگایەی کە تۆ لێی هاتوویتە دەرەوە بهاتایەتەوە.

کاهینەکە وتی: ئەی پیاوی میسری، تۆ زۆر قسە دەکەی وخۆت لەو کارانەی کە پەیوەندیی پێتەوە نییە هەڵدەقورتێنی و بۆ دووایین جار پێت دەڵێم واز لەم لێکۆڵینەوانە بهێنە، ئەگەرنا دەرخواردی ئەختوپوتەکانت دەدەم.

من تووڕە بووم و وتم: ئەم کارە پەیوەندیی بە منەوە هەیەو من دەبێ بزانم کە مینا لە کوێیەو چۆن تۆ لێی جیابوویتەوە و لە کوێ بە جێت هێشت و گەڕایتەوە؟

بەڵام لەم کاتەدا کاپتا دەستی گرتم و لە کاهینەکە دووری خستمەوەو وتی: گەورە خەمبارەکەم مەگەر تۆ شێت بوویت کە لەگەڵ ئەم پیاوە شاخدارەدا لە ناو ئەم هەموو ژن و پیاوە دەنگە دەنگ دەکەیت و سەرنجی هەموویان بۆ لای خۆت رادەکێشی؟

دوایی چرپاندی بە گوێمداو وتی: تۆش وەک ئەمان سەما بکەو شادی دەربڕە و بۆ ئەوەی کاهینی گەورە فریو بدەی وەک ئەم خەڵکە بچۆرە ناو قەرەباڵغییەکەوەو کارێک بکە کە وا بزانن تۆ بەراستی شادمانی.

وتم: من ئەم کارە ناکەم و بە درۆ خۆم خۆشحاڵ نیشان نادەم و حەز ناکەم سەرنجی کەس رابکێشم، بەڵکو ئەگەر ئەم پیاوە پێم نەڵێ مینا لە کوێیە و چۆن دەکرێ بگەمە لای ئەو بەم کێردە ئاسنەی لە وڵاتی (هاتی) دەستم کەوتووە دەیکوژم و ئەم کێردە ئەوەندە تیژە کە کاتێک بچێتە ناو لەشی یەکێکەوە تا دەسکەکەی دەچێتە خوار.

کاپتا وتی: وسکت بە... وسکت بە... وەرە بڕۆین کەمێ خواردنەوە بنۆشە، چونکە چاوەکانت بەم شەوە وەک چاوی کوندەبەبوو لە تاریکیدا بریقە دەداتەوەو دەبێ بنۆشیتەوە بۆ ئەوەی تووڕەییەکەت هێور بکاتەوە و ئەگەر بە قسەم بکەی و کەمێ بنۆشینەوە پێت دەڵێم کە لە چ رێگایەکەوە دەتوانی بگەیتە مینا. چونکە

رێگای هاتنە دەرەوەی ئەم پیاوەم دۆزیوەتەوە.

کاپتا منی لە نێوان ئەو ژن و پیاوانەی سەمایان دەکرد هێنایە دەرەوەو لە بان گیایەکان لەسەر زەوی داینیشاندم و کەمێ شەرابی دەرخوارد دام و من هەستم کرد کە ناتوانم بەخەبەر بمێنمەوە و دەبێ بنووم و لەبەر ئەوەی ئەم خەوە نائاسایی بوو، بۆم دەرکەوت کە کاپتا تریاکی خستبووە ناو شەرابەکەوە و تۆڵەی رووداوەکەی بابلی لێ کردبوومەوە. بەڵام ئەگەر لەوشەوەدا کاپتا تریاکی تێکەڵی شەرابەکە نەکردایەو دەرخواردمی نەدایە، من کاهینی گەورەم دەکوشت و دانیشتووانی کریتیش منیان دەرخواردی ئەختوپوتەکان دەدا، یان بە شێوەیەکی تر دەیانکوشتم و کاپتا لەو شەوەدا گیانی منی رزگار کرد.

کاتێک کە لە خەو هەڵسام، روانیم رۆژەو خۆر هەڵهاتووە و من لەسەر گیایەکان راکشاوم. سەرم بەرزکردەوە و سەیرێکی دەوروبەرم کرد و بینیم ژن و پیاوەکان بەرووتی لەسەر گیایەکە کەوتبوون. چونکە دوێنێ شەو تا بەیانی خەریکی نۆشین و سەما کردن ببوون و ماندوێتی لە پێی خستبوون.

دوای ئەوەی خۆر بەرز بووەوە و گەرمای خۆر ژن و پیاوەکانی لەخەو هەڵساند، ژنەکان پرچی خۆیان رازاندەوە و بەرە و دەریا رۆیشتن کە خۆیان بشۆن، بەڵام لەبەر ئەوەی راهاتبوون کە لە گەرماوەکانی ماڵەوەدا خۆیان بشۆرن، هەر کە هەنگاویان دەخستە ناو دەریاوە، دەگەڕانە دواوەو نەیاندەتوانی لە ناو ئەو ئاوە ساردەدا خۆیان راگرن.

دوای ئەوەی ژنەکان بە هاوکاریی یەکتری خۆیان رازاندەوەو ژاکاوییەکەیان نەهێشت، پرسییان: ئێستا کێ لە چاوەڕوانی مینادا دەمێنێتەوە و کێ دەگەڕێتەوە بۆ شار؟

هەندێ لە ژنەکان وتیان دەگەڕێینەوە بۆ شار و بەرێکەوتن و گەڕانەوە، بەڵام دەستەیەک لە ژنەکان کە گەنجتر و هاوتەمەنی مینا بوون، وتیان ئێمە چاوەڕوان دەبین تا ئەو بگەڕێتەوە. هەندێ لە ژنە گەنجەکان کە بەتەمای مانەوە بوون لەوێ

مانەوەو هەر یەکەیان دەیوت کام پیاو ئامادەیە بمێنێتەوەو یەکێک لەپیاوەکان ئامادەیی خۆی دەربڕی کەبمێنێتەوە و ئەو ژنە بەتەنها نەمێنێتەوە. من لە سەرەتادا تێنەگەیشتم کە ئەمانە بۆچی لەوێ کۆبوونەتەوە و دوایی بۆم دەرکەوت کە بۆ چی هەر ژنێک لەنێوان پیاوەکاندا یەکێکیان بانگهێشت دەکات و زانیم کە ئەگەر ژنەکان هەندێکیان دەعوەت نەکەن، هەموو پیاوەکان دەگەڕێنەوە بەرەو شارو ئەوان(ژنەکان) بەتەنیا دەمانەوە.

لە نێوان ئەو وڵاتانەی کە من تا ئەو کاتە بینیبووم کریت تاکە وڵاتێک بوو کە ژنەکان بۆ ئەوەی سەرنجی پیاوەکان بۆ لای خۆیان رابکێشن دەبوایە ئەم رێگەیەیان بەکار بهێنایە. لە مەیدانی گابازییەکەش سەرنجم دابوو کە ژن و پیاوەکان کاتێک کە بە رووتی لەبەردەم گایەکاندا سەما دەکەن، خەڵکی زیاتر بۆ هونەری گابازییەکەیان خۆشی دەردەبڕن و لەگەڵ ئەوەشدا کە کوڕێک یان کچێکی جوان سەرنجی خەڵکی رادەکێشا ، بەڵام وەک وڵاتانی تر نەبوو و هۆیەکەشی ئەوە بوو کە لە کریت ژن و پیاوەکان لەرابواردن لەگەڵ یەکتری دا ئازاد بوون.

کاهینی گەورە لەو پیاوانە بوو کە دەیویست بگەڕێتەوە بۆ شار و من لێیم پرسی: ئایا دەتوانم لێرە بمێنمەوە تا ئەو کاتەی مینا لە خانووی خوا دێتە دەرەوە؟

کاهینی گەورە وتی: هیچ کەس رێگا لە مانەوەت ناگرێت، بەڵام مانەوەی تۆ لێرەدا بێ سوودە، چونکە تا ئێستا رووی نەداوە کە کەسێ بچێتە ماڵی خوا و دوایی بگەڕێتەوە.

من خۆم لە گێلی داو وتم: ئەی کاهینی گەورە، من حەزم بە گەڕانەوەی مینا نییە و نامەوێت بیبینم، بەڵکو ئەم بابەتە بەهانەیەکە بۆ ئەوەی لێرە بمێنمەوە و بە رابواردن لەگەڵ ئەم ژنە جوانانە، خۆم سەرگەرم بکەم. چونکە تەنیا زەوی و ئاسمانی (کریت)ە کە بوونەوەری ئەوها لەش ساغ و جوان دەهێنێتە کایەوە.

هەروەها ئەگەر شەوی رابردوو قسەی توندم بەرامبەرت کرد، داوای لێبووردن دەکەم، چونکە شەوی رابردوو مەست بووم و نەمدەزانی چی دەڵێم و چی دەکەم و لەگەڵ کێدا گفتوگۆ دەکەم. بەڵام ئێستا، کە هاتوومەتەوە هۆش دەزانم کە رەفتاری دوێنێ شەوی من زۆر ناپەسەند بووە.

ئەم قسانە کاری لە کاهینی گەورە کردو دەستی بەسەرمدا هێناو بزەیەکی هاتێ و وتی: زۆر باشە لەبەر ئەوەی حەز دەکەی لەگەڵ ژنەکاندا رابوێری، لێرە بەو من رێگا لە مانەوەت ناگرم، بەڵام وریابە ژنەکانی ئێمە سکیان لەتۆ پڕنەبێ چونکە لەبەو ئەوەی تۆ بیانیت باش نییە ژنەکانی ئێمە لەتۆ دووگیان بن و لێرە ئەوەندە چاوەڕوان بە هەتا مینا دەگەڕێتەوە.

وتم: ئەی کاهینی گەورە من لە بارەی ژنەکانەوە پیاوێکی کەم ئەزموون نیم، چونکە لە سووریاو بابل بینیم کە چۆن کچە گەنجەکان دەچوونە پەرستگە بۆئەوەی جەهازی بووکێنیی خۆیان کۆبکەنەوە...

من بە شێوەیەک بەسادەیی دەدوام، کە کاهینەکە وابزانێت من پیاوێکی دەبەنگم و منیش خۆم مەبەستم ئەوە بوو و دەمویست کە ئەو بە پیاوێکی نەفامم بزانێت بۆ ئەوەی بڕیار نەدات لەوێ دوورم بخەنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک کە کاهینی گەورە بەرەو شار گەڕایەوە، هەستم کرد کە پاسەوانەکانی پەرستگەی راسپارد کە ئاگاداری من بن.

هەروەها دیاربوو بە ژنەکانی وتبوو گاڵتەو گەفم لەگەڵدا بکەن، چونکە کاتێک کە رۆیشت کۆمەڵێ لەو ژنانە لە دەورم کۆبوونەوەو داوایان لێ کردم لەوێ دوورکەوینەوەو لەگەڵیاندا بم و بەیەکەوە بخۆین و بخۆینەوە. من بەدەم بانگهێشتەکەیانەوە چووم و بەیەکەوە چووینە ناو بێشەیەکەوەو ئەو کاتە بۆم دەرکەوت کە ژنەکانی کریت چەند سووکن، چونکە هیچ شەرمیان لە من نەدەکرد و گاڵتە و گەفی ناشیرینیان دەکرد کە لە شاری (**تەبەس**) یش کە گەورەترین شاری دنیایە لە ناو مەیخانەکانیدا ئەو کردارانە نەدەکرا، لە کاتێکدا کە من

دڵنیابووم ئەو ژنانەی کە منیان بۆ ناو بێشەکە برد، هەموویان لە بنەماڵە ناودارەکانی کریت بوون و کاتێک کە بینیم ژنەکان زۆر ئازارم دەدەن و حەزیشم بە هاودەمێتیی رابواردن لەگەڵ هیچیان نەبوو، خۆم وا نیشاندا کە سەرخۆشم و خەوم لێ کەوتووە و ئەوان بە رقەوە لێم دوورکەوتنەوە و وتیان: ئەم بیانییە پیاوێکی کێوییە، ئەگەر نا ئەوەندە بەبێ بایەخی رەفتاری لەگەڵ نەدەکردین.

کاپتاش هات کە من لەوێ دەربکات و پێی وتم: تۆ کە ناتوانی خۆت بۆ سەرخۆشی بگری بۆچی ئەوەندە زۆرت خواردۆتەوە کە لە پێ بکەوی؟

ژنەکان کە بەندەکەی منیان بینی و روانیانە سکە زلەکەی، دەستیان بە گاڵتەوگەف و پێکەنین کرد و لێی نزیک بوونەوەو ئەگەرچی بەندەکەی من ناشیرین بوو و یەک چاوی هەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی بە بیانی لەقەڵەم دەدرا هەستی ژنەکانی دەبزواند کە بیدوێنن و شتی لێ بپرسن. چونکە ژنەکان لە هەموو وڵاتێ، کاتێک کە بیانییەک دەبینن لەبەر فزولی هەوڵ دەدەن لێی بکۆڵنەوە. ژنەکان کاپتایان لەگەڵ خۆیاندا بۆ ناو بێشکەکە برد.

من لەبەرئەوەی دەمزانی کە لەوانەیە مانەوەم درێژە بکێشێ هەڵگرەکانی کەژاوەکەم ناردن بۆ شار کە ئازووقەو خواردنەوە بکڕن و لەگەڵ خۆیاندا بیهێنن و بەتایبەتی زیاتر خواردنەوە بکڕن، کە هەم خۆیان بینۆشنەوە و هەم ئێمەش سوودی لێ وەربگرین.

ئەو رۆژە ئەوانەی لەوێ بوون، کاتەکانیان بە خواردن و نۆشینەوە و رابواردن بردەسەر و من تێگەیشتم کە ئەوان زۆر زوو لەم کارە ماندوو بوونە، چونکە رابواردنێک کە ملکەچی یاسایەک و سنوورێک نەبێت، زووتر لە کار و ژیانی رێک و پێک مرۆڤ ماندوو دەکات.

شەوی دوایی تا بەیانی ژن و پیاوەکان خەریکی سەما و گۆرانی وتن بوون و تا بەیانی گوێم لە هاوار و پێکەنینیان بوو و کاتێک کە خۆر هەڵهات هەموویان لە تاو ماندوێتی نووستن و لە دوای ئەوەی کە هەڵسان هەندێکیان گەڕانەوە

شارو تەنیا ئەو کەسانە مانەوە کە لەبەر تەمەڵیی رابواردن تێرنەبوون. بەڵام ئەم کۆمەڵەش رۆژی سێیەم گەڕانەوە شار و هەندێکیان لەتاو خۆشگوزەرانی و رابواردن و خواردنەوە و نەنووستنیان، نەیاندەتوانی بەرێدا بڕۆن و من کەژاوەکەی خۆم داپێیان کە ئەوان بباتەوە بۆ شار و هەڵگرەکانی کەژاوەکەشم روخسەت دا و پێیانم وت هیچکە پێویستیم بە کەژاوە نییە.

لە رۆژی دووەمەوە کە بەندەکانی کەژاوەکە خواردنەوەیەکی زۆریان بۆ هێنابووم، هەموو شەو و رۆژێ دووجار بەشەو و رۆژ شەرابم دەدایە پاسەوانەکانی پەرستگە، بۆ ئەوەی بیانکەمە هاورێ و دۆستایەتیان بۆ لای خۆم رابکێشم. لە رۆژی سێیەمدا کە کەس لەوێ نەما، پاسەوانەکان مانەوەی منیان پێ سەیر بوو و هۆی سەرسوڕمانەکەشیان ئەوەبوو کە دەیانزانی ئەو کچەی چووەتە خانووی خواوە هەرگیز لەوێ نەگەڕاوەتەوە.

ئەوان دەیانزانی کە هەموو دانیشتووانی دورگەی (کریت) ئەم بابەتە دەزانن و خۆیان بەگەڕانەوەی ئەو کچەوە مەحتەل ناکەن کە چووەتەماڵی خوا، بەڵام من لەبەر ئەوەی بیانییەک بووم، ئەوان وایان دەزانی کەلە داب و نەریت و بارودۆخی ئەوێ بێ ئاگام و لەبەر ئەوە لە دوای رۆیشتنی ئەو خەڵکە من هەر لەوێ ماومەتەوە.

***

چوونە ژوورەوەی
من و بەندەکەم بۆ خانەی خوا

کاتێک کە شەو داهات دوو گۆزەی گەورەی شەرابم بۆ پەرستگەکە برد، کە تریاکم کـردبووە ناوی. پاسـەوانەکـان کـاتێک کـە گـۆزەکـانیـان بینی، بەخۆشحاڵییەوە لەدەوری کۆبوونەوە و دەستیان بە خواردنەوەی شەرابەکە کرد و من لە پەرستگەکە دوور کـەوتمەوەو کـاپتـام بردە کـەنارێک و وتم: خوایەکـان ویستوویانە کە من و تۆ لە یەکتر جیابینەوەو لەبەر ئەوەی مینا لە خانەی خوا نەگـەڕاوەتەوە، من دەبێ بڕۆم و بیـدۆزمـەوە و لەوێ بیـهـێنمـە دەرەوەو، لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی کە چوونەتە ژوورەوە نەگەڕاونەتەوە، لەوانەیە منیش کە بۆ هێنانەوەی مینا بۆ ئەم خانەیە دەڕۆم نەگـەڕێمـەوە و ئەگـەر تا سبـەینێ بەیانی نەگـەڕامـەوە، تۆ بگەڕێوە شار و بۆ دیار نەمانی من هەر بەهانەیەک دەدۆزیتەوە بیدۆزەوە، چونکە دەزانم تۆ لە درۆ کردن و بەهانە دۆزینەوە کارامـەی و دەتوانی قـەناعـەت بە خـەڵک بکەی. بۆ نموونە بڵێ لە شـاخـەوە بەربۆتەوە و بووە بە خۆراکی ئەختوپوتەکان یان بڵێ لە دەریادا خنکاو ئاو لاشەکەی بردە ژێر دەریاوە، یان شتێکی تر.

من لەوحەیەکی خاکی ڕۆسم بۆ نووسیوی و مـۆری خۆمم لێ داوە و لە دوای ئەوەی گـەڕایتـەوە ئەزمـیـر دەتوانی زێڕ و پارەکـەی من لە خـانە بازرگـانییـەکـان وەربگریتەوە یان بەناوی خۆتەوە بیخەیتە کار و ئەگەر حەز دەکەی خانووەکەم لە ئەزمـیر بفـرۆشە و بەو زێڕ و پارەیەی کـە دەستت دەکـەوێ بگەڕێوە بۆ مـیسـر و ئەگەریش لەوە دەترسی کە لە میسر بە تۆمەتی بەندەیەکی هەڵهاتوو دەستگیرت بکەن، ئەوە لە ئەزمیر بمێنەوە و بە قازانجی زێڕ و پارەکەی من، کە بە تۆ دەگات

بە ئاسـوودەیی ژیان ببـەرەسـەر و خـەمی مـۆمـیـایی کـردنی لاشـەی منت نەبێ، چونکە ئەگەر من نەتوانم مینا بدۆزمەوە لەلام گرنگ نییە لە جیهانی ڕۆژئاوادا چۆن بژیم و لاشەکەم مۆمیایی بکرێ یان نا.

کاپتا تۆ لەگەڵ ئەوەشدا کە بەندەیەکی زۆر بلێ بوویت و هەندێ جار گرفتت بۆ دروست دەکردم، بەڵام من هەمیشە تۆم خۆش دەویست و ئەگەر هەندێ جار بە گۆچان دارکـاریم دەکردی لەبەر مەسلەحەت و قـازانجی خۆت بووە و دەمەویست بەباشی پەروەردە بکرێی و لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەو گۆچانانەی کێشاومە بە شان و پشتتدا، داوای لێ بووردنت لێ دەکەم.

کاپتا کەمێ بێدەنگ بوو و دوایی وتی: گەورە ئازیزەکەم ئەگەر چی لێدانی گۆچانەکەت هەندێ کات بەهێز بوو، بەڵام من ڕق و کینەم لە دڵدا نییە، چونکە وەکو خۆت دەڵێی لەبەر چاکە لە منت داوەو من دەمبینی لەگەڵ ئەوەشدا کە تۆ لێت دەدام، بەڵام زۆربەی کاتەکان وەک هاوڕێیەک ڕەفتارت لەگەڵدا دەکردم و لە کارەکانتدا سوودت لە بیرۆکەکانی من وەردەگرت. بەشێوەیەک کە هەندێ جار هەستم نەدەکرد کە من بەندەی تۆم، بەڵکو تۆم بە دۆستی خۆم دەزانی، تا ئەو کـاتەی لێدانی گـۆچانەکـەت بەرشـانم دەکـەوت و ئەو کـاتە تێـدەگـەیشـتم کە خوایەکان جیـاوازییـان دروست کردووە لە نێوان بەندە و گەورەکەی و ئێستا دەبینم کە تۆ دەتەوێ بۆ هێنانەوەی مینا کە چووەتە ئەشکەوتەکەوە بچیتە خانەی خواوە، بەڵام ئەم مینایەی تۆ دەتەوێ بچی بیدۆزیتەوە خانمی منیشە و قـاچی خۆی خستۆتە بان سەرم و منیش دەبێ بۆ دیتنەوەی کـارێک بکەم و ئەگەر مینا خانمی من نەبوایە ئەرکی من نەبوو کە بە شوێنیدا بگەڕێم. بەڵام ئەگەر ئەوهاش نەبوایە، هەر نەمـدەهێـشت تۆ بە تەنهـایی بچیـتە ناو ئەشکەوتەکەوە ،چونکە خانەی خوا جێیەکی تاریکەو لەو تاریکخانەیەدا تۆ پێویستیت بە هاوڕێ یان بەندەیەکی دڵسۆز هەیە.

وتم: کـاپتـا ئەمـە یەکەمین جارە کە دەبیستم بەبێ گریان و شیوەن گفتوگۆ

دەکەی و بەڕای من قسەکەت ژیرانەیە. لەبەر ئەوەی نابێت من بە تەنهایی بۆ ئەو خانەیە بڕۆم چونکە لەوەیە لەو تاریکستانە ڕێگام لێ بزر بێت، بەڵام لەبەرئەوەی دڵنیانیم کە لەو خانووە بەزیندوویەتی بگەڕێمەوە، وا باشترە کە یەک کەس بکوژرێت نەک دووان.

کاپتا وتی: سینۆهە ئەگەریش نەهێڵی لەگەڵتدا بێم، من هەر ناهێڵم بە تەنیا بڕۆی و هەر چۆنێک بێت لەبەر ئەوەی لەتۆ بەساڵاچووترم و زیاتر لە تۆ ئەزموونم بینیوە، لە هەندێ شت تێدەگەم کە تۆ لەگەڵ ئەوەشدا کە لە خانەی ژیان خوێندووتە توانای لێتێگەیشتنیت نییە. بەڵام ئەوە بزانە کە من لە تاریکی دەترسێم و جگە لە مەشخەڵ دەبێ بهێڵی گۆزەیەک شەرابیش لەگەڵ خۆمدا بۆ ئەوێ بهێنم بۆ ئەوەی هەر کاتێ ترس دایگرتم هەندێکی لێ بخۆمەوە.

وتم: زۆر باشە.. کاپتا هەرچییەکت دەوێ بیکەو لەبەر ئەوەی ئەو تریاکەی کە تێکەڵی شەرابی پاسەوانەکانمان کردووە کاری خۆی کردووە و خەویان لێ کەوتووە، واباشترە هیچکە خۆمان دوا نەخەین و بچینە ناو خانەکەوە.

کاتێک کە چووینە ناو پەرستگەکەوە سەیرمان کرد پاسەوانەکان هەموویان نووستوونەو خەڵووزێکی بەئاگر و چەند مەشخەڵێکمان هەڵگرت و کلیلی دەرگا بچووکەکەی ئەو خانووەشمان دەست کەوت کە کاپتا دەیزانی لە کوێوەیە، چونکە بینیبووی کە لە شەوی چوونە ژوورەوەی مینا، کاهینی گەورە لە دەرگا بچووکەکەوە هاتبووە دەرێ. بەرێ کەوتین و کە گەیشتین، دەرگا بچووکەکەمان کردەوەو چووینە ژوورەوە و من دەرگاکەم داخست، بەڵام کلیلەکەم هێشتەوە.

کاتێک کە دەرگا داخرا کاپتا لە ترسا کەوتە لەرزین و وتی: گەورەم خێرا مەشخەڵێ هەڵکە، چونکە ئێرە ئەوەندە تاریکە کە پیاو لە ترسا دەلەرزێت. من فووم لە خەڵووزەکە کردو مەشخەڵێکم پێ هەڵکرد و بینیم کە ئێمە لە هەشت سووچێکی گەورەداین کە (١٠) داڵانی لە چەند لایەکەوە لێ دەبووەوەو هەر کامێکیان بەلایەکدا دەڕۆیی.

من بە بینینی ئەو داڵانانە سەرم سووڕما، چونکە بیستبووم کە خوای دوورگەی کریت لە خانەیەکدا دەژیت کە وەک (لابیرنێت) ڕێگای زۆری هەیە[1].

بە کاپتام وت: نابێت لێرە بوەستین و دەبێ بەرێ بکەوین و من لەو باوەڕەدام کە لەم ڕێگایەوە بڕۆین. کاپتا سەیرێکی داڵانەکەی کرد و وتی: سینۆهە ڕۆیشتن لەم داڵانە گرفتی تیانییە، بەڵام دەبێ کارێک بکەین کە دوایی بتوانین بگەڕێینەوە.

دوایی بینیم لەو کیسەیەی کە بە کۆڵییەوە بوو و گۆزە خواردنەوەکەی لەناو دانابوو، گلۆڵەیەک بەنی قایمی دەرهێنا کە لە تاڵی گیا بوو و سەرێکی بەنەکەی بەو دارەوە گرێدا کە بەدیوارەکەوە بوو.

وتم: کاپتا ئەتەوێ چی لەم پەتە بکەی؟

کاپتا وتی: ئەم بەنە بۆ گەڕانەوەمان بە کەڵکە، چونکە دەتوانین بەو بەنە بگەڕێینەوە.

ئەگەرچی کەرەستەی کاپتا بۆ گەڕانەوە شتێکی سادەبوو، بەڵام من بە تەنیایی نەمدەتوانی ئەو شتە بدۆزمەوە و وتم: کاپتا بیرۆکەیەکی باشت بەکار هێنا. پاشان بەرێ کەوتین و هەر چەندە بەرەو پێشتر دەچووین کاپتا گلۆڵە بەنەکەی زیاتر دەکردەوە. لە دوای هەر ڕاڕەوێک، دەگەیشتینە داڵانێکی نوێ و کە ئەویشمان تێدەپەڕاند دیسانەوە داڵانێکی ترمان دەهاتەوە پێش.

لەو کاتەدا کاپتا سەری بەرزکردەوەو بۆنی هەوای کرد و وتی: سینۆهە.. ئایا هیچ بۆنێک ناکەی؟

منیش بۆنێکی هەوام کرد و بۆنێکی وەک خانەی مردووەکانی **تەبەسم** هەڵمژی، کە مردووەکانیان تێدا مۆمیایی دەکرد و کاپتا کە ڕەنگ بە دەم و چاویەوە نەمابوو قومێک شەرابی خواردەوەو بە ئیشارەتی من کەوتینەوە ڕێ.

لە ناکاودا قاچم لە شتێ کەوت و داچەمیمەوە لە ڕووناکیی مەشخەڵەکە بینیم کە ئەوەی لەوێ کەوتووە سەری ژنێکە، بەڵام سەرەکە بەهۆی تێپەڕبوونی

کات بۆگەن ببوو و لە تێک چووندا بوو، کاتێک کاپتا ئەو کەللە سەرەی بینی کەوتەگریان، چونکە من و ئەو تێگەیشتین کە میناش گرفتاری وەزعی ئەو ژنە بووەو کوشتوویانە، یان ئێمە ناتوانین بەزیندوویەتی بیبینینەوە.

من لەگەڵ ئەوەشدا کە ئومێدێکم نەمابوو کە مینا بە زیندوویەتی بدۆزینەوە، بە کاپتام وت: درێژە بە ڕێگاکەمان دەدەین و ئەو وەک پێشوو گڵۆڵەکەی دەکردەوە و بەرەو پێش دەچووین. سەیرم کرد کاپتا وەستاو بە چاوێکی تۆقاوەوە سەیری زەویی دەکرد. منیش سەیری زەویم کرد و بینیم ریخێکی مانگا لەسەر زەوی کەوتووە، بەڵام ئەوەندە گەورە بوو کە مرۆڤ لێی دەترسا.

وتم: کاپتا ئایا دەبینی ئەم ریخە چەند گەورەیە و، ئایا دەکرێ بڵێین گایەکی ئەوها هەیە؟

کاپتا وتی: نا گەورەم گای وەها نییە، چونکە ئەگەر گایەکی لێ بووایە کە بیتووانیایە ئەم ریخە بکات، نەیدەتوانی بەم ڕاڕەوانەدا بڕوات.

وتم: ئەی بەڕای تۆ ئەمە پاشماوەی چ گیانەوەرێکە؟

کاپتا وتی: من لەو بڕوایەدام کە هی عەزیایەکی گەورە بێت، چونکە جگە لە مارە گەورەکان هیچ گیانەوەرێکی تر ناتوانێت پاشماوەی وەها گەورە بکات.

لە دوای ئەم قسەیە کاپتا قومێکی گەورەی خوارد و وتی: پەنا بە خوایەکان، نازانم کۆتایی ئەم کارە چی دەبێت. بەڵام من پێشبینیم دەکرد کە کۆتایی کارەکە چی دەبێت، چونکە ئەگەر عەزیایەکی گەورە بەو ڕێگایانەدا هاتوچۆ بکات، بێ گومان مینا نەماوە و ئەو کچە جوانە بووەتە خۆراکی مارەکە.

کاتێک کە من بینیم کاهینی گەورە کچە گەنجەکە (مینا)ی بردە ناو خانووی خوای (کریت)ەوە لەگەڵ ئەوەشدا کە دەمزانی هەموو مانگێ یەکێک دەبەنە ئەو خانووەوە، بەڵام وام بیردەکردەوە کە مەبەستی کاهینی گەورە یان کەسێکی تر، کە لەو خانووەدا نیشتەجێیە ئەوەیەکە لەگەڵ ئەو کچانەدا رابوێرێ و دوایی لە ناویان ببات. بەڵام دوو بەڵگەی بەرچاو هەبوو کە نەیدەهێشت ئەم بیرکردنەوەیە

بسەلمێنم. یەکێکیان ئەوەبوو کە تەنیا کچەکانیان نەدەبردە ئەو خانووە و، هەندێ کات کوڕە گەنجەکانیشیان دەبردە ئەوێ و ئەگەر خوای کریت مەبەستی رابواردن بووایە بانگهێشتی کوڕەکانی نەدەکرد.

دووەمیان ئەوەبوو کە لە دورگەی کریت پەیوەندییەکانی ژن و پیاو ئەوەندە ئازادبوو کە کاهینی گەورە یان خوای کریت، بۆ هاودەمێتی لەگەڵ کچەکاندا پێویستییان بەوە نەبوو کە بیانبەنە خانوویەکی تاریکەوە و دوایی بیانکوژن. بۆیە تێگەیشتم کە بردنی مینا بۆ خانووی خوا هۆیەکی تری جگە لە عەشق هەیە و کاهینی گەورە نەیدەویست لە رووی جنسییەوە سوود لە ئەوان وەربگرێت.

هەرچەندە کە لە ڕاڕەوەکەدا بەرەو پێشتر دەچووین بۆنەکە توندتر دەبوو، تا وای لێهات توانای خۆگرتنمان نەماو وەک ئەوەبوو کە سەدان لاشەی مرۆڤ و ئاژەڵ لەوێ بۆگەن بووبێ و ئەو بۆنە بۆگەنەی دروست کردبێ. ئێمە ڕێگامان بڕی، تا ئەو کاتەی کە ئەو دالآنەی ئێمە بە رووناکی مەشخەڵەکە پیایدا دەڕۆیشتین، رووناک بووەوە و بینیم کە لە دەرەوە رووناکییەک دێتە ناو ئەشکەوتەکەوە و هەرچەندە بەرەو پێشتر دەچووین ڕاڕەوەکە رووناکتر دەبووەوە، تا ئەوەی گەیشتینە دەرەوەی ڕاڕەوەکەو چاومان بە دەریای سەوز کەوت و دەنگی بە کەنارە کەوتنی شەپۆلەکانی دەریا کەوتە بەرگوێمان و روانیم لەسەر ئاوەکە ریزێک کوندەی یەک لە دوای یەک بەرزبۆوە.

ئینجا تێگەیشتین کە ئەو کوندانە بریتی بوو لە بەشەکانی سەرەوەی لەشی عەزیایەکی گەورە کە هەڵئاوسابوو و لاشەکەی بۆگەن ببوو و سەری کەوتبووە ژێر ئاوەکەوەو نەدەبینرا. ئینجا من و کاپتا بۆمان دەرکەوت ئەو پڕۆپاگەندانەی لەبارەی مردنی خوای کریت دەگوترا راست بوو و ئەو مارە گەورەیە کە ماوەیەک بەسەر مردنیدا تێپەڕیبوو (ئەگەر نا ئەوەندە بۆگەن نەدەبوو)، هەمان خوای کریت بوو کە لە دیدی خەڵکی شاردبوویانەوە و هەموو مانگێ کچێکی گەنج، یان کوڕێکی لاویان، کە هێشتا چێژی لە ژیان وەرنەگرتبوو دەخستە ناو ئەو ڕاڕەوە

تاریکانەوە بۆ ئەوەی ئەو گیانەوەرە بیکاتە خۆراکی خۆی و مانگانە مرۆڤێک بۆ خۆراکی ئەو مارە بەس بوو.

لەو تاریکاییەدا، لە ناکاو مارەکە قەپاڵی بە کچ و کوڕە گەنجەکان دا دەکردو بەرلەوەی بزانن چییان بەسەر هاتووە دەچوونە ناو سکی مارەکەوەو لەبەرئەوەش کە لە وشکانیدا گیانەوەرێکی وەها گەورە ناژێت، بەڵگەنەویست بوو کە ئەم عەزیا ترسناکە لە دەریادا ژیاوە و بەهۆی ئاوەکەوە یان هەر هۆیەکی تر، هاتووەتە کەناری دورگەی کریت و پڕوپووچ پەرستەکانی کریت بە گومانی ئەوەی کە خوای دەریایە، رێگای گەڕانەوەی ئەو گیانەوەرەیان گرتبوو بۆ ئەوەی هەمیشە لە کریتدا بمێنێت. ئینجا بۆ هاتوچۆ کردنی مارەکە ئەو داڵانە پێچاو پێچانەیان دروست کردبوو و هەموو مانگێ کوڕ یان کچێکی گەنجیان پێشکەشی دەکرد بۆ ئەوەی لە برسا نەمرێت یان بیر لە دەربازبوون نەکاتەوە. بەڵام لە دوای ئەوەی مارەکە مرد ناچاربوون وای نیشان بدەن کە زیندووە و وەک جاران هەموو مانگی کچێک یان کوڕێکیان دەکردە ناو داڵانەکانەوە و پاشان لەبەر ئەوەی مارە گەورەکە مردبوو و لەوێ نەبوو کە قووتیان بدات، دەبێ تێبگەین کە چییان لە مینا کردووە و لە دوای هاتنە ژوورەوەی بۆ کوێیان بردووە.

من کە لە نائومێدیی دۆزینەوەی مینا خۆم پێ رانەدەگیرا، بەردەوام بانگم دەکرد و دەنگم لە داڵانەکانی ئەوێ بڵاو دەبووەوە و دەنگی دەدایەوە، تا کاتێک کە کاپتا بە پەنجە زەوییەکەی نیشانم داو وتی: سەیرکە..

لەسەر زەوی تنۆکی خوێنی لێ بوو و لە کەناری دەریا کۆتایی پێ دەهات. کاپتا وتی: گەورەم بەم شێوەیەی کە دەیبینی ئەم تنۆکە خوێنانە تا ئاوەکە دەڕوات و وا چاکە بەدوای ئەم خوێنەدا بڕۆین.

کاتێک کە گەیشتینە کەناری دەریا لاشەی مینام بینی کە لە بنی ئاوەکە کەوتبوو و لەبەر زوڵاڵ بوونی ئاوەکە لاشەکەی بە جوانی دیاربوو و هەندێ قرژاڵکی دەریایی دەورەیان لێی دابوو و خەریکی خواردنی گۆشتی لەشی بوون.

من هاوارم کردو کەوتمە سەر ئەژنۆ و ئەگەر کاپتا لەوێ نەبوایە منیش خۆم دەگەیاندە مینا. بەڵام کاپتا کە دەیبینی رۆژهەڵاتووە و لەوانەیە پاسەوانەکان کە بە هۆی دەرخوارد دانی تریاکەکە نوستبوون، هەڵبستن، بەهۆی ئەو بەنەی لە زەوی رای خستبوو منی لە خانەی خوای کریت هێنایە دەرەوەو کاتێک کە هاتینە دەرەوەو بەرەو پەرستگەکە رۆیشتین، سەیرمان کرد هێشتا پاسەوانەکانی پەرستگە هەر نووستوونە.

کاپتا بەبێ ئەوەی لە نزیک خانەی خوا رابوەستێت و پشوو بدات منی گەڕاندەوە بۆ شار. لەو کاتەدا ئاگام لە خۆم نەمابوو و لە رێگا وەک ئەوانەی کە سەرخۆشن بەڕێدا دەڕۆیشتم و کاپتا بە خەڵکی دەگوت هۆی سەرخۆشییەکەی ئەوەیە کە لە چاوەڕوانیی میناد زۆری خواردۆتەوە و زیاتر لە خەڵکی تر لە بەردەم خانووی خوا ماوەتەوەو هەموو کەسێ ئەم بیانووەی دەسەلماند، چونکە دەیانزانی کە من بیانیم و نازانم کە هیچ کەسێ لە ماڵی خوا نایەتەوە دەرەوە.

لە دوای گەڕانەوەمان بۆ میوانخانەکە، لەتاو تووڕەیی و نائومێدی خواردنەوەیەکی زۆرم خواردەوەو، پاشان نووستم، بەڵام کاتێک کە لە خەو هەڵسام هەستم دەکرد رق و کینەی کاهینی گەورەم لە دڵدا نەمابوو کە مینای بردبووە ناو خانەی خواو پاشان لەوێ کوشتبووی (لەبەرئەوەی کە جگە لەو کەسێکی تری لێ نەبوو کە مینا بکوژێت.) و ئەو کاهینە ناچار بوو کە وەکو پێشوو وای نیشان بدات کە خوا زیندووە و دەبێ کچە گەنجەکان بچن بۆ لای و کچێنییەکەی خۆیانی پێشکەش بکەن. بەڵام لە داب و نەریت و ئایینەکەیان رق ئەستوور بووم، کە بۆچی کوڕ و کچە گەنجەکانیان دەرخواردی ئەو مارە گەورەیە دەدا.

ویستم هەڵسم و لە شەقامەکانی شاردا بەڕێ بکەوم و بڵێم: ئەی خەڵکی نەفام ئەو خوایەی کە ئێوە دەتانپەرستیی مارێک بوو کە ئێستا ماوەیەک بەسەر مردنی تێپەڕیوە و ئێوە نابێت رێگا بدەن کە لەمەو بەدوا گەنجەکانتان بۆ خانەی

خوا بچن، چونکە دەیانکوژن بۆ ئەوەی لەوێ نەگەڕێنەوە. بەڵام تێگەیشتم کە وتنی ڕاستییەکان کارێکی سەختەو خەڵکی ئامادەنین کە گوێ لە ڕاستی بگرن، ئەگەرچی بە قازانجیشیان بێت و عەقڵیان بە جۆرێک لەگەڵ پڕوپووچ پەرستی و خەیاڵات ڕاهاتووە کە هەموو بیرۆکەیەکی نەفامانە دەسەلمێنن، بەڵام حەقیقەتێکی ژیرانە وەرناگرن و بەرلەوەی بتوانم خەڵکی بۆ خانووە تاریکەکە ببەم و لاشەی مارەکەیان نیشان بدەم دەمکوژن. ئەگەریش خەڵک منیان نەکوشتایە خزمەتکارەکانی ئایینی کریت و کاهینی گەورە کە لە ساویلکەیی خەڵکی قازانجێکی زۆریان کردبوو یەکسەر منیان دەکوشت و خۆم بەوە دڵخۆش دەکرد کە ئەگەر دینی دانیشتووانی کریت ڕاست بێ، لەبەر ئەوەی خوایەکەیان مردووە بە زوویی دەسەڵات و بەختیاری ئەو خەڵکە لەناو دەچێت و بەڵایەکی سروشتی یان هێرشێکی وڵاتانی تر کریت لە ناو دەبات و لە کۆڵان و شەقامەکانی خوێن دەڕژێت و سەدان کەشتی کە لە بەندەری کریتدا لەنگەری گرتبوو نقوم دەبێت و لەوە بەدوا ئەو میللەتە وەحشییەی کە پەلاماری کریتی داوە جێی ئەو خەڵکە دەگرێتەوە و لەبەر ئەوەی ئەو کێوییانە شایانی ئەوەنین نییە کەڵک لە گەرماو و ئاودەستە جوانەکانی ئەوێ وەربگرن تێکی دەدەن و وەک ئەو شارانەی کە بینیومە، پیس و پۆخڵی هەموو جێگایەک دەگرێتەوە.

دوایی بە خۆمم وت: خوای کریت پەیوەندیی بە منەوە نییە، چونکە من لەم وڵاتەدا پیاوێکی بێگانەم و دەبێ لێرە بڕۆم و چارەنووسی من و میناش وەکو ئەستێرەناسەکانی بابل دەیانگوت لە لایەن ئەستێرەکانەوە دیاری کراوە، چونکە چارەنووسی هەموو کەسێ لە لایەن ئەستێرەکانەوە دەستنیشانکراوەو شەڕکردنی ئێمە لەگەڵ قەزاو قەدەر ناتوانێ بڕیاری چارەنووس بگۆڕێت.

لەو کاتەدا بۆ ئەوەی دیسان بخەومەوە، داوای شەرابم لە کاپتا کرد، بەڵام ئەو لە جیاتی شەراب خواردنی بۆ هێنام و من پێیم وت: شەرابم دەوێت نەک خواردن و، ئەگەر شەرابم بۆ نەهێنی ئێسکەکانت بەم گۆچانە تێک دەشکێنم.

کاپتا ناچاربوو بڕوات و شەرابم بۆ بهێنێ. لەو ڕۆژە بەدواوە کاتێک کە دەمخواردەوە ئۆقرەم دەگرت و ئەگەر زۆرم بخواردایەتەوە شتەکانم بەدووان دەبینی و بەرواڵەت وام دەزانی کە هەموو شتێک دووانە، لەکاتێکدا کە دڵنیابووم وانییە.

ڕۆژێکیان ویستم لەم بارەیەوە لەگەڵ کاپتا بدوێم و پێی بڵێم هەموو ڕاستییەک بەم شێوەیەو مرۆڤ ڕاستی دەبینێت و گومانی لە بوونیدا نییە. لە کاتێکدا کە دەزانێت ئەوەی دێتە بەرچاوی لە ڕاستییەوە دوورە، بەڵام کاپتا ئامادەنەبوو لەم بارەیەوە قسەم لەگەڵدا بکات و بە منی دەگوت: تۆ توانای شەراب خواردنەوەی زۆرت نییەو دەترسم لەناو بچی و ئەو کاتە چارەی من لەم وڵاتە بێگانەیەدا چییە؟ چۆن لاشەکەت ببەمەوە بۆ **تەبەس** و بە خانەی مەرگی بسپێرم و بڵێم مۆمیایی بکەن؟

لەگەڵ ئەوەشدا کە کاپتا ڕێگای لە خواردنەوەم دەگرت، بەڵام من ئەمڕۆ بۆم دەردەکەوێت کە ئەگەر لەو کاتەدا شێت نەبوومە یان هەوڵی کوشتنی کاهینی گەورەم نەداوە، لەبەرئەوە بووە کە خواردنەوە منی تووشی جۆرە کەم توانایی و سستییەک کردبوو کە تەنها دەمەویست بنووم و ئەگەر خواردنەوە نەبوایە لەبەر ئەوەی بەردەوام بیرم لە مینا دەکردەوە، تووشی شێتی دەبووم یان هەوڵی کوشتنی کاهینی گەورەم دەدا و دوایی دەیانکوشتمەوە.

چەند جارێک بە کاپتام وت کە بڕوات و کاهینی گەورە بهێنێت بۆ میوانخانەکە و هەموو جارێ بەندەکەم لە جێبەجێ کردنی ئەو فەرمانە سەرپێچی دەکرد. دوایی زانیم کە گۆچان و کێردە ئاسنییەکەمی شاردۆتەوە بۆ ئەوەی نەتوانم لێی بدەم و بیکوژم یان خۆمی پێ بکوژم.

ڕۆژێکیان کاتێک کە لە خەو هەڵسام بینیم کاپتا لە سووچێکی هۆدەکە دانیشتووە و خەریکی گریانە. گۆزەی خوارنەوەکەم هەڵگرت و قومێکم خواردەوە و وتم: بۆ دەگرییی؟

ماوەیەک بوو قسەم لەگەڵ کاپتادا نەکردبوو، چونکە سەرو چاوە خەمناکەکەی ئازاری دەدام و نەمدەویست گوێم لە دەنگی بێت. بەڵام ئەو ڕۆژە کاتێک کە گریانەکەیم بینی ویستم بپرسم بۆچی فرمێسک دەڕێژێت؟

کاپتا وتی: کەشتییەک لەبەندەرەوە بەرەو سووریا دەڕوات و ئەمە ئاخرین کەشتییە کە بۆ سووریا دەچێت و لە دوای ئەو بە هۆی تۆفانەکانی وەرزی زستان تا ساڵی ئایندە هیچ کەشتییەکی تر بۆ سووریا ناڕوات.

هاوارم کرد: هەڵسەو بڕۆ بۆ بەندەر و سواری کەشتییەکە بەو من لە شەڕی قەڵافەتە بێ فەڕەکەت ئاسوودە بکەو چی تر نامەوێت تۆ ببینم.

کاپتا وتی: سینۆهە لەبەر ئەوەی پێشبینی دەکەم کە دوای ئەم قسەیە ئێسکەکانم تێک دەشکێنی، بەڵام پێت دەڵێم کە منیش لەم ژیانەی تۆ کە وەک ژیانی مێشەکانی دەوروبەری گۆزەی شەرابە، ماندوو بوومەو شەرابخۆری و مەستیی هەمیشەیی تۆ منی بە جۆرێک بێزار کردووە کە ئیتر شەراب لە ناو دەممدا تامی نییەو من کە تەنها ئارەزوو و دڵخۆشیم شەراب نۆشی بوو ئێستا ناخۆمەوە. سینۆهە هەرکاتێ باسی زانست دەکرێ تۆ شانازی بە خۆتەوە دەکەی کە لە قوتابخانەی ژیان خوێندنت تەواو کردووە و زانای و هەزارەها مردووت بینیوە یان بەدەستی خۆت ناوسکی مردووەکانت هەڵدڕیوە و تۆ هێشتا ئەوە نازانی کە ئەو کەسەی مرد ئیتر لەناو دەچێ و جارێکی تر زیندوو نابێتەوە، تۆ ئەگەر هەموو ڕۆژێ دە گۆزە شەرابیش بنۆشیتەوە و لە بەیانییەوە تا ئێوارە شیوەن بکەی ئەو ژنەی کە لەبەر ئەو ئەم ژیانەت گرتۆتەبەر، زیندوو نابێتەوە و جارێکی تر نایبینی و تەنها دەرەنجامێک کە لەم کارە دەستت دەکەوێت ئەوەیە کە تۆش بۆ لای ئەو دەچیت.

تۆ ئەگەرچی گەنجی بەڵام بەهۆی خواردنەوە بە جۆرێک دەستت دەلەرزێ کە ناتوانی سەرێک کون بکەی و سکێ هەڵبدڕی و ددانێک دەربکەی و هەرچییەک زێڕ و پارەت هەبوو هەموویت بە کڕینی شەراب تەواو کرد، واتە فڕێتدا. من لە

سەرەتادا کاتێک کە بینیم تۆ وەک گۆزەیەک کە بنی نەبێ شەراب دەنۆشێتەوە خۆشحاڵ بووم، چونکە وامزانی هاوپیاڵەم بۆ پەیدا بووە و تەنانەت لە دوکانەکانی بەندەر دەمگوت گەورەیەکم هەیە کە لە ڕێگای خواردنەوەدا هەرچییەک زێڕ و پارەی هەبێ خەرجی دەکات. بەڵام کاتێ: کە سەرنجم دا هەموو بەیانیانێک کە لەخەو هەڵدەستی بە جۆرێک دەکەویتە شەراب نۆشین کە دەڵێی ئەو ڕۆژە دوایین ڕۆژی ژیانتە، ترسم لێ نیشت و جەرگم پێت سووتا[٢]و دەشمزانی کە ئەگەر تۆ بمری من دەتوانم بگەڕێمەوە بۆ ئەزمیر و بەپێی ئەو نووسینەی کە لەسەر لەوحەکە بۆت نووسیوم، زێڕ و پارەکەت لە کۆمپانیاکانی کەشتیوانی بسەنمەوە و خانووەکەت داگیربکەم و هیچ کام لەم کردارانە دزی نەبوو، چونکە تۆ خۆت پێت بەخشیبووم، بەڵام من ناتوانم ببینم کە تۆ بەهۆی خواردنەوەی شەراب لەناودەچی و زانست و شارەزاییەکەت کە سەرچاوەی زێڕ و پارەیە وشک ببێت.

ئاه... گەورە ئازیزەکەم... سوێند بێ بە خوایەکان ئەگەرچی تۆ جنێوم پێ دەدەی و جارجار بە گۆچان لێم دەدەی، بەڵام من تۆم خۆش دەوێت و ناتوانم بەبێ تۆ بژیم و ئەم خۆشەویستییە بۆ زێڕ و پارە و خانوو و خواردن نییە، چونکە وەکو پێم وتی قازانجی من لەوەدایە کە تۆ بمری و من لە ئەزمیر دەست بەسەر کانزاکان و خانووەکەتدا بگرم، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆشم دەوێیت نامەوێت گەورە ئازیزەکەم بەهۆی زیادەڕەوی لە خواردنەوەی شەراب و بیرکردنەوەی خۆڕایی لە مردوویەک کە هەرگیز زیندوو نابێتەوە، ماڵئاوایی لە ژیان بکات.

قسەکانی کاپتا زۆر کاری تێکردم، چونکە وەکو ئەو دەیگوت ڕوانیم دەستم دەلەرزێت و بەردەوام بوون لەسەر خواردنەوە، لەناوم دەبات و بیرم کردەوە کە بەهۆی زیادە نۆشی هەموو ئەو زانیارییانەی کەلە میسر و بابل و سووریاو شوێنەکانی تر فێری ببووم، هەمووی بێ سوود دەبێت، چونکە ئەوها بێت دەمرم و نەمدەتوانی کەڵک لە زانستەکەم وەربگرم. بۆم دەرکەوت کە زیادەڕەوی لە

هەموو شتێکدا تەنانەت لەشادی و خۆشیشدا زیانی هەیەو نیشانەی شێتییە.

بەڵام نەمدەویست بە کاپتا بڵێم کە قسەکەی ئەو کاری تێ کردووم. بۆ ئەوەی لە خۆی بایی نەبێت و وتم: قسەکەی تۆ لە گوێی مندا وەک گیزەگیزی مێش وایەو وتەکانتم بەدڵ نییە، بەڵام چەند ڕۆژێکە خۆم بڕیارم داوە کە چیی تر شەراب نەنۆشمەوە، چونکە خواردنەوەی شەراب دەستمی لەرزۆک کردووە و بەردەوام بێ تاقەتم. لەبەر ئەوە لە ئەمڕۆوە شەراب نانۆشمەوە و لەبەر ئەوەی نامەوێت هیچکە لە کریت بمێنمەوە، هەر ئەمڕۆ دەگەڕێینەوە.. بڕۆ و کەل و پەلی گەڕانەوەمان ئامادە بکە.

کاتێک کە کاپتا ئەم قسەیەی بیست لە خۆشیا وەک منداڵ هەڵپەڕی و دوایی لە هۆدەکە چووە دەرەوە کە کەل و پەلی گەڕانەوەمان ئامادەبکات. لەهەمان ڕۆژدا ئێمە بە کەشتی بەڕێ کەوتین و سەوڵ لێدەرەکان بۆ دەرکردنی کەشتییەکە لەبەندەر بەناو سەدان کەشتیی گەورەو بچووکدا سەوڵیان لێ دەدا.

لە دوای ئەوەی گەیشتینە دەریا کەشتییوانەکە قوربانیی بۆ خوای دەریا کردو لەو کاتەدا چارۆگەکانیان هەڵکرد و کەشتی بەهۆی پاڵەپەستۆی هەوا بەسەر ڕووی ئاوەکەدا چەمییەوەو دەنگی شەپۆلەکانی دەریا کەلە قەدی کەشتییەکەی دەدا دەهاتە بەر گوێ.

کەشتییەکەمان ڕێگای ڕۆژهەڵات، واتە سووریای گرتەبەر و لەوکاتەدا دوورگەی کریت وەک دیمەنی خەوێک کە لە دوای هەڵسانی مرۆڤ نەمێنێت، لەبەر چاوان ون بوو و جگە لە فراوانیی دەریا هیچ شتێکی تر لە دەورو بەرماندا نەما..

***

١- لابیرنێت بە واتای مەجازی بریتییە لە ژێرزەمینێک کە هەر چەندە تیادا بەرەوپێش بڕۆن تووشی چوار ڕێیانی نوێ دەبن بە جۆرێک کە دوایی تیایدا بزر دەبن – وەرگێڕ.

٢- وەکو پێشتر باس کرا هەندێ لە وشەکان و شێوەی دەربڕینی مەبەستەکان لەم کتێبەدا تایبەتە بەو سەردەمە، ئەگەر نا لە زمانی کوردی تەنانەت فارسیشدا ناگوترێ جەرگم پێی سووتا – وەرگێڕی کوردی.

گەڕانەوە لە کریت و بارودۆخی تازەی ئەزمیر

بەم شێوەیە لەدوای سێ ساڵ کە لە بابل و (هاتی)و کریت بووم، گەڕامەوە بۆ ئەزمیر لە سووریا. لەم سێ ساڵەدا وانەکانی ژیان منی پێ گەیاندو من بەرلەوە کاڵ و کەم ئەزموون بووم.

بای دەریاو لێکدانی شەپۆلەکان و مەستیی شەراب، بیرکردنەوەو ئەندێشەکانی رابردوومیان لە یاد بردەوە و کاتێک کە پاڵم بە دیواری کەشتییەکەوە دەدا و سەیری شەپۆلەکانم دەکرد، دەموچاو و ئەندامی مینا وەک خەونێکی شیرین کە ئەوەندە جوان بوو و دەزانم هەرگیز لەبێداریدا بەو جۆرە نایبینمەوە، دەهاتە بەرچاوم.

من خۆشحاڵ بووم کەمینا و سەماکردنیم لەبەردەم گایەکاندا بینی، هەروەها رازیش بووم کە بینیم مینایان لە خانەی خوای کریتدا کوشت، چونکە ئەزموونێکی ترم دەست کەوت. نامەوێت بڵێم مەرگی مینا شادمانی کردم یان ئارەزووی مردنی ئەوم هەبوو، بەڵکو دەمەوێت بڵێم ئاشنایی لەگەڵ ئەو کچەدا بووە هۆی ئەوەی کە بۆ کریت بچم و بینینی گەرماو و ئاودەستەکانیان و داب و نەریتی دانیشتووانی ئەوێ و ئەو باوەڕەی بە خوایەکەی خۆیانیان هەبوو (لەکاتێکدا نەیانبینیی بوو)و فیداکارییە سەرسوڕهێنەرەکەیان لە رێگای ئەو خوایە، کەجگە لە مارێکی گەورەی دەریایی هیچی تر نەبوو، بووە هۆی ئەوەی فێرە ئەزموونێکی زۆر ببم، کە ئەگەر بەو جۆرە نەبوایە نسیبم نەدەبوو.

مرۆڤ تا ئەوکاتەی هەست بەکارێکی نوێ نەکات، خۆی بەزانا دەزانێت، بەڵام لەدوای ئەوەی زانی کە جگە لە زانیاری و زانستەکەی ئەو لە جیهاندا

زانست و زانیاریی تر هەیە، هەست بە نوقستانی و نەزانیی خۆی دەکات و هەر لەبەر ئەوەشە کە خەڵکانی نەزان و بێ ئاگا زۆر لە خۆیان بایی دەبن چونکە وا هەست دەکەن کە هەموو شتێ دەزانن و لەجیهاندا لەوان باشترو گەورەتر نییە. بۆیە هەر کاتێ کە دەبینن ژنێک یان پیاوێ لە خۆی بایی دەبێت و بەچاوی سووک سەیرمان دەکات، دەبێ بزانین کە نەزان و دەبەنگە و لەبەر ئەوەی هیچ شتێ نازانێت و فێرە ئەزموونێک نەبووە، خۆی لە خەڵکی بە گەورەتر دەزانێت.

کاتێک کە گەیشتمە ئەزمیر سەیرم کرد خانووەکەم هەر لەو شوێنەدا ماوەتەوە بەڵام، دزەکان هەر چییەکی تیابوو بردبوویان و دراوسێکان لەوێ نەبوونی ئێمەیان بە هەل زانیبوو و حەوشەکەیان کرد بووە زبڵدان و مشکی گەورە لە خانووەکەماندا غارغارێنیان دەکرد.

جیرانەکان کاتێک منیان بینی نەفرەتی خۆیان دەربڕی و گوێم لێ بوو دەیانگوت ئەمە میسرییە و هەموو بەدبەختییەکانی ئێمە بەهۆی میسرەوەیە. من رق و کینەی دراوسێکانم پێ سەیر بوو و لە میوانخانەیەک نیشتەجێ بووم هەتا کاپتا چەند کرێکارێک بگرێ و خانووەکەیان پێ خاوێن بکاتەوە.

کاتێک کە هاتمە ناو ئەزمیرەوە زێڕوپارەم نەبوو و لەبەر ئەوەی ماوەی سێ ساڵ دەبوو لەوێ نەمابووم بەترس و لەرزەوە بەرەو کۆمپانیاکانی کەشتیوانی رۆیشتم چونکە لەوباوەڕەدا نەبووم ئەوان ئەو زێڕو پارەیەم بدەنەوە کە لەو نووسینگانەدا بەکارم خستبوو. بەڵام خاوەن کۆمپانیاکان سەرمایەکەی منیان بە قازانجەوە دایەوە و بۆم دەرکەوت لەماوەی ئەو سێ ساڵەی کە من لەوێ نەبوومە، لەگەڵ ئەوەشدا کە چەند کەشتییەک نقوم ببوون، بەڵام زێڕوپارەکەم لە جاران زیاتر ببوو.

یەکێک لەبەر پرسەکانی ئەو کۆمپانیا دەریاوانییانە منی بانگهێشت کرد بۆ ماڵی خۆی و وتی سینوهە ئەگەرچی ئێمە تۆمان خۆش دەوێت، چونکە دەزانین کە پزیشکێکی لێهاتوویت و دەتوانی نەخۆشەکانمان چارەسەربکەیت، بەڵام دەبێ

پێت بڵێم کە گەلی سووریا زۆر رقیان لە میسرییەکان دەبێتەوە، چونکە ئەو سەرانەیەی کە فیرعەون لە ئێمەی دەستێنێت گەلێ زۆرە. چەندجار میسرییەکانیان لەسەر شەقامەکان بەردباران کردووە و لاشەی سەگ و پشیلەیان فڕێ داوەتە ماڵەکانیانەوە. لەبەر ئەوە ئەگەر چی ئێمە تۆمان خۆش دەوێت، بەڵام ئەم بابەتەت پێ رادەگەیەنین بۆ ئەوەی ئاگاداری خۆت بی و بزانی کە لە ئەزمیر چۆن رەفتار بکەی.

من لەم قسەیە سەرم سوڕما، چونکە سێ ساڵ لەمەوبەر کاتێک کە لە ئەزمیر دەڕۆیشتم خەڵکی لەگەڵ میسرییەکاندا دۆست بوون و چاویان لەداب و نەریتی میسری دەکرد. هەروەها ئێمەش لە **تەبەسی** پایتەختی میسر، پەیڕەوی داب و نەریتی دانیشتووانی سووریامان دەکرد. کاپتنا پشتگیریی لە وتەی خاوەن ماڵەکە کرد و کاتێک کە لە ماڵی بەرپرسی کۆمپانیاکە گەڕاینەوە وتی وا هەست دەکەم گیانە ئازار گەیەنەرەکان چوونەتە لەشی سریانییەکانەوە، چونکە شێت بوونە و ئیتر حەز ناکەن بەزمانی میسری بدوێن و من ئەمڕۆ بۆ ئەوەی تینوێتییەکەی خۆم بشکێنم چوومە مەیخانەیەک بۆ ئەوەی گۆزەیەک ئاوی جۆ بنۆشمەوە، بەڵام هەر ئەوەندە کە زانییان من میسریم منیان دەرکرد و منداڵەکان بەبەردو قەستەقول لێیان دام و بە دووم کەوتن. کە زانیم خەڵکی ئەزمیر رقیان لە میسرییەکانە چوومە مەیخانەیەکی تر بەڵام ئەم جارە هیچ قسەم نەکرد و قامیشێکم هەڵگرت و کردمە ناو گۆزەیەکی ئاوی جۆ و نۆشیمەوە[١].

دوایی وتی: بەڵام لەلام ناخۆش بوو چونکە کاتێک کە ئاوی جۆ دەخۆمەوە و خۆم لە نێوان کۆمەڵێکدا دەبینم، دەبێ زمانم بەکاربهێنم و بدوێم، چونکە بۆ من زۆر زەحمەتە قسە نەکەم. ئەگەر چی سەرم دانەواندبوو و بەقامیشەکە بیرەم دەخواردەوە، بەڵام گوێم لێ بوو کە خەڵکی جنێو بە فیرعەون و میسرییەکان دەدەن و دەڵێن ئەزمیر لە رابردوودا شارێکی ئازاد بووەو سەرانەی نەداوە، بەڵام ئەمڕۆ هەمـوو خەڵکی ئەم شارە دەبێ باج بدەنە فیرعەون و نەوەکانمان لە

منداڵییەوە دەبنە بەندەی فیرعەونی میسر.

من نەمویرا پێیان بڵێم کە فیرعەونی میسر لەبەر بەرژەوەندی و خێرخوازیی خەڵکی ئەزمیر سەرپەرشتی و پشتگیریی ئەوان دەکات و لەرابردوودا بەرلەوەی فیرعەون بیکاتە ژێر رکێفی دەسەڵاتی خۆی، بەدرێژایی ساڵ دانیشتووانی سووریا بەگژ یەکتردا دەچوون و وەک کۆمەڵە پشیلەیەک بوونە کە کردبێتیانە ناو گونییەیەکەوەو نەتوانن رابکەن و ناچار پەلاماری یەکتری بدەن. سریانییەکان باس لەوە دەکەن کە ئەگەر ئەو دەسەڵاتدارانەی لە سووریا دان یەکتر بگرن، هێزێک دروست دەبێت کە فیرعەونیش توانای بەرەنگاربوونەوەیانی نییە، بەڵام ئایا ئەو رۆژە دێت کە پاشاکانی سووریا بتوانن یەک بگرن، بەدڵنیاییەوە، نا.

من کە نەمدەتوانی وەڵامیان بدەمەوە و توانای بیستنی قسەی ئەوانم نەبوو، بەپەلە بیرەکەی خۆم نۆشییەوەو لە دووکانەکە هاتمە دەرەوە.

لەدوای ئەوەی قسەکانی کاپتنام بیست جل و بەرگی سریانیم لەبەرکرد و لەماڵ دەرچووم و تێگەیشتم کەبەندەکەم راست دەکات و خەڵکی بەشێوەیەک لەناو شەقامەکاندا بەرامبەر بە میسرییەکان رق و کینەیان دەردەبڕن کە ئەوان ناچار دەبوون بە پاسەوانەوە هاتوچۆ بکەن و لەگەڵ ئەوەشدا کە خەڵکی ئەوێ میوەو ماسیی بۆگەنیان تێ دەگرتن، بەڵام کەس سەرنجی نەدەدایە من، چونکە من جلکی سریانیم لەبەردابوو. گوێم راگرتبوو کە بزانم خەڵکی لە چ شتێ نارازین و بیستم هەموویان گلەیی و گازندە لەو سەرانەیە دەکەن کە فیرعەون لە سووریای دەستێنێ. بەڵام ئاگایان لەوە نەبوو کە فیرعەون بەشێکی ئەو باجە لەبەرێوەبردنی ئیش و کاری سووریادا سەرف دەکات. هەروەها ئەگەر گەنمی میسر نەبێت و لەوێوە گەنم بۆ ئەزمیر و شارەکانی تری سووریا لە کەناری دەریا نەچێت، خەڵکی ئەوێ لەبرسان دەمرن.

لەگەڵ ئەوەشدا کە دەمزانی خەڵکی رقیان لە میسرییەکانە بەڵام دەرمانگەکەی خۆم لەناو خانووەکەمدا کردەوەو هەندێ نەخۆش هاتنە لام. لەبەر

ئەوەی کاتێک کەیەکێ نەخۆش دەکەوێت و ئازار پەیدا دەکات کاری بەرەگەزی پزیشکەکەوە نییە و لەبری ئەوە حەزدەکات بزانێت کە پزیشکێکی شارەزایە یان نا و ئایا دەتوانێ چاکی بکاتەوە یان نا. بەڵام هەندێ لە نەخۆشەکان دەرگای گلەییان دەکردەوە و دەیانگوت میسر ئەمڕۆ وەک زاڵووی لێ هاتووە و بەمژینی خوێنی ئێمە قەڵەو دەبێت. لەکاتێکدا کە ئێمە ساڵ بە ساڵ هەژارتر دەبین و بیانووی میسر بۆ سەندنی سەرانە ئەوەیە کە لەشارەکانی ئێمە سەربازگەیان داناوە کە ئاسایش بپارێزێت، لەکاتێکدا کە ئێمە بەبێ هێزی میسریش دەتوانین هێمنی و ئارامیی خۆمان بپارێزین و یەکێک لەسووکایەتی پێ کردنەکانیان ئەوەیە کە ئێمە ناتوانین قەڵاو بورجەکانی خۆمان چاک بکەینەوە و قەڵای نوێ دروست بکەین لەکاتێکدا خەرجیی نۆژەن کردنەوەو دروستکردنی قەڵای نوێ لەسەر خۆمانە.

ئەگەر میسر سەرانەی لێمان نەسەندایە ئێمە دەبووینە گەلێکی بەختەوەرو حەساوە، بەڵام میسر وەکو لافاوی کوللە داوێتی بەسەر سووریادا و فیرعەونەکەی ئێوە دەیەوێت خوایەکەی خۆی بسەپێنێت بەسەر ئێمە، لەکاتێکدا کە ئێمە خوای ئەومان ناوێت و خوایەکەی خۆمان دەپەرستین.

من وتم میسر لەبەر ئەوە رێگا نادات کە ئێوە قەڵاکانی خۆتان چاک بکەنەوە و قەڵای نوێ بینا بکەن، چونکە دەزانێت ئەم خۆ قایم کردنە بۆ دژایەتی کردنی میسرەو دەتانەوێت رۆژێک لەگەڵ میسردا بجەنگن. ئێوە دەڵێن کە لەرابردوودا ئازاد بوونە، بەڵام فەرامۆشتان کردووە کەبەر لەوەی فیرعەونی میسر سووریا بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، ئێوە هەمیشە لەگەڵ یەکتریدا دەجەنگان و پاشاکانتان کە لە هەر ویلایەتێک دا سەربەخۆیی خۆیان هەیە هەرچییەکیان بویستایە لەگەڵ ئێوەدا دەیانکرد و دەوڵەمەند و هەژار لەدەستی ئەوان ناڵەناڵیان بوو، بەڵام ئەمڕۆ، یاساکانی میسر پشتگیری لە ئێوە دەکەن و رێگا نادات پاشاکانی سووریا ستەمتان لێ بکەن و هەژارو دەوڵەمەندەکانتان لە ژێر

پاراستنی یاساکانی میسرن.

نەخۆشەکانم دەیانگوت ستەمی پاشاکانی سووریا تۆمەتێکە کە میسرییەکان بۆ ئێمەیان دروست کردووە، بۆ ئەوەی ئێمە ناچار بکەن کە ئازادیی خۆمان فەرامۆش بکەین و ببینە بەندەی میسر، بەڵام گریمان پاشاکانی ئێمە زاڵم بن، خۆ هەر پاشای خۆمانن و ئێستاش هەن و دەست درێژی کردنی ئەوانمان زۆر پێ باشترە لە ستەمی بیانی، بەڵام ئەمڕۆ هەموومان بووینەتە بەندەی فیرعەونی میسر و ئەو زوڵم لە ئێمە دەکات بەبێ ئەوەی لە ئێمە بێت.

وتم من لە لەشی ئێوەدا هیچ داخێکی بەندەیی بەدی ناکەم و ئێوە ئازادن و لە رابردوو قەڵەوتر بوونە و ئەم قەڵەوییەتان نیشان دەدات کە باشتر دەژین. ئەگەر ئێوە وەک رابردوو بوونایە و یاسای میسر نەیپاراستنایە، بەردەوام کەشتییەکانی یەکترتان دەدزی و دارەکانتان دەبڕییەوەو هیچ رێبوارێک لە رێگاکانی سووریا-دا بێ مەترسی نەدەبوو، بەڵام ئەمڕۆ کەس کەشتییەکانتان نادزێت و درەختە میوەدارەکانتان نابڕێتەوەو دەتوانن بەبێ مەترسی لەهەر لایەکی سووریاوە بۆ لایەکی تر بچن. بەڵام سریانییەکان بەڵگەکانی منیان نەدەسەلماند و لەدوای ئەوەی کە چارەسەر دەکران، دیارییەکەی خۆیان بەڕقەوە لەبەردەمم دادەنا و لەکاتی رۆیشتندا دەیانگوت تۆ لەگەڵ ئەوەشدا کە جلکی سریانیت لەبەردایە هەر میسریت و هەموو میسرییەک لە هەرجێگایەک کە بژیت هەرستەمکارە و میسرییەکی باش بەدی ناکرێت مەگەر یەکێ کە مردبێ.

بەهۆی ئەم نەفرەتە گشتییەی کە خەڵکی بەرامبەر بە میسرییەکانیان دەردەبڕی من تێگەیشتم کە چیتر ناتوانم لە ئەزمیردا بژیم، چونکە ئەگەر ئەو خەڵکە بەتەمای کوشتنیشم نەبوونایە، رق و کینەکەیان ژیانی لەمن تاڵ دەکرد و وەک ئەوە وابوو کە پیاوێک لە ماڵێکدا میوان بێت بەڵام خاوەن ماڵەکە رقی لێی بێت کە بەم جۆرە حەوانەوە لەو ماڵەدا زۆر زەحمەت دەبێت.

من داراییەکانی خۆم لە ئەزمیر وەرگرتەوە و خۆم ئامادەی گەڕانەوە بۆ میسر

کـرد چونکە لە دوای ئەو چەند سـاڵە کـە بە وڵاتانی بێگانەدا دەسـووڕامـەوە ناچاربووم بگەڕێمەوە بۆ میسر و گوزارشتی کارەکەی خۆم بە (هورم هەب)ی فـەرمـاندەی سوپای مـیسر رابگـەیەنم کـە پێی سپاردبووم لە وەزعی سـەربازی پاشاکان و گەلانی تر زانیاریی بۆ کۆبکەمەوە.

بەیانییەک لە ئەزمیر کاتێک کە خەڵکی لەخەو هەڵسان بیستیان کە شەوی رابردوو سەربازێکی میسرییـان سەر بڕیوە. خەڵکی بەم رووداوە بە جۆرێک لە ترسی تووڕەیی فـیـرعـەون هەراسناک بوون کـەچوونە مـاڵەکـانی خـۆیانەوە و دەرگەیان لە خۆیان داخست و نەهاتنە دەرەوە. ئەم رووداوە بووە هۆی ئەوەی کە جۆش و خرۆشی خەڵکی لە دژی فیرعەون و میسرییەکان هێور ببێتەوە. بەڵام من دەمزانی کە ئەو دامرکاندنەوەیە کاتییەو لە دوای ئەوە خەڵکی بەرامبەر بە میسرییەکان رق ئەستوورتر دەبن.

هەر وای لێ هات و بکوژی سەربازە میسرییـەکە نەدۆزرایەوە و لەدوای دوو سێ رۆژ خەڵکی لە ماڵەکانیان هاتنە دەرەوە و ئەم جارەیان بە شێوەیەک رقیان لە میسرییەکان هەڵگرت کە هیچ میسرییەک نەیدەوێرا بەبێ چەک لە ماڵەکەی بێتە دەرەوە و لەناو شەقامەکاندا بسووڕێتەوە.

من لەبەر ئەوەی جل و بەرگی سـریانیم لەبەردا بوو بەبێ مـەترسی لەمـاڵ دەردەچووم و هەندێ لە شـەوەکـان بۆ پەرسـتگەی (عـەشـتـار) دەچووم و تا هەندێکی شەو لەوێ دەمامەوە.

شـەوێکیـان کـە لە پەرسـتگەی (عـەشـتـار) دەگـەڕامـەوە، تووشی هەندێ لە سـریانییـەکـان بووم و یەکێک لەوان وتی وابزانم ئەم پیـاوە مـیسـرییە و ئەگـەر مـیـسـری بێت ئێـمـە دەبێ تەمـێی بکەین بۆ ئەوەی جـارێکی تر نەچێـتـە پەرستگەکەی ئێمەوە.

دوایی لێم نزیک بوونەوە و وتیـان دەمـانەوێت تۆ بپـشکنین بۆ ئەوەی بزانین میسریت یان نا؟ وتم من لەگەڵ ئەوەشدا کە میسریم، بەڵام بەزۆری دەچمە ئەم

پەرستگەیە و تا ئێستا کەس پێی نەوتووم بۆ ئەم پەرستگەیە مەیە، ئێوە بۆچی رێگام لێ دەگـرن؟ سـریانیـیـەکـان کـاتێک کـە وەڵامـەکـەی منیـان بیـست بەتووڕەیییـەوە پەلامـاریان دام و منیـان بە عـەرزا دا و سـەرمیـان کـوتا بەزەویدا بەشـێـوەیەک کـە لە دڵی خـۆمـدا وتم ئەمـە دوایین سـاتەکـانی تەمـەنمە. بەڵام لەناکـاودا یەکـێـک لەوان وتی ئاە... ئەم پیـاوە سینۆهە(ابن الحمار)ەو دۆستی پاشـاکـانی سـووریایە. ئەوانی تر کـە ئەم وتەیەی ئەویان بیـست منیـان بەرداو دامێنی جلەکانیان بەدەمو چاویاندا گرت بۆ ئەوەی من نەیانبینم و نەیانناسم و بەهاوارکردنەوە رایان کرد و من توانیم هەڵبستمەوە و بگەڕێمەوە بۆ ماڵ.

***

١- باسمان کرد کەهەمـوو تۆمارکراوەکانی ئەم کتێبە کەپیوەندی بەژیان و رێوڕەسم و بیروباوەڕی گەلانی رابردووەوە هەیە، رووداوی مێژوویـیەو ئەفسانە نییەو ئێوە لێرەدا دەیخوێننەوە کە کاپتا بۆ ئەوەی خواردنەوە بخواتەوە قامیشێک دەگرێتە دەست و دەیکاتە ناو گۆزەی ئاوی جۆکەوەو دەینۆشێتەوەو ئەمە لەو مێژووەدا بەکارهاتووە چونکە وا دەزانین کە بەقامیش یان قەدی رووەکی گەنم یان برنج مۆدێلێکی تازەیە کە لەئەوروپاوە بۆ رۆژهەڵات هاتبێ، لە کاتێکدا کە ئەم جۆرە نۆشینەوەیە چوارهەزار ساڵ لەمەو بەر لەرۆژهەڵات باو بووەو لەوێوە بۆ ئەوروپا چووە.

نەخۆشیی منداڵێک

دوو ڕۆژ دواتر کە خەریکی ئامادەکردنی کەل و پەلی گەڕانەوەم بووم بۆ میسر، و هێشتا نەخۆشەکانم چارەسەر دەکرد، پیاوێک بەسواری ئەسپەوە، کە بە خێرایی با دەڕۆیی لەبەردەم خانووەکەمدا وەستا. لە میسر و سووریا سواربوونی ئەسپ باو نەبوو، چونکە ئەسپ گیانەوەرێکی سەرکێش و مل هوڕ و قەبارە گەورەیە و کاتێک یەکێک سواری دەبێت هەردوو دەستی بەرز دەکاتەوە و سوارەکە بەزەویدا دەدات. هەر لەبەر ئەوەشە کە لە میسر و سووریا خەڵکی لە هەموو کاتێکدا سواری گوێدرێژ دەبن کە ئاژەڵێکی بێ ئازارو گوێڕایەڵەو تەنانەت گالیسکە جەنگییەکانیش گوێدرێژی لێ دەبەستن.

کاتێک کە ئەسپ بە گالیسکەی جەنگییەوە دەبەستن مەترسی زیاتر دەبێت و بەڕادەیەک کێوی دەبێت کە رادەکات و گالیسکەکە تێک دەشکێنێت و دانیشتووانی گالیسکەکە دەکوژێت. لێخوڕینی ئەو گالیسکانەی کە ئەسپیان پێوە بەستراوەتەوە لێهاتووییەکی زۆری دەوێت و دەبێ یەکێک بەردەوام لەسەر پشتی دابنیشێ و پەنجەی خۆی بکاتە ناو کونە لووتی ئەسپەکەوە بۆ ئەوەی ملکەچ بێت.

کاتێک کە سەیری پیاوە ئەسپ سوارەکەم کرد بە هۆی جلەکانییەوە زانیم کە لە دانیشتووانی هەرێمی شاخاویی سووریایەو دوور نەبوو چەتە بێت، چونکە ئەسپ گیانەوەری سواریی ڕێگرەکان، یان دانیشتووانی چیاکان بوو. پیاوەکە بانگی کرد سینۆهە(ابن الحمار) من لە ڕێگایەکی دوورەوە و لە وڵاتی (ئامورۆ) وە دێم و پاشای ئەم وڵاتە کە تۆ دەناسێت منداڵێکی هەیە کە نەخۆش کەوتووە

و بەهۆی نەخۆشیی منداڵەکەیەوە لە تووڕەییدا وەکو شێر دڕندە بووە و کەس ناوێرێت لێی نزیک بکەوێتەوە. زوو سندوقی کەرەستەکانی پزیشکیت هەڵبگرە و بەرێ بکەوە و لەگەڵ مندا بۆ وڵاتی (ئامورۆ)وەرە و کوڕی پاشاکەمان چاک بکەوەو ئەگەر دوا بکەوی بەم کێردە سەرت لە لەشت جیادەکەمەوە و سەرە بێ لاشەکەت بەسەر زەویدا دەتلێنمەوە.

وتم ئەگەر تۆ سەرم لە لەشم جیابکەیتەوە کوڕی پاشاکەتان چارەسەر ناکرێت، چونکە ئەگەر سەرم بەلاشەمەوە نەبێت، دەستەکانم ناتوانن منداڵەکە چاک بکەنەوە. من بۆ هاتن و چارەسەری کوڕی پاشاکەت ئامادەم نەک لەبەر ئەوەی کە لە هەڕەشەکەت دەترسێم، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە پاشای (ئامورۆ) هاوڕێمەو پێویستە کوڕەکەی چاک بکەمەوە.

پاشای (ئامورۆ) ئەوە بوو کە بەر لە چەند ساڵ لەمەو پێش کە لە سووریا بووم ددانەکانیم چاک کردەوە و دوایی داوای کەنیزە جوانەکەمی کرد و ویستی لێمی بکرێتەوە و وەکو باسم کرد کەنیزەکەم پێی نەفرۆشت و پێشکەشم کرد. بە کاپتام وت بڕوات و کەژاوەیەک بەکرێ بگرێت و بیهێنێت و لەدوای ئەوەی کە هێنای لەگەڵ ئەسپ سوارەکەدا بەرێ کەوتین تا لە دەشتەکانەوە تێپەڕین و گەیشتینە ناوچەیەکی شاخاوی. لەوێ منیان لە کەژاوەکە داگرت و سواری گالیسکەیەکی جەنگییان کردم و ئەو ئەسپانەی کە وابزانم کێوی بوون گالیسکەکانیان بە شێوەیەک بەرێوە دەبرد کە ترسم لێ نیشت گالیسکە کە وەک کەشتیی خوای (ئاموون) بە ئاسماندا بفڕێت. من بەترسێکی زۆرەوە هاوارم دەکرد بەڵام ئەوەی گالیسکەکەی لێ دەخوڕی بەبێ ئەوەی گوێ بداتە ترسانی من بەخێرایی لێی دەخوڕی و لەدوای ماوەیەک کە بەوشێوەیە ڕێگامان بڕی گالیسکەکە وەستا.

من خۆشحاڵ بووم چونکە وام زانی سەفەرەکەمان کۆتایی پێ هاتووە، بەڵام منیان لەو گالیسکەیە هێنایە خوارەوە و سواری گالیسکەیەکی تریان کردم کە

ئەسپی تازە نەفەسی پێوە بوو و دیسانەوە گالیسکەکە بە وزەی ئەسپە بەهێز و کێوییەکانەوە بەڕێ کەوت و من هاوارم دەکرد و دەمگوت هێواش بڕۆن و هەر کاتێک کە خێرایی گالیسکەکە کەم دەبووەوە و دەمتوانی دەستم لە قەراغەکەی بەربدەم پشتی عارەبانچییەکەم دەدایە بەرمست، بەڵام ئەو بەبێ ئەوەی گوێی بداتێ و بڵێ بۆچی بەمست لێم دەدەی هەر بە خێرایی دەڕۆیی.

هێشتا نازانم کە لەو ڕێگا شاخاوییانە، لە کاتێکدا کە ئەو ئەسپە سەرکێشانە گالیسکەکەیان رادەکێشا، چۆن وەرنەگەڕاین و گالیسکەکەمان تێک نەشکاو نەکوژراین.

بەرلەوەی خۆر لە ئاسۆی رۆژئاوا نزیک ببێتەوە لەو هەرێمە شاخاوییە گەیشتینە شارێک کە شوورەیەکی تازە دروست کراوی لێ بوو و دەروازەکەی داخرا بوو، بەڵام کە ئێمەیان بینی دەروازەیان کردەوە و گالیسکەکەمان بە هەمان خێراییەوە کە لە ڕێگا شاخاوییەکانەوە دەهات بەناو شەقامەکانی شاردا ڕۆیشت و لە ڕێگا هەندێ لە ژن و پیاوەکان سەبەتەی پڕ لە میوەیان بەرەڵڵا کرد و لەترسی گالیسکەکە هەڵدەهاتن و گۆزە پڕ لە ئاوەکان دەکەوتن و دەشکان.

کاتێک کە لەبەردەم کۆشکی پاشای (ئامورۆ)دا وەستاین و منیان دابەزاند بە جۆرێک ئەندامەکانی لەشم کوترا بوو کە نەمدەتوانی بەرێدا بڕۆم و بەندەکان منیان بەسەر دەستیانەوە بردە ناو کۆشکەوە. لەهەشت گۆشە(سووچ)ەکەی کۆشک دەیان جۆرە چەک و کلکی شێرو پەڕی باڵندەکانیان بەدیوارەوە هەڵواسیبوو کە گەیشتمە ژوورەوە پاشای (ئامورۆ) وەکو فیلێک کە بەدەستی راوچی بریندار کرا بێ و شالاو ببات، بەرەو من هات.

سەیرم کرد کراسەکەی دڕابوو و خۆڵەمێشی بەسەر خۆیا کرد بوو. هاواری کرد ئەی چەتەکان بۆ ئەوەندە درەنگ هاتن؟ ئایا بەقەستی خۆتان دواخست کە کوڕەکەم بە نەخۆشییەوە بمرێ. پاشا ئەوەندە تووڕە بوو کە تەوقە ئاڵتوونییەکەی بەدەوری ردێنەوە بەستبووی کرایەوە. گالیسکەچییەکە وتی ئەمرۆ ئێمە ئەوەندە

بە خێرایی بەشاخەکانەوە تێدەپەڕین کە باڵندەکانیش نە دەگەیشتنە ئێمە و تۆ دەبێ مەمنوونی ئەم پزیشکە میسرییە بیت، چونکە هەرکاتێ کە ئێمە خاومان دەکردەوە ئەو بەمست دەیکێشا پیاماندا کە خێراتر بڕۆین و بەشێوەیەک دەیقیراند کە ئەسپەکانمان هەڵدەبەزینەوە و بە خێرایی گالیسکەکەیان رادەکێشا. هیچ یەکێک لە باو باپیرانی ئێمە بە بیریان نایات کە ماوەی نێوان ئەزمیر و ئامورۆ بەم ماوە کەمە بڕابێت.

دوایی پاشا منی لەباوەش گرت و ماچی کردم و دەستی بەگریان کرد و وتی: سینۆهە تۆ دەبێ کوڕەکەم چارەسەر بکەیت و من سەلامەتیی کوڕەکەم لە تۆ دەوێت.

وتم جارێ تۆ بهێڵە کوڕەکەت ببینم و بزانم نەخۆشییەکەی چییە ئینجا خەریکی چارەسەر کردنی دەبم.

پاشا منی لەگەڵ خۆیدا بردە هۆدەیەکەوە و بینیم ئاگردانێکی گەورەی پڕ لە ئاگریان لە ژوورەکە داناوە و منداڵێک لە لانکێکدا راکشابوو، بەڵام بە جۆرێک بە پارچەی خوری پێچابوویانەوە کە ڕەنگی منداڵەکە ڕەش هەڵگەڕابوو و عارەق لە سەروچاویدا دەتکایەوە و بەدەنگی بەرز دەگریا. من بە بینینی منداڵەکە یەکسەر زانیم کە هیچ نەخۆشییەکی نییە مەترسیی مردنی لێ بکرێت چونکە ئەگەر لە مردن بووایە بەو شێوەیە هاواری نەدەکرد. سەیرێکی دەوروبەرم کرد و بینیم ژنێکی قەڵەو و سپی لە هۆدەکەدا دانیشتبوو و بە گریانەوە سەری بەزەویدا دەدا و ناسیمەوە و زانیم کە ئەو کەنیزەیە کە خۆم دابووم بە پاشا. چەند ژنێکی تریش لە ناو هۆدەکەدا بوون و ئەوانیش دەگریان و بینیم دەموچاوی هەندێکیان بریندار بوو و پاشان بۆم دەرکەوت کە پاشا لێی دابوون، لەبەر ئەوەی نەیانتوانیبوو منداڵەکە هێور بکەنەوە.

بە پاشام وت ئەوەندە بێ هورە مەبە چونکە منداڵەکەت نامرێت و من بەرلەوەی چارەسەری بکەم دەبێ خۆم خاوێن بکەمەوە و لە پێش هەموو شتێکدا

ئەم ئاگردانە لێرە ببەنە دەرەوە.

دایکی منداڵەکە کە لە رابردوودا کەنیزی خۆم بوو وتی ئەگەر ئاگردانەکە ببەنە دەرەوە منداڵەکەم سەرمای دەبێت، وتم نا منداڵ لە هەوای هاویندا سەرمای نابێت. ئاگردانەکە ببەنە دەرەوە و ئەگەر سەرمای بوو من لێی بەرپرسم.

ژنەکە منی ناسییەوە و بزەخەنەیەکی هات و وتی ئاە... سینۆهە؛ ئەمە تۆی... کاتێک کە هاتیتە ژوورەوە نەمناسیتیەوە چونکە سەیرم کرد کراسی سریانیت لەبەردایە. وتم ئەوەندە بەپەلە بۆ چارەسەرکردنی ئەم منداڵە بەرێ کەوتم، کە نەمتوانی کراسە سریانییەکەم دابنێم و جلی میسری لەبەر بکەم.

پاشا کە هێشتا چاوی بە فرمێسک بوو وتی سینۆهە کورەکەم سێ رۆژە خواردن ناخوات و هەر چییەک دەخوات دەیهێنێتەوە و بەشێوەیەک هاوار دەکات و دەناڵێنێ کە ناتوانم یەک ساتیش ئارام بگرم.

وتم دایەنەکان و بەندەکان ببەنە دەرەوە و دوایی خۆم شوشت و لەدوای خاوێن بوونەوەم وتم پەنجەرەکانی ژوورەکە بکەنەوە و خۆشم ئەو پارچە خورییانەی کە لە منداڵەکەیانەوە، پێچابووکردمەوە. منداڵەکە کە تائەو کاتە هاواری دەکرد و دەیناڵاند، هێور بووەوە و قاچە ئەستورەکانی خۆی جووڵاندەوە و سەیرم کرد منداڵەکە لەگەڵ ئەوەشدا کە ساوا بوو وەکو باوکی قژێکی رەش و زۆری هەیە. هەندێک لێی ورد بوومەوە کە بزانم نەخۆشییەکەی چییە و لەناکاودا دەمی منداڵەکە کەوتەوە یادم و دەمیم کردەوە و بینیم ددانێکی بچووک لەناو دەمیدا رواوە و تێگەیشتم کە نەخۆشیی منداڵەکە تەنها ددان هاتنەکەیەتی.

بانگی پاشام کرد و ددانی منداڵەکەیم پێ نیشان داو وتم سەیرکە، تۆ تەنها بۆ ئەم رووداوە بێ بایەخە ناودارترین پزیشکی سووریات بە ئەسپە کێوییەکان هێناوەتە ئێرە و زیاتر لە پەنجا جار منت خستە بەر مەترسیی مردن لەکاتێکدا کە هەرکەسێ کەمێک ئەزموونی هەبێت دەزانێت کە کاتێک منداڵ ددانی دێت بێ تاقەت دەبێت و لەوانەیە تای لێ بێت و ئەو تایە مەترسیدار نییە، بەڵام

رشانەوەکەی هۆیەکی سروشتیی هەیە، چونکە تۆ و دایکی و دایەنەکان بەردەوام شیری چەورتان کردۆتە ناو سکی ئەم منداڵەوە و ئەویش کە نەیتوانیوە تەحەمولی ئەو هەموو شیرە بکات، دەرشایەوە. ئێستا بەدایکی بڵێ کاتێک کە مەمکی دەداتێ ئاگادار بێت چونکە لەوانەیە منداڵەکە بە ددانی مەمکی بریندار بکات.

دەمی منداڵەکەم لەبەردەم پاشا کردەوە و ددانەکەم نیشانی دا. پاشا کاتێک کە لە نەخۆشیی منداڵەکەی تێگەیشت و زانی مەترسیی نییە لە هۆدەکەدا کەوتە سەماکردن و دایکی وتی هەرگیز ددانی وا جوانم لە دەمی هیچ منداڵێکدا نەبینیوە. کاتێک کە ویستی دووبارە منداڵەکە لە پارچەکانەوە بئاڵێنێ من نەمهێشت و وتم: کراسێکی کەتان بۆ داپۆشینی ئەو بەسە.

پاشا هیچ بە خەیاڵیدا نەدەهات کەمنی لە ئەزمیرەوە بۆ شتێکی ئەوها بێ بایەخ بانگ کردووە و فرمانی دا گەورەکانی دەربار و هاورێکانی بێن و ددانی منداڵەکەی ببینن و ئەوان لە ناکاودا هێرشیان کردە ناو ژوورەکەوە هەموویان دەیانویست پەنجەئەستوور و پیس و خۆڵاوییەکانیان بکەنە ناو دەمی منداڵەکەوەو دەست لە ددانی بدەن، بەڵام من بە پاشام وت ئەوان دوور بخاتەوە، ئەگەر نا منداڵەکەی بەراستی نەخۆش دەکەوێت.

لەدوای ئەوەی گەورەکانی کۆشک و هاورێکانی رۆیشتن پاشا وتی: ئەم منداڵە لە پێڵووی چاوەکانم خۆشەویستترەو لە هەموو ئەو شتانەی کە من هەمە گرانبەهاترە و چەند شەوێک دەبێت کە من بە دیار لانکەکەیەوە نەنوستوومە، چونکە دەترسام بمرێت و لەدوای من کەس نەبێت کە لە جیاتی من لەوڵاتی (ئامورۆ) پاشایەتی بکات.

دوایی دەستی خستەسەر سەری من و وتی سینۆهە تۆ نازانی کە بەبۆنەی ئەوەی ئەم بارە قورسەت لەسەر سینەم هەڵگرت، چەندە خۆم بە قەرزاری تۆ دەزانم. دوایی منداڵەکەی نیشان دام و وتی تۆ کە وڵاتێکی زۆرت بینیوە ئایا تا

ئێستا دیوتە منداڵێک لەم تەمەنەدا ئەوەندە جوان بێت. قژە زۆرەکانی کوڕەکەم لە یاڵی شێر دەچێت و سکە قەڵەوەکەی لە بەرمیلێکی بچووک دەچێت و دەست و قاچە ئەستوورەکانی وا نیشان دەدات کە لە ئایندەدا وەک من بەهێزو بەقوەت دەبێت.

شەو داهات و هەوا تاریک بوو و چراکانیان هەڵکردو من کە بەهۆی ئەو سەفەرە بەپەلەو خێرایە پێویستم بە پشوودان بوو و نەمدەتوانی گوێ لە قسەکردنی پاشا بگرم، پێم وت ئەمڕۆ لە بەیانییەوە تا نزیکی ئێوارە من لەناو گالیسکەکانی تۆ بە ڕێگا شاخاوییەکانەوە بە خێرایی با دەهاتم و ئێستا لەتاو ماندوێتیم هەموو ئەندامەکانی لەشم ژان دەکەن و دەبێ نان بخۆم و پشوو بدەم، بەڵام تۆ لە جیاتی ئەوەی خواردنم بدەیتێ وبڵێی جێگایەکی نووستنم بۆ ئامادە بکەن بەردەوام قسەدەکەی.

پاشا پێکەنی و وتی منیش چەند ڕۆژێکە لەتاو خەم و پەژارە نەمدەتوانی خواردن بخۆم، بەڵام ئەمشەو دەتوانم تۆڵەی رابردووش بکەمەوە. دوایی فەرمانی دا خواردنمان بۆ بهێنن و بەندەکانی مەڕو بەرخی برژاوو نانیان بۆ هێناین و لەدوای ئەوەی کە تێرم خوارد هەستم کرد ماندوویەتییەکەم کەمتر بووتەوە.

من چەند ڕۆژێک لەلای پاشا مامەوە و ئەو دیاریی گرانبەهای لە زێڕو کانزا پێدام و سەرنجم دا کە ئەو لەچاو جاری پێشوو کە من بینیبووم دەوڵەمەندتر ببوو. لێم پرسی ئەو سامانەت لە کوێوە دەست کەوتووە چونکە جاری پێشوو ئەوەندە دەوڵەمەند نەبووی. وەڵامی دایەوەو وتی سینۆهە ئەو ژنەی کە تۆ پێت دام سەربەرست بوو و بووە هۆی دەوڵەمەندیم.

لەو چەند ڕۆژەدا کەمن لەلای پاشای ئامورۆ بووم ژنە خۆشەویستەکەی واتە کەنیزەکەی کە من دابووم پێی بەباشی میوانداریی لەمن کرد و بۆم دەرکەوت کە ئەو لەگەڵ ئەوەشدا کە قەڵەو بوو، بەڵام دیسانەوە هەوڵ دەدات خۆی قەڵەوتر بکات، چونکە لە وڵاتی (ئامورۆ) بە پێچەوانەی میسر هەرچەندە ژن قەڵەوتر

بێت زیاتر پەسند دەکرێت و لەبەر ئەوە لەو وڵاتەدا هەمووان، تەنانەت منداڵەکان هەندێ گۆرانییان دەوت کە تیایدا باس لە جوانیی ئەو ژنە دەکراو گوێم لێ بوو ئەو ئاوازانە یەک جۆر بوو و چەند وشەیەکیان دەیان جار دووبارە دەکردەوە، بەبێ ئەوەی لە دووبارەکردنەوەی ئەو بابەتانە بێزار بن.

پاشای ئامورۆ ژنی تریشی هەبوو کە کچی سەرۆکی هۆزەکان بوون، بەڵام تەنها بۆ دەربڕینی وەفاداری دەچووە ماڵەکانیان و بە منی وت حەز ناکەم کاتەکانی خۆم لەگەڵ ئەوانەدا بەسەر ببەم، بەڵام لەبەر ئەوەی کچی سەرۆک هۆزەکانن دەبێ لەگەڵیاندا بگونجێم بۆ ئەوەی لە نێوان من و سەرۆکی هۆزەکان ناکۆکی دروست نەبێت. پاشای ئامورۆ کە دەیزانی من سەفەرێکی زۆرم کردووە و وڵاتێکی زۆرم بینیوە بە پێویستی دەزانی کە لەلای من خۆی هەڵبکێشێت بۆ ئەوەی من تێ بگەیەنێت کە ئەو لە پاشاکانی تر بچووکتر نییە و لەگەڵ وەسف کردنی خۆیدا هەندێ شتیشی پێم وت کە من دڵنیام لە دوای ئەوەی لە وڵاتەکەی ئەو دەرچووم لە باس کردنی ئەو بابەتانە پەشیمان دەبێتەوە. بۆ نموونە وتی: بەکرێ گیراوەکانی ئەو پێیان سپێردراوە کە لە ئەزمیر ئازاری میسرییەکان بدەن و ئەو شەوەش کە پەلاماری منیان دابوو، بەدەستی بە کرێ گیراوەکانی ئەو لێم درا، بەڵام ئەوان نەیاندەزانی کەمن سینۆهەم ئەگەر نا لێیان نەدەدام. هەروەها ئەو سەربازە میسرییەی کە لە ئەزمیر کوژرا پیاوەکانی ئەو کوشتبوویان. پاشا وتی: ئازاردانی میسرییەکان لە ئەزمیر ئەوەندە درێژە دەکێشێت هەتا میسرییەکان واز لە سووریا دەهێنن و دەڕۆن هەروەها دەیگوت دانیشتووانی ئەزمیر و بەندەرەکانی تری سووریا لە کەنارەکان، خەڵکانێکی ترسنۆک و خۆپارێزن و جگە لە قازانجی خۆیان هیچ بیروڕا و مەبەستێکی تریان نییە چونکە هەموویان مامەڵەچین و لەبەر ئەوە دەبێ پیاوێکی بە جەرگ پێشەوایەتیی ڕاپەڕینێکی دژبە میسر بگرێتە ئەستۆی خۆی و میسرییەکان لە سووریا دەر بکات بۆ ئەوەی سووریا بگات بە ئازادیی پێشووی خۆی.

وتم بۆچی تۆ ئەوەندە بەرامبەر بەمیسرییەکان کینەت لە دڵدایە، من باوەڕناکەم میسرییەکان لە گەلانی تر خراپتر بن.

پاشا دەستی بە ریشە لوولەکەی خۆیدا هێناو وتی: من رقم لە میسرییەکان نییە، لەبەر ئەوەی تۆ میسریت و رقم لە تۆش نییە و من لە منداڵییەوە لە کۆشکی فیرعەون بوومە و لە میسرییەکانەوە فێری زۆر شت بووم و توانیم لەوێ فێری خوێندن و نووسین ببم و رابردووەکانی ژیانی من بەو شێوەیەیە کە دەبێت میسرییەکانم خۆش بوێت نەک رقم لێیان بێت، بەڵام تۆ سینۆهە لەگەڵ ئەوەشدا کە پزیشکێکی گەورەیت و زۆر وڵاتت بینیوە لەبەر ئەوەی پاشایەتیت نەکردووە ناتوانی تێ بگەیت کە لە دیدی پاشایەک یان سەرۆکی وڵاتێک رق و کینە چ واتایەکی هەیە.

پاشا یان سەرۆکی وڵات، لەگەڵ هیچ میللەتێکدا رق و کینەی نییە و لە خۆیدا بەرامبەر بە هیچ قەومێ هەستی دوژمنایەتیی نییە. بەڵام کینە لە دەستی پاشاو سەرۆکی وڵات هۆکارێکی بەهێزە و تەنانەت لە چەکیش بە هێزترە. دوایی وتی هەتا خەڵکی کینەیان نەبێت ناتوانن ئەو دەستەی کە شمشێرو نێزەکانیان پێ گرتووە بەرزی بکەنەوە و بیوەشێنن. سەرۆکی وڵاتێک کە خۆی رقی لە هیچ گەلێک نییە دەبێ کینە لە دڵی خەڵکیدا دروست بکات بۆ ئەوەی بتوانێت بەهۆی نەفرەتی ئەوانەوە دەسەڵات بەدەست بهێنێت و منیش کینەی میسرییەکان دەخەمە ناو دڵی خەڵکی سووریاوە و ئەوەندە ئەم رق لێ بوونەوەیان بەهێز دەکەم کە هەموو کەسێکی خەڵکی سووریا دڵنیابێت لەوەی کە لە میسرییەکان بێ بەزەییترو سووکتر و فێڵبازتر لە هیچ جێگایەکدا نییەو دەبێت ئەم دوژمنایەتی و رق ئەستوورییە ئەوەندە بەتین بێت کە هەر ژن و پیاوێکی سریانی بەبیستنی ناوی میسرییەکان لەشی لە رق و نەفرەتدا بکەوێتە لەرزە و ئیمانی بەوە هەبێت کە میسرییەکان ترسناکترین و خوێن مژترین و دڵ رەقترین گەلێکن کە لە سەرەتای دروست بوونی دنیادا هاتوونەتەکایەوە و لەمەو بە دواش لەوان خراپتر

دروست نابێت. کاتێک کە رقی سوورییەکان بەرامبەر بە میسر گەیشتە ئەم ئاستە، ئەوساکە ئەم دوژمنایەتییە ئەوەندە بەهێز دەبێت کە دەتوانێت کێو بهێنێتە لەرزە، تا چ بگات بە دەرکردنی دەسەڵاتدارانی میسری و سوپاکەیان لە سووریا.

وتم ئێوە خۆتان دەزانن کەوا نییە و ئەوەی دەیڵێن لەراستییەوە دوورە. پاشا وتی راستی ئەوەیە کە من دەیخەمە ناو مێشکی خەڵکی سووریاوەو کاتێک کە من شتێکم خستە ناو گیانیانەوە، باوەڕ دەکەن کە ئەو شتە حەقیقەتە و بەشێوەیەک باوەڕیان پێی بەهێز دەبێت کە ئەگەر هەر کەسێ بە پێچەوانەی ئەوە شتێک بڵێت دەیکوژن.

من بە خەڵکی سووریا رادەگەیەنم کە ئەوان بۆ ئەوە دروست بوونە کە بە ئازادی بژین و ئازادی شتێکە کە لە خواردن و جل و بەرگ و خانوو وتەنانەت گیانی مرۆڤیش بایەخی زیاترە و خەڵکی بەهۆی ئەم راگەیاندنانەی من ئەم راستییە دەسەڵمێنن و ئەوەندە باوەڕ و خولیای ئازادی دەکەوێتە مێشکیانەوە کە ئامادە دەبن لە پێناویدا گیانی خۆیان بەخت بکەن و هەرکەسێک کە باوەڕی بە ئازادی هەبێت هەوڵ دەدات خەڵکانی تریش بهێنێتە ریزەوە و ئەوەندەی پێ ناچێت کەلەسەرتاسەری سووریادا جگە لە یەک بیروباوەڕ هیچ شتێکی تر دروست نابێت کە ئەویش بڕوا گەیشتن بە ئازادییە و دانیشتووانی سووریا تێ ناگەن کە باوەڕیان بەشتێکی خەیاڵی هەیە، چونکە ئەو ئازادییە شتێکە کە نەک تەنها گەلی سووریا، بەڵکو هیچ گەلێکی تر نییەتی، بەڵکو بەهانەیەکە کە من بەهۆیەوە خەڵکی سووریا دەخافڵێنم بۆ ئەوەی خۆم بتوانم لە سووریادا بمێنمەوە. ئێوەش کاتێک کە هاتنە سووریا دروشمەکەتان ئەوە بوو کە بە تەمان سووریا ئازاد بکەن و بەم دروشمە کە لە دیدی خەڵکیدا رواڵەتێکی بریقەداری هەبوو، هەموو دانیشتووانی سووریاتان کرد بە بەندەی خۆتان و ئێستا باجیان لێ دەستێنن.

وتم ئایا تۆ باوەڕت بە ئازادی نییە.

وتی نا و چونکە تۆ پزیشکیت ناتوانی لەوە تێبگەی کە هیچ دەسەڵاتدارێک باوەڕی بە ئازادی نییە بەڵکو بەو دروشمە خەڵکی فریو دەدەن بۆ ئەوەی خۆیان بتوانن حوکم بکەن. من خەڵکی سووریا وا تێدەگەیەنم کە پێویستە ئازاد بن و بە ئازادی ناگەن هەتا ئەو کاتەی کە لە دژی میسر یەک دەگرن و کاتێک کە میللەتی سووریا یەکیان گرت و بە باوەڕی خۆیان گەیشتن بە ئازادی، بێ ئاگان لەوە کە ئەوان ئەو ئازادییەیان بۆ من رەخساندووە کە بتوانم فەرمانڕەواییان بەسەردا بکەم و ئەوان دەبێ وەکو هەمیشە زەحمەت بکێشن و سەرانە بدەن و بەکورتی لە رابردوودا میسر ئەو سەرانەیەی لێ دەسەندن و لە دوای ئەوە من لێیانی دەستێنم و بەردەوام پێیان دەڵێم کە ئێوە لە هەموو گەلانی تری ئەم دنیایە بەختەوەر ترن. چونکە ئازادن و ئەوانیش بەو دروشمە خەیاڵییە دڵخۆش دەبن.

سینۆهە تۆ ئەوە نازانیت کە میللەت وەکو مێگەلێکی مەڕ وایە و دەبێ بەشتێکەوە خەریکیان بکەیت بۆ ئەوەی بتوانی فەرمانڕەواییان بەسەردا بکەیت و یەکێک لە باشترین هۆکارەکانی سەرگەرم کردنی خەڵکی ئەوەیە کە پێیان بڵێی ئێوە ئازادن و بۆ ئەوە دروست بوونە کە لە ئازادیدا بژێن و خەڵکی لەبەر ئەوەی رەشۆکین، هەر چییەک ببیستن دەیسەڵمێنن و بەراستی دەزانن. بەگشتی دەبێ ئەوەندە ئەو بابەتە بە گوێی خەڵکیدا بخوێنینەوە هەتا لە روحیان و لە باوەڕیاندا دەچەسپێت.

وتم ئایا دەزانی قسەکانی تۆ چەندە ترسناکە و ئەگەر فەرماندەی میسر بزانێت کە تۆ چ مەبەستێکت هەیە گالیسکە جەنگییەکانی خۆی دەنێرێتە وڵاتەکەت و ئەم شارە وێران دەکات و تۆش دەسگیر دەبی و سەر بەرەو خوار لە سێدارەت دەدەن. یان دەتبەنە **تەبەس** و لەوێ بەدارەوەت دەکەن.

پاشا وتی فیرعەونی میسر باوەڕی بە من هەیە چونکە (خاچی ژیان)ی[1]

پێداوم ومن پەرستگەیەکم بۆ خوایەکەی دروست کردووە و ئەو زیاتر لە هەندێ لەسەردارەکانی خۆی باوەڕی بەمن هەیە، ئێستا وەرە بڕۆین شتێکت پێ نیشان بدەم کە لەلات سەیر بێت.

بەیەکەوە بەڕێ کەوتین و ئەو منی بەرەو شوورەی (دیوار) شارەکە برد و سەیرم کرد پیاوێکیان لەبان دیوارەکەوە سەرە و ژێر هەڵواسیوە. پاشا وتی ئەم پیاوەی کە دەیبینی میسرییە و ئەگەر گومانت لە رەگەزەکەیدا هەیە سەیری خەتەنەکەی بکە بۆ ئەوەی شکت نەمێنێ.

پرسیم بۆچی ئەم میسرییە بەدبەختەتان هەڵواسیوە؟

وتی ئەم پیاوە باج وەرگری فیرعەون بوو و هاتبووە ئێرە کە داوای سەرانەمان لێ بکات و دەیگوت چەند ساڵێکە باجتان دواخستووەو دەبێ خەراجی ئەو چەند ساڵە بدەن.

وتم تاوانی کوشتنی ئەم پیاوە بێ چارەیە بەگەردنی تۆوە دەبێت و تۆ گرفتاری سزایەکی سەخت دەبیت، چونکە لە میسر دەتوانی گاڵتەبە هەموو شتێک بکەی جگە لە باج وەرگری فیرعەون کە پێسپێردراوی وەرگرتنی باجە.

پاشا پێکەنی و وتی من بە جۆرێک پیلانەکەم داڕشتووە کە فیرعەون لە جیاتی ئەوەی لێم تووڕە بێت دەستخۆشیشم لێ بکات کە ئەم فەرمانبەرە گەندەڵەم بە سزای خۆی گەیاندووە. چونکە زیاتر لە دە لەوحەم بۆ دەسەڵاتدارانی میسر ناردووە کە لە سەریان نووسیومە کە ئەم پیاوە لەدوای ئەوەی هاتووەتە سووریا لە وڵاتەکەی مندا دەست درێژیی کردووەتە سەر ژنان و جنێوی بە خوایەکانی سووریا داوەو لە پەرستگەکەی ئێمەدا کرداری ناشیرینی تریشی کردووە و لە یاساکانی ئێمە نووسراوە کە ئەگەر پیاوێک بەبێ رەزامەندیی ژنەکە بە زۆر لەگەڵیدا کۆببێتەوە، یان جنێو بە خوایەکان بدات، یان لە پەرستگە کاری پیس و پۆخڵ بکات دەبێ بکوژرێت.

هەرچەندە زیاتر لەگەڵ پاشای (ئامورۆ)دا گفتوگۆم دەکرد لەدیدمدا زیاتر لە

(هورم هەب)ی فەرماندەی سوپای میسر دەچوو، کەمنی راسپاردبوو زانیاری لە ولاتانی ترەوە بۆ کۆ بکەمەوە و جیاوازییەک کە ئەم دووانە لەگەڵ یەکتریدا هەیان بوو ئەوە بوو کە پاشای ئامورۆ لە (هورم هەب) بەتەمەنتر و فێڵبازتر بوو، چونکە پاشای ئامورۆ لە ولاتێکدا پاشایەتیی دەکرد کە لە کۆنەوە دەسەلاتدارانی ئەوێ بەردەوام لەگەڵ پاشاکانی تری سووریادا بەشەڕ دەهاتن و ئەوانیان دەکوشت، یان خۆیان دەکوژران و ناکۆکی و دژایەتیی هەمیشەیی لەگەڵ دراوسێکاندا، ئەم جۆرە پاشایانە لە هونەری سیاسەتدا شارەزاتر و بەئاگاتر دەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا کە پاشای ئامورۆ فێڵبازترو لێهاتووتر دەهاتە بەرچاو بەلام من لەو باوەڕەدا نەبووم کە توانای پاشایەتی کردنی بە سەر سووریادا هەبێت. پێم وت تۆ ئەگەر چی لە منداڵییەوە لە میسر ژیاویت، بەلام لەبەر کەم تەمەنیت نەتتوانیوە هەست بە گەورەیی و دەسەلاتی فیرعەونی میسر بکەیت چونکە فیرعەون سامانێکی زۆری هەیە و دەتوانێت سوپایەکی گەورە بەرەو ولاتەکەت بنێرێت و ئەم سەرزەمینە وێران بکات و تۆ نابێت بە دەسەلاتی خۆتەوە بنازی و وابزانی کە دەتوانی لەگەڵ فیرعەونی میسردا رکەبەری بکەیت. کاتێک کە کیسەیەک بە رۆن چەور دەکەن و دوایی کونەکانی دەگرن و هەوای تێ دەکەن کیسەکە دەئاوسێ و خاوەنەکەی وا دەزانێت کە شتێکی گەورەی لەدەست دایە. بەلام کە کیسەکە کون دەکەن بایەکەی بەتاڵ دەبێتەوەو دەگەڕێتەوە دۆخی یەکەم. تۆش ئێستا وەک کیسەیەک وای کە هەوایان تێ کردبێت و هەرئەوەندە کونێکت تێ بکەن یەکسەر فس دەبیتەوە.

پاشا پێ کەنی و رووکەشە ئاڵتونییەکانی ددانەکان دەرکەوت وتی من ئەگەر چی کیسەیەکی پڕ لە هەوام، بەلام هاوپەیمانی بەهێزم هەیە کە پاشاکانی بابل و (هاتی)ن، کە بۆ دەرکردنی میسر لە سووریا هاوکاریی من دەکەن.

وتم فریوی هاوپەیمانێتیی پاشاکانی بابل و هاتی مەخۆ چونکە چەقەڵ لەوەیە

بۆ راوکردنی ئاژەلانی تر لەگەڵ شێردا یەک بگرێت بەلام لە دوای راوکردنی نێچیر باشترینی گۆشتەکە شێر دەیخوات و چەقەڵەکە تەنها ریخۆڵەو گەدەی بۆ دەمێنێتەوە. ئەم دوو پاشایەش کە بۆ دەرکردنی میسر لە سووریا لەگەڵ تۆدا هاوپەیمانن، مەبەستیان ئەوە نییە کە تۆ ببیتە پاشای سووریا. بەڵکو دەیانەوێت ولاتی سووریا داگیر بکەن و تۆ بەس ولاتی ئامورۆت بۆ دەمێنێتەوە، ئەویش ئەگەر بۆت بمێنێتەوە.

پاشا زۆر پێ کەنی و وتی سینۆهە من حەز دەکەم کە وەکو تۆ فێری زانست بم و ببمە زانا و وەکو تۆ بۆ ولاتانی تر بچم بۆ ئەوەی فێری زانستی ئەو ولاتانە بم بەلام لەبەر ئەوەی کە دەبێت ولاتەکەی خۆم بەڕێوە ببەم دەرفەتی سەفەرکردن بۆ ئەو جێگایانەم نییە.

ئەو گفتوگۆیانەی کە لەگەڵ پاشای ئامورۆدا کردم منی تێگەیاند کە هەرچی زووتر لە ولاتەکەی ئەو بگەڕێمەوە باشترە، چونکە ئەگەر فیرعەونی میسر بەتەمای تۆڵەسەندنی باج وەرگرەکەی خۆی بێت لەشکرکێشی دەکات بۆ ولاتی ئامورۆ و لەدوای هاتنی سوپای میسر بۆ ئامورۆ بوونی من لەو ولاتەدا باش نییە و لەوانەیە پاشای ئامورۆ لە تاو رق لێ بوونی میسرییەکان من بکوژێت. لەبەر ئەوە رۆژی دوایی بە پاشام وت ماوەیەکە میوانی تۆم و نامەوێت لەمە زیاتر لە میوانداری کردنەکەت کەڵکی نارەوا وەربگرم و ئەگەر کەژاوەیەکم بۆ ئامادە بکەیت دەگەڕێمەوە ئەزمیر و لەوێش نامێنمەوە، بەڵکو دەگەڕێمەوە بۆ میسر، چونکە لە ئارەزووی خواردنەوەی ئاوی نیلم.

من بەراستیم بوو چونکە دەبووایە بۆ میسر بگەڕامایەتەوەو ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی خۆمم بە (هورم هەب) رابگەیەندایە.

پاشا وتی باڵندەیەک کە هێلانە دروست ناکات هەرگیز فکری ئاسوودە نابێت و تۆ لەدوای سووڕانەوەت لە ولاتان، وا باشترە کە واز لە جیهانگەردی بهێنی و لەم ولاتەدا نیشتەجێ ببی و ئەگەر حەزت لەمانەوە بێت لەم شارەدا خانوویەکت

بۆ دروست دەکەم و یەکێک لە کچە جوانەکانی ئەم شارەت دەدەمێ کە بیکەی بە هاوسەری خۆت.

من بەگاڵتەوە وەڵامم دایەوە ئامورۆ ناخۆشترین وڵاتی جیهانە و ژنەکانی وڵاتی تۆ بۆنی بزنی بەساڵاچوویان لێ دێت و حەز ناکەم لەم وڵاتەدا بمێنمەوە و لەگەڵ ژنێکدا بژیم کە بۆنی ناخۆشی لێ دێت. جگە لەمەش ماوەیەکە لەمیسر دوور کەوتوومەتەوە و بیری وڵاتەکەم دەکەم و دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ ئەوەی گوێم لە دەنگی مراوی و قازەکانی کەناری نیل بێت و لەبەر سێبەری دار خورماکانی میسر دابنیشم و گوێ بیستی گۆرانیی مەلەوانەکانی رووباری نیل بم و هەتاوی گەرمی میسر لە لەشم بدات و دوایی بچم بۆ خانەی ژیان و زانیارییە پزیشکییەکەی خۆم بە قوتابییە گەنجەکانی ئەوێ رابگەیەنم بۆ ئەوەی بایەخی زانستیی خانەی ژیان پارێزراو بێت کە بەردەوام گەورەترین قوتابخانەی پزیشکیی جیهان بووە.

پاشا وتی ئەگەر چی حەز ناکەم لێرە بڕۆی بەڵام لەبەر ئەوەی حەزت بەمانەوە نییە کەژاوەیەکت بۆ ئامادە دەکەم و چەند سەربازێکت لەگەڵدا دەنێرم کە تۆ بگەیەننە ئەزمیر، چونکە رق و کینەی سریانییەکان بەرامبەر بە میسرییەکان بەرادەیەک پەرەی سەندووە کە لەوانەیە لە رێگا بتکوژن.

من کە نەمدەتوانی جارێکی تر بەو گالیسکە جەنگییانە سەفەر بکەم بە کەژاوە لە پایتەختی (ئامورۆ) وە گەڕامەوەو سەربازەکانی ئەو منیان گەیاندە ئەزمیر.

لەگەڵ گەیشتنم بۆ ئەزمیر یەکسەر بە کاپتام وت زوو ئەم خانووەی کە لێرە هەمانە بیفرۆشە، چونکە لەمەو بەدوا ئەزمیر و سووریا بۆ ئێمەو بۆ هەر میسرییەکی تر مەترسیی هەیەو دەبێ بگەڕێینەوە بۆ میسر.

***

(١) له سەردەمی سینۆهەدا لغاوی ئەسپ دانەهێنرا بوو کە بەهۆیەوە ئەسپەکە ملکەچ بکەن لەبەرئەوە پەنجەی خۆیان دەخستە کونی لووتییەوە کە گوێڕایەڵی بکەن – وەرگێڕ–

بەشی بیست و حەوتەم

گەڕانەوە بۆ میسر بۆ بینینی هورم هەب

من باسی سەفەرەکەم لە کاتی گەڕانەوەم بۆ میسر ناکەم و تەنها ئەوەندە دەڵێم کە کاتێک کەشتییەکە کەوتە ڕێ هەرچەندە کە لە میسر نزیکتر دەبووینەوە، زیاتر هەستم بەبێ سەبری دەکرد و ئۆقرەم نەدەگرت و بەردەوام لەسەر رووی کەشتییەکە پیاسەم دەکرد، چونکە بەپەلە بووم زووتر بگەمە میسر و کاتێک کە کەشتییەکەمان لە شارەکانی کەناری سووریا لەنگەری دەگرت، لەبارەی وەزعی ژیان و نەریتی دانیشتووانی لێکۆڵینەوەم نەدەکرد لەبەر ئەوەی ماندووببووم و تەنانەت رەنگی کێوەکانی سووریاشم بەلاوە سەیر نەبوو کە لە کاتی ئاوابوونی خۆردا رەنگی ئەرخەوانییان دەگرت.

لە سووریا وەرزی بەهار هاتبوو و پەڕەسێلکەکان دەفڕین و دەیانجریواند و کاتێک کە لە شارەکانی کەناری دەریا دەوەستاین دەنگی ئەو باڵندانەمان لەبان سەرمانەوە دەبیست.

کاهینەکانی خوای بەعل (خوای سووریا) بە بۆنەی هاتنی بەهار لە پرستگەکاندا هاتبوونە دەرەوە و لە کۆڵانەکاندا دەیاننەڕاند و دەموچاویان دەڕووشاند و لە دوایانەوە ژن و کچە گەنجەکان هەندێ گالیسکەیان رادەکێشا کە خەڵکی دەبوایە دیارییەکانی خۆیان بکردایەتە ناویەوەو پێشکەشی خوای (بەعل)یان بکردایە.بەڵام هەموو ئەمانە لە دیدی مندا کە دەمەویست بگەڕێمەوە بۆ میسر بێ بایەخ بوو و حەزم نەدەکرد جارێکی تر ئەو دیمەنانە ببینمەوە، چونکە لە رابردوودا بینیبووم.

وەزعی من لەو کاتەدا کە بەرەو وڵاتەکەم دەچوومەوە، وەک زانایەک وابوو کە

عاشقی ژنێک بێت و دەزانێت کە دەبێ بۆ چاوپێکەوتنی ئەو ژنە بچێت، یان ژنەکە بێت بۆ ماڵی زاناکەو ئەویش نەتوانێ لاپەڕەکانی پاپیرۆس (کاغەزی میسری کە لە جۆرە گیایەک دروست دەکرێ)ەکەی بخوێنێتەوە و ئەگەریش بیخوێنێتەوە هیچ لەو زانستانە ناگات کە لەسەر کاغەزەکە نووسراوتەوە، مەگەر ئەوەی کە ژنەکە ببینێت و دوایی بە مێشکێکی سافەوە خەریکی خوێندنەوە بێت.

منیش بەبۆنەی ئەوەی کە دەمزانی بۆ میسر دەڕۆم و وڵاتی خۆم دەبینمەوە لە سەیرکردنی دیمەنی شارەکانی سووریا و داب و نەریتی خەڵکەکەی بێزار بووم. دەمەویست خۆم بگەیەنمەوە **تەبەس** و لە سەرەتای شەوەوە لە کۆڵانەکانی شاردا پیاسە بکەم و بەبەردەم خانووە قوڕەکانەوە تێپەڕم و سەیری ئەو ئاگردانانە بکەم کە لە بەردەم خانووەکاندا دانراون و ماسیی لەسەر دەبرژێنن و بە هەناسەی قووڵ بۆنی ئەو ماسییە هەڵمژم و بادەی (شەراب)ی میسر بخۆمەوە و لەسەر زمانم تامەکەی بچێژم و بەئاوی رووباری نیل کە بۆنی قوڕولیتەی لێ دێت خۆم تێر ئاو بکەم، هەرچەندە لەلای من ئەو ئاوە بۆنی خۆشە.

دەمەویست زووتر بگەمە میسر بۆ ئەوەی بەسەر ئەو پاپیرۆسانەدا بڕۆم کە لە کەنارەکانی نیلدا دەڕوێت و لەژێر هەنگاوەکانی پێمدا هەستی پێ بکەم و بۆنی گوڵە کێوییەکانی کەناری نیلم بکردایەو لە کاتێکدا کە خۆر هەڵدێت و لە کۆڵەگە(دینگە) رەنگاورەنگەکانی پەرستگەی (ئاموون) دەدات ستایشی درەوشانەوەی رەنگەکانی بکەم.

لەگەڵ ئەوەش، کە لە شاری **تەبەس** وەکو پێشتر باسم کرد بەدبەخت بووم، بەڵام بەسەرچوونی کات ئەو بەدبەختییەی بە تۆزی فەرامۆشی داپۆشیبوو و لەو کاتەدا کە دەگەڕامەوە خۆم نە بە بەدبەخت دەزانی و نە بە بەختەوەریش، بەڵکو دەردی نیشتمیانم هەبوو و دەمویست بڕۆم و خۆم لەو جێگایەدا کە چاوم تیادا هەڵهێنابوو و گەورە ببووم و خۆم تیا ناسیبۆوە ببینم.

کاتێک کە گەیشتینە کەناری زەویی سینا لەگەڵ ئەوەشدا کە وەرزی بەهار بوو بەڵام ئەو بایەی کە لە وشکانییەوە بۆ دەریا دەهات لە دەموچاومان دەکەوت و دەیسووتاندەوە، چونکە بیابانی سینا یەکێکە لە جێگا گەرمەکانی جیهان.

لە پاش ئەوەی ماوەیەک بە درێژایی کەنارە سوورەکانی سینا بەسەر دەریادا ڕۆیشتین، گەیشتینە جێگایەک کە ڕەنگی دەریا زەرد بوو و لەوێ مەلەوانەکان گۆزەیەکیان خستە ناوئاوەکەوە کە بە گوریس بەستبوویانەوەو لە دوای ئەوەی پڕ بوو هەڵیان کێشایەوەو من لەو ئاوەم خواردەوەو هەستم کرد کە تارادەیەک شیرینە و تامی ئاوە لیتاوییەکەی نیلی دەدا چونکە ئاوی شیرین و لیتاوی نیل کاتێک کە دێتە ناو ئاوی سوێری دەریاوەو ماوەیەک لەسەری دەمێنێتەوە بەڵام تێکەڵی ئاوەکە نابێت.

ئەو ڕۆژە کاتێک کە لە ئاوی نیلم نۆشییەوە بە کاپتام وت ئەم ئاوە لە چێژی مندا لە باشترین شەرابەکان بەتام ترە، بەڵام کاپتا وتی ئاو لە هەموو شوێنێ هەر ئاوە ئەگەرچی لەناو ڕووباری نیلیشدا بێت و ناتوانێت جێگای شەراب بگرێتەوە. وتم من لەبەر ئەوە خواردنەوەی ئەو ئاوەم پێ خۆشە، چونکە دەزانم کە گەیشتووینەتەوە میسر.

کاپتا وتی: هەر کاتێ کە خۆم لە یەکێ لە مەیخانەکانی **تەبەس** دا بینییەوە و بینیم کە گۆزەیەکی ئاوی جۆیان لەبەردەمم داناوە و لە کاتی خواردنەوەیدا دەنکە جۆ نایەنە ناو دەممەوە، ئەوساکە دڵنیادەبم کە گەیشتوومەتە میسر. چونکە لە دەرەوەی میسر کەس توانای دروست کردنی بیرەی نایابی نییەو ئەوان بە شێوەیەک دروستی دەکەن کە مرۆڤ دەبێ لە پێشا بیپاڵێوێ بۆ ئەوەی دەنکە جۆبەکانی ناوی فڕێ بدات و دوایی بینۆشێتەوە.

بەڵام گریمان خۆمان لە میسر، بینییەوە، من لەو باوەڕەدا نیم کە گۆڕانکارییەک لە وەزعی ژیانی مندا ڕوودات، چونکە من هەر بەندە بوومەو چ میسرو چ جێگایەکی تر بۆ من هەر یەکە.

وتم کاپتا سەفەرە دوورو درێژەکانمان تۆی بێ باک کردووەو بە جۆرێک دەدوێی کە جاری وا هەیە لەبیرت دەچێت کە بەندەی منی و بەشێوەیەک وەڵامم دەدەیتەوە کە هەر کەسێ ببیستێ وا دەزانێت مافی خۆتە لەگەڵ مندا دەمەتەقێ بکەیت و ئەگەر لە میسر بووینایە دار حەیزەرانێکم لە کەناری نیل لێ دەکردەوەو چەند دارێکم دەکێشا بە شان و ملتدا و ئەو کاتە تۆ تێدەگەیشتی کە بەندەی و مافی ئەوەت نییە لەگەڵ ئاغاکەی خۆتدا دەمەتەقێ بکەیت.

کاپتا دەستەکانی بە ئەژنۆیەوە ناو داچەمییەوەو وتی گەورەم تۆ هەم پزیشکی و هەم وتەبێژێکی هونەرمەندیشی، چونکە دەزانی کە لە هەر کاتێکدا چ وشەیەک بەکاربهێنی و ئەوەی ئێستا وتت منی خستەوە بیری لێدانی گۆچان و دار حەیزەران و بە یادی هێنامەوە کە لێدان بە گۆچان و دار حەیزەران، زیاتر لە ئاوە لیتاوییەکانی ڕووباری نیل و دەنگی مراوی و قازەکان و بۆنی ماسیی سوورەوە کراو و عەتری بوخووری پەرستگەکانی **تەبەس**، پێناسە و نیشانەی میسرە، چونکە هەزاران ساڵە کە لەم وڵاتە بەندەکان بە گۆچان و دار حەیزەران تەمێ دەکرێن و بەهێزی ئەم دارانەیە کە لە میسردا هەموو شتێ لە جێگای خۆیدا ماوەتەوە و کەس زیاتر لە بەرەکەی خۆی پێ ڕاناکێشێت و لەگەڵ ئەوەشدا کە هەزاران ساڵە میسر هەیە، بەڵام هیچ شتێک گۆڕانی بە سەردا نەهاتووە و ئێستا، کە دەبێ بە دار حەیزەران دارکاری بکرێم، دڵنیابووم کە گەیشتوومەتە میسر و سەردەمی سەفەرە درێژەکانمان کە تیایدا زۆر شتی سەیرم بینی، بەسەر چوو ... ئاە ... ئەی دار حەیزەران ... خوایەکانی میسر بەرەکەتت تێ بخەن، چونکە دەتوانی هەموو کەسێ لەسەر جێگای خۆیدا دابنیشێنیتەوەو نەهێڵی کە کەس لە سنووری خۆی زیاتر پێ ڕابکێشێت.

لە دوای ئەم قسەیە کاپتا بەهۆی کارتێکردنی زۆرەوە کەوتە گریان و دوایی بەرەو سووچێکی کەشتییەکە ڕۆیشت و لەوێ نووست و تا ئەو کاتەی کە کەشتییەکەمان گەیشتە ناو بەندەر کاپتا هەر نووستبوو.

کاتێک کە کەشتی چووە ناو رووباری نیلەوە و لەناو بەندەردا وەستا چاوم بە باربەرە میسرییەکان کەوت کە تەنها سوخمەیەکیان لەبەردا بوو و ریشیان تاشیبوو و لەو کاتەدا هەستم کرد کە چەند رقم لە جل و بەرگی درێژ و ردێنی لوولی سریانییەکانە.

لە سووریا ژن و پیاو قەڵەو بوون، بەڵام ئەو کاتەی کە چوومەوە میسر بینیم ژن و پیاوە میسرییەکان قەد باریک بوون و لەشیان بەهۆی بەزو چەورییەوە قەڵەو نەببوو. تەنانەت بۆنی عارەقەی لەشی باربەرەکانیشم لەلا خۆش بوو و لەو کاتەی کە ناوی من و کاپتایان نووسی کاپتا خۆی بە خەڵکی سووریا نووسی بۆ ئەوەی کەس ئازاری نەدات (چونکە بەندەیەکی هەڵهاتوو بوو). ئێمە لە کەشتییەکە دابەزین و من جل و بەرگە خورییە سریانییەکەم داکەندو کراسی کەتانیی میسریم لەبەرکرد.

لە پاش ئەوەی کە دوو رۆژ لە بەندەر پشوومان دا سواری کەشتییەک بووین کە بەرەو **تەبەس** دەڕۆیشت و لەوە بەدوا سەفەرەکەمان لەسەر ئاوی نیلدا دەستی پێ کرد. ئێمە کە ماوەیەک بوو دیمەنەکانی میسرمان نەبینیبوو لە بەیانییەوە تا ئێوارە لەسەر کەشتییەکە سەیری کەنارەکانی راست و چەپمان دەکرد و بە دیتنی گوندنشینە رەش و رووتەکان کە بە گایەکانی خۆیان جووتیان دەکرد و هەروەها بە بیستنی دەنگی قاز و مراوی و حاجی لەق لەقەکانی چێژمان وەردەگرت.

هەر کاتێک کە کەشتی لە یەکێک لە کەنارەکانی رووباردا دەوەستا، کاپتا یەکسەر دادەبەزی و خۆی دەگەیاندە مەیخانەیەک و گۆزەیەک بیرەی میسریی دەنۆشییەوەو ئەو شتانەی کە لە وڵاتانی تر بینیبووی بۆ کرێکارەکانی دەگێڕایەوە کە لە مەیخانەکەدا بوون و ئەوان بە جۆرێک لە قسەکانی کاپتا سەریان دەسوڕما کە پەنایان دەبردە بەر خوایەکانی میسر.

هەرچەندە زیاتر لە **تەبەس** نزیک دەبووینەوە، دانیشتووانی ئەمبەر و ئەوبەری نیل زیادی دەکرد و لە نزیکی **تەبەس** بە شێوەیەک زەوی و زارو گوندەکان

بەیەکەوە نووسابوون کە وەک ئەوە بوو بە نێوان دوو شاردا تێپەڕین کە یەکێکیان لە وشکانیی لای راست بێ و ئەوەی تریان کەناری لای چەپ. لەو کاتەدا لەلای رۆژهەڵاتی نیلەوە سێ چیا دەرکەوت کە دەتگوت سێ پاسەوانی هەمیشەیی شاری (**تەبەس)**ن و دوایی دیوارە بەرزەکانی شارو پەرستگەی گەورەی (ئاموون)و بیناکانی دەوروبەرو دەریاچەی پیرۆز دەرکەوت.

کاتێک کە شاری مردووەکانم لەلای رۆژئاوادا بینی پێی دڵگران بووم، باسم کرد کە شاری مردووەکان جێگایەکە کە مردووەکان لە دوای مۆمیایی کردن لەوێ دەنێژرێن و ئارامگەی هەموو فیرعەونەکان و شاژنەکانی میسر لەوێ بوو و گڵکۆ سپییەکانیان لە دوورەوە ئەدرەوشایەوە و لەبەردەم هەریەکە لە گۆری شاژنەکانی میسر داریان چاندبوو و لە وەرزی بەهاردا (ئەو وەرزەی ئێمە تیایدا گەڕاینەوە میسر) ئەو درەختانە گوڵیان دەردەکرد.

هۆی دڵگران بوونەکەم لە کاتی بینینی شاری مردووەکان ئەوە بوو کە بە بیرم هاتەوە دایک و باوکم لەناو پێستێکی گا لە نزیک ئارامگەی یەکێ لە فیرعەونەکان ئارامیان گرتبوو، چونکە لەبەر ئەوەی گۆڕەکەیانم بەهۆی خۆشەویستیی ژنێکی تەماح کارەوە فرۆشتبوو نەمتوانی بوو لە گۆڕەکەی خۆیاندا بیاننێژم یان گۆڕێکی نوێیان بۆ بکرِم بۆ ئەوەی لەو دنیا بێ جێگا نەبن.

لەلای باشوور، لەو شوێنەی کە رووباری نیل پێچێکی فراوانی تێ دەکەوێت کۆشکی فیرعەون لە نێوان درەختە سەوزەکانەوە بە رەنگێکی زێڕین ئەدرەوشایەوەو من بیرم لەوە دەکردەوە کە ئایا (هورم هەب) فەرماندەی سوپای میسر هێشتا لەو کۆشکەدا نیشتەجێیە یان نا.

ئەو کاتەی کە لە میسر دەڕۆیشتم ئەو پیاوێکی بەدەسەڵات بوو و لە فیرعەونەوە نزیک بوو،بەڵام کەس لە پێشهاتەکانی قەزاو قەدەر ئاگادار نییەو نازانێت ئایا پیاوێک کە ئەمڕۆ لە پاشاوە نزیکە سبەینێش ئەو نزیکییەی دەمێنێت یان نا.

کەشتییەکەمان لە دارەڕا (اسکلە)ی دابەزینی بەندەری **تەبەس** لە نزیک ئەو گەڕەکەی کە تیایدا گەورە ببووم راوەستاو لەو کاتەدا وەک ئەوە وابوو کە منداڵ بم و خۆم لە نێوان دیمەنە هەمیشەییەکانی سەردەمی منداڵیمدا ببینمەوە. لە بەیادهێنانەوەی یادەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی و لاویم هەم خۆشحاڵ بووم و هەم غەمگین و زۆر بەزەییم بە حاڵی دایک و باوکمدا هاتەوە چونکە ئەو دووانە لە هەموو تەمەنیاندا ئازارو مەینەتییان چێشت بۆ ئەوەی بتوانن من بکەنە خوێندەوارو بۆ قوتابخانەم بنێرن، بەلاّم من بەهۆی گەنجی و وەسوەسەی ئەو ژنە خیانەتم لێیان کردو گۆڕەکەیانم فرۆشت و ئەوەندە شەرمەزار بووم کە دەمویست دەموچاوم داپۆشم بۆ ئەوەی خەڵکی **تەبەس** نەمبینن و نەڵێن ئەمەیە سینۆهەی حەق نەناس کە دایک و باوکەکەی خۆی لە دنیای تردا بێ جێگاو رێگا کرد.

بەر لەوەی بێمە ناو **تەبەسەوە** بەرنامەیەکی دیاریکراوم بۆ ژیانی خۆم نەبوو،چونکە وەزعی ژیانی من بەوەوە بەسترابۆوە کە (هورم هەب) ببینم و بزانم کە لە دوای بیستنی گوزارشتەکەی من چی دەڵێت. بەلاّم هەرکە هەنگاوم نایە ناو (**تەبەس**)ەوە هەستم کرد کە لەو شارەدا وەکو پێشوو دەبمە پزیشک، بەلاّم نە پزیشکێکی گەورەو ناودار بەڵکو پزیشکێک کە نیشتەجێی گەڕەکی هەژارەکان بێت و نەخۆشە کەم دەرامەتەکان چارەسەر بکات و لەگەڵ ئەوەشدا کە دەمزانی نیازی ئەوەم نییە کە زانیارییەکانی خۆم کە لەولاّتە بیانییەکان فێریان ببووم بکەمە هۆکارێ بۆ ناوبانگ و سامان و حەزم لە گەڕەکی هەژارەکان بوو، بەلاّم هەستم دەکرد کە خۆشبەخت و ئاسوودەم.

ئەگەر پزیشکێکی تر لە جیاتی من بووایەو ئەو هەموو زانیارییانەی دەرەوەی هەبووایە لە دوای گەڕانەوە بۆ **تەبەس** لە یەکێ لە گەڕەکە دەوڵەمەندکاندا نیشتەجێ دەبوو و ناوی خۆی لەسەر کەتیبەیەکی[1] جوان بەقەد خانووەکەیەوە دەنووسی بۆ ئەوەی هەموو کەس بزانێت ئەم پزیشکە ناوبراوە لە هەموو پزیشکەکانی تر چاکترەو ئەو کەسانەی کە بۆ چارەسەر کردن دێنە لای دەبێ

دیاریی گرانبەهای بدەنێ. بەلاّم زۆر سەیر بوو کە من لەگەڵ ئەوەشدا کە دەمویست لە گەڕەکە هەژارەکاندا بژیم و نەناسراو بم بەلاّم خۆم لەو شێوەی بیرکردنەوەیە بە خۆشبەخت دەزانی و ئەم بابەتە ئەوە نیشان دەدات کە ئێمە جاری وا هەیە سەبارەت بە حەزەکانی خۆشمان لە هەڵەداین و نازانین چیمان دەوێت و جیهان دەخەینە ژێر پێوە و لەم ولاّت بۆ ئەو ولاّت دەڕۆین و زانیاری یان زێڕ و پارە کۆدەکەینەوە کە لە دوای گەڕانەوە بۆ ولاّت وەکو یەکێ لە دەوڵەمەندەکان بژێین و دەوڵەمەندییەکەی خۆمان بە چاوی خەڵکیدا بدەین، بەلاّم لە پاش گەڕانەوە بە سەرسوڕمانەوە دەبینین ئەو شتەی چێژمان دەداتێ ئەوەیە کە لە گۆشەیەکدا بە نەناسراوی بژین.

باربەرەکانی ئەوێ دەورەیان لێداین کەبارەکەمان لە کەشتی دابگرن و بۆ یەکێ لە میوانخانەکانی ببەن و کرێیەکی باشمان لێبستێنن، چونکە لە هەموو شوێنێ کاتێک کە رێبوارێک دەگاتە شارێک، باربەرەکان زیاتر لە خەڵکی تر پارەی لێ دەستێنن، بەلاّم من بە کاپتام وت، حەزناکەم بۆ میوانخانە بڕۆم و بە باربەرەکان بڵێ کەلوپەلەکانمان داناگرین. کاپتا وتی مەگەر بەتەما نیت لەم شارەدا بمێنیتەوە. وتم مەبەستم ئەوەیە کە بە تۆ بڵێم خێرا بڕۆ و لە گەڕەکی هەژارەکاندا خانوویەکەم بۆ بکڕە و تا دەتوانی هەوڵ بدە لە نزیک خانووەکەی دایک و باوکمەوە بێت. هەروەها کڕینی خانووەکە دەبێ ئەمڕۆ تەواو بێت بۆ ئەوەی لە سبەینێوە بتوانم لە خانووی خۆمدا خەریکی پزیشکی بم.

کاپتا لەم قسەیەی من زۆر نارازی بوو، چونکە وای دەزانی دەچینە میوانخانەیەک و بەندەکانی ئەوێ لەجیاتی ئەو خزمەت دەکەن، بەلاّم قسەی نەکردو سەری دانەواندو رۆیی.

هەمان شەو من چوومە خانووەکەی خۆمەوە کە لە گەڕەکی هەژارەکان بوو و بەر لە من هی مسگەرێک بوو. لە خانووەکانی دەوروبەرو بەرامبەر خانووەکەی ئێمە ژنەکان لەبەردەم ماڵەکاندا خەریکی سوورکردنەوەی ماسی بوون لە سەر

ئاگردان و لە هەموو گەڕەکەکاندا بۆنی ماسیی سوورەوەکراو دەهات.

کاتێک کە کەمێک لە شەو تێپەڕی چرای ماڵە گشتییەکان[٢] هەڵکراو دەنگی مۆسیقای سریانی و گۆرانیی مەلەوانە مەستەکان دەهاتە گوێ و کاتێک کە سەیری ئاسمانم دەکرد دەمبینی کە بە هۆی چراکانی ناوەندی شار ڕەنگی سوور ببوو.

لە پاش ئەو چەند ساڵەی کە لە ئەم لاو ئەو لای جیهان سەفەرم دەکردو زانیاریم کۆ دەکردەوە، گەڕامەوە جێی یەکەم واتە خانووی خۆم و پێم سەیر بوو کە من لە سووریاو بابل و کریت ئەو هەموو دیمەنە جوانەم بینی و بۆن و بەرامەی ڕۆنە بۆن خۆشەکانیانم هەڵدەمژی، چۆن چێژم لە بۆنی ناخۆشی ماسیی سوورەوە کراو و بینینی هەژاری و نەبوونیی دراوسێکان وەردەگرت.

بەیانیی ڕۆژی دوایی بە کاپتام وت کەتیبەیەکی سادەی بێ نەخش لە قەدی خانووەکەمدا هەڵبواسێ بۆ ئەوەی خەڵکی بزانن ئەمە ماڵی پزیشکەو کاتێک کە نەخۆشەکان دێن پێیان مەڵێ کە من پزیشکێکی ناودارم، بەڵکو تەنها ناوەکەم بڵێ و پێیان بڵێ کە ئەم پزیشکە نەخۆشە کەمدەرامەتەکانیش چارەسەر دەکات و هەموو کەسێ دەتوانێت بە پێی توانای خۆی دەسهەق بدات.

کاپتا وتی گەورەم بۆچی تۆ کە پزیشکێکی گەورەو ناوداری و بەهۆی گەڕان لە وڵاتانی جیهاندا زانستت کۆکردۆتەوە، خۆت دەکەیتە پزیشکی هەژاران؟ ئایا ئاوی زەڵکاوت خواردۆتەوە (کە دەبێتە هۆی نەخۆشی)، یان دووپشک پێوەی داوی کە بەم شێوەیە بیر دەکەیتەوە.

وتم کاپتا ئەوەی پێت دەڵێم ئەوە بکەو فرمانەکەم جێ بەجێ بکە، ئەگەر نا لە ماڵی من بڕۆ و هەر چۆنێک کە خۆت دەتەوێت ژیان بەسەر ببە. چونکە من دەزانم ئەوەندەت دزی لەمن کردووە کە دەتوانی ئەمڕۆ خانوویەکی پێ بکڕی و ژنێکیش بهێنی.

کاپتا وتی گەورەم ئەگەر تۆ تات لێ نەبێ بەم شێوەیە نادوێی و ئەم قسانە

ناکەیت، چونکە من پیاوێک نیم کە ژن بهێنم و بەردەوام لەماڵەوە لەگەڵیدا بەشەڕ بێم و نانی من بخوات و دوایی لە کاتی ناکۆکیدا بە گۆچان یان دار حەیزەران بکەوێتە گیانم. بەرای من کاتێک کە مرۆڤ بتوانێت ئازاد بێت و لەوپەڕی ئاسوودەییدا بژێت، ژن هێنان شێتییە، بەڵام لەبەر ئەوەی تۆ گەورەی منی ئەگەر لەسەر حەسیریش بنووی منیش دەبێ چاو لە تۆ بکەم، بەڵام ناتوانم نارەزایی خۆم دەرنەبڕم چونکە دەبینم ئەم ئیشەی تۆ شێتانەیە و تەنها شێت گەوهەر لەژێر پاشماوەی ئاژەڵاندا دەشارێتەوەو تۆش زانست و شارەزایی خۆت لەژێر کۆنە پۆشاکی هەژاراندا دەشاریتەوە.

وتم کاپتا کاتێک کە مرۆڤ دێتە دنیاوە هەژار بێت یان دەوڵەمەند، بە رووتی هەنگاو دەنێتە ئەم جیهانەوەو لە کاتی نەخۆشیدا هیچ جیاوازییەک لە نێوان هەژارو زەنگیندا نییەو هەردووکیان ئازار دەکێشن و پێویستییان بە چارەسەر هەیە.

کاپتا وتی بەڵام لە نێوان ئەو دیارییەی کە دەوڵەمەندێک دوای چارەسەر دەیدات لەگەڵ ئەو دیارییەی کە لە هەژارێکی وەردەگری جیاوازییەکی زۆر هەیە. ئەگەر من لە سەرەتادا بەندە بوومایە و لەکاتی لەدایک بوونم بە بەندەیەک لە قەڵەم بدرامایە دەمتوانی بیرۆکەکەی تۆ بسەلمێنم، بەڵام لەبەر ئەوەی لە سەرەتادا ئازاد بووم و دوایی بوومە بەندە ناتوانم ئەوە بسەلمێنم کە دەوڵەمەندو هەژار لە دیدی مرۆڤدا یەکسان بن.

وتم کاپتا من نەخۆشی هەژارو دەوڵەمەند بەیەک چاو سەیر دەکەم و هەروەها بۆ ئەوەی بزانی پێت دەڵێم کە ئەگەر منداڵێکی بێ سەرپەرشت پەیدا بکەم دەیکەم بە منداڵی خۆم.

کاپتا وتی ئەمە کارێکی بێ سوودە چونکە منداڵە بێ خاوەنەکان لە پەرستگەیەکی تایبەتدا بەخێو دەکرێن و دەبنە کاهینی پلە نزم و هەندێکیان دەکەنە خواجە[٣]و دەیان نێرنە ماڵی دەوڵەمەندکان کە بیانکەنە خزمەتکار یان

پاسەوانی ژنەکان بن و بێگومان ئەم خواجانە لەوێ، لە ماڵی دایک و باوکی خۆیان باشتر دەژیان ئەگەر (زیندوو بمابانەوە). ئەگەر تۆ منداڵت دەوێت واز لە ژن هێنان بهێنە و لەگەڵ هیچ ژنێکدا گۆزە مەشکێنەو لە جیاتی ئەوە لە یەکێ لەو ژنە گەنجانەی کە توانای بەخێوکردنی منداڵەکانی خۆیان نییە داوا بکە کە لە دوای منداڵ بوون کۆرپەکەی، بداتە تۆو ئەو ژنە دە جاریش سوپاسی خوا (ئامون) دەکات کە تۆی خستۆتە سەر ڕێگای ئەو بۆ ئەوەی منداڵەکەی لێوەربگری و بەخێوی بکەی. ئەگەریش ناتەوێت منداڵی خەڵکی بەخێو بکەی کەنیزێکی جەحێل و جوان بکڕە کە هەم منداڵت لێی ببێ و هەمیش لە کارەکانی ماڵەوەدا یارمەتیی من بدات، چونکە من پیر بوومەو هەڵسووڕاندنی ئیش و کاری ماڵەوە لەلام زەحمەتەو جاری وا هەیە دەستەکانم دەلەرزێت و من پێویستە هەم ئیشەکانی ماڵەوە ڕاپەڕێنم و هەم پارەکەشم بخەمە گەڕ بۆ ئەوەی قازانجێکم لێ دەست بکەوێت.

وتم من حەز ناکەم کەنیز بکڕم بەڵام تۆ دەتوانی بۆ ئیش و کاری ماڵەوە خزمەتکارێ بگری چونکە مافی ئەوەت هەیە کە لەمەودوا لە ماڵی مندا پشوو بدەیت و ئەمە پاداشتی خزمەتەکانی ڕابردوو و وەفاداریی تۆیەو لەبەر ئەوەی دەزانم کە تۆ لەم شارەدا بۆ مەیخانەکان دەڕۆی، بەهۆی تۆوە دەتوانم لەو زانیاری و دەنگوباسانەی کە خەڵکی لەوێ دەیڵێن ئاگادار ببم. چونکە لە هیچ جێگایەک وەکو مەیخانەکان خەڵکی لە کانگای دڵیانەوە قسە ناکەن و خەڵکانێکی زۆر هەن کە هەرگیز نهێنییەکانی خۆیان نادرکێنن ،بەڵام لە دوای ئەوەی خواردیانەوە دەکەونە قسەو ئەوەی لە دڵیاندایە هەڵیدەڕێژن.

لەدوای ئەم قسەیە لە ماڵ دەرچووم بۆ ئەوەی یەکێ لە ئاشناکانی ڕابردووم بدۆزمەوەو بچمە لای (هورم هەب) فەرماندەی سوپای میسر. پاشان بۆ ئەو مەیخانەیە چووم کە دەمزانی (تۆتمس)ی هاوڕێی هونەرمەندم بۆ ئەوەێ دەچێت و سۆراغیم گرت و مەیفرۆشەکە وتی نازانم لە کوێیەو چی دەکات، چونکە

ماوەیەکە کە نەهاتۆتە ئێرە بەڵام بەر لەوەی بێ سەرو شوێن بێت دەمدی وێنەی پشیلەکان دەکێشێت. من بە سەرسوڕمانەوە وتم بۆچی وێنەی پشیلەی دەکێشا. مەیفرۆش وتی لەبەر ئەوەی ناچار بوو کە بەم شێوەیە خەرجی پەیا بکات و بۆ ئەو کتێبەی کە لەمنداڵانی لەقوتابخانەکاندا دەیخوێنن وێنەی پشیلە دروست بکات.

لەوێ هاتمە دەرەوەو بۆ خانەی سەربازەکان (واتە سەربازگە - وەرگێڕ) چووم کە لەوێ (هورم هەب) ببینم. بەڵام ڕوانیم سەربازگەکان سەربازێکی کەمی تیایەو وەکو پێشوو سەربازەکان لە حەوشەکەدا خەریکی زۆرانبازی نەبوون و بە تیروکەوان نیشانەیان نەدەنایەوە نەیزەیان بۆ کیسە پڕ لە کایەکان نەدەهاوێشت.

ئەفسەرێکی بەشی لە حەوشەکەدا وەستا بوو و پەنجەکانی قاچی لە خاک وەردەدا و بە زمانی حاڵ لە منی دەپرسی بۆ هاتوویتە ئێرەو ئیشت چییە؟ من لێم پرسی ئایا (هورم هەب) لەوێیە و ئەگەر لەوێ نییە لە کوێ دەتوانم بیدۆزمەوە.

ئەفسەرەکە لە دوای ئەوەی ناوی (هورم هەب)ی بیست سەری دانەواندو من لەم ڕێزلێنانەی تێگەیشتم کە (هورم هەب) هێشتا پلەی فەرماندەیی هەیە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ دڵنیا بوون لێیم پرسی کە ئایا (هورم هەب) وەکو پێشوو فەرماندەی سوپایە یان نا؟

ئەفسەرەکە وتی: بەڵێ ئەو هەر فەرماندەی سوپایە، بەڵام ئێستا لێرە نییەو بۆ سەرزەمینی (کووش) ڕۆیشتووە تاکو سەربازگەکانی ئەو جێگایە هەڵبوەشێنێتەوەو ئەو سەربازانەی کە لە واجبدان ئیزنیان بدات و مەعلووم نییە کەی دەگەڕێتەوە.

من حەڵقەیەکی زیوم دا بە ئەفسەرەکەو ئەو بە بینینی حەڵقەکە حەپەساو هەستی خۆ بەشت زانینەکەی نەماو بە پێکەنینەوە بە منی وت (هورم هەب) فەرماندەیەکی گەورەیە، چونکە دەزانێت کە سەربازەکان چییان دەوێت و چۆن

دەبێ لەگەڵیاندا رەفتار بکات، بەڵام فیرعەون وەکو بزن وایە و لە وەزعی سەربازەکان و باری دەروونیان بێ ئاگایەو گوێیان ناداتێ. هەر لەبەر ئەوەشە ئێستا، کە (هورم هەب) لێرە نییە وەک دەبینی سەربازگەکە چۆڵەو سەربازەکان رۆیشتوون بۆ ئەوەی دەرۆزە بکەن و سکی خۆیان تێر بکەن. بەڵام من لەبەر ئەوەی ئەفسەرم ناتوانم بۆ سواڵ کردن بچم و داواکارم لە (ئاموون) کە لەبەرئەوەی ئەم حەڵقەیەت داوە بەمن پیرۆزت بکات. چونکە چەند مانگێکە کە نەمتوانیوە بچم بۆ مەیخانەو بیرە بخۆمەوە و ئەمڕۆ دەڕۆم و دەنۆشمەوە. بەر لەوەی کە بمانکەن بە سەرباز بەڵێنیان بە ئێمە دا کە ئەگەر ببینە سەرباز کانزایەکی زۆرمان دەست دەکەوێت و هەرچەند خواردنمان بوێت بۆمانی ئامادە دەکەن و سکمان بەردەوام پڕ دەبێت لە خواردن و خواردنەوە.

پاشان من لە خانەی سەربازەکان هاتمە دەرەوەو بۆ خانەی ژیان رۆیشتم کە لەوێ سەر قلێشێنی فیرعەون ببینم بەڵام پێیان وتم کە دوو ساڵ لەمەوبەر مردووە و لاشەکەیان لە شاری مردووەکان ناشتووە.

لەو قسانەی کە لە خانەی ژیاندا لەگەڵ مندا کردیان بۆم دەرکەوت کە فیرعەون بەهۆی شوێن کەوتنی خوایەکەی خۆی کە (ئاتوون)ی ناوە ئەو سەربازانەی ئیزن دابوو کە باوکی بە کرێی گرتبوون چونکە دەیگوت کە لەگەڵ هەمووان‌دا بە ئاشتی و خۆشی دەژێت و پێویستی بە سەرباز نییە.

پێشتر ئاماژەم بۆ کرد کە خوێندنگەی خانەی ژیان لەناو پەرستگەی (ئاموون)دایە و بڕیارم دا بڕۆم و وەزعی پەرستگە ببینم بۆ ئەوەی بیرەوەرییەکانی گەنجێتیم بهێنمەوە یاد.

روانیم کاهینەکان بە سەری تاشراوی بە رۆن چەور کراو و جلە سپییەکانیانەوە پەرێشان بوون و لە کاتی قسەکردندا بە مەترسییەوە سەیری دەوروبەریان دەکرد و وەک ئەوە وابوو کە لەوە بترسێن یەکێ گوێی لە قسەکانیان بێت و کاتێک کە منیان بینی بە گرژییەوە سەیری منیان کردو لەوانەیەگومانیان

کردبێت کە من جاسووسم.

بەبەردەم پەیکەری گەورەی فیرعەونەکاندا تێ پەڕیم و خۆم گەیاندە کۆتایی پەرستگەکەو لەوێ بە سەرسوڕمانەوە بینیم کە پەرستگەیەکی نوێیان دروست کردبوو.

ئەو کاتەی کە من لە پەرستگەی ئاموون-دا بووم ئەو پەرستگەیەی لێ نەبوو و دیار بوو کە لە دوای دەرچوونی من و لە دوای رۆیشتنم لە **تەبەس** دروستیان کرووە.

کاتێک کە چوومە ناو ئەو پەرستگەیەوە سەیرم کرد دیواری نییە، بەڵکو حەوشەیەکی بەرفراوانە کە ئەستوونی (کۆڵەگە) بەرزیان بە دەوریدا دروست کردبوو و لایەکی حەوشەکە کراوە بوو، واتە بەبێ ئەستوون بوو و میحرابی پەرستگەکە لەوێدا بوو. لە میحرابەکە نزیک بوومەوەو بینیم لە جیاتی ئەوەی کە دیاریی ئاسایی واتە مەڕی قوربانی و مەسینەی مسی[٤] لەسەر میحرابەکە دابنێن، گەنم و گوڵ و میوەیان لەوێ دانابوو و لە سەرووی میحرابەکەوە نەخشێکی بەردینی گەورەیان لێ دروست کردبوو کە خوای (ئاتوون)ی لە شێوەی بازنەیەکدا نیشان دەدا (مەبەست خۆرە - و. کوردی)و لەم بازنەیەوە هەندێ تیشک بۆ دەوروبەری کێشرابوو و کۆتایی هەر تیشکێک دەستێکی پێوە نووسابوو و لەناو هەر دەستێک (خاچێکی ژیان)[٥]ی تیا بوو.

کاهینەکانی ئەم پەرستگەیە کراسی سپییان لەبەردا بوو بەبێ ئەوەی سەریان تاشیبێت و سەیرم کرد هەموویان گەنجن و کاتێک کە چوومە ناو ئەو پەرستگەیەوە کاهینەکان دەورەیان لە میحراب دابوو و سروودی پیرۆزیان دەخوێند.

گوێم گرت و سەرنجم دا کە ئاهەنگی ئەو سروودە لە گوێمدا ئاشنایەو ئەو سروودەم لە (ئورشەلیم)، لە وڵاتی سووریا گوێ لێ ببوو. بەڵام لە هەموو شتەکانی ئەم پەرستگەیە سەیرتر پەیکەری فیرعەون بوو کە لەبان ئەستوونەکاندا

دەبینرا. ئەستوونەکانم ژمارد و بۆم دەرکەوت کە چل دانەیەو هەر ئەستوونێک بتی بەردینی فیرعەونی پێوە بوو کە گەورەتر بوو لە هەیکەلی خۆی. پەیکەرەکانیان بە جۆرێک دروست کردبوو کە فیرعەون هەردوو دەستی بە سینگیەوە نابوو و بە دەستێکی قامچییەکەی و بە دەستەکەی تری گۆچانی پاشایەتییەکەی گرتبوو و ئەو پەیکەرانە دەیانڕوانییە میحرابەکەو من نازانم کە کام پەیکەرتاش ڕەنگڕێژی ئەو هەیکەلانەی کرد بوو و پاشان بە شاگردەکانی خۆبسپاردبوو کە دروستی بکەن. بەڵام دەزانم کە پەیکەرتاشەکە بە ئەنقەست مەبەستی وا بووە کە هەموو نوقستانیی ئەندامەکانی فیرعەون بە پێچەوانەوە نیشان بدات. بۆ نموونە دەست و قاچەکانی فیرعەون لەڕو باریک بوون بەڵام لە پەیکەرەکەیدا دەست و پێیان ئەوەندە ئەستوور دروست کردبوو کە دەتگوت کوندەی ئاوساوە. هەروەها جگە لە ئەندامەکانی لەشی، پەیکەرتاشەکە، شێوەی دەموچاوی فیرعەونیشی گۆڕیبۆوە.

هەموو هونەرمەندەکان و پەیکەرتاشانی پێشوو کە پەیکەری فیرعەونەکانی رابردوویان دروست کردبوو هەوڵیان دەدا کە ئەو پەیکەرە وەک شێوەی ئەسڵیی خۆی بێت بۆ ئەوەی ئەو کەسەی کە هەزارەها ساڵ لە دوای ئەوە چاوی بە پەیکەرەکە دەکەوێت بزانێت کە شکڵ و شێوەی چۆن بووە، بەڵام ئەو هونەرمەندەی پەیکەری فیرعەونی تاشیبوو سەرنجی لێکچوونی نەدابوو و کاتێک کە مرۆڤ دەموچاوی فیرعەونی بە گۆشە گەورەو بچووکەکان و روومەتی بەرجەستەو دەموچاوی درێژ ببینیایە دەترساو ئەگەر هاوڕێ هونەرمەندەکەم (تومس) لەوێ بوایەو ئەو بتەی لەوێ ببینیایە دەیگوت ئەمە قوتابخانەیەکی هونەری نوێیەو لە هونەری نوێدا شێوەی کەسەکان و شتەکانی تر نابێت وەک خۆیان بن بەڵکو هونەرمەند پێویستە بەو شێوەیەی کە خۆی ئەو شتانە دەبینێت ئەندامەکانی بکێشێت یان پەیکەرەکەی دروست بکات. شتێکی تر کە بەلای منەوە سەیر بوو ئەوە بوو کە چۆن فیرعەونی میسر (ئامن هوتپ)ی چوارەم

رێگای داوە کە پەیکەری ئەو بەو شێوەیە بتاشن و ئایا خودی ئەویش خۆی بەم شێوەیە دەبینی کە بۆیە ڕەخنەی لە پەیکەرتاشەکە نەگرتووەو وەک ئەو کەسانەی کە بە تۆمەتی کوفرکردن دەکوژران لە سێدارەی نەداوە.

سەرنجم دا کە پەرستگەی نوێ تەماشاچیی زۆری لێ نییە و ئەوانەی دەهاتن دوو دەستە بوون هەندێکیان ئەوانە بوون کە کراسی کەتانیان لەبەردا بوو و ملوانکەی زێڕیان بە ملەوە بوو و دیار بوو کە لە دەرباریی‌ەکانی میسر بوون و لەبەر ئەوەی دەیانزانی فیرعەون سەرنج دەداتە ئەو پەرستگە تازەیە بۆ ریایی هاتبوونە ئەوێ و دەستەکەی تر خەڵکی ئاسایی بوون کە بەسەر سوڕمانەوە گوێیان لە سروودی کاهینەکان دەگرت چونکە لێی تێ نەدەگەیشتن و ئاوازی ئەم سرووده لە گوێیاندا سەیر بوو و ئەوان لە منداڵییەوە لەگەڵ ئەو سروودانە راهاتبوون کە لە سەردەمی دروستکردنی هەرەمەکانەوە (اهرام) لە پەرستگەکانی میسر دەخوێندران و ئەو سروودانە بە جۆرێک لە روحیاندا چەسپا بوو کە ئەگەر لە کاتی خەویشدا بیانبیستایە لەواتاکەی تێ دەگەیشتن بەڵام سرووده تازەکان بە گوێ و روحی ئەوان ئاشنا نەبووە.

لەدوای ئەوەی سروودەکە خوێندرا پیاوێک لە کاهینەکان نزیک بووەوە کە لەسەرو وەزعی دیار بوو جووتیارەو لە بیابانەوە هاتووەو لێیانی پرسی ئایا دەکرێ تەلەسمێک یان چاوێکی ئەو مانگاو مەڕە قوربانییانە، کە مەترسی لەناو دەبات، بە بەهایەکی هەرزان پێی بفرۆشن بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆیدا بیبات و لە تەنگ و چەڵەمە و مەترسییەکان پارێزراو بێت. کاهینەکان لە وەڵامی ئەو پیاوەدا وتیان خوای (ئاتوون) تەلەسم و چاوی قوربانی نافرۆشێت و پێویستی بەوانە نییە بەڵکو هەر کەسێک باوەڕی پێی هەبێ ئەو پشتیوانیی لێدەکات و دەیپارێزێت بەبێ ئەوەی دیارییەکی لێ وەربگرێت.

کاتێک کە پیاوەکە ئەم وتەیەی بیست ڕەنگی تێکچوو و گەڕایەوە دواوە و گوێم لێ بوو بە بۆڵە بۆڵەوە دەیگوت خوای (ئاتوون) خوایەکی درۆیینەو دوایی

بەرەو پەرستگەی تر واتە (ئامون) بەرێ کەوت کە لە کاهینەکانی ئەو پەرستگەیە تەلەسم یان چاوی قوربانی وەربگرێت.

ژنێکی تریش لە کاهینە گەنجەکان نزیک بووەوەو وتی مەگەر خوای ئێوە کەناوی (ئاتوون)ە مەڕو گای قوربانی وەرناگرێت و کەس قوربانیی بۆ ناکات کە ئێوە گۆشت بخۆن و قەڵەوبن و ئەگەر خوایەکەی ئێوە بە شێوەیەک کە خۆتان دەیڵێین بەهێز بێت، کاهینەکانی دەبێ قەڵەوبن نەک ئەوها لەڕولاوازو، بێ هێزییەکەتان وای نیشان دەدات کە خوایەکی بێ دەسەڵاتتان هەیە. لە کاتێکدا کە (ئامون) بەهێزەو گۆشت دەرخواردی کاهینەکانی خۆی دەدات و لەبەرئەوە هەموویان قەڵەون.

یەکێ لە کاهینەکان کە کەمێک لەوانەی تر بەتەمەنتر بوو وتی (ئاتوون) رقی لە قوربانییەو نایەوێت خوێنی ئاژەڵان بۆ ئەو بڕێژن و تۆ نابێت لەم پەرستگەیە ناوی (ئامون) بهێنی چونکە ئامون خوایەکی درۆیینەو بەم زووانە تەختی خوایەتییەکەی سەرنگون دەبێت و پەرستگەکەی وێران دەبێ.

ژنە کە دوو هەنگاو هاتە دواوە و وتی ئەی (ئامون) ئاگاداربە کە من ئەم قسەیەم نەکردووە بەڵکو ئەو پیاوە وای وت و نەفرەتی تۆ تەنها دەبێ ئەو بگرێتەوە نەک من. ژنەکە لەگەڵ ئەو کەسانەی تر کە خەڵکی ئاسایی بوون لەوێ رۆیشتن و کاهینەکان بە گاڵتەو پێکەنینەوە بەوانیان دەگوت بڕۆن، بڕۆن ئەی خەڵکی بێ ئیمان ئەوە بزانن کە ئامون خوایەکی درۆیینەو ئەوەندەی پێ ناچێت کە هێزەکەی وەک گیایەک کە بەداس درەو بکرێت لەناو دەچێت.

لەو کاتەدا یەکێ لە پیاوەکان داچەمییەوە و بەردێکی لەسەر زەوی هەڵگرت و بەرەو کاهینەکانی هاوێشت و بەردەکە کەوت بە دەموچاوی یەکێ لەوان و برینداری کرد و کاهینەکان بانگی پاسەوانەکانی پەرستگەیان کرد کە ئەو پیاوە دەستگیر بکەن بەڵام ئەو هەڵ هات و نەیان توانی بیگرن.

من لە کاهینەکان نزیک بوومەوە و بە ئەدەبەوە پێیانم وت من میسریم و

ماوەیەک لەم ولاتە دوور کەوتبوومەوە و بەر لەوەی لە میسر بڕۆم ناوی خوای (ئاتوون)م بیستبوو، بەڵام سەرنجم لێی نەدابوو و دواییش بەبۆنەی دوورکەوتنەوەم لە میسر نەمتوانی لە بارەی ئەو خوایە زانیاری بەدەست بهێنم و ئێستا کە گەڕاومەتەوە حەز دەکەم بزانم خوای (ئاتوون) کێیە؟ و چی دەڵێت و چی دەوێت و چۆن ئەو دەپەرسترێت.

کاهینەکان کەمێک لێم وردبوونەوە کە بزانن ئایا گاڵتەیان پێدەکەم یان بە راستی دەدوێم و لە دوای ئەوەی کە تێگەیشتن پرسیارەکەم بە راستییە یەکێک لەوان وتی (ئاتوون) تاکە خوای راستەقینەیە ... هەموو ئەو خوایانەی کە بەر لە (ئاتوون) هاتوونە خوای درۆیین و هەموو ئەوانەی کە لە دوای ئەویش دێن خوایەکی ناراستن. ئاتوون ئاسمان و زەوی و رووباری نیل و هەموو بوونەوەرانی دروست کردووەو هەمیشە هەبووە و لەمە و بەدواش دەبێت و ئێستا خۆی نیشانی کوڕەکەی خۆی، فیرعەون، داوەو هەمووان دەبێت بیپەرستن. ئەم خوایە بە پێچەوانەی خوایەکانی تر کە هەموویان ناراستن دیاریی خەڵکی ناوێت و حەز ناکات کەس قوربانیی بۆ بکات و بەیەک چاو دەڕوانێتە دەوڵەمەند و هەژار و هەر کەسێک کە باوەڕی پێ بهێنێت لە پەنای خۆیدا دایدەنێت، (ئاتوون) بە پێچەوانەی خوایە درۆیینەکان هەرگیز نامرێت و لە هەموو شوێنێکدا هەیەو هیچ رووداوێک بەبێ ویستی ئەو روو نادات.

وتم ئەو بەردەی کە ئێستا دەموچاوی ئەم کاهینە گەنجەی بریندار کرد بەپێی ویستی (ئاتوون) بەر دەموچاوی کەوت، چونکە تۆ دەڵێی کە هیچ رووداوێک بەبێ ئیرادەی ئەو بە ئەنجام ناگات.

کاهینەکان کاتێک کە ئەم وتەیەیان بیست بەسەرسوڕمانەوە لە یەکتریان روانی و وتیان دیارە تۆ بە تەمای گاڵتەمان پێ بکەی. بەڵام ئەو کاهینەی کە بەردەکەی پێ کەوتبوو بە دەنگێکی بەرز وتی بەڵێ ئەم رووداوە لەسەر ویستی (ئاتوون) روویدا، چونکە من شایانی ئەونیم و ئاتوون ئەم رووداوەی دروست

کرد بۆ ئەوەی من خۆم بکەمە شایانی ئەو. (ئاتوون) لەبەر ئەوە ئەم رووداوەی بەسەر مندا هێنا ، چونکە من لە روحی خۆمدا بەبۆنەی ئەو رێزەی کە لەلای فیرعەون هەمە لەخۆم بایی ببووم و (ئاتوون)م فەرامۆش کردبوو. من لەبەر ئەوە لەلای فیرعەون خۆشەویستم ،چونکە دەنگێکی خۆشم هەیەو دەتوانم سروود بلێم و فیرعەون کاتێک کە بینی من ئامادەم باوەڕ بە خوایەکەی بهێنم منی نارده ئەم پەرستگەیەو بەم پلەو پایەیەی گەیاندم.

وتم کەواتە ئەگەر وابێت خوای (ئاتوون) ئەوەندە دەسەڵاتی هەیە کە بتوانێ فیرعەون وا لێ بکات کە پیاوێک لەناکاودا لە خاک بەرز بکاتەوەو بیخاتە ناو پەرستگەکەیەوەو ببێتە کاهینی ئەو.

یەکێک لە کاهینەکان وتی فیرعەونی ئێمە سەرنج ناداتە وەزعی مادیی خەڵکی، بەڵکو سوود لەو وزەیە وەردەگرێت کە (ئاتوون) داویەتێ و دڵی خەڵکی دەخوێنێتەوەو دەزانێت کە ئایا شیاوی بەرزکردنەوەن یان نا.

وتم چۆن فیرعەون دەتوانێت دڵی خەڵک بخوێنێتەوە و هەست بەو شتە بکات کە لەناو دڵیاندایە چونکە تەنها (ئۆزی ریس) خاوەنی ئەم دەسەڵاتەیەو توانای خوێندنەوەی دڵی مرۆڤی هەیە[٦].

کاتێک کە من ئەم قسەیەم کرد کاهینەکان لەناو خۆیاندا دەستیان بە راوێژو گفتوگۆ کرد کە چ وەڵامێک بدەنەوە من و یەکێکیان وتی: (ئۆزی ریس) خوایەکی پلە دوو بەڵکو پلە سێ و چواریشە و بگرە لە بارەی بوونیشیەوە گومان هەیە. (ئۆزی ریس) بوونی نییە بەڵکو گومان و مەزندەی خەڵکی رەشۆکی هێناویەتە کایەوە. بەڵام (ئاتوون) بوونی هەیە و خوای نەبینراو و هەمیشەییە و فیرعەون لەگەڵ ئەوەشدا کە مرۆڤە جەوهەری (ئاتوون)ی هەیە لەبەر ئەوە دەتوانێت لەیەک کاتدا چەند کەسایەتییەکی هەبێت و ئەو هۆیەی کە دەتوانێت دڵی خەڵکی بخوێنێتەوە ئەوەیە کە لەیەک کاتدا چەند کەسایەتیی پێکەوە هەیەو وەک ئەوە وایە کە لەیەک کاتدا چەندین کەس بێت. لەبەر ئەوە ئەو

هونەرمەندەی پەیکەری فیرعەونی دروست کردووەو تۆ ئێستا ئەو پەیکەرە لەسەر ئەستوونەکان دەبینی، بەشێوەیەک فیرعەونی دروست کردووە کە هەم ژن بێت و هەم پیاو، چونکە جەوهەری خوا لە فیرعەون-دایە و بە بۆنەی ئەم جەوهەرە توانای ئەوەی هەیە کە هەم خاوەنی هێزی نێرە بێت و هەم هێزی مێیینەشی تیادا بێت.

من سەرم بە هەردوو دەست گرت و وتم من وەک ئەم ژنە کە هەر ئێستا لێرە رۆیشت پیاوێکی سادەم و ناتوانم لە واتای قسەکانی ئێوە تێ بگەم و عەقڵم نایگرێت کەسێک هەم پیاو بێت و هەم ژن. هەم بتوانێ ئاوی روون[٧] دروست بکات و هەم شیرخۆرەیەکیش لە سکیدا رابگرێت و گەورەی بکات و بە دنیای بهێنیت. هەروەها ئێوە خۆشتان لەمەڕ خوای (ئاتوون)ەوە ناکۆکیتان هەیەو وەک ئەوە وایە کە نەزانن کێیەو چی دەڵێت، چونکە کاتێک کە من پرسیارێکتان لێ دەکەم لەگەڵ یەکتریدا راوێژ دەکەن و دوایی وەڵامی من دەدەنەوە.

کاهینەکان نارەزاییان بۆ ئەم قسەیەی من دەربڕی و وتیان وا نییە و ئێمە لە بارەی خوا (ئاتوون)ەوە بچووکترین دوو دڵیمان نییەو ئەو خوایەکی تەواوە. واتە کەم و کوڕیی نییەو هەمیشە هەبووە و بەردەوام دەمێنێت، بەڵام ئێمە نوقستانیمان هەیەو لەبەر ئەو نوقستانییەمان ناتوانین خوا (ئاتوون) بە دروستی بناسین، بەڵام هەرچەندە بیرکردنەوەو خوێندنەومان هەبێت زیاترو باشتر دەیناسین و بێگومان چەند ساڵێکی تر ئێمە لە ئەمڕۆ زیاتر لە (ئاتوون) تێ دەگەین و بیست ساڵی تر زانستی ئێمە زۆر زیاتر دەبێت لە ئەمڕۆ و تەنها یەک کەس (ئاتوون) بە تەواوەتی دەناسێت و ئەویش فیرعەونە، چونکە ئەو جەوهەری ئاتوونە و وەک ئەوەیە کە (ئاتوون) روحی فیرعەون بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا کە بەم قسەیەیان قەناعەتم نەکرد بەڵام زۆر کاری تێ کردم لەبەر ئەوەی تێ گەیشتم کە بە دڵپاکییەوە دەیانگوت و هەستم کرد کە لەوانەیە لەم قسەیەیاندا راستییەکی گەورە هەبێت و ئەو حەقیقەتەش ئەوەیە، کە ئێمە

نەزانین، نەک خوایەکان و لەبەر ئەوەی کە عەقڵ و تێگەیشتنی ئێمە کەم و کوڕی و ناتەواویی هەیە، وا هەست دەکەین کە خەڵکی نەفام و بێ عەقڵن.

بۆم دەرکەوت کە لە جیهاندا لەوانەیە هەندێ ڕاستی هەبێت کە چاوی ئێمە نەیبینێ و گوێمان نەیبیستێ و دەستمان هەستی پێ نەکات بەڵام ئەو ڕاستییانە بوونیان هەیە. کەواتە کاتێک کە ئێمە لە شتێک تێناگەین نابێت ئینکاریی بوونی بکەین و بڵێین نییە و لەوانەیە فیرعەونیش حەقیقەتێکی بۆ دەرکەوتبێت کە ناوی لێ ناوە (ئاتوون) بەڵام من کە عەقڵ و فامێکی تەواوم نییە ناتوانم تێبگەم (ئاتوون) کێیەو چییە؟.

لەبەر ئەوەی نەمتوانی ئاشناکانی ڕابردووم بدۆزمەوە گەڕامەوە ماڵ و ڕوانیم کاپتا بەپێی فرمانی من کەتیبەیەکی بە خانووەکەوە هەڵواسیبوو و خۆی لە خانووەکەدا دانیشتبوو و گۆزەیەک ئاوی جۆی لە بەردەمیدا دانابوو و جار بەجار قومێکی دەخواردەوە.

لە خانووەکەمدا چەند نەخۆشێک دانیشتبوون و چاوەڕوانی گەڕانەوەی من بوون و سەرەتا ئەو دایکەم بانگ کرد کە منداڵێکی لاوازی لە باوەشدا بوو و پێی وتم ڕۆژ بە ڕۆژ منداڵە شیرەخۆرەکەم لاواز تر دەبێت. سەیرم کرد نە دایکەکە نەخۆشەو نە منداڵەکەی و بە دایکەکەم وت هۆی نەخۆشیی منداڵەکەت ئەوەیە کە تۆ بایی پێویست خواردن ناخۆیت و ئەگەر خواردنی تەواو بخۆیت و شیری پێویست بە منداڵەکەت بدەی قەڵەو دەبێت. لەدوای ئەوەی کە ژنەکە ڕۆیشت بەندەیەکم بینی کە پەنجەی چووبووە ژێر بەردی دەستاڕەوەو برینی پەنجەیم دەرمان کردو پێچامەوە. دوایی پیاوێکی نووسەرم فەحس کردو بینیم غودەیەکی گەورە بەقەدەر مشتێک، لە ناوەڕاست قوڕگیدایەو دەرمانێکم دەرخواردی دا کە لە گیایەکی دەریایی دروست دەکراو وتم ئەم غودەیە دەبێ لە قوڕگتدا دەربکرێ و لەدوای ئەوە دەبێ ماوەیەک ڕابکشێی تا برینەکە چاک دەبێتەوە، ئایا دەکرێ بێم بۆ ماڵتان و لەوێ ئەو غودەیە لە قوڕگتدا دەربهێنم، پیاوەکە ڕەزامەندیی نیشان

داو بڕیارمان دا کە من سبەینێ بڕۆم بۆ ماڵی ئەو و غودەکە لە قوڕگی دەربهێنم.

پیاوەکە کاتێک کە دەیویست بڕوات دوو حەڵقەی مسی لە گیرفان هێنایە دەرەوە کە لە بری حەقدەستی چارەسەرکردن بمداتێ، بەڵام من پێیم وت من هێشتا چاکم نەکردوویتەوە کە شتت لێ بسەنم. وتی تۆ دەرمانت دەرخواردم دا و من دەبێ حەقەکەت بدەمەوە. وتم من بەبێ ئەوەی هیچ دیارییەکت لێ بسەنم چارەسەرت دەکەم و لەجیاتیی ئەوە ئەگەر ڕۆژێک پێویستیم بە نووسەر بوو سوود لە هونەرەکەی تۆ وەردەگرم. دوایی ژنێکی گەنج کەلە یەکێک لە خانووە گشتییەکانی بەرامبەردا دەژیا چاوەکانی خۆی بە من نیشان داو وتی چاوم دەیەشێت و ئازارەکەیم بۆ چارەسەر بکە.

دەرمانم کردە چاویەوەو دوایی ژنەکە ویستی دەسهەقی من وەکو ئەو ژنانەی کە لەشی خۆیان هەرزان فرۆش دەکەن بدات، بەڵام من پێیم وت پێویست بەم کارە ناکات و حەقدەستت لێ ناستێنم و لەبەر ئەوەی کە باشتر خزمەتیم کرد بێت دوو لووی بچووکی سەر سکیم نەشتەر کرد کەوەکو دووگمە بە سکیەوە بوو بۆ ئەوەی لەچاوی موشتەرییەکانیدا ناشیرین نەبێ.

ئەو ڕۆژە کە یەکەم ڕۆژی کارکردنم بوو تەنانەت یەک حەڵقە مسیشم لە نەخۆشەکان نەسەند و کاتێک ڕۆیشتن کاپتا خواردنی بۆ هێنام و وتی گەورەم تۆ ئەمڕۆ ئەوەندە قازانجەت لە کارەکەی خۆت نەکردووە کە تەنانەت بکاتە بەهای ئەو خوێیەی کە من کردوومەتە ناو چێشتەوە.

کاپتا خواردنەکەی ئەو ڕۆژەی، کە مراوییەکی سوورەوە کراو بوو لە یەکێ لە خواردنگەکانی **تەبەس** کڕیبووو گەرم ڕایگرتبوو بۆ ئەوەی لە کاتی نان خواردندا بۆ منی دابنێت. لە شاری **تەبەس** مراوی و قازیان بەشێوەیەک سوور دەکردەوە کە من هاوتای ئەوەم لە هیچ یەکێک لە وڵاتانی تردا نەدیبوو و لە شاری ئێمەدا مراوی و قازیان دەخستە ناو دەفرێکی کانزایی (فلزی)و سەرەکەیان دەنایەوەو دوایی ئەو دەفرەیان دەخستە ناو کوورەیەکەوەو لە ئاکامدا مراوی و قازەکە بە

جۆرێک دەبرژا کە هەموو ئاو و چەورایییەکەی لە خودی خواردنەکەدا دەمایەوەو هیچی بەفیرۆ نەدەچوو و ئەو جۆرە لێنانە لە هیچ ولاّتێکدا باو نییەو تەنها لە تەبەس ئەم خواردنە بەتامە لێدەنێن[٨]. کاپتا لەو شەوەدا خواردنەوەی خۆشی دەرخوارد دام و لەگەڵ ئەوەشدا کە لەو رۆژە من حەقدەستم لەکەس وەرنەگرتبوو، بەلاّم ئەوەندە خۆشحاڵ بووم کە دەتگوت بازرگانێکی دەوڵەمەندم چارەسەر کردووە و ئەویش ملوانکەیەکی زێڕی داوە پێم. ئەوەش بڵێم کە ئەو بەندەیەی لەو رۆژەدا پەنجەیم دەرمان کرد دوای چەند رۆژێکی تر کە پەنجەی چاک بووەوە هاتە لام و دەفرێک ئاردی بۆ هێنام و دەیگوت ئەو ئاردەم لە یەکێک لە ئاشەکان دزیوە بۆ ئەوەی حەقدەست بداتە من و بۆیە کارکردنی رۆژی یەکەمم بەقەدەر ئەو برە ئاردە قازانجی بۆم هەبوو، بەلاّم من ئەو ئاردەم لێوەرنەگرت و وتم بۆ خۆت بێت.

رۆژی دوایی بەندەکەم کە لە ماڵ چووبووە دەرەوە گەڕایەوە و بە منی وت سینۆهە من لەو باوەڕەدام کە ئەمڕۆ و رۆژەکانی تر نەخۆشێکی زۆر دێن بۆ لای تۆ چونکە کاتێک کە لە ماڵ دەرچووم گوێم لێ بوو خەڵکی دەیانگوت لە دوێنێوە پزیشکێک هاتووەتە خانووی مسگەرەکەوە کە زۆر شارەزایەو نەخۆشەکان چارەسەر دەکات و هیچیان لێ ناستێنێ و حەڵقەی مسیش دەداتە نەخۆشە هەژارەکان. کاپتا دەیگوت هەژارەکان بەیەکتری رادەسپێرین کە زووتر بچنە لای ئەم پزیشکە بۆ ئەوەی هەم نەخۆشییەکەیان چاک ببێتەوەو هەمیش مسی لێ وەربگرن چونکە ئەم پزیشکە بەم شێوەیە کانزا دەداتە خەڵکی و هیچ وەرناگرێت بە زوویی هەژاری یەخەی دەگرێت و ناچار دەبێت خانووەکەشی بفرۆشێت و لەو گەرەکە بڕوات. هەندێکیشیان دەیانگوت لەوانەیە ئەم سینۆهە یە شێت بووبێت و ئەگەر لەسەر ئەم شێت بوونەی بەردەوام بێت لە ژوورێکی تاریکدا دەست بەسەری دەکەن و زاڵوو دەخەنەبان سەری بۆ ئەوەی شێت بوونەکەی چاک ببێتەوە.

من کە ئەم قسانەم لە خەڵکی بیست پێکەنینم بە نەفامییەکەیان هات چونکە دەمزانی کە تۆ، گەورەی من، پیاوێکی دەوڵەمەندی چونکە لەسەر فەرمانی تۆ من کانزاکانتم خستۆتە ئیشەوەو دەتوانی بە قازانجی ئەو زێڕانەی کە هەتە بە باشی بژیت و هەموو شەوێ وەک ئەم شەو مراوی یان قاز بخۆی.

دوایی کاپتا وتی بەلاّم من لە یەک شتی تۆ دەترسم و ئەویش نائاسایی بوونی تۆیە و تۆ پیاوێکی ئاسایی نیت و لەبەر ئەوە لەوانەیە رۆژێک بێت کە بەتەما بیت هەرچییەک پارەت هەیە فڕێی بدەی و ئەم خانووە هاوپێچ لەگەڵ مندا ،کە بەندەی تۆم بفرۆشی. چونکە جارێکیان ئەم کارەت کردووە و خانووەکە و منیشت فرۆشت بەو ژنەی کە عاشقی ببوویت و ئەگەر من هەڵ نەدەهاتم ئێستا بەندەی ئەو ژنە بووم. بۆیە سبەینێ تۆ دەبێت کاغەزێک بە نووسەرێک بنووسی و تیایدا ئاماژە بەوە بکەیت کە من ئازادم و دەتوانم بە کەیفی خۆم بۆ هەر شوێنێ کە حەزم لێیە بڕۆم و کەس نەتوانێت من بکڕێتەوە چونکە بەندە نیم.

من لەبەر ئەوە نووسراویشم لێت دەوێت چونکە قسە نامێنێت بەلاّم نووسراو هەتا هەتایە هەر دەمێنێت لەبەر ئەوەی پاپیرۆس لەناوچوونی نییە.

***

(١) کەتیبە: نووسراوەی سەر بەرد یان کاشی یان خشت .
(٢) ماڵە سۆزانییەکان – ئەو ماڵانەی بۆ مەبەستی رابواردن بوون – و. کوردی.
(٣) نێرەمووک – خەساو .
(٤) مطهره – إبريق .
(٥) (صليب الحياة) .
(٦) (ئوزی ریس) یەکێک لە خوایە ناودارەکانی میسر بوو و لەبەر ئەوەی ئەم خوایە لەو مێژووانەدا کە ئەوروپییەکان لە بارەی میسرەوە نووسیویانە زۆر ناوی هاتووە، لە نێوان خوایەکانی میسر زیاتر ناوبانگی هەبووە – وەرگێڕ–
(٧) نطفة.
(٨) ئەم بەشە لەسەر گوزەشتی سینۆهە ئیسپاتی دەکات کە لێنانی خواردن لە فڕن (تەنوور)، کە ئێمە وا دەزانین لە داهێنانەکانی رۆمییەکانەو لەوانەوە هاتووەتە ئەوروپا، لە داهێنانی میسرییەکان بووە و دانیشتوانی **تەبەس** بەم شێوەیە خواردنیان دروست دەکرد – وەرگێڕ.

نیگەرانیی خەڵکی تەبەس بۆ داهاتوو

شەوەکەی کە کاپتا ئەو قسەیەی کرد من بە بۆنەی ئەوەی توانیبووم هەژارەکان بە خۆڕایی چارەسەربکەم شادمان بووم و خواردن و خواردنەوەکەش ئەوەندەی تر شادمانییەکەی منی زیاتر کرد.

بەهاربوو و، گوڵەکانی ئاقاقیا بۆنی هەوای خۆش کردبوو و لە دارەڕاکەی کەناری نیل بۆنی کەل و پەلی سووریا دەهات و لە ماڵە گشتییەکان دەنگی مۆسیقای سریانی دەهاتە بەر گوێ و کوندەبەبووەکان دەیانخوێند و من روحی خۆم لە شادمانیدا دەبینییەوە.

بۆیە رێگام بە کاپتا دا کە لە جامێکی گڵێدا خواردنەوە بۆ خۆی تێ بکات و پێم وت: کاپتا بەر لەوەی داوام لێ بکەی ئازادت بکەم، من لە دڵمدا تۆم ئازاد کردبوو و ئازادیی تۆ لەو رۆژەوە دەستی پێکرد کە من و تۆ دەمانویست لەم شارە دەربچین و من کانزام نەبوو و تۆ هەموو پاشەکەوتەکەی خۆت دا بە من بۆ ئەوەی بتوانین دەرباز بین.

لەو رۆژەدا من بڕیارم دا کە هەر کاتێ دەوڵەمەندبووم ئازادت بکەم و دوایی پێت بڵێم ئەگەر حەزت لێیە وەکو خزمەتکارێک (نەک وەک بەندە) لەلای من بمێنەوە، ئەگەرنا بۆ هەر شوێنێ کە دەتەوێ برۆ. ئێستاش پێت دەڵێم کە ئازادی و بۆ زیاتر دڵنیابوونت سبەینێ نووسراوێک بە نووسەرێ دەنووسم بۆ ئەوەی باوەڕ بکەی کە ئازادی، بەڵام تۆ وتت لەمەودوا من بە قازانجی زێڕ و پارەکەم ژیان دەبەمەسەر، پێم بڵێ زێڕی من چۆن سوودی دەبێت، مەگەر وەک پێم وتبووی زێڕەکانی منت لە پەرستگەی (ئاموون)دا بە ئەمانەت دانەناوە؟

کاپتا بە تاکە چاوەکەی سەیری کردم و وتی: نا سینۆهە.. ئێستا کە ئازادم، پێت دەڵێم کە من فەرمانەکەی تۆم جێ بە جێ نەکردووە و زێڕەکانی تۆم لە پەرستگە دانەناوە، چونکە فەرمانەکەی تۆ لە عەقڵەوە دووربوو و من ئەو کارانەی دژی ئەقڵ بن جێ بە جێی ناکەم و لەبەرئەوەش کە دەزانم لەوانەیە لە ناکاودا تووڕە بیت، بۆ دووربینی گۆچانەکەتم شاردۆتەوە کە نەیکێشی بەشان و پشتمدا. بەڵام بۆ ئەوەی بزانی کە بۆچی فەرمانەکەتم ئەنجام نەداوە دەبێ پێت بڵێم کە تەنها خەڵکی نەفام زێڕی خۆیان لە پەرستگە دادەنێن، چونکە بە ئەمانەت دانانی زێڕ و پارە لە پەرستگە دوو خراپەی گەورەی هەیە: یەکەم ئەوەی کە کاهینەکان و لە ئاکامدا فیرعەونیش لەبری سامانی تۆ ئاگادار دەبنەوە و دەزانن کە تۆ چەند زێڕت هەیە و یەکێک لەو کارانەی کە نیشانەی شێتییە ئەوەیە کە مرۆڤ خەڵکی تر لە چەندێتیی داراییەکەی خۆی ئاگادار بکاتەوە.

دووەمیشیان ئەوەیە کاتێک کە تۆ زێڕەکەت لە پەرستگە دادەنێیت و لە خەزێنەی ئەوێ دەمێنێتەوە، هەموو ساڵێک دەبێ هەندێک لەو زێڕە لە بری هەقی خەزنەداری بدەیتە پەرستگەو لە ئاکامدا ساڵ بە ساڵ زێڕەکەت کەمتر دەبێتەوە. بۆیە ئەو کاتەی تۆ بۆ پیاسەکردن لە ماڵەوە چوویتە دەرەوە کە هاوڕێکانی رابردووت ببینی، من لە شاردا سووڕامەوە بۆ ئەوەی بزانم چۆن دەکرێ زێڕ بخەیتە کارەوە کە بە هۆیەوە قازانجت دەست بکەوێت و بەبێ ئەوەی ئیشێک بکەی و ماندوو بیت سوود وەربگریت و من زانیم کە لە شاری (**تەبەس**)دا چیی تر خەڵکی زێڕی خۆیان لە پەرستگەی ئاموندا، دانانێن، چونکە لێی دڵنیانین و دەترسێن زێڕەکەیان لەوێ بفەوتێ.

هەروەها لەبەرئەوەی بۆ سپاردنی ئەو زێڕە متمانە بە پەرستگە ناکرێت، کەواتە لە سەرتاسەری میسر جێگایەکی ترنییە کە مرۆڤ بتوانێت بە دڵنیاییەوە داراییەکەی خۆی لێ دابنێت. جگە لەوەش لەگەڵ ئەو زانیارییانەی کە دەستم کەوت بۆم روون بووەوە کە خوا (ئاموون) زەوییەکانی خۆی دەفرۆشێت.

وتم: درۆ دەکەی و خوا (ئاموون) واتە پەرستگەی (ئاموون) هەرگیز زەوی نافرۆشێت، بەڵکو بەردەوام زەوی و زار دەکڕێت و هەموو ساڵێ داراییەکەی خۆی زیاتر دەکات.

کاپتا وتی: بەڵام ئێستا پەرستگەی ئاموون بە دزییەوە زەوییەکانی دەفرۆشێت و ئەو زەوییانە دەکاتە زێڕ و پارە و دەیخاتە ناو خەزێنەکەی خۆیەوە و ئەوەندە ئەو پەرستگەیە زەویی فرۆشتووە و زێڕی کۆکردۆتەوە، کە ئێستا لە میسر زێڕ و کانزا کەم بووتەوە.

وتم: ئایا تۆ زێڕەکەی منت بە زەوی داوە؟

کاپتا وتی: نا گەورەم، من زێڕەکەتم بە زەوی نەداوە، چونکە نەتۆ لە کشتوکاڵ دەزانیت و نە من و ئەگەر ئاڵتوونەکەتم بدایەو زەویم بکڕیایە سەرکارو جووتیارو ئەو بەندانەش کە تیایدا کاریان دەکرد بەروبوومی ئەو کێڵگانەی تۆیان لێ دەدزیم. لە کاتێکدا کە من خۆم لەم شارەدا دزی دەکەم، واتە خەڵکی فریو دەدەم. هەروەها من وا هەست دەکەم کە فرۆشتنی ئەو زەوییانە لە لایەن پەرستگەی ئاموونەوە، واتە لە لایەن ئەو پەرستگەیەی کە زیاتر لە سەدان ساڵە زەوی دەکڕێت، بەبێ هۆنییە و ئەو پەرستگەیە دەزانێت کە توانای بەرگری کردنی نییە لە بەرامبەر خوای نوێ و دەبێ لە ناو بچێت. بۆیە پێشتر زەوییەکانی دەفرۆشێت تاکو خوای تازەی فیرعەون دەستی بەسەردا نەگرێت، لەبەرئەوە کڕینی زەوییەکانی پەرستگەی ئاموون مەترسیی هەیە، چونکە لەوانەیە دوایی خوای نوێ بڵێت هەموو ئەو زەوی و زارانەی خوای پێشوو کە لە لایەن ئەوەوە بە خەڵکی فرۆشراوە هی منن و دەست بەسەر هەموو ئەو زەوییانەدا بگرێت کە خەڵکی لە پەرستگەی (ئاموون)یان کڕیوەتەوە، بەبێ ئەوەی بەهاکەی بدەنەوە خەڵکی.

وتم: ئەمانەی کە تۆ باسی دەکەی مەسائیلی لاوەکین و من لێتم پرسی چیت لە زێڕەکەم کردووەو لە چیدا سەرفت کردووە کە دەڵێی قازانجت لێی دەست

دەکەویت؟

کاپتا وتی: لەبەر ئەوەی پەرستگەی ئاموون کێڵگە کشتوکاڵییەکانی خۆی دەفرۆشێت و زێڕ و زیو کۆدەکاتەوە، وەکو باسم کرد زێڕ و پارە لە میسر کەم بووەتەوە و ئەو کەم بوونەوەیەش بۆتە هۆی ئەوەی کە بەهای خانووی نیشتەجێیی و جێگا بازرگانییەکان دابەزێت. بۆیە من کە زانیم خانوو هەرزان بووە بەشێکی زێڕەکەتم داوەو چەند خانوویەکی نیشتەجێیی و چەند جێگایەکی بازرگانیم کڕیوەو تۆ ئەم خانووانە بەکرێ دەدەیت و هەموو ساڵێک کرێکەیان وەردەگری و هەمیشە خانووەکانت دەمێنێت و سوودی لێ وەردەگری و لە بەرئەوەش کەوام بیردەکردەوە لە لایەن تۆوە دەسەڵاتی تەواوم هەیە بۆ کڕینی ئەو خانووانە، بەبێ مۆری تۆ ئەو جێگایانەم کڕی و ئەگەر کڕیارەکان (کرێ چییەکان) بەبۆنەی دەڵاڵییەوە دیارییەکم بدەنێ پەیوەندیی بە تۆوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە دەبەنگیی خۆیانەوە هەیە، چونکە من لەم کارەدا هیچ شتێکت لێ نادزم، بەڵکو دیارییەک لە کڕیارەکان وەردەگرم و ئەگەر تۆش بتەوێ دیارییەک بە بەندەکەی پێشووت بدەی ئەوا لێتی وەردەگرم.

وتم: کاپتا، من هیچ بەخشییەکت نادەمێ، چونکە دەزانم کە تۆ لەم کارەدا رەچاوی قازانجی خۆت کردووە و پێشبینی دەکەی کە لە رێگای وەرگرتنی کرێی خانوو و هەروەها لە رێگای خەرجی دۆزینەوە بە ناوەی چاک کردنەوەی خانووەکان دزییەکی باشم لێ دەکەیت.

کاپتا وتی: تۆ لە هەڵەدای و ئەگەر گەورەیەکی ستەمکار و قرچۆک بوویتایە من وەهام بیردەکردەوە و ئەو پێشبینییەم دەکرد کە لە داهاتوودا چۆن سوود لەو خانووانە وەربگرم، بەڵام تۆ گەورەیەکی بە بەزەیی و بەخشندەی و پێویست ناکات کە من لە لای خۆم ئەم حیسابانە بکەم، چونکە هەر چییەک کە تۆ هەتە لە ژێر دەستی مندایەو من ماڵی تۆ بە هی خۆم دەزانم و کاتێک کە پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی تۆ دەکەم لە راستیدا بەرژەوەندییەکانی خۆم پاراستووە و

لەبەر ئەوە بە بەشێکی تر لە پارەکەت هەندێ دانەوێڵەم لە جووتیارەکان کڕیوەتەوە.

وتم: کاپتا دانەوێڵەت بۆچی کڕیوە؟

وتی: ئەم ناکۆکییەی کەلە میسردا لە نێوان ئەو دوو خوایە دەستی پێکردووە بێگومان چارەنووسێکی ترسناکی بۆ گەلی میسر دەبێت، چونکە هەر کاتێک کە خوایەکان ناکۆکییان هەبێت وەک ئەو کاتانەی کە گەورەکان لەگەڵ یەکتریدا بەشەڕ دێن زیانەکەی لە خەڵکی دەکەوێت و میللەت دەبێ بۆ جەنگی نێوان خوایەکان و گەورەکان قوربانی بدات و من وابیردەکەمەوە کە بەهۆی شەڕی نێوان ئەو دوو خوایە لە میسردا بارودۆخەکە بەرە و شێواوی و ئاڵۆزی دەچێت و ئەم بێ بەندو بارییە کێڵگەکان وەک بیابانێکی رووت لێ دەکات و جگە لەوەش ئەمڕۆ هەر کەسێک کە کەمێ زێڕ و زیوی هەیە لە ترسی بەگژیەکدا چوونی خوایەکان زەوی دەکڕێت، چونکە دەزانێت کە زێڕ و پارە دەدزرێت، بەڵام زەوی نادزرێت.

ئەو کەسانەی کە زەوی دەکڕنەوە هەموویان بازرگانن، یان لە دەرباریبیەکان و کاهینەکانن کە زەوی لە پەرستگە دەکڕن بۆ ئەوەی لە ژێر دەسەڵاتی پەرستگە دەربچێت و ببێتە هی خۆیان، بەڵام هیچ یەکێ لەو کەسانە جووتیار نییە و ناتوانێت لە زەوییەکەدا کشتوکاڵ بکات و لە ئاکامدا هەموو ئەو زەوی و زارانە بە بەیاری دەمێننەوە و خەلەو خەرمان و دانەوێڵە زۆر کەم دەبێت و میسر تووشی کەمیی ئازووقە دەبێت و لەو کاتەدا دەتوانین ئەو دانەوێڵەیەی کە کڕیومانە بە بەهایەکی باش بیفرۆشین[1].

من دەزانم کە تۆ وابیردەکەیتەوە دەغل و دان وەک بەرد نییە کە هەزاران ساڵ بمێنێتەوەو مشک دانەوێڵە دەخوات و بەندەکان دەیدزن، بەڵام مرۆڤ هەتا کەمێک زەرەر نەکات قازانجی زۆری دەست ناکەوێت و من هەندێک لەو خانووانەی کە کڕیومە بۆ عەمبارکردنی دانەوێڵەکەمە کە ئەو دەغڵ و دانەی

کڕیومە لەوێ دایبنێم و پارێزگاریی لێ بکەم کە نە مشک بیخوات و نە بەندەکان بیدزن. ئەو رۆژەش کە دەغڵ و دانەکەمان فرۆشت و ئیتر پێویستیمان بە عەمبار نەما بە کرێ دەیدەینە بازرگانەکان کە کەل و پەلی خۆیانی تیا دابنێن یان بیکەنە ژووری بازرگانی.

وتم: کاپتا من بە پێچەوانەی تۆوە زۆر ئومێدەوار نیم کە ئەم کارانە سوودی بۆ من هەبێت، بەڵام لەبەرئەوەی مامەڵەت کردووە من رەخنەت لێ ناگرم، بە مەرجێ لە داهاتوودا واز لە من بهێنی و بۆ بەڕێوەبردنی ئەم خانووانە و فرۆشتنی دەغڵ و دانەکە نەبیتە هۆی زەحمەت دانی من.

کاپتا وتی: من بیرێکی تریشم کردۆتەوە کە بۆ دەوڵەمندیی تۆ زۆر بەکەڵکەو ئەویش کڕینی یەکێک لە بازاڕەکانی کۆیلە فرۆشییە، ئەگەرچی من سەرم لە کشتوکاڵ دەرناچێت، بەڵام لە بری ئەوە هەتا بتەوێ لە کڕین و فرۆشتنی کۆیلە شارەزام و دەزانم کە چۆن بەندەکان بە هەرزان بکڕم و کەموکوڕییەکانیان داپۆشم بۆئەوەی کڕیارەکە هەست بە ئەو خەوشانە نەکات. هەروەها دەزانم کە چۆن بەهۆی دار و قامچی ئەو کۆیلانە گوێڕایەڵ بکەم، چونکە خۆم کۆیلە بوومەو ئەو کەسەی کە خۆی بەندە بێت ئاشنای هەموو فرت و فێڵێکی کۆیلە فرۆشتنەو، من دڵنیات دەکەم کە ئەگەر ئێمە ئەم بازاڕە بکڕین لە دوای چەند ساڵێ تر تۆ دەبیتە یەکێک لە دەوڵەمەندە گەورەکانی میسر.

وتم: کاپتا لەگەڵ ئەوەشدا کە کۆیلە فرۆشی قازانجی هەیە، بەڵام من حەز لە کڕین و فرۆشتنی بەندە ناکەم، چونکە کۆیلە فرۆشی کارێکی پیس و نەفرەت لێ کراوە. من دەزانم کە زۆربەی مامەڵەچییەکان ئەم کارە دەکەن و هەمووشیان پێویستییان بە بەندەیە و دەیکڕن، هەروەها لە رابردوودا من، تۆ و ئەو کەنیزەی کە بۆتم هێنابوو کڕیمەوە، بەڵام ئەمڕۆ حەز ناکەم کۆیلە فرۆش بم.

کاپتا هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی: نازانم تۆ بۆ ئەوهایت و بۆچی ناتەوێت وەکو خەڵکی تر لە ماوەیەکی کەمداو بەبێ ماندووبوون دەوڵەمەندبیت. ئێمە

ئەگەر بازاڕێکی کۆیلە فرۆشی و چەند خانوویەکی گشتیمان بکڕیایە، کەنیزە جوانەکانمان لە بازاڕی کۆیلەکانەوە بۆ ئەو خانووانە دەبرد و هەموو شەوێک لەهەر یەکێک لەو خانووانە سوودێکی زۆرمان دەست دەکەوت، بەڵام من چی بکەم، خوایەکان گەورەیەکیان داوە بە من کە دەست و دڵی لەگەڵ خەڵکی تر جیاوازە، بەڵام ئێستا کە ناتەوێت بازاڕی کۆیلەو خانەی گشتی بکڕی، داواکارییەکی تری من پەسەند بکە.

پرسیم: داواکارییەکەت چییە؟

کاپتا وتی: لەبەر ئەوەی تۆ ئەمڕۆ منت ئازاد کردووە حەز دەکەم کە ئەم رووداوە بکەین بە جەژن. ئەگەرچی داواکارییەکەی من لە دیدی تۆدا لە ئەدەبەوە دوورە، بەڵام دەمەوێت لەگەڵ مندا بێیت بۆ ئەوەی بەیەکەوە بڕۆین لە مەیخانەی (کلکی تیمساح) کە لە کەناری رووباردایە و لە ناوچەی بەندەرییە، شەرابێ بنۆشینەوە کە ناوی (کلکی تیمساح)ـە، واتە ئەو شەرابە بە ناوی ئەو جێگایەوە ناونراوە کە خواردنەوەیەکی بەهێزە و لە خواردنەوەکانی تر زیاتر نەشئەی هەیە.

ئەگەرچی داواکارییەکەی کاپتا بێ ئەدەبی بوو و خزمەتکار یان بەندە بۆی نییە داوا لە گەورەکەی خۆی بکات کە لەگەڵیدا بۆ مەیخانە بڕوات و پێکەوە بخۆنەوە، بەڵام داواکارییەکەی کاپتام پەسند کرد، چونکە لەو شەوەدا خۆشحاڵ بووم و وام بیردەکردەوە کە رۆیشتن بۆ مەیخانە و رابواردن لەوێ بۆنەیەکی خۆشە.

هەروەها بیرم کردەوە کە ئەو کاتەی لە کریت بووین کاپتا ئامادەبوو کە لەگەڵ مندا بچێتە ناو خانەی خوا، لە کاتێکدا کە دەیزانی کەس لەو جێگایە ناگەڕێتەوە، منیش ئێستا دەبێ داواکارییەکەی جێبەجێ بکەم و لە گەڵیدا بۆ مەیخانە بڕۆم، چونکە رۆیشتن بۆ مەیخانە زۆر ئاسانترە لەوەی کە مرۆڤ بزانێ بۆ جێگایەک دەچێت کە ئیتر ناتوانێت لەوێ بگەڕێتەوە.

کاپتا کاتێک کە بیستی داواکارییەکەی ئەوم پەسەند کرد، زۆر دڵخۆش بوو

و رۆیشت و باڵاپۆشەکەم[٢] و گۆچانەکەی کە شاردبوویەوە هێنای و من باڵاپۆشەکەم لە شان کرد و گۆچانەکەم گرتە دەست و لەماڵ دەرچووین و بەرەو مەیخانەی (کلکی تیمساح) بەڕێ کەوتین.

(کلکی تیمساح) لە ناوەڕاستی گەڕەکی بەندەری، لە نێوان دوو خانوودا بوو و بەر لەوەی بچینە ناو مەیخانەکەوە روانیم لە سەر مەیخانەکە تیمساحێکی گەورەی وشک کراوە هەڵواسرابوو کە چاوی شووشەیی پێوە بوو و دەمە کراوەکەی ددانە سپییەکانی پیشان دەدان.

کاتێک کە هەنگاومان نایە ناو مەیخانەکەوە سەیرم کرد دیوارەکانی ئەستوور بوو و، قازانجی ئەستوور بوونی دیوار لەوەدایە کە لە وەرزی هاوین و زستاندا فێنکی و گەرمای مەیخانەکە رادەگرێت. لە شێوەی هاتنە ژوورەکەی کاپتا تێگەیشتم کە هەر نەبێت جارێک هاتۆتە ئەو مەیخانەیەوە و شارەزای رێ و رەسمی ئەو جێگایەیە.

لەدوای ئەوەی کە دانیشتین روانیم زەویی مەیخانەکە و دیوارەکانی وەکو ماڵی دەوڵەمەندەکان بەدار فەرشکرابوون و نەخشی جۆراوجۆریان لەسەر کێشرابوو. کاپتا کە بینیی سەرنجم داوەتە تەختەدارەکانی زەوی و دیواری مەیخانەکە، وتی: ئەم دارانەی دەیبینی لە ئەو کەشتییانەوە دەست کەوتووە کە سکراب کراون و هەر یەکە لەم تەختانە هی کەشتییەک بووە کەلە دەریادا هاتوچۆی کردووە و باو باران رەنگیانی گۆڕیوە.

ئەو کڕیارانەی کە لە دووکانەکەدا بوون سەیرێکی منیان کرد و دوایی سەرگەرمی کارەکەی خۆیان بوونەوە. کاپتا فەرمانی دا (کلکی تیمساح)مان بۆ بهێنن و بە خاوەنی مەیخانەکەی وت: خۆت (کلکی تیمساح)ـەکەی ئێمە ئامادە بکەو، دیاربوو (کلکی تیمساح) مەشرووبێک بوو کە دەبووایە ئامادە بکرایە. واتە وەکو خواردنەوەکانی تر نییە کە یەکسەر لە گۆزەکەوە بیکەنە ناو پیاڵەوە و بیهێنن.

دوایی سەیرم کرد ژنێک دوو پیاڵەی بەدەستەوە گرتووە و بەرەو ئێمە دێت و سەرو وەزعی نیشانی دەدا کە خزمەتکاری مەیخانەکەیە. ئەو ژنە زۆر گەنج نەبوو و، لە وڵاتێکی وەکو میسر کە ژنەکان رووتن ئەو پۆشتەبوو و حەڵقەیەکی زیوی بە گوێیەوە کردبوو و دوو دەستبەند (بازنگ)ی زێڕ بە مەچەکی هەردوو دەستییەوە دەبینرا. هەرچەندە نزیکتر دەبووەوە زیاتر جوانییەکەی دەردەکەوت و کاتێک گەیشتە لای ئێمە، روانیم برۆی باریک و چەماوەبوو و چاوەکانی سەرنج راکێش و رەنگی ئەسمەر بوو.

کاتێک کە چاوم بڕییە ناو چاوەکانییەوە ئەو وەکو هەندێ لەو ژنانەی روویان هەڵدەسووڕێنن رووی خۆی وەرنەگەڕاندو روانییە چاوەکانی من و یەکێک لە پیاڵەکانم لە دەستی وەرگرت و کاپتاش پیاڵەی دووەمی لێ وەرگرت و وتم: ئەی ژنی جوان، ناوت چییە؟

ژنەکە وتی: ناوم (مەریت)ە و کەس بەناوی ژنی جوانەوە بانگم ناکات و لەبەرئەوەی تۆ بەم ناوەوە بانگم دەکەیت وا تێدەگەم کە تۆ پیاوێکی (مەحجوب)ی و وەک گەنجێکی تازە پێگەیشتوو، کە بەم جۆرە قسانە جورئەت دەداتە خۆی بۆ ئەوەی بتوانێ دەستی خۆی لەسەر دەستی ژنێک دابنێت، تۆش بوێرانە دەتەوێ دەستت لە سەر دەستی من دابنێیت.

دوایی لێی پرسیم ئایا تۆ پزیشک نیت و ناوت سینۆهە نییە؟

وتم: با...

وتی: ئەگەر حەزدەکەی کە دووبارە بە بینینی خۆت خۆشحاڵمان بکەیت پێم مەڵێ ژنی جوان و سووکایەتیم پێ مەکە.

وتم: چۆن زانیت من سینۆهەم؟

(مەریت) وتی: ناوبانگی تۆ لە خۆت زووتر هاتە ئەم مەیخانەیەوە، بە جۆرێک کە من لەگەڵ هاتنە ژوورەوەتدا تۆم ناسییەوە و ئێستا دەبینم کە ناوبانگت بەبێ هۆ نەبووە.

کاتێک (مەریت) گفتوگۆی لەگەڵدا دەکردم بزە دەهاتە سەر لێوی، بەڵام هەستم کرد کە خەندەی سەر لێوانی لە شادمانییەوە نەبوو، بەڵکو نیشانەی پەژارە بوو و لە چاوەکانیشیدا ئەم خەمە هەست پێ دەکرا.

وتم: (مەریت) ئەگەر تۆ لە زمانی کاپتاوە کە دێتە ئێرە و لە رابردوودا بەندەی من بووە و ئێستا ئازادم کردووە، وەسفی منت بیستووە، ئەوا بزانە کە متمانە بە قسەکانی کاپتا ناکرێت، چونکە ئەم پیاوە خوویەکی تایبەتی هەیەو جەوهەری ئەو خووەی بە جۆرێکە کە زمانی ناتوانێت لە نێوان راست و درۆدا جیاوازی بکات، بۆیە زیاتر درۆ دەکات و من ئەگەرچی پزیشکم، بەڵام نەمتوانیوە ئەم نەخۆشییەی چارەسەر بکەم و لێدانی گۆچانەکەشم سەبارەت بە چارەسەرکردنی ئەم عەیبەی بێ ئاکام مایەوە.

(مەریت) بە خەمبارییەوە بزەخەنەیەکی هات و وتی: سینۆهە، زۆرجار درۆ لە راستی باشترە، چونکە درۆ مرۆڤ ئومێدەوار و دڵخۆش دەکات. لە کاتێکدا کە وتەی راست دەبێتە هۆی نائومێدی. بۆ نموونە کاتێک کە تۆ بە من دەڵێی (ئەی ژنی جوان) لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانم درۆ دەکەی بەڵام دڵم بەم درۆیە شادمان دەبێت. ئێستا حەزدەکەم لەم مەشرووبەی (کلکی تیمساح) کە بۆم هێناوی بنۆشی و پێم بڵێی کە ئایا ئەم شەرابە بەهێزترە یان ئەو نۆشینەوانەی کە لە وڵاتانی تردا خواردووتەوە.

بەبێ ئەوەی چاو لە (مەریت) هەڵبگرم قومێکم لەو شەرابە نۆشییەوە، بەڵام دوایی نەمتوانی سەیری بکەم، چونکە قوڕگم و دوایی سکیشم سووتایەوە و لە ناکاودا خوێن لە لەشمدا هاتە جۆش و لەدوای ئەوەی ئارام بوومەوەو کاریگەریتیی نەشئەکەی دەرکەوت، وتم: کاپتا ئەگەرچی زۆر درۆ دەکات، بەڵام ئەوەی سەبارەت بە مەشرووبی ئەم مەیخانەیەوە دەیگوت راستە، چونکە ئەم خواردنەوەیە لە هەموو ئەو شەرابانەی کەلە وڵاتانی بیانی نۆشیومەتەوە بەهێزترە و گەرماییەکەی لەو رۆنە رەشەی دانیشتووانی بابل لە زەوییەوە بە دەستی

دەهێنن و دەیکەنە ناو چراکانی خۆیانەوە زیاتره. (مەبەستی نووسەر لەم رۆنە ڕەشە نەوتە- وەرگێڕ) و وەک چۆن تیمساحێکی راستەقینە بەلێدانێکی کلکی مرۆڤێکی بەهێز بەزەویدا دەدات، نۆشابەکەی تۆش پیاوێکی بەتوانا لەکار دەخات.

لەناو قورگمدا بۆن و بەرامە و تامێکی عەتراوی چەند جۆرە گیاو بەهاراتێکم هەست پێ دەکرد و لەناکاودا هەستم بە کەیف خۆشی کردو حەزم کرد کە زیاتر لەگەڵ (مەریت)دا بدوێم و پێم وت: (مەریت) من نازانم ئایا ئەم نۆشینەوەیە منی وەها شادمان کرد، یان ئامادەبوونی تۆ روحی منی شاد کردووە و ئەوەندە دەزانم کە خۆشحاڵم و حەز دەکەم کە دەستم لەسەر دەستەکانت دابنێم و ئەگەریش لەم کارە نارازیت لێم مەگرە چونکە (کلکە تیمساح)ـەکەی تۆ منی بێ باک کردووە.

ژنەکە کەمێک چووە دواوەوە و وتی: من خاوەنی ئەم مەیخانەیە نیم و خزمەتکاری ئێرەم، بەڵام ئەم شەرابە من دروستی دەکەم و تەنها جەهیزییەیەک کە باوکم بەمنی داوە، شێوەی دورست کردنی ئەم شەرابەیە و ئەوەندە ئەم شەرابە سەرنجی خەڵکی راکێشاوە کە بەندەکەی تۆ کاپتا، کە دەڵێی ئازادم کردووە، خۆی وانیشان دەدات کە منی خۆش دەوێت بۆ ئەوەی بتوانێت چۆنیەتیی دروست کردنی ئەم شەرابە لەمنەوە فێربێت و کاتێک کە بەندەکەت زانیتی کە بەهیچ شتێک ناتوانێت سەرنجی من رابکێشێت و بمکاتە خوشکی خۆی، بڕیاری دا ئەم مەیخانەیە بە زێڕ بکڕێتەوەو حەزیش دەکات کە شێوەی دروست کردنی ئەم شەرابەشم لێ بکڕێتەوە.

کاپتا کاتێک کە گوێی لەم قسەیە بوو، ئاماژەی بۆ ژنەکە کرد کە بێدەنگ بێت، بەڵام من چونکە شادمان بووم وتم: (مەریت) ئێستا ،کە (کلکی تیمساح)م نۆشیوەتەوەو خۆم خۆشحاڵ دەبینم، وا تێدەگەم کە کاپتا ناهەقی نەبووە دڵی پێتەوە بێت و بیەوێت تۆ بکاتە هاوسەری خۆی. من ئەم وتەیە

لەکاتی سەرخۆشیدا دەکەم و سبەینێ، کاتێک کە هۆشیار بوومەوە لەوانەیە لە قسەکەم پەشیمان ببمەوە. ئایا راستە کە کاپتا زێڕی داوەو ئەم مەیخانەیەی کڕیوەتەوە.

بەرلەوەی ژنەکە وەڵامم بداتەوە کاپتا وتی: سینۆهە من نەمدەویست کە تۆ بەم شێوەیە لە هەواڵی کڕینەوەی ئەم مەیخانەیە ئاگادار ببیتەوە، بەڵکو بەتەمابووم خۆم ئەم بابەتەت پێ رابگەیەنم، بەڵام ئێستا کە ئەم ژنە نهێنییەکەی منی درکاند دەبێ بڵێم کە من ئەم جێگایەم بە زێڕی خۆم، واتە بەو زێڕەی کە لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا لە تۆم دزیوە، کڕیوەتەوە، چونکە توانای بەڕێوەبردنی مەیخانەم هەیەو دەزانم کە ئەم کارە ئاسانەو گرفت دروست ناکات و پێویستی بە هێزی گەنجێتی نییە.

من ئەوەندە لە مەیخانەکاندا بەبێ پارە شەراب و بیرەم خواردۆتەوە کە بەبینینی موشتەری یەکسەر دەزانم ئایا دەتوانێت پارەی خواردنەوەکەی بدات یان نا و ئایا متمانەی پێ دەکرێت شتی بەقەرز پێ بفرۆشرێت یان نا ؟ پیشەی مەی فرۆشی کارێکی بێ گیروگرفتەو چێژ وەرگرتنەکەی لەوەدایە کە مرۆڤ لە مەیخانەدا خەڵکانی جۆراوجۆر دەبینێت و لەهەر یەکێک لەوان شتێکی تازە دەبیستێ و، بۆ من، کە مرۆڤێکم لە شت دەکۆڵمەوە و حەز دەکەم کەلە هەمووشتێ ئاگادار ببم، زۆر بە سوودە.

لەم کاتەدا کاپتا پیاڵەکەی خۆی هەڵقوڕاندو بەکەیف و خۆشییەوە وتی: گەورەم تاکە کاسبییەک کە هەرگیز بێ بازاڕ نابێت، مەی فرۆشییە، چونکە هەتا دنیا بمێنێت، خەڵکی هەر دەخواتەوەو لەوانەیە فیرعەونەکان نەمێنن و خوایەکان لە عەرشی خوایەتییەکەیان بکەونە سەر زەوی، بەڵام بادەفرۆش هەرگیز لەناو ناچێت. چونکە خەڵک کاتێک کە دڵخۆش و بەختەوەرن دەنۆشنەوەو کاتێکیش کە بەدبەخت و خەمبارن دیسانەوە هەر بۆ دامرکاندنەوەی پەژارەکەیان پەنا دەبەنەبەر بیرە و شەراب.

کاتێک کە پیاوێک عاشق دەبێت ئەڤینەکەی خۆی بە خواردنەوە بەهێز دەکات و کاتێکیش لەگەڵ ژنەکەی خۆیدا بەشەڕ دێت دیسانەوە بۆ نەهێشتنی تووڕەبییەکەی دێتە ئەم مەیخانەیە و دەنۆشێتەوە.

کاپتا درێژەی بەقسەکانی داو وتی: سینۆهە لەوانەیە تۆ کە پیاوێکی نائاساییت شێوەی بیرکردنەوەکەی منت بەدڵ نەبێت و بڵێیت مرۆڤ دەبێ ماندووبێت و بژێوی خۆی پەیدا بکات، بەڵام من دەڵێم پیاوی زیرەک ئەو کەسەیە کە بەبێ ماندووبوون سوود لە دەسرەنجی خەڵکی وەربگرێت و کاتێک کە خەڵکی لەگەڵ ئەوەشدا کە تێدەکۆشن، بەڵام هەر بەبرسێتی دەمێننەوە، ئەو لە ئاسوودەییدا بژێت.

من لەو باوەڕەدام کە جگەلە پیشەی ژنە خۆفرۆشەکان هیچ پیشەیەک لە مەی فرۆشی ئاسانتر نییە و جیاوازییەکەی ئەوەندەیە کە ئەو ژنانە پێویستیان بەسەرمایەی پێشوەخت نییە و سەرمایەکەیان لە خۆیاندایەو ئەگەر دووربین بن، دەتوانن لەکۆتایی تەمەنیان لە خانوویەکدا کە بە وزەی خۆیان دروستیان کردووە ژیان ببەنەسەر و بحەسێنەوە.

بەڵام من داوای لێبووردنت لێ دەکەم کە زۆر بڵێیی دەکەم و زۆر وتنەکەم لەبەر ئەوەیە کە هێشتا لەگەڵ خواردنەوەی شەرابی (کلکی تیمساح) رانەهاتووم و یەک پیاڵە لەم مەشرووبە بەرادەیەک دەمشێوێنێت کە توانای راگرتنی زمانم نابێت.

باسەکەی من لە بارەی ئەم مەیخانەیەوە بوو و وتم کە ئەم مەیخانەیە هی منە و ئێستا دەڵێم کە من و خاوەنی پێشووی مەیخانەکە بەهاوکاری (مەریت) ئێرە بەرێوە دەبەین و قازانجەکەی لە نێوان هەردووکماندا دەکەینە دووبەشەوە.

خاوەنی پێشووی ئەم مەیخانەیە کە لەمەودوا دەبێتە کرێکاری من، سوێندی بە هەزار خوای میسر خواردووە کە زیاتر لە نیوەی قازانجەکە هەڵنەگرێت و دزیم لێ نەکات و من دڵنیام دزی ناکات، چونکە پیاوێکی خواپەرستە و هەندێک

لەموشتەرییەکانی کاهینن، کە بە کڕیاری باش لە قەڵەم دەدرێن، چونکە زۆر (کلکی تیمساح) دەنۆشنەوە و هۆیەکەی ئەوەیە کە کاهینەکان راهاتوونە لە شەرابی بەهێزی رەزەکانی پەرستگەی ئاموون بنۆشنەوە و ئەوانەی کە ئەم شەرابە دەنۆشنەوە بەیەک دوو (کلکی تیمساح) سەرخۆش نابن.

هەندێک لە کڕیارەکانی ئەم مەیخانەیە کاهینن، چونکە مەی فرۆش بیر لەوەدەکاتەوە کە لە نێوان بەرژەوەندیی کەسابەت و بەرژەوەندیی ئایینی پەیوەندییەک دروست بکات بۆ ئەوەی یەکەمیان سوود لە دووەم وەربگرێت و تا ئەمڕۆ هەر وا بووە، بەڵام وابزانم من زۆر قسە دەکەم و زۆر بڵێییەکەی من لەبەر ئەوەیە کە ئەمڕۆ یەکێکە لە رۆژەکانی شادمانیی من. باوەڕ بکە کە یەکێک لە گەورەترین هۆیەکانی خۆشحاڵیی من ئەوەیە کە دەبینم تۆ لێم تووڕە نیت و وەکو جاران من بە خزمەتکاری خۆت دەزانی. لە کاتێکدا کە من ئەمڕۆ پیاوێکی ئازاد کراوم و دەستم بە مەی فرۆشی کردووە. هەرچەندە هەندێ کەس وابیردەکەنەوە کە مەی فرۆشی کارێکی باش نییە.

لە دوای ئەم قسەیە کاپتا بە سەرخۆشییەوە دەستی بە گریان کرد و سەری خستە سەر ئەژنۆم و من بە زۆر سەریم لە سەر ئەژنۆکانم هەڵگرت و وتم: هەڵسە و لە ناو مەیخانەدا ئەم رەفتارە ناشیرینە مەکە، چونکە ئەگەر موشتەریەکانت ببینن کە خاوەنە نوێیەکەی ئەم مەیخانەیە ئەوەندە سووکە، لێت بەدگومان دەبن و لەوەیە چیتر نەیەن بۆ ئێرە.

لە دوای ئەوەی کە کاپتا سەری هەڵبڕی لێیم پرسی: خاڵێک هەیە کە من لێی تێناگەم و ئەویش مەسەلەی فرۆشتنی ئەم مەیخانەیەیە، چونکە ئەگەر ئەم جێگایە بەو شێوەیەی کە تۆ باسی لێوە دەکەی رەواجی هەبێت، بۆچی خاوەنەکەی رازی بووە کە پێتی بفرۆشێت و دواییش وەکو شاگردێک کارت بۆ بکات و لە قازانجەکەشدا شەریک بێت.

کاپتا کە هێشتا فرمێسکی چاوی وشک نەبووبووەوە وتی: سینۆهە، تۆ

توانایەکی تایبــەتت هەیە کــە بە هۆی بەڵگە هێنانەوەکــانی خــۆت کــە لە (ئەفسنتین)[3] تاڵترە شادیم لێ دەکەیتە ژەهری مار.

ئەگەر پێت بڵێم کە من و ئەم مەیفرۆشە هاوڕێی سەردەمی منداڵین و لە رابردوودا لە خۆشی و ناخۆشی یەکتریدا هاوبەش بووینە، ئایا دەیسەلمێنی کەلەبەر رێزی دۆستایەتیی کۆن ئامادەبووە ئەم مەیخانەیەم پێ بفرۆشێت، بەڵام لەبەرئەوەی کە دەزانم قەناعەت بەم قسەیە ناکەیت، ناچارم دانی پێدابنێم کە خۆشم قەناعەت بەم قسەیە ناکەم و مەجبوورم بیسەلمێنم کە فرۆشتنی ئەم مەیخانەیە لەلایەن مەی فرۆشەکەوە نهێنییەکی تێدایە.

من واهەست دەکەم کە نهێنیی مەی فرۆشەکە دەگەڕێتەوە بۆ جەنگی نێوان خوای نوێی فیرعەونی میسر لەگەڵ (ئاموون) خوای دێرین و لەبەرئەوەی کە لە هەموو پەرێشانی و تێک رژانێکدا یەکەم شوێنێک کە پەلاماری دەدرێ مەیخانەیە و خەڵکی دەرژێنە ناوی و تابتوانن شەراب و بیرە دەنۆشنەوەو کووپە و گۆزەکان دەشکێنن و مەی فرۆشەکەش لە رووباری نیلدا دەخنکێنن، بۆیە خاوەنی ئەم مەیخانەیە ترسی لێ نیشتووە، چونکە ئەو یەکێکە لە لایەنگرە راستەقینەکانی خوای دێرینی میسر و ئەوەندە بەخەستی گرتوویەتی کە ئەمڕۆ ناتوانێت نکۆڵی لە خوای کۆن بکات و باوەڕ بە خوای نوێ بهێنێت، چونکە کەس عەقڵی نایگرێت کەئەو باوەڕی خۆی گۆڕیوە و بووەتە شوێن کەوتووی خوای تازە.

سەرەڕای ئەوەش تێگەیشتووە کە خوا (ئاموون) بەسەختی گرفتاری ترس و هەراس بووە، بە رادەیەک کە پەرستگای ئاموون زەوییە کشتوکاڵییەکانی خۆی دەفرۆشێت و وا بیردەکاتەوە کە لەوانەیە رۆژێک زەوی و زارەکانی لێ بسەننەوە. منیش لەدوای ئەوەی کە زانیم مەی فرۆشەکە تووشی ترس هاتووە، بەشێوەیەک قسەم کرد کە زیاتر ترس لە دڵی نیشت و وتم هەرچی زووتر خۆت لەم مەیخانەیە رزگار بکە، چونکە ئەگەر هەل و مەرجێکی نالەبار بێتەپێشەوە

سەرمایەکەت لەم مەیخانەیەدا لەناودەچێت. ئەویش کە زۆر ترسابوو رازی بوو و ئەم جێگایەی پێ فرۆشتم، بەڵام لەبەرئەوەی کە دەمزانی ئەو بۆ بەڕێوەبردنی مەیخانەکە لێ هاتووە و شاگردی لەو باشتریشم دەست ناکەوێت، داوام لە ئەو و لە (مەریت) کرد کە لێرەدا بمێننەوە.

وتم: کاپتا من نازانم کە ئایا لەمەوبەدووا سوود لەم مەیخانەیە وەردەگری یان نا؟ بەڵام ئەوە دەزانم کە تۆ لە یەک رۆژدا ئیش و کارێکی زۆرت ئەنجام داوە و ئەگەر من بوومایە نەمدەتوانی بەیەک رۆژ ئەم هەموو کارە راپەڕێنم. دوایی هەڵسایین و لە مەیخانەکە هاتینە دەرەوە.

من هەستم دەکرد کە کاپتا بە تەواوەتی مەستەو ناتوانێت بەباشی بەڕێدا بڕوات و یەک (کلکی تیمساح) بەتەواوەتی شێواندبووی.

***

١- میکاڤالتاری فینلەندی کە بیرەوەرییەکانی سینۆهەی لەسەر پاپیرۆسە میسرییەکانەوە نووسیوەتەوەو ئێستا لە مۆزەخانەی شاری (لۆڤەر)ی فەرەنسا-دایەو ئەو دەستنووسانە دەگەڕێتەوە بۆ ماوەیەک لە نێوان هەزار و سێ سەد ساڵ تا هەزار و چوار سەد ساڵ بەر لە زایین، (نزیکەی سێ هەزار و چوار سەد ساڵ لەمەوبەر)، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەبینن کە وەزعی کڕینی زەوی و زار لە میسر وەک کڕینی زەوی بووە لە ئێران لە سی تا چل ساڵ لەمەوبەر و لە لایەن ئەو کەسانەی کە تەنانەت جووتیار نەبوونە کە کشتوکاڵ بکەن، بەڵکو زەوییەکەیان تەنها بۆ ئەوە کڕیوەتەوە کە بە بەیاری بە جێی بهێڵن تا ئەو کاتەی کە گران دەبێت و من یەکێکم دەناسی کە ماوەیەکە دەموچاوی لە ژێر پەردەی خاکدا شاردراوەتەوە و من ناوی ناهێنم و ئەو کابرایە میلیۆنەها مەتری چوارگۆشە زەوی کڕیبووەوە بەبێ ئەوەی بەکاری بهێنێت یان خەڵکی تر کشتوکاڵی تێدا بکات و تەنها بۆ ئەوەی کە لە داهاتوودا بتوانێت بە بەهایەکی زۆر بیفرۆشێت - وەرگێڕ.

٢- باڵاپۆش : عەبا

٣- ئەفسنتین: وشەیەکی یۆنانییە و بە گیایەک دەڵێن کە خۆڕسکەو لە کۆندا بۆ چارەسەرکردنی شەلەل و لەرزۆکی دەست و نەخۆشییەکانی گەدەو جەرگ و نەهێشتنی کرمی ناوسک بەکار هاتووە - وەرگێڕی کوردی.

سەرەتای فیتنەیەکی گەورە لە میسر

بەم شێوەیە من لە گەڕەکی هەژارەکانی **تەبەس** و لە ماڵی مسگەری پێشوو بوومە پزیشکی ئەو گەڕەکەو بەو شێوەیەی کاپتا پێشبینی کردبوو نەخۆشێکی زۆر هاتنەلام. من سوودم لەو نەخۆشانە وەرنەدەگرت و بە پێچەوانەوە زەرەریشم دەکرد، چونکە جگە لەوەی کە بەخۆڕایی دەرمانم پێدەدان، هەندێ جار ناچاردەبووم خواردنیشیان بدەمێ، چونکە کاتێک کە دەمبینی چارەسەر کردنی نەخۆشێک بەوەوە بەستراوەتەوە کە خواردن بخوات، ناچار دەبووایە لە جیاتی دەرمان، خواردنم بدایەتێ.

ئەو دیارییانەی کە هەندێک لە هەژارەکان بۆ چارەسەری خۆیان دەیاندا پێم بایەخی نەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کە بە نییەتێکی پاکەوە دەیاندایێم منی شادمان دەکرد و زیاتر بەوە دڵخۆش بووم کە خەڵکی ناوی منیان بە پیرۆز دەزانی و بەشێوەیەک باسی منیان دەکرد کە دەتگوت یەکێکم لە خێرۆمەندە گەورەکانی جیهان.

کاپتا کە بە بۆنەی پیری و بە تایبەتی لەبەر دەوڵەمەند بوونەکەی نەیدەتوانی وەکو جاران ئیش و کارەکانم ئەنجام بدات بۆ ئەو مەبەستە ژنێکی پیری بەکرێ گرت، کە هەم لە پیاو بێزار بوو و هەمیش لە ژیان، بەڵام لەبەر ئەوەی کە هەرچۆنێک بێت مرۆڤ دەبێ تا ئەو ڕۆژەی دەمێنێت، یان تا ئەو کاتەی توانای کاری هەیە ئیشێک بکات، ئەویش لە ماڵەکەماندا کاری دەکرد.

ئەم ژنە ئەگەرچی بەبۆنەی بەساڵاچوونییەوە سەرنج ڕاکێش نەبوو، بەڵاملە جیاتی ئەوە خواردنی بەلەزەتی لێ دەنا و من هەرگیز گلەییم لە چێشتەکانی

نەبوو. هەروەها ئەو ژنە رقی لە بۆنی بۆگەنی ئەو هەژارانە نەدەبووەوە کە بۆ چارەسەر دەهاتنە لام. لە کاتێکدا کە (کاپتا) لەو بۆنەیان بێزار بوو. من لەگەڵ ئەو ژنەدا بە تەواوەتی راهاتم و ئەو بەردەوام لەوێ بوو، بەڵام من کەمتر دەمبینی و بە ناوی (موتی) بانگم دەکرد.

شەوان شاری **تەبەس** بە شەوقی چراکان رووناک دەبووەوە و مەیخانەکان و ماڵەگشتییەکان پڕ دەبوو لە موشتەری و ئەوەی کەمێک عەقڵی هەبوایە هەستی دەکرد کە کارەساتێک روودەدات، چونکە ناکۆکیی نێوان خوای نوێی فیرعەون (ئاتوون) و خوای کۆن (ئاموون) زیاتر گڕوتینی دەگرت.

دوو سێ مانگ تێپەڕی و خەڵکی **تەبەس** لە عاقیبەتی ئەو ناکۆکییە لە دڵەڕاوکێدا بوون و (هورم هەب) فەرماندەی سوپای میسر هەر نەگەڕایەوە. بە رۆژ گەرمای خۆر زیادی دەکرد، بەرادەیەک کە هەندێ جار لە تاو گەرما و ماندوێتی، لەگەڵ کاپتادا بۆ مەیخانەی (کلکی تیمساح) دەڕۆیشتین، بەڵام هیچکە لەو شەرابە بەهێز و سووتێنەرەم نەدەنۆشییەوە، بەڵکو بە بیرەی ئاسایی کە تینوێتیی دەشکاند و لەشی فێنک دەکردەوە و نەدەبووە هۆی سەرخۆشی، ئیکتیفام دەکرد.

لەبەرئەوەی ناو مەیخانەکە فێنک بوو لەوێ خۆم لە ئاسوودەییدا دەبینی و لە بینینی جوانیی (مەریت) چێژم وەردەگرت و کاتێک کە چاوەکانی دەبڕییە چاومەوە هەستم دەکرد کە دڵم دەگوشرێ و حەزم دەکرد دەستم لەسەر دەستەکانی دابنێم.

لە پاش ئەوەی کە چەند جارێک چوومە ئەو مەیخانەیەوە، هەستم کرد کە موشتەرییەکانی ئەو مەیخانەیە خەڵکانێکی تایبەتن و ڕێگا بەهەموو کەسێک نادەن بێنە ئەوێوە. یان وەزعی مەیخانەکە بەو شێوەیە بوو کە خەڵکانی کەم دەرامەت نەتوانن بێن بۆ ئەو جێگایەو شەراب و ئاوی جۆ، یان (کلکی تیمساح) بنۆشنەوە.

کاپتا به هێواشی بەمنی وت: که له نێوان موشتەرییەکانی ئێرە هەندێ کەس هەن که دەوڵەمەندییەکەی خۆیان له ڕێگای تالان کردنی گۆڕی مردووەکانەوە بەدەست هێناوە، بەڵام کاتێک که بۆ ئەم مەیخانەیە دێن وەکو گەورەکان هەڵسوکەوت دەکەن و ڕەفتاری ناشیرین نانوێنن.

هەروەها دەیگوت هەموو موشتەرییەکانی ئەم جێگایە ئەو کەسانەن که پێویستییان به یەکتری هەیەو کڕین و فرۆشتن و پێویستییە ماددییەکانی دیکە ڕایان دەکێشێت که بۆ ئێرە بێن، ئەگەر نا تەنها حەزی نۆشینەوەی (کلکی تیمساح) نایانهێنێتە ئێرە.

تاکە موشتەرییەک که کەس پێویستی پێی نەبوو، من بووم. چونکە من نە شتم دەکڕی و نە شتیشم دەفرۆشت و نە زێڕ و پارەشم بەقەرز دەدا که قازانجم لێی دەست بکەوێت و نەقەرزیشم وەردەگرتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی که هەموویان دەیانزانی هاوڕێی کاپتام، ڕێگایان پێ دەدام بێمە ناو مەیخانەکەوە بەبێ ئەوەی که زۆر له گەڵمدا گەرم بن، چونکە دەیانزانی که هیچ قازانجێکیان لەمن دەست ناکەوێت.

من لەو مەیخانەیەدا زانیاریی زۆرم سەبارەت به بارودۆخی **تەبەس** و میسر و ڕووداوەکانی وڵات، دەست دەکەوت. لەوانە شەوێک که له مەیخانەکەبووم، ڕوانیم بازرگانێک که دەمزانی بخوور دەفرۆشێت، له کاتێکدا که کراسەکەی دڕاندبوو و خۆڵەمێشی بەسەر خۆیدا کردبوو هاتە ناو مەیخانەکەوە و پیاڵەیەک (کلکی تیمساح)ی نۆشییەوەو وتی: هیوادارم ئەم فیرعەونە هەتا هەتایە نەفرەت لێ کراو بێت، چونکە ئەم تیمساحە حەز ناکات شوێن ژیری بکەوێت و هەرچییەک بەبیریدا بێت جێبەجێی دەکات.

هەتا ئەمڕۆ ژیانی من له ڕێگای فرۆشتنی بخوورەوە بەڕێوە دەچوو که له وڵاتانی دوورەدەستەوە دەهات و هەموو ساڵێک لەوەرزی هاویندا چەند کەشتییەک لێرەوە بەرەو دەریاکانی ڕۆژهەڵات دەچوون و ساڵی دواتر هەرنەبێت

دوو کەشتی لەو دە کەشتییە بەجۆرەها کەل و پەلی ڕۆژهەڵاتییەوە، لەوانە بخوور، دەگەڕانەوە[1].

ئەمساڵ کاتێک که کەشتییەکان ویستیان بەرەو دەریا بەڕێ بکەون، لەناکاو و بێ ئاگا، فیرعەون هاتە کەنارەی بەندەر و من سەرم سووڕما که بۆچی ئەم پیاوە دەست له هەموو کارێک وەردەدات، له کاتێکدا که ئەم کارانە پەیوەندیی به ئەوەوە نییە. ئەی ئەم هەموو نووسەر و بەڕێوەبەرانەی که له **تەبەس**-دا هەن چی دەکەن، مەگەر ئەرکی ئەوان نییە که وریا بن هەموو کارێک به پێی یاساو ڕێ و ڕەسم ئەنجام بدرێت؟ کاتێک که فیرعەون هاتە دارەڕاکەی بەندەر، مەلەوانەکان دەگریان و ژن و منداڵەکانیان له وشکانی فرمێسکیان دەڕشت و دەم و چاویان دەڕووشاند، چونکە دەیانزانی که هەندێک لەو مەلەوانانە ناگەڕێنەوە و له دەریادا دەخنکێن، بەڵام ئەم بابەتە لەڕێو ڕەسمە باوەکانەو شتێکی تازە نییەو هەرکاتێک که کەشتییەکان بەڕێ دەکەون ژن و منداڵی مەلەوانەکان شیوەن دەکەن.

بەڵام ئەم فیرعەونە مەلعوونە، کاتێک که شیوەنی ژنەکان و زاریی مەلەوانەکانی بینی قەدەغەی کرد که کەشتییەکان بۆ دەریای ڕۆژهەڵات بڕۆن و هەموو بازرگانێک دەزانێت کەئەم قەدەغەکردنەی فیرعەون، وەک دەرچوونی بڕیاری لەناوبردنی بازرگانەکان و ژن و منداڵەکانیانە، چونکە هەتا کەشتییەکان بۆ دەریا نەڕۆن، بازرگانەکان قازانج ناکەن و ژن و منداڵی مەلەوانەکان به برسێتی دەمێننەوە. هەر کەسێک که لەمیسردا دەژێت دەزانێت که نابێ قەت خەفەت لەو مەلەوانانە بخۆن که به کەشتی سەفەر دەکەن، چونکە هیچ کەسێک بەویست و ئارەزووی خۆی نابێتە مەلەوان. بۆیە بەردەوام ئەو تاوانبارانەی که دادوەر سزایان دەدات و خراپەکارن، ناچار دەکرێن که ببنە مەلەوان، کەواتە بۆچی بۆ خنکانیان له دەریادا سەغڵەت بین.

ئایا مەرگی هەندێ لەو تاوانبارانە که ناچار دەکرێن ببنە مەلەوان بەزەییی

پیاهاتنەوەی زیاترە، یان لەدەست چوونی سەرمایەی ئەو بازرگانەی کە کەشتییان دروست کردووە و کەل و پەلیان بۆ ئامادە کردووە، چونکە کەشتی لە خۆیەوە دروست نابێت، بەڵکو دەبێت سەرمایەیەکی تیابخەنە کار و دروستی بکەن و دوایی پێداویستییەکانی تەواو بکەن و بە ئازووقەی پێویستەوە بەرەو دەریاکانی رۆژهەڵاتی رەوانە بکەن و من جەرگم بۆ بازرگانە میسرییەکان دەسووتێت کە ئێستا لە شوێنی دوورن و ژن و منداڵەکانیان لە میسردان و ئەو ژن و منداڵانە هەرگیز مێردەکانیان نابیننەوەو ئێستا ئەو بازرگانانە لە جێگا تازەکانیان ژنیان هێناوە و دەڵێن ئەو منداڵانەی کە دەمانبێت پێستی لەشیان لەککەی پێوەیە.

بازرگانەکە ماوەیەک بەم شێوەیە گلەیی کرد و نەفرەتی لە فیرعەون دەکرد و دەیگوت: ئەم پیاوە هەم بازرگانی ئێرە لەکار دەخات و هەمیش بازرگانەکانی جێگا دوورەکان لەناو دەبات کە کەل و پەل دەنێرن بۆ میسر. بەڵام لە دوای ئەوەی کە سێ (کلکی تیمساح)ی نۆشییەوە هەڵچوونەکەی نیشتەوە و داوای لێبوردنی لە قسەکانی خۆی کرد کە بەرامبەر بە فیرعەون وتبووی و وتی: لە تاو خەم و پەژارە ئەو قسانەی کردووە.

دوایی وتی: من لەو باوەڕەدا بووم کە (تی) دایکی فیرعەون، دەتوانێت فیرعەونی کوڕی بهێنێتە سەر ڕێگای ڕاست، بەڵام ئەو بیر لەوە ناکاتەوە. هەروەها وای دەزانی کە (ئامی) پێشەوای گەورەی پەرستگەی نوێی فیرعەون دەتوانێت بۆ ئەو ئامۆژگاری کەرێکی دڵسۆز بێت، بەڵام ئەم پیاوە تەنها بیر لە شتێک دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە بە هەر شێوەیەک بێت (ئاموون) لە ناو ببات.

بەرلەوەی کە فیرعەون ژن بهێنێت وام دەزانی کە سەرەڕۆییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ژنی نەهێناوە و لە دوای ئەوەی کە (نەفر تیتی) بووە ژنی ئەو، سەرەڕۆییەکەی لەناو نەچوو و (نەفر تیتی) لەو کاتەوە کە بووەتە شاژنی میسر

مۆدێلی سەرسوڕهێنەری لە جل و بەرگ هێناوەتە کایەوە کە ژنەکانی دەربار (کۆشک) چاو لەو دەکەن و ئێستا ژنەکانی کۆشک بە پەیڕەوی (نەفر تیتی)ڕەنگی سەوز لە دەوری چاویان دەدەن و وەک ژنەکانی سووریا کراس لەبەر دەکەن، بەڵام بەشی پێشەوەی کراسەکەی ئەوان بە تەواوەتی کراوەتەوە.

کاپتا وتی: من ئەم جۆرە بەرگ پۆشینەم لە هیچ وڵاتێکدا نەبینیوە و باوەڕیش ناکەم کەس بینیبێتی، ئایا تۆ دڵنیایت لەوەی کە جگە لە (نەفر تیتی) و بانووەکانی کۆشک، کەسانی تریش هەبن کە چاو لەو مۆدێلە بکەن و ئایا بەچاوی خۆت ئەوانت بینیوە کە ئەوان ئەو بەشەی پێشەوەیان بەتەواوەتی دەربخەن کە پێویستە داپۆشرێت.

بازرگانەکە وتی: من هاوسەرم هەیەو چەند منداڵیشم لێی هەیە و، خۆم بە پیاوێکی شەریف دەزانم و کاتێک کە هەندێ کەسم بینی ئەم جۆرە کراسەیان لەبەردایە و بەشی پێشەوەیان رووتە، سەریری لەناوک بەرەو خوارەوەیانم نەکرد.

لەم کاتەدا (مەریت) خزمەتکاری مەیخانەکە هاتە ئاخاوتن و بە بازرگانەکەی وت: ئەگەر تۆ خۆت پیاوێکی بەد سەلیقەی ئەوە نابێتە بەڵگەی تاوانی ژن، چونکە لە وەرزی هاویندا چاو لێ کردنی ئەم مۆدێلە شتێکی باشەو ژنەکان رازاوەتر دەکات و من ئامۆژگاریت دەکەم کە ئەگەر ئەمجارە ژنەکانت بە مۆدێلی تازەوە بینی بزانە کە ئەو بەشەی تۆ رەخنەت لەرووت بوونی هەیە بەپارچەیەکی کەتان دا پۆشراوە کە چاوی چاوتیژترین پیاوانیش لێی تێپەڕ نابێت.

بازرگانەکە ویستی وەڵام بداتەوە، بەڵام مەستی ڕێگای لە وەڵام دانەوەی گرت و سەری خستە سەر دەستەکانی و بۆ مۆدێلی تازەی کراسی ژنان و قەدەغە کردنی هاتوچۆی کەشتییەکان و بێبەش بوونی بازرگانەکان لە سوودی کەل و پەلەکانی رۆژهەڵات دەستی بەگریان کرد.

لەم کاتەدا کاهینێک لە کاهینەکانی پەرستگەی ئاموون کە سەری تاشیبوو و بە رۆن بۆن خۆشی کردبوو، لە گفتوگۆکەدا بەشداری کرد و وتی: من سەبارەت بە

مۆدێلی کراسی ژنان هیچ نالێم، چونکە (ئاموون لەبارەی مۆدێلی جل و بەرگەوە هیچ فەرمانێکی پێ نەداوین، بەڵام ئەوەی کە دەبێتە هۆی لە ناوچوونی هەموو شتێک، قەدەغەکردنی سەفەری کەشتییەکانە لە لایەن فیرعەونەوە کە ناهێڵێت بۆ جێگا دوورەکانی رۆژهەڵات بڕۆن، چونکە ئەگەر ئەم کەشتییانە بۆ رۆژهەڵات نەڕۆن ناتوانن بخوور بهێنن و ئەگەر بخوور نەیەت خوای ئێمە (ئاموون) لەو کاتەی کە قوربانیی بۆ دەکەین لەو بۆنە خۆشە بێبەش دەبێت. چونکە ئاموون حەزی لە بۆنی خۆشە، ئەم دوژمنایەتییەی کە لەگەڵ ئاموونداا دەکرێت گەورەترین بەدبەختیی میللەتی میسرە و لەو رۆژەوە کە هەرەمەکان (أهرام) دروست بوونە هەتا ئێستا کەس بە بیری نایەت کە گەلی میسر بەم شێوەیە چارەڕەش بووبێت و من دڵنیام کە لەمەودوا هەر میسرییەک شوێن کەوتووەکانی خوای نوێی فیرعەون ببینێت و بڕوانێت کە نیشانەی ئەو خوایە، کە خاچێکە، بە کراسەکەیەوە نەخشاوە، تف لە دەم و چاوی ئەو کەسە دەکات و ئەگەر لە نێوان ئێوەدا یەکێک هەبێت کە ئەم شەو بڕوات و لە پەرستگەی خوای نوێ دەست بەئاو بگەیەنێت من چەند پیاڵەیەک (کلکی تیمساح)ی دەدەمێ کە بینۆشێتەوە و ئەم کارە هیچ نارێکییەکی تیانییە، چونکە پەرستگای ئەم خوایە نەفرەت لێ کراوە دیواری نییەو ئەگەر کەسێک نزیکیش بێت دەتوانێت بە ئاسانی لەدەست پاسەوانەکان رابکات و من خۆم دەتوانم ئەم کارە بکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی کە کاهینی پەرستگای (ئاموون)م ئەگەر من ببینن باش نییەو دەبێتە سووکایەتی بۆ (ئاموون).

لەم کاتەدا پیاوێک کە ئاسەواری ئاوڵە بەدەم و چاویەوە بوو لە لایەکی مەیخانەکەوە هەڵساو لە کاهینەکە نزیک بووەوە و کەمێک قسەی بە هێواشی لەگەڵدا کرد و کاهینەکە لە تەنیشت خۆیەوە داینیشاند و (کلکی تیمساح)ی دەرخوارد دا و پیاوەکە لە پاش ئەوەی بەگەرمای شەرابەکە سەری گەرم بوو، بە دەنگی بەرزەوە بە کاهینەکەی وت: من ئامادەم کە بڕۆم و ئەم کارەی کە وتت بە

ئەنجامی بگەیەنم، چونکە من باوەڕم بە ئاموون هەیە و مەحاڵە بتوانم رێگا بدەم خوایەکی تر جێگای ئاموون بگرێتەوە، چونکە لەو رۆژەوە کە لەدایک بوومە ئاموون دەپەرستم.

کاهینەکە وتی: ئەگەر تۆ ئەمشەو بڕۆیت و پێویستیی خۆت (دەست بە ئاو گەیاندن) لە میحرابی پەرستگای (ئاتوون)دا جێبەجێ بکەیت من لێت خۆش دەبم و تەنانەت ئەگەر لاشەکەت مۆمیاییش نەکرێت، لەدوای مردن دەگەیتە سەرزەمینی بەختەوەری بەخشی رۆژئاوا، چونکە هەرکەسێک بۆ ئاموون بمرێت ئەگەر وەکو مەلەوانەکانیش لە دەریادا بخنکێ، دەگاتە سەرزەمینی رۆژئاوا.

دوایی کاهینەکە لە تاو مەستیی خۆی رووی کردە ئەو کەسانەی کەلە مەیخانەکەدا بوون و وتی: ئەگەر ئێوە لە رێی ئامووندا تووشی (قەتل)یش ببن و دزی بکەن و خانوو بسووتێنن و هەر کردەوەیەکی دزێوی تریش بکەن، من ئێوە دەبەخشم و ئەگەر فیرعەونیش بکوژن من لێتان خۆش دەبم.

کاتێک کە قسەی کاهینەکە گەیشتە ئێرە، مەی فرۆشەکە واتە شاگردەکەی کاپتا کە مەیخانەکەی بەڕێوە دەبرد، لە کاهینەکە نزیک بووەوە و دارێکی کێشا بە تەوقی سەریدا، بەجۆرێک کە کاهینەکە کەوتە سەر زەوی و مەی فرۆشەکە وتی: منیش ئەمەم لەبەر ئاموون کرد، چونکە دەزانم کە ئاموون وتوویەتی هیچ کەسێک نابێت فیرعەونی کوڕی بکوژێت.

موشتەرییەکان هەموو قسەی مەی فرۆشەکەیان سەلماند، بەڵام لەبەرئەوەی لێدانی کاهین لەوانەبوو کە ئاکامی ترسناکی لەپاش بێت، من و کاپتا وەکو موشتەرییەکانی تر وامان بەچاک زانی کە لە مەیخانەکە بڕۆینە دەرەوە.

(مەریت) بۆ بەرێ کردنی من لەگەڵمدا هات و کاتێک کە گەیشتینە ناو رێڕەوە تاریکەکەی مەیخانەکەوە دەستم خستە سەر دەستی و وتم: لە چاوەکانتەوە وا دەردەکەوێت کە تۆش وەکو من تەنهایت و برات نییە، (واتە مێردت نیە)و من حەزدەکەم کە رۆژێک تۆ بە کراسی مۆدێلی نوێ ببینم و دڵنیام

که تۆ لەو کراسەدا جوان دەبیت. چونکە تۆ سکت بچووک و سافەو دەرنەپەڕیوە.

(مەریت) دەستی منی لا نەبرد و وتی: لەوانەیە ڕۆژێک ئەم کراسە لەبەر بکەم و داوا لە تۆ، کە پزیشکێکی بکەم، کە لە بارەی هەندێ لە ئەندامەکانی لەشم رای خۆت دەرببڕی و پێم بڵێی کە ئایا لەو ئەندامانە جوانترت لە پیشەی پزیشکییەکەی خۆت بینیوە یان نا؟

***

ئێستا سەرگوزەشتەی من گەیشتووتە جێگایەک کە دەبێ هەندێ شت بڵێم کە کاتێک چاوەکانی من ئەو شتانەی بینی لە تاو نەفرەت و بێزاریم دەڵەرزیم، بەڵام هیچ هۆیەکم بۆ پێشگرتن لەو ڕووداوانە نەبوو. دەبێ ئەو شتانە بڵێم کە تۆ، ئەی ئەو کەسەی لە دوای مردنی من ئەم پەرتووکە دەخوێنیتەوە باوەڕی پێ دەکەیت، چونکە پێشبینی دەکەم کە وەک ئەم ڕووداوانە لە سەردەمی تۆشدا ڕوودەدەن و لەبەر ئەوەی کە لە سەرەتای ئەم کتێبەدا باسم کرد، لە جیهاندا هەموو شتێک دەگۆڕدرێ، جگە لە نەفامیی جۆری مرۆڤ و هەتا دنیا بمێنێت سوود لە نەفامیی خەڵکی وەردەگیرێت.

لە ناوەڕاستی هاویندا (هورم هەب) لە سەرزەمینی (کوش) کە کەوتۆتە باشووری میسرەوە گەڕایەوە. پەڕەسێلکەکان بەهۆی گەرمای هەوا نەدەفڕین و دەنگیان نەدەبیسترا و لە گۆماوەکان، ئاو، بۆگەن دەبوو و خەڵکی لە کاتی ڕۆژدا لەماڵ دەرنەدەچوون، مەگەر ئەوانەی کە ناچاربوون لە دارەڕاکەی بەندەری (**تەبەس**) خەریکی کارکردن بن، یان لە بیابان کشتوکاڵ بکەن، بەڵام باخی دەوڵەمەندەکان هەمیشە فێنک و پڕ لە گوڵ بوو و بەردەوام لەئاو بەناو جۆگەلەکانی باخەکەیان هاتوچۆی دەکرد.

لەو هاوینەدا فیرعەون بە پێچەوانەی ساڵەکانی تر لە کۆشکی خۆی نەهاتە دەرەوە کە بچێت بۆ میسری خواروو (سفلی) و سوود لە هەوا فێنکەکەی ئەوێ

وەربگرێت و لەبەر ئەوەی فیرعەون بۆ کوێستان نەڕۆیشت، هەموو زانییان کە کارەساتی گەورە ڕوودەدەن.

ڕۆژێکیان خەڵکی (**تەبەس**) هەواڵیان بیست کە (هورم هەب) هاتووەتەوە لە ماڵەکانیان هاتنە دەرەوە بۆ ئەوەی سەربازەکانی فیرعەون ببینن. ئەوان بینییان کە لە هەموو ئەو ڕێگایانەی کە لە باشوورەوە بۆ **تەبەس** دەهات سەربازە ڕەش پێستەکان بەدەم و چاوی تەپ و تۆزاوییەوەو بە سەر نێزەی مسییەوە کە بەسەر نێزە درێژەکانیانەوە ئەدرەوشایەوە، هاتنە ناو شارەوە.ڕەش پێستەکان کە چاو و ددانی سپییان هەبوو بە سەرسووڕمانەوە دەیانڕوانییە دەورەبەر و دیاربوو کە لە بینینی گەورەیی و ڕازاوەیی شاری **تەبەس** سەرسام ببوون.

لەو کاتەی کە سەربازە ڕەش پێستەکان هاتنە (**تەبەس**)ـەوەو کەشتییە جەنگییەکانی فیرعەونیش گەیشتنە کەنارەی بەندەر و گالیسکەی جەنگی و ئەسپیان لە کەشتییەکانەوە دەگواستەوە بۆ وشکانی و خەڵکی بینییان کە گالیسکەچییەکان و ئەو کەسانەش کە تیماری ئەسپەکانیان دەکرد ڕەش پێست یان خەڵکی سەرزەمینی (شەردن) بوون[٢].

دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە لە سەرەتادا لە میسر گوێ درێژیان بە گالیسکە جەنگییەکانەوە دەبەست و بەستنی ئەسپ بە گالیسکەی جەنگییەوە شێوەیەک بوو کە لە شەردنەوە بۆ میسر هات و ئەوساکە ڕەش پێستەکانیش وەک دانیشتووانی (شەردن) تەداوی کردنی ئەسپەکانیان گرتە ئەستۆ. کاتێک کە سەربازە ڕەش پێستەکان هاتنە ناوشارەوە لەکاتی شەو لە چوار ڕێیانەکانی شاردا ئاگری پاسەوانییان هەڵکرد و ڕێگای ڕووباریان لە باکوور و باشوورەوە گرت. بە جۆرێک کە هیچ کەسێک بەبێ ڕەزامەندیی فەرماندەی سوپای میسر نەیدەتوانی لە ڕێگای نیلەوە بۆ باکوور یان باشوور بچێت.

لەو ڕۆژەدا کە سەربازە ڕەش پێستەکان هاتنە ناو شارەوە خەڵکی ئەوەندە پەرێشان بوون کە کارگەکان و ئاشەکان و دووکانەکان و دارە ڕاکەی بەندەر

دەستیان لە کارکردن هەڵگرت و کاسبەکانی شار ئەو شتانەی کە هەمیشە لەبەردەم دووکانەکانیان دایان دەنا کە سەرنجی کڕیار رابکێشێت، بردیانە ژوورەوەو دەرگای دووکانەکانیان داخست و بەتیر و قاییشی مسی پان دەرگاکانیان قایم کرد و مەی فرۆشەکان و خاوەن ماڵە گشتییەکان کۆمەڵێ پیاوی بەهێز و بێ تەربێتیان لە لای خۆیان راگرت بۆ ئەوەی ئەگەر رووداوێکی نالەبار روویدا، رێگا نەدەن کە مەیخانە و خانووە گشتییەکە بەرشالاوی پەلامارەدەران بکەوێت.

خەڵکی کە لە **تەبەس**-دا تەنها لە کاتی نائاسایی بۆ رۆیشتنەناو پەرستگا کراسی سپییان لەبەردەکرد، جل و بەرگی سپییان پۆشی و بەرە و پەرستگای ئاموون کەوتنەڕێ کە لە راستیدا وەک شاروابوو و بۆ باس کردنی فراوانیی پەرستگای ئاموون هەر ئەوەندە بەسە کە خوێندنگەی خانەی ژیان یەکێک بوو لە دامەزراوەکانی ئەو شوێنە.

ئەو رۆژەی سەربازەکان هاتنە شارەوە و دەست لە کار هەڵگیرا، دەنگ و باس بڵاوبووەوە کە شەوی رابردوو میحرابی پەرستگای ئاتوون کە لەگەڵ ئامووندا رکەبەری دەکرد، پیس کرابوو و سەگێکی مردوویان فرێ دابووە ناو میحرابەکەیەوەو سەری پاسەوانەکەیان لەبناگوێوە بڕیبوو[٣].

خەڵکی بەرووالەت بە بیستنی ئەم هەواڵە دڵگرانیی خۆیان پیشان دا، بەڵام لە ناخەوە هەموویان پێیان خۆش بوو، چونکە کەس بەرامبەر بە خوای نوێ، کە قسەی سەیری دەکرد، سۆزی نەبوو و دیسانەوە هەر ئەو رۆژە کاپتا وتی: گەورەم، کەل و پەل و کەرەستەکانی پزیشکیی خۆت بخەرە بەر دەستتەوە، چونکە من پێشبینی دەکەم کە لە سبەینێوە تا دوو سبەی دەبێ بەشێوەیەک کاربکەی کە دەرفەتی نان خواردنیشت نابێت.

لەو رۆژەدا کە رەش پێستەکان هاتن، لەبەر ئەوەی بیستم (هورم هەب)یش هاتووەتەوە رۆیشتم کە بیبینم، بەڵام دەرکەوت کە (هورم هەب) لە دوای

هەمووان، واتە رۆژی دواتر دێتەوە. ئەو شەوە سەربازە رەش پێستەکان لە **تەبەس** بوون، بەبێ ئەوەی فەرماندەی سوپا لەوێ ئامادەبێت و چەند دووکانێکیان تاڵان کرد و هێرشیان کردە سەر چەند ماڵێکی گشتی، بەڵام پاسەوانەکانی سوپا میسری و سپی پێست بوون، ئەوانیان لەبەرچاوی خەڵکی لە سێدارەدا، بەڵام ئەم سزایە قەرەبۆی زیانی خاوەن کەل و پەلەکان و تووڕەیی خاوەن ماڵە گشتییەکانی نەکرد.

رۆژی دوایی (هورم هەب) بە کەشتییەکی جەنگی هاتە ناو (**تەبەس**)ـەوەو من بۆ ئەوەی بیبینم بە پەلە خۆم گەیاندە بەندەر و لەو باوەڕەدا بووم کە نەتوانم بە ئاسانی چاوم پێی بکەوێت، بەڵام هەر کە پێیان راگەیاند سینۆهە بۆ بینینی تۆ هاتووە، یەکسەر فەرمانی دا بۆ ناو کەشتییەکەم بهێنن.

تا ئەو کاتە ناوەوەی کەشتیی جەنگی میسریم نەدیبوو، بەڵام کاتێک کە چوومە ناو کەشتییەکەوە بۆم دەرکەوت کە لە نێوان کەشتیی جەنگی و کەشتیی بازرگانی جیاوازییەکی زۆر نییە، جگە لەوەی کەشتیی جەنگی هەندێ کەرستەی تێدایە کە بۆ مەبەستی هاویشتنی ئاگر بەکار دەهێنراو چارۆگەکانی رەنگاو رەنگ و جوانن و پێش و دواوەی کەشتییەکانیان بە شێوەیەکی جوان رازاندبووەوە.

کاتێک کە (هورم هەب)م بینی روانیم ماسولکەکانی بازووی لە جاران ئەستوورتر بوو و سینگی بە شێوەیەک هاتبووە پێش کە دەتگوت سینگی ژنە. (هورم هەب) قامچییەکی بەدەستەوە بوو کە دەسکەکەی زێڕ بوو و تەوقەیەکی زێڕین بەسەر سینگییەوە دەبینرا.

کاتێک کە گەیشتمە بەردەمی دەستم خستە سەر ئەژنۆم و داچەمیمەوە. (هورم هەب) پێکەنی و وتی: سینۆهە (ابن الحمار)، لەکاتێکی باشدا هاتیتە لام، بەڵام لەبەرئەوەی زۆر گەورە ببوو منی ماچ نەکرد و منیش نەموێرا ماچی بکەم.

لە تەنیشت (هورم هەب) پیاوێکی قەڵەو و کورتەباڵا دەبینرا کە لە بەر گەرمیی هەوا عارەقی کرد بوو و من نەمزانی کێیەو، لە ناکاودا بەسەر سوورمانەوە بینیم (هورم هەب) قامچییەکەی خۆی، کە نیشانەی فەرماندەیی بوو، دایە پیاوەکە و تەوقە زێرینەکەی لە ملی دەرکرد و بۆ ئەوی درێژ کرد و وتی: ئەم تەوقە زێڕە لە مل بکەو لە ئەمڕۆ بەدواوە فەرماندەیی سوپای میسر لە ئەستۆ بگرە بۆ ئەوەی خوێنی گەلی میسر بەهۆی دەستە پۆخڵەکانی تۆوە بڕژێت، نەک بەهۆی دەستەکانی من.

لە کۆنەوە لەگەڵ شێوەی قسەکردنی (هورم هەب) ئاشنابووم و دەمزانی کە هورم هەب ئەو شتەی کە لە دڵیدایە دەیڵێت و ڕواڵەتسازی ناکات و بیستبووم کە تەنانەت لەگەڵ فیرعەونیشدا بەشێوەیەک قسە دەکات کە هەندێ جار وەک ئەوە بوو کە لێی تووڕە بێت، بەڵام من لەلای ئەو ڕیزپەڕ بووم و هەرگیز بە تووڕەبییەوە لەگەڵ مندا نەدەدوا و وشەی ناشیرینی بەکار نەدەهێنا.

کاتێک کە قامچی و تەوقەکەی دایە پیاوە قەڵەو و کورتەباڵاکە، ڕووی کردە من و وتی: لەبەر ئەوە وتم لە کاتێکی باشدا هاتی چونکە من ئامادەم بێم بۆ ماڵی تۆ، من لەم (میزان)ـە بەدواوە[٤] فەرماندەی سوپای میسر نیم و ئەگەر لە ماڵی تۆدا حەسیرێکم دەست بکەوێت حەز دەکەم لەسەری بنووم و ماندوێتی لە لەشم دەربچێت و لەمە زیاتر هاودەمی ئەم شێتانە نەبم.

دوایی دەستی خۆی خستە سەرشانی پیاوە کورتە باڵاکەو وتی: سینۆهە بە وردی بڕوانە ئەم پیاوە و باش بیناسە، چونکە ئەم پیاوە کەسێکە کە لەم میزانە بەدواوە، چارەنووسی **تەبەس**، بەڵکو میسریش لەدەست ئەودایە، لەبەر ئەوەی ئەو فەرماندەی نوێی سوپای میسرە و فیرعەون لە جیاتی منی داناوە. چونکە من بە فیرعەونم وت شێت بوویتە، بەڵام ئەگەر تۆ بە باشی سەیری ئەم پیاوە بکەیت تێدەگەیت کە فیرعەون دیسانەوە پێویستی بە من دەبێت.

فەرماندەی نوێی سوپا کە عارەقەی لێ دەتکایەوە، وتی: هورم هەب لە من

تووڕە مەبە تۆ خۆت دەزانی کە من نەمدەویست جێگای تۆ بگرم، چونکە من پیاوی شەڕ نیم و لەو باوەڕەدام کە بێ دەنگی باخەکەم و یاری کردن لەگەڵ ئەو پشیلانەی کە لە باخەکەمدا هەمە، بۆ من لە بیستنی دەنگە دەنگی مەیدانی شەڕ خۆشترە. بەڵام لەبەر ئەوەی فیرعەون منی کردە فەرماندەی نوێی سوپا، ناتوانم ڕێز لە ویستی ئەو نەگرم، بە تایبەت لەبەر ئەوەی وتی نە شەڕ دەبێتەوە و نە خوێنیش دەڕژێتە سەر زەوی، بەڵکو ئاموون خۆبەخۆ سەرنگون دەبێت و لە ناودەچێت.

هورم هەب وتی: یەکێک لە خەوشە گەورەکانی فیرعەون ئەوەیە کە کاتێک ئارەزووی لە شتێک بێت، دەبینێت لە دنیای خەیاڵدا ئاواتەکەی هاتووەتەدی و دوایی وا دەزانێت کە ئەو شتەی بیری لێ کردبووەوە بە ڕاستی جێبەجێ بووە.

لە بارەی (ئاموون)یشەوە ئەم هەڵەیەی کردووە و وا دەزانێت کە بەبێ خوێن ڕشتن دەتوانێت (ئاموون) سەرنگون بکات و خوای (ئاتوون)ی لە جیاتی دابنێت و لەبەر ئەوەی کە دەزانێت تۆ پشیلەکانت خۆش دەوێت و لە جەنگ بێزاری، ئەرکی لە ناوبردنی (ئاموون)ی بە تۆ سپاردووە، بەڵام من پێت دەڵێم کە بەبێ خوێنڕشتن ئەم کارە ناکرێت و تۆ دەبێ کۆمەڵێکی زۆر بکوژی بۆ ئەوەی بتوانی خوا (ئاموون) سەرنگون بکەی، بەڵام ئەو خوێنانەی کە دەڕژێت لەبەر ئەوەی هی تۆ نییە، زەرەر ناکەیت.

لە دوای ئەم قسەیە (هورم هەب) بە جۆرێک لەپی دەستی بە پشتی پیاوەکەدا کێشا، کە ئەو داچەمییەوە و دوایی بە منی وت: با لە کەشتییەکە بچینە دەرەوە.

کاتێک کە دەمانەویست لە کەشتییەکە بێینە دەرەوە ئەو سەربازانەی لەوێ دانیشتبوون هەڵسان و نەیزەکانیان لابرد ناو سڵاویان لە هورم هەب کرد و ئەویش بە سەربازەکانی وت: من خواحافیزیتان لێ دەکەم، بەڵام دڵنیابن ڕۆژێک دێت کە دەگەڕێمەوە لاتان و تا ئەو ڕۆژەی کە نەگەڕاومەتەوە گوێڕایەڵی ئەم

پیاوە بن کە فەرماندەی تازەتانە و ڕێک و پێکیی خۆتان بپارێزن، ئەگەرنا لە دوای ئەوەی کە گەڕامەوە ئەوەندە بە دار و قامچی بە پشتتاندا دەکێشم کە گۆشتی لەشتان پارچە پارچە لێ بێتەوە.

سەربازەکان پێکەنین و هورم هەب وتی: کەڵ و پەلەکەم لە کەشتی ناهێنمە دەرەوە، چونکە دەزانم کە لێرە پارێزراوترە. دوایی دەستی لە گەردنی من کرد و وتی: سینۆهە ئەمشەو حەز دەکەم خۆم سەرگەرم بکەم.

وتم: لەم شارە مەیخانەیەک هەیە کە ناوی (کلکی تیمساح)ە و خواردنەوەیەکی بۆن خۆشی هەیە، کەلە هیچ شوێنێک تەنانەت لە بابل و کریتیش هاوتای ئەو شەرابە دەست ناکەوێت، بەڵام بە هێزە و دەبێ دەست لە زۆر خواردنەوەی بپارێزی. ئایا حەز دەکەیت بۆ ئەوێ بڕۆین و ئەم شەرابە بنۆشینەوە؟

هورم هەب وتی: بەڵێ حەز دەکەم بۆ ئەو مەیخانەیە بچین.

وتم: کەواتە فەرمان بدە دەستەیەک سەرباز بۆ پارێزگاری تۆ و پاراستنی هێمنی بڕۆن بۆ مەیخانەکە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە هورم هەب ئیتر فەرماندەی سوپا نەبوو، بەڵام بەشێوەیەک فەرمانی بەسەر فەرماندە نوێیەکە کرد، کە دەتگوت هێشتا ئەو پیاوە لە ژێر دەستی ئەودا خزمەت دەکات و پێی وت: کۆمەڵێ سەربازی باوەڕ پێکراو بنێررێتە مەیخانەی (کلکی تیمساح) بۆ ئەوەی ئەمڕۆ و ڕۆژەکانی تر ئاگایان لەو مەیخانەیە بێت و نەهێڵن لەوێ ئاژاوە ڕووبدات.

من بە دەرکردنی ئەم فەرمانە ڕازی بووم، چونکە وام بیر دەکردەوە کە ئەگەر کارەساتی دڵتەزێن ڕووبدات، مەیخانەی (کلکی تیمساح) یەکێکە لەو جێگایانەی کە لە پێش شوێنەکانی تر دەکەوێتە ژێر شاڵاوی خەڵکانی تاڵانچی. چونکە هەموو کەسێ دەیزانی کە لە پشت ئەو مەیخانەیە هەندێ جێگای لێیە کە ناوەندی مامەڵەی ئەو کەسانەیە کە دزی لە گۆڕی مردووەکان دەکەن، یان زێڕ و

پارەی دزراو لەوێ لە ناو خۆیاندا بەش دەکەن.

ئەم نهێنییە کە هەندێ خەڵکی پێیان دەزانی و لەوانەبوو لەکاتی ڕوودانی کارەساتی نالەباردا پەلاماری مەیخانەیان بدایەو زیانێکی زۆر لە کاپتا بکەوتایە، بەڵام لە دوای ئەوەی کە هورم هەب فەرمانی دا کە دەستەیەک سەرباز پارێزگاری لەو مەیخانەیە بکەن، ئەو مەترسییەش نەما.

من ڕێنومایی (هورم هەب)م کرد و بردمە (کلکی تیمساح) و لە یەکێک لە ژوورە تایبەتییەکان دام نیشاند و (مەریت) خواردنەوەی تایبەتی بۆ هێناو (هورم هەب) بەیەک هەناسە هەڵیقوڕاندو کۆکی، بەڵام لە دوای چەند ساتێکی تر داوای کرد پیاڵەیەکی تر لەو شەرابەی بۆ بهێنن.

مەریت جارێکی تر پەیمانەیەک لەو نۆشینەوەیەی بۆ هێناو ئەویش خواردییەوەو بە منی وت: ئەم ژنە جوانە، ئایا لەگەڵ تۆدا دۆستایەتی هەیە؟

وتم: دۆستایەتیی من لەگەڵ ئەم ژنە هاوڕێیەتی ئاساییە و لایەنی تایبەتی نییە.

چاوەڕوانی ئەوە بووم کە (هورم هەب) دەستی خۆی لەسەر دەستی مەریت دابنێت، بەڵام ئەو بە ئەدەبەوە ژنەکەی ئیزن داو لە دوای ئەوەی کە ڕۆیشت بە منی وت: سینۆهە سبەینێ ڕۆژێکە کە لە **تەبەس** خوێن دەڕژێت، چونکە فیرعەون بڕیاری داوە خوایەکەی خۆی جێنشینی ئامون بکات و من لەبەر ئەوەی فیرعەونم خۆش دەوێت پێشم لەم بڕیارەی نەگرت، چونکە دەمزانی کە ئەگەر نەمهێشتایە، فیرعەون بە شێوەیەک دڵگران دەبوو کە لەوانە بوو لە داخا بمرێت و تۆ دەزانی من کەسێکم کە لە بیابان لە کاتێکدا کە فیرعەون جێنشین بوو، بە ئامادەبوونی تۆ، ئەوم بە کراسەکەی خۆم داپۆشی بۆ ئەوەی سەرمای نەبێت و هەر لەو کاتەوە خۆشەویستی ئەم پیاوە چووەتە ناو ڕوحی منەوە.

بەڵام لەبەرئەوەی کە دەزانم هەڵوێستەکەی فیرعەون بۆ گۆڕینی خوا، دەبێتە هۆی خوێنڕێژی، وازم لە فەرماندەیی سوپا هێنا، بۆ ئەوەی من لە ڕشتنی خوێنی

خەڵکی بەرپرس نەبم، چونکە دەزانم کە ئەگەر ئەم ئەرکەم بخستایەتە ئەستۆی خۆم، لە داهاتوودا خەڵکی میسر نەفرەتیان لێ دەکردم.

سینۆهە.. لەو کاتەوە کە من و تۆ لە سووریا لە یەکتر جیابووینەتەوە، ئاوێکی زۆر بە بەستەری[٥] نیلدا تێپەڕیوە و چەندەها جار ئەم رووبارە لافاوی لێ هەڵساوە و وشکانییەکانی بە نیشتەنیی ئاو داپۆشیوە. هەروەها لەم وڵاتەشدا کارەساتی زۆر روویدا. لەوان بە فەرمانی فیرعەون سەفەرم کرد بۆ باشووری وڵات بۆ ئەوەی هەموو سەربازگەکان هەڵوەشێنمەوە و سەربازە رەش پێستەکان بهێنم بۆ **تەبەس** و ئێستا هیچ یەکێک لە شارەکانی باشووری میسر سەربازی نییەو سەربازگەکان چۆڵن. ئەم کردەوەیە لە سووریاش دووپات دەبێتەوە و بێ گومان گەلی سووریاش دەست بە راپەڕین دەکەن و ئەو کاتە لەوانەیە فیرعەون هەست بە شێتایەتیی خۆی بکات و بزانێت کە نابێت وڵات بەبێ سەرباز بەڕێوە ببات.

لەو کاتەوە کە فیرعەون بڕیاری داوە کە بە پێی فەرمانی خوایەکەی کاربکات، چی تر لە کانگەکانی میسر شتی بەبایەخ دەرناهێندرێت، چونکە دەڵێت ئازاری بەندەکان مەدەن و ئەوانەی کە تەمەڵن و لەکانگە کار ناکەن قامچییان لێ مەدەن. من ئەگەر چی سەربازم و کارم بە خوایەکانەوە نییە، بەڵام بۆ خوایە نوێییەکەی فیرعەون نیگەرانم، چونکە دەبینم کە ئەم خوایە بەتەمایە بە خوێن رێژی جێی خوایەکەی پێشوو بگرێتەوەو من سەرم لە کاری خوایەکان دەرناچێت، بەڵام ئەوە دەزانم کە خوا بۆ ئەوە دروست بووە کە خەڵکی بەختەوەر بکات، نەک خوێنیان بڕێژێت و لە رووی رامیارییەوە من لەگەڵ بڕیارەکەی فیرعەون-دام، بەڵام نەک بەو شێوەیەی کە ئەو دەیەوێت ئاموون سەرنگون بکات.

سوودی بڕیارە سیاسییەکەی فیرعەون لەوەدایە کە (ئاموون) لەبەر ئەوەی لە مێژە لە میسردا خوایەتی دەکات، زۆر قەڵەو بووە و بووەتە خاوەن زەوی و زار و

تاکستان (رەز)و مێگەل و ئاشی زۆر و کاتێک کە فیرعەون ئەو خوایەی سەرەونگون کرد هەموو سامانی خوا (ئاموون) بە فیرعەون دەبڕێت، بەڵام ئەم کارە بەم شێوەیەی کە فیرعەون دەیەوێت بە ئەنجامی بگەیەنێت دەبێتە هۆی کوژرانی هەزارەها کەس و کاول بوونی (**تەبەس**)یش.

وتم: هورم هەب من لە راستیدا رام لەگەڵ سەرنگون کردنی (ئاموون)ە، چونکە ئاموون خوایەکی چاوچنۆک و بێ بەزەییەو دژی ئازادی خەڵکییەو ئەوەندە بەهۆی کاهینەکانی خۆیەوە خەڵکیان لە نەزانیدا هێشتۆتەوە، کەلەم وڵاتەدا هیچ کەسێک ناتوانێت شتێک تێ بگات و ئەگەریش تێ بگات توانای دەربڕینی نییە، چونکە کاهینەکان یەکسەر لەناوی دەبەن و خەڵکی بەردەوام لە ئاموون دەترسێن، بەڵام ئاتوون خوایەکی بێ تەماح و ئاشتی دۆست و ئازادیخوازەو دەیەوێت خەڵکی لەترس رزگار بکات.

هورم هەب وتی: من لەگەڵ بۆچوونەکەی تۆدا نیم و ئەو خوایەی کە خەڵکی ترسیان لێی نەبێت بەمەترسیداری دەزانم، چونکە گەل بەبێ ترس بەڕێوە ناچێت و خوای نوێ لەبەر ئەوەی میهرەبان و ئازادیخوازە و ئاشتیی دەوێت، بۆ گەلی میسر لە خوایەکەی پێشوو مەترسیی زیاترە، بەڵام سەبارەت بە پێویستی سەرنگون کردنی ئاموون، لەگەڵ بۆچوونەکەی تۆدام و دەڵێم ئەم خوایە دەبێت لەناوبچێت، بەڵام نەک بەم جۆرەی کە فیرعەون دەیکات، ئەگەر فیرعەون جێبەجێ کردنی ئەم کارەی بەمن بسپاردایە، من بەشێوەیەک خوا (ئاموون)م لەناودەبرد کە تەنانەت خوێنی یەک میسریش نەڕژێت.

پرسیم: تۆ چیت دەکرد؟

وتی: من شەوێک بە نهێنی لەسەرتاسەری میسر و بەبێ ئەوەی کاهینەکانی پەرستگای ئاموون هەستی پێ بکەن، هەموو کاهینە پلە یەکەکانی (ئاموون)م دەکوشت و کاهینەکانی تریشم بۆ کارکردن دەنارده کانگەکان، بە شێوەیەک کە سبەینێی رۆژی دوایی کاتێک کە خەڵکی لە ماڵەکانیان دێنە دەرەوە، یەک

کاهینیشیان نەدەبینی و بەم جۆرە ئاموون لە ناو دەچوو، چونکە دەسەڵاتی ئاموون بەکاهینەکانییەوە بەندە و کاتێک ئاموون کاهینی نەبێت دەسەڵاتی نامێنێت. خەڵکیش دوای ئەوەی کە دەبینن خوایان نییە، ئیتر هەر خوایەکی تریان ئاراستە بکەی دەیپەرستن، چونکە عەقڵی ئەوان توانای لێکدانەوەی جیاوازی نێوان خوایەک و خوایەکی تری نییە.

بەڵام لەبەر ئەوەی فیرعەون دەیەوێت ئەم کارە بە ئاشکرا ئەنجام بدات، ئەمڕۆ لە **تەبەس** و زۆربەی شارەکانی میسر هەموو منداڵێک دەزانێت کە فیرعەون بەتەمایە ئاموون لەناوببات. بۆیە کاهینەکان خەڵکیان لە پەرستگاکانی **تەبەس** و شارەکانی تر کۆکردۆتەوە و هانیان دەدەن بەرگری بکەن و خەڵکی بەهۆی دنەدانی کاهینەکان خۆڕاگر دەبن و خوێن دەڕژێت.

لە دوای ئەم قسەیە هورم هەب داوای پەیمانەیەکی تر شەرابی (کلکی تیمساح)ی کرد و خواردییەوە و خواردنەوەی سێیەم سەرخۆشی کردو سەری خستە سەر دەستەکانی و بۆ بەدبەختیی گەلی میسر کە دەبوونە قوربانیی ئەو شەڕە گریا. ویستم پێش لە گریانەکەی بگرم، بەڵام سەیرم کرد خەوی لێ کەوتووە.

***

١- بخوور: بریتی بوو لە گیایەک یان تۆی رووەکێک کە لەبەر بۆنی خۆشی لە پەرستگاو لە ماڵەکاندا دەیانسووتاند - وەرگێڕ.

٢- شەردن: جێگایەک بوو کە ئێستا لیبیای پێ دەڵێن - وەرگێڕ.

٣- لە فارسیدا دەڵێن سەریان لەم گوێیەوە بۆ ئەو گوێیەی بڕیبوو - وەرگێڕی کوردی .

٤- میزان کە ئەمڕۆ ئێمە تەرازووی پێ دەڵێین، لە میسری کۆن بە کاتژمێری ئاویان دەگوت و وەک چۆن ئێمە دەڵێین لەم کاتژمێرە بەدواوە، میسرییەکان دەیانگوت لەم میزانە بەدواوە- وەرگێڕ.

٥- بەستەر: جێگا - لێرەدا مەبەست رووی ئەو زەوییە نزمەیە کە ئاوی نیلی بەسەردا تێدەپەڕێت - وەرگێڕی کوردی.

کوشتار لە تەبەس

ئەو شەوە لە ژووره تایبەتییەکەی مەیخانەکە پارێزگاریم لە هورم هەب کرد، چونکە ئەگەر بە جێم بهێشتایەو بڕۆیشتمایە، لەوانەبوو فەرماندەی نوێی سوپای میسر هەوڵی کوشتنی بدایە. بەڵام لە هۆڵی گشتیی مەیخانەکە تا بەیانی دەنگی پێکەنین و هەراو هوریای ئەو سەربازانە دەهاتە گوێ کە پاسەوانی مەیخانەکە بوون، چونکە کاپتاو شاگردەکەی لەبەر ئەوەی کە دەیانزانی کارەساتی ترسناک روودەدات، خواردن و ئاوی جۆیان دەدایە سەربازەکان بۆئەوەی دۆستایەتییان بۆ لای خۆیان رابکێشن.

لەو شەوەدا نەک هەر من نەنووستم، بەڵکو لە شارەکەشدا هیچ کەسێک جگەلە ئەفسەر و سەربازەکانی فیرعەون، نەنووستن و دوایی بۆم دەرکەوت کە خودی فیرعەونیش لەو شەوەدا بەخەبەر بووە. چونکە خەڵکی لەوە تێگەیشتبوون کە سبەینێ رۆژێکی گەورە دەبێت لە ژیانی دانیشتوانی **تەبەس** و بە مەزندەیەکی زۆر لە نێوان سوپای میسر و خەڵکەکە، کە لە ناو پەرستگای ئاموون و لەبەر دەمیدا کۆ ببوونەوە، شەڕێکی گەورە رووی دەدا.

کاهینەکانی پەرستگە ئەو شەوە قوربانییان کردو نان و گۆشتیان دا بەئەو کەسانەی کە لەوێ بوون و بە دەنگێکی بەرز هاواریان دەکرد، کە من لە هۆدەکەی خۆمەوە (لە مەیخانەکە) گوێم لە دەنگیان بوو. کاهینەکان جاربەجار ناوی ئاموونیان دەهێنا و دەیانگوت هەر کەسێک لە رێگای ئاموونداخۆی فیدا بکات، بێ گومان بە بەختەوەریی هەمیشەیی دەگات.

من دڵنیابووم کە ئەگەر کاهینەکان هانی خەڵکیان نەدایە، ئەو رۆژە و

رۆژەکانی تریش خوێن نەدەڕژا، چونکە ئەگەر کاهینەکان تەسلیم بوونایە، فیرعەون لەبەرئەوەی ئاشتیخواز بوو و رقی لە خوێن رشتن بوو، ئازاری پێ نەدەگەیاندن و هیچ دوور نەبوو بەشێک لە زێڕ و پارەو زەوییەکانی ئاموونی بدایە بەو کاهینانە، بۆئەوەی باقی ماوەی تەمەنیان بە ئاسوودەیی بژێن بەڵام ئەگەر کەسانێک وا راهاتبێتن کە خاوەن دەسەڵات و دەوڵەمەند بن، بەجۆرێک دڵی پێوە دەبەستن کەلە پێناوی مانەوەی ئەو دەسەڵات و سامانە، لەگیانی خۆشیان دەبوورن.

کاهینەکان دەیانزانی کەئەگەر شەڕ دەست پێ بکات بێ گومان دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی بەسەختی رق لە فیرعەون هەڵبگرن، چونکە ئەگەر شەڕ ببووایە سەربازە رەش پێستەکان خەڵکیان قەتل و عام دەکرد. ئەگەرچی بە هۆی ئەم خوێن رێژییەوە پەیکەری ئاموون سەرنگون دەکرا، بەڵام پەیمانی خوێن بەشێوەیەک ئاموونی لە دڵی خەڵکیدا پایەدار دەکرد، کە هەرگیز ئەو خوایە لە بیر نەدەکراو هەتاهەتایە نەفرەتیان لە فیرعەون دەکرد کە بۆچی سەربازە وەحشییە رەش پێستەکانی بەرداوەتە گیانی گەلەکەی خۆی، واتە میسرییە سپی پێستەکان.

لە راستیدا کاهینەکان ئومێدەواربوون کە بەهۆی بەرگری کردن و قەتڵ و عامی خەڵکی، خوای ئاموون بە نەمری بمێنێتەوە، ئەگەرچی پەیکەرەکەی سەرەونگوم بکرێت و پەرستگاکەی دابخرێت.

کاتێک رۆژ بووەوە گەرمای خۆر لە ماوەیەکی کەمدا ناسازگاریی هەوای شەوی لەناوبرد و لەوکاتەدا لە چوار رێیەکان و مەیدانەکانی شاری **تەبەس** نەفیریان لێدا و چەند جارچییەک لە مەیدانێکەوە بۆ مەیدانێکی تر دەڕۆیشتن و لەسەر پاپیرۆسەکان فەرمانی فیرعەونیان دەخوێندەوەو ناوەرۆکی فەرمانەکە ئەوە بوو کە ئاموون خوایەکی درۆیینەو دەبێ سەرنگون بکرێت و هەتاهەتایە نەفرەتی لێ بکرێت و هەموو پەرستگاکانی ئەم خوایە درۆزنەلە میسری سەروو و خواروو

و هەروەها هەموو زەوی و مەڕ و ماڵات و بەندەو زێڕ و پارەو مسی ئەو خوایە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی فیرعەون و خوایەکی ئەوکە (ئاتوون)ە. هەروەها لەمەو بەدوا هەژارەکان دەتوانن لەو کانیاوانەی کە لە رابردوودا هی خوایە درۆزنەکە بووە، خۆیان بشۆن و لە ئاوی ئەوکانییانە بخۆنەوە و فیرعەون ئەو زەوی و زارانە دەداتە هەموو ئەو کەسانەی کە زەوییان نییە، بۆئەوەی بە شوکرانەی خوایەتی (ئاتوون) کشتوکاڵی تێدا بکەن.

کاتێک کە ئەم فەرمانە لە بەرامبەر پەرستگای ئاموون دەخوێندرایەوە، خەڵکی سەرەتا بێدەنگ بوون بۆئەوەی بزانن فیرعەون لە فەرمانەکەی خۆیدا چی دەڵێت و کاتێک فەرمانەکە گەیشتە ئەوەی کە هەموو پەرستگاکان و زەوی و زارو مەڕو ماڵات و...ی ئاموون لە لایەن فیرعەون و خوایەکەیەوە دەستی بەسەردا دەگیردرێت، کاهینەکان دەنگیان بەرزکردەوەو خەڵکیش بە چاو لێ کردنی ئەوانەوە بە جۆرێک هاواریان دەکرد کە دەتگوت بەرد و خشتی خانووەکان و شەقامەکانیش لەگەڵیاندا هاوار دەکەن.

سەربازە رەشەکان کە حەزیان لە رەنگی سپی و سوورە و رەنگی سوور و سپییان لە دەم و چاودابوو، کاتێک گوێیان لە دەنگی هاواریان بوو ترسیان لێ نیشت و چاوە سپییەکانیان بەترس و لەرزەوە دەیڕوانییە دەوروبەر، چونکە دەیانزانی کە ئەگەرچی ژمارەیان زۆرە، بەڵام ئەگەر خەڵکی **تەبەس** پەلاماریانی بدایە دەکوژران.

خەڵکی ئەوەندە بەقایم دەیانشیراند کە نەیانتوانی گوێ بیستی بەشەکانی کۆتایی فەرمانەکەی فیرعەون بن و نەیانزانی کە فیرعەون بڕیاری داوە کە ناوی نەفرەت لێ کراوی ئاموون بگۆڕدرێت و ناوی خۆشی گۆڕیوەو کردوویەتییە (ئەخناتوون) واتە (خۆشەویستی ئاتوون).

کاتێک ئەو فەرمانەیان لەبەردەم پەرستگەی ئامووندا دەخوێندەوە من لەوێ نەبووم و بەسەرهاتی رووداوەکەم دوایی بیست، بەڵام خەڵکی بەجۆرێک

هاواریان دەکرد کە دەنگیان دەگەیشتە (کلکی تیمساح) و هورم هەب لە دەنگی خەڵکی بەخەبەر بووەوەو هەڵساو دانیشت و وتی: سینۆهە، شەرابەکەی دوێنێ شەو داتپێیم بەهێز بوو و تا سبەینێ نووستم.

(هورم هەب) بە هۆی بیستنی دەنگی هاوار و ناو هێنانی ئاموون لە لایەن خەڵکییەوە، رووداوەکانی رابردووی، کەلە کاتی مەستی و خەودا فەرامۆش دەکرێت، هاتەوە یاد و بەڕێ کەوت و منیش لە دواییەوە رۆیشتم و لە ژوورەکەوە بەرەو هۆڵی مەیخانەکە چووین و بینیم سەربازەکان کە شەوی رابردوو زۆریان خواردبووەوە، بە هۆی سەرخۆشییەوە لە گۆشەیەکدا کەوتبوون و هێشتا لەخەو هەڵنەستابوون.

هورم هەب سەری خستە ناو تەشتێکی پڕلە ئاوی سارد بۆئەوەی خەواڵوویییەکەی شەوی رابردووی نەمێنێت و دوایی گۆزەیەک بیرەو نانێکی لە مەیخانەکە هەڵگرت و لە کۆڵانە چۆڵەکانەوە بەرەو پەرستگەی ئاموون بەڕێ کەوتین.

کاتێک کە گەیشتینە نزیک پەرستگا، پیاوە کورتە باڵاو قەڵەوەکەی فەرماندەی نوێی سوپابوو و (پپیت ئاموون)یان پێی دەگوت، بەسواری کەژاوەکەیەوە بەسەربازەکانی وت: ئەی سەربازەکانی سەرزەمینی (کوش) و، ئەی نەبەردەکانی وڵاتی (شەردن)، فیرعەون فەرمانی داوە کە ئەم ئاموونە نەفرەت لێ کراوە سەرنگون بکەن و من بەڵێنتان دەدەمێ کە پاداشتی خۆتان وەردەگرن.

لە دوای ئەم وتەیە، فەرماندەی نوێی سوپا. وەکو بلێی کۆتایی بە ئەرکی خۆی هێنابێت، لە کەژاوەکەیدا راکشاو بەهۆی گەرم بوونی هەوا بەندەکان باوەشێنیان دەکرد. لەو کاتەدا سەردەستەکان فەرمانیان بەسەربازەکانی خۆیان دا کە ئامادەی هەڵمەت بردن بن، من و (هورم هەب) لە جێگایەک بوین کە لە بەرامبەر پەرستگا بوو و هۆڵی یەکەمی پەرستگاکەمان بە باشی دەبینی و

سەیرمان کرد پڕە لە پیاوانی سپی پۆش و ژن و منداڵ و هەندێک لە منداڵەکان هێشتا لەخەو هەڵنەستابوون و، دیاربوو کە هەموویان شەو، لەبەردەم پەرستگا یان لە هۆڵەکەیدا نووستبوون.

لە ناکاو سەربازە ڕەشەکان کە دەم و چاوی خۆیان ڕەنگ کردبوو کەوتنەڕێ و گالیسکە جەنگییەکان بەرەوپێش چوون و ویستیان بچنە ناو پەرستگای ئاموونەوە. سەربازەکان بە پاژنەی نەیزەکانیان خەڵکیان لەسەر ڕێگای خۆیان دووردەخستەوە، تا گەیشتنە دەرگای پەرستگەکە، بەڵام کاتێک کە گالیسکەکان ویستیان بەرەو ناو پەرستگە بچن، خەڵکەکە بەدەنگی بەرز هاواریان کرد ئاموون و، بەیەک جوولانەوە بەرەنگاریان بوونەوە و لەبەرئەوەی نەیاندەتوانی لەگەڵ سەربازە ڕەش پێستە جەنگ دیدەکاندا شەڕ بکەن، خۆیان خستە ژێر گالیسکەکانەوەو بەشێوەیەک بە لاشەکانی خۆیان ڕێگایان بەست، کە گالیسکەکانیان وەستاند و ئەسپەکان ترسان و دەست و پێیان لێ دەداو قیژەی ژن و منداڵ دەگەیشتە ئاسمان.

خەڵکی بەرادەیەک لە تووڕەییدا دەخرۆشان کە ئەگەر سەربازەکان تا دوایین کەسیش ئەوانیان بکوشتایە دەستیان لە بەرگری کردن هەڵنەدەگرت، بەڵام ئەفسەرەکان لەبەر ئەوەی کە دەیانزانی فیرعەون دووپاتی کردۆتەوە کە خوێن نەڕژێت فەرمانی پاشەکشەیان دا. کاتێک خەڵکی بینییان سەربازەکان و گالیسکەکان پاشەکشە دەکەن، یان لەبەرئەوەی هەندێکیان کوژراو و بریندار ببوون، هاواری شادییان ئاسمانی هێنایە لەرزە.

من و هورم هەب کە ئەم ڕووداوانەمان دەبینی سەیرمان کرد ئەفسەرەکان لە کەژاوەی فەرماندەی سوپا نزیک بوونەوەو پێیان وت: ئەی (پیپیت ئاموون) ئێمە بەبێ خوێن ڕشتن ناتوانین بەرەوپێش بڕۆین و فیرعەونیش وتوویەتی نابێ خوێن بڕژێت... کەواتە چاری ئێمە چییە.

فەرماندەی سوپای میسر کە سەرنجی دابوو فیرعەون ناوی خۆی گۆڕیوە،

ئەویش ویستی ناوی خۆی بگۆڕێت و وتی: من (پیپیت ئاموون) ناناسم بەڵکو ناوی من (پیپیت ئاتوون)ە، واتە ئەو کەسەی کە لەلایەن ئاتوونەوە بەرەکەتی بەسەردا ڕژاوە.

یەکێک لە ئەفسەرەکانی سوپا کە قامچییەکی زێڕینی بەدەستەوە بوو و فەرماندەی هەزار سەرباز بوو وتی: من نە کارم بە ئاتوونە و نەبە ئاموون و نە بەوانەش کە بەرەکەتیان لێی دەست کەوتووە، بەڵکو دەپرسم چاری ئێمە چییە و ئایا دەبێ پەرستگای ئاموون بگرین یان نا؟

فەرماندەی سوپا وتی: هەر جۆرێک کە فیرعەون فەرمانی داوە وەها بکەن و لەبەرئەوەی وتوویەتی خوێن نەڕژێت ئێوەش بەبێ خوێن ڕێژی دەست بەسەر پەرستگاکەدا بگرن و هەیکەلی ئاموون سەرنگون بکەن.

لە کاتێکدا کە لە تەنیشت کەژاوەی فەرماندەی سوپاوە ڕاوێژی جەنگی دەکرا، خەڵکی بەردی زەویی حەوشە و شەقامەکانیان هەڵدەکەند و بەرەو ڕەش پێستەکانیان هەڵدەداو یەکێک لە بەردەکانیان دەستی ئەسپێکی فەرماندەیان شکاند کە بە کەژاوەکەوە بەسترابوو و یەکێکی تریش چاوێکی ئەسپەکەی کوێر کردو (پیپیت ئاتوون) کاتێک کە بینی ئەسپێکی کوێر و شەل کرا، تووڕە بوو و لە کەژاوەکە هاتە خوارەوەو سواری یەکێک لەگالیسکەکان بوو و فەرمانی دا هێرش ببەنەسەر پەرستگا.

کاتێک گالیسکە جەنگییەکان کەوتنەڕێ شۆفێری گالیسکەکان و ئەو سەربازانەی کە تێیدا بوون خەڵکیان بەرزدەکردەوەو یەکسەر بەدەوری گالیسکەکەوە پەتیان لە قوڕگیان دەخست و دەیانگوت بەم شێوەیە ڕەچاوی فەرمانی فیرعەون دەکرێت، چونکە خوێن نارژێت و ئەو کەسەی کە دەخنکێندرێت خوێنی لێ نایەت. سەربازە ڕەش پێستەکان کەوانەکانیان دەچەماندەوەو پەلاماری قەرەبالغییەکەیان دەداو هەر کەسێکیان دەست بکەوتایە بەهەر دوو دەست دەیانخنکاند.

من و هورم هەب بە نەفـــرەتەوە روانیـــــــان کـــە ئەوان تەنانەت ژن و منداڵەکانیشیان دەخنکاند خەڵکی لە هەموو لایەکەوە بەردیان لەسەربازەکان دەگرت و ئەوانیش هەوڵیان دەدا کە بە قەڵغانەکان خۆیان بپارێزن و هەر ئەوەندە کە رەش پێستێک دەکەوتە دەست خەڵکەوە لەیەک ساتدا کەرت کەرتیان دەکرد.

(هورم هەب) کـە گـۆزەیەک خـواردنەوەی بەدەسـتـەوە بوو و نانەکـەی بە پشتییەوە کردبوو چووە سەر یەکێک لە هەیکەلەکانی بەرامبەر پەرستگا، کە لەشی وەک شێر بوو و سەری وەک قۆچ بوو بۆئەوەی مەیدانی شەڕەکە بەباشی ببینێت و دەستی بە خواردنی نانەکەی کردو هەندێ جار گۆزەکی ئاوجۆیەکەی لێ دەسەندم و قومێکی لێدەدا.

(پیپت ئاتوون) لە پێشەوەی سەربازەکانی خۆی تێدەکۆشا پەرستگاکە داگیر بکات. بەڵام بەبۆنەی بەرگریی بەهێزی جەماوەر پێی نەدەکرا. لەکەناری کەژاوەکەی ئەو میزانەکەی (کاتژمێری ئاوی) ئاوی تیانەدەماو تێدەگەیشت کە کات بە خێرایی تێدەپەڕێت.

لەو کاتەدا بیستم کە چەند سەربازێکی بانگ کردو ئەوانی هێنایە نزیک کەژاوەکەیەوە وتی: من لە ماڵەوە پشیلە مێیەیەکی جوانم هەیە کە ئەمڕۆ دەزێت و دەبێ بگەڕێمەوە بۆ ماڵ و داوا لە ئێوە دەکەم کە هەرچی زووترە ئەم پەرستگایە داگیربکەن و بتی ئاموون تێک بشکێنن. ئەگەرنا سوێند بێت بە ئاتوون ملوانکەی زێڕی گەردنی هەمووتان لێ دەکەمەوەو دەسکی قامچییەکانتان دەشکێنم.

ئەفسەرەکانی لەشکر تێگەیشتن کە ئەگەر پەرستگاکە نەگرن لە کار دەخرێن، بۆیە سەربازەکان خۆیان کۆکردەوەو لەسەر شێوەی هونەری سەربازی فەرمانی هێرشیان پێدان. لەم میزانە بەدواوە ئیتر کەس رەچاوی فەرمانی فیرعەونی نەدەکرد کە نابێت خوێن برژێت. بەڵکو سەربازە رەشەکان نەیزەکانی خۆیان بەسکی پیاو و ژن و منداڵدا دەکرد و نەیزەکانیان بە خوێنی ئەو خەڵکە سوور

کرد و ئەوەندە خوێن لەبەردەم پەرستگادا رژا کە سەربازە رەش پێستەکان لەناو ئەو خوێنەدا دەخلیسکانەوەو دەکەوتنە سەر زەوی. بەڵام هەر کەسێک کە دەکەوت یەکسەر دەکوژراو کاتێک کاهینەکان بینییان سەربازەکان دەستیان بە هێرشێکی سەخت کردووە، دەرگاکانی هاتنە دەرەوەی پەرستگەی ئاموونیان کردەوەو خەڵکی بەترس و لەرزەوە هەڵهاتن.

سەربازەکان هەڵهاتووەکانیان دایە بەردەستڕێژی تیر و هەندێکیان لێ خستە سەر زەوی و گالیسکەکان بە دوای هەڵهاتووەکاندا دەکەوتن. هەڵهاتووەکان لەکاتی راکردنیان خۆیان گەیاندە پەرستگای خوای نوێ، (ئاتوون)و لە تاو نەفرەت و تووڕەیی، کاهینەکانی پەرستگای خوای نوێیان کوشت و لەبەرئەوەی سەربازەکان بەشوێنیانەوە بوون و هاتنە ناو پەرستگاکەوە لەوێش خوێنێکی زۆر رژاو لەدوای ئەوەی شەڕ کۆتایی پێ هات کوژراوەکانیان ژمارد، دەرکەوت کە سەدجار سەد کەسی کوژراوە.

کاهینەکانی ئاموون ئەگەرچی دەرگاکانی هاتنە دەرەوەی پەرستگایان کردەوە کە خەڵکی رابکەن، بەڵام هەموو دەرگاکانی چوونە ژوورەوەیان داخست، کە لە مس دروست کرابوون و سەربازە رەشەکان لەبەردەم دەرگای مسین و دیواری بەرزی ئامووندا وەستان. ئەوان ئەو سەربازانەبوون کە بەردەوام لە دەشتاییەکاندا دەجەنگان و بەرەنگاری ئەو گوندانە دەبوونەوە کە خانووەکانیان لە زنج بوو (ئەو خانووانەی لە قامیش دروست دەکرێن) و نەیاندەزانی کە چۆن هێرش بکەنە سەر قەڵایەک کە شوورەیەکی بەرز و ئەستوور و دەروازەیەکی قایمی هەبێت.

کاهینەکان و لایەنگرەکانی تری پەرستگا، لەسەرەوە کۆڵەرم (نەیزەی کورت) یان بۆ رەش پێستەکان دەهاویشت، یان تیریان لە سەربازەکان دەگرت و کۆمەڵێک لەو رەش پێستانە لەبەردەم دیوارەکەدا کوژران.

لەبەرئەوەی کۆمەڵێکی زۆر منداڵ و ژن و پیاو کوژرابوون و خوێنیان زەویی سوور کردبوو، مێشێکی زۆر کۆببووەوەو (پیپت ئاتوون) بانگی کرد بخوورم بۆ

بهێنن و مێشەکان دووربکەنەوە. لەدوای ئەوەی کە بخوورەکەیان سووتاند فەرماندەی تازە بە ئەفسەرەکانی وت: دەترسم فیرعەون زۆر لێمان تووڕەبێت، چونکە بەئێوەی وتبوو بتی ئاموون سەرنگون بکەن و دەست لە خوێن رشتن بپارێزن و ئێوە بە پێچەوانەی فەرمانەکەی ئەو کارتان کرد، واتە خوێنی خەڵکیتان رشت بەبێ ئەوەی پەیکەری ئەو خوایە نەفرەتییە لەناو ببەن.

بەڵام ئەمەی کە روویداوە چارەسەری نییەو من تەنها دەتوانم هەوڵ بدەم تووڕەیی فیرعەون ئێوە نەگرێتەوەو ئێستا دەچمە لای و لەوانەیە سەرێک لەماڵی خۆشم بدەم و بزانم کە ئایا پشیلە مێیەکەم زاوە یان نا و ئێوە لەبەرئەوەی من لێرەنیم خواردن و خواردنەوە بدەنە سەربازە رەش پێستەکان و پێیان بڵێن خۆیان ماندوو نەکەن، چونکە هەوڵ دانیان بێ سوودەو ئێمە بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەم پەرستگەیە کە ئێستا وەک قەڵایەکی لێ هاتووە ئامادەییمان نییەو هەر چەندە هەوڵ بدەین ئەم قەڵایە داگیر بکەین کارەکەمان بێ ئاکام دەبێت. بەڵام من لەم رووەوە بێ تاوانم چونکە فیرعەون بە منی نەگوتووە ئەم قەڵایە دەورە بدەو داگیری بکەو من کەرەستە ئامرازی داگیرکردنی قەڵام لەگەڵ خۆمدا نەهێناوەتە ئێرە.

لەو رۆژەدا چیی تر رووداوی شایانی باس رووی نەدا و ئەفسەرەکان فەرمانیان بەسەربازە قولەرەشەکان و سەربازانی شەردن (لیبیای ئێستا-وەرگێڕ)دا کە لە ژێر دیوارەکان نەمێنن و خۆیان لە لاشەکان دوور بخەنەوە کە لە ژێر خۆری گەرمی هاوینی **تەبەس**-دا بە خێرایی دەئاوسان.

لەو رۆژەدا خەڵکی بۆ یەکەمین جار بینییان کە قولەڕەشەکان و تەیرە لاشەخۆرەکان لە بیابانەکان و کێوەکانی نزیک (**تەبەس**)ـەوە هێرشیان هێنا بۆئەوەی تەرمی کوژراوەکان بخۆن. لە کاتێکدا کە تا ئەو رۆژە کەس بەبیری نەدەهات هێرشی ئەم جۆرە باڵندانەی لە **تەبەس** بینی بێت. لەپاش ئەوەی سەربازەکان لە دیواری پەرستگاکەوە دوورکەوتنەوە ئەو گالیسکانەی ئازووقەیان

پێ بوو خواردن و خواردنەوەیان بەسەر سەربازەکاندا دابەش دەکرد.

سەربازەکانی شەردن کەلە رەشەکان زیرەکتر بوون لە جیاتی ئەوەی لەژێر خۆرەکەدا بوەستن خانووەکانی دەوروبەری پەرستگایان داگیرکرد کە هی دەوڵەمەندەکان بوون و لە سارداو (ژێرزەمین)ی خانووەکان پەلاماری کووپەکانی خواردنەوەیان داو رەش پێستەکان ماوەیەک لەژێر خۆردا مانەوەو لە دوای ئەوەی زانییان کە دەتوانن خانووەکانی دەوروبەر داگیربکەن و تیایدا بەسەربەرن ئەوانیش ئەو خانووانەی کە مابووەوە بۆ پشوودانی خۆیان داگیریان کرد.

ئەو شەوە لە **تەبەس** چرا هەڵنەکراو شەقام و کۆڵانەکان و رووباری نیل تاریک بوو، بەڵام سەربازە رەشەکان و شەردنییەکان مەشخەڵیان هەڵکرد و پەلاماری خانووەکانیان داو ئەوەی هەڵدەگیردرا بەتاڵانیان برد. خەڵکی لەترسی ئەوان لە ماڵ دەرچوون و لە شەقامەکاندا بڵاوەیان دەکرد و سەربازەکان لەو کاتەدا دەگەیشتنە هەر کەسێک لێیان دەپرسی، ئایا لایەنگری (ئاموون)ی یان ئاتوون و ئاشکرایە کە هیچ کەسێک نەیدەوێرا بڵێت لایەنگری خوای پێشووم و هەموویان خۆیان بەلایەنگری ئاتوون دەناساند. بەڵام سەربازەکان دەیانگوت درۆدەکەی و ئێمە ئەمڕۆ تۆمان لە پەرستگای (ئاموون) بینی و چەند ساتێکی تر سەریان دەبڕی و کراس و هەڵقە کانزاییەکەیان لێ دەکردەوە.

هەموو کەسێک دەیویست لە شاری **تەبەس** بچێتە دەرەوەو خۆی رزگار بکات، بەڵام نەیاندەتوانی، چونکە سەربازەکان هەموو رێگاکانی چوونە دەرەوەی شاریان گرتبوو و پێش رووباریشیان بەکەشتیی جەنگی داخستبوو و دەیانگوت فیرعەون وتوویەتی رێگا لە چوونە دەرەوەی خەڵکی بگرن بۆئەوەی کاهینەکان و لایەنگرەکانی (ئاموون) زێڕ و پارەی پەرستگای خوایە نەفرەت لێ کراوەکە لە شار نەبەنەدەرەوە کەلە سارداوەکانی پەرستگادا شاردبوویانەوە.

لە رۆژی دواییەوە هەوای **تەبەس** بەهۆی بۆگەن بوونی ئەو لاشانەی کە لەبەردەم پەرستگاو لەناوەوەیدا و لە شەقام و کۆڵانەکاندا کەوتبوون پیس بوو و